چارلز بوکوفسکی

# هولیوود

ڕۆمان

و: حەمە کەریم عارف

(( ١ ))

جون بینشو، دوای دوو ڕۆژ، پەیوەندی کرد، گوتی لێبڕاوە دەست بە پرۆژەی سیناریۆکە بکات، دەبێ ئێمەش بچینە سەردانی؟ ئەدرەسەکەمان لێوەرگرت، سواری ئۆتۆمبێلی فولکس بووین، بەرەو ( مارینا دیل ری ) کەوتینە ڕێ، کە کەوتبووە شوێنێکی نادیارەوە.

لە ڕێگادا، بەلای بەندەرەکەی قەراخ وێستگەی بەلەمەکاندا تێپەڕین، زۆربەی بەلەمەکان هی ڕاوە ماسی بوون، هەر بەلەمە چەند ماسیوانێکی، بە جل و بەرگ و شەپقەی ڕاوەوە بە سەرەوە بوو، هەندێکی دی لە ژێر چەتراندا دانیشتبوون. هەستم کرد، خەریکن پشوو دەدەن و ماندوویەتی ڕەنج و کاسبی ڕۆژیان دەردەکەن، ئەوەی ڕاستی بێ قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان لەم کارەیاندا جدی نەبوون، پێویستیشی نەدەکرد جدی بن، ئەمە نیعمەتێ بوو کە پیاوانی هەڵبژاردە لە خاکی ئازادیدا خوویان پێوە گرتبوو. بەمجۆرە، ئەو پیاوانە زۆر سەخیف و هیچ هاتنە بەرچاوم، هەڵبەتە منیش بۆ ئەوان و لە لای ئەوان نەمدەکردە هیچ.

بە سەمتی ڕاستا پێچمان کردەوە و بەندەرکەمان بەجێهێشت، کەوتینە بڕینی هەندێ شەقامان کە بە پێی تەرتیبی ئەلف و بێ پۆلێن کرابوون، هەر شەقامە ناوێکی گەورەی لێنرابوو. شەقامی دڵخوازی خۆمان دۆزییەوە، بە سەمتی چەپا پێچمان کردەوە، ئەوسا ژمارەی بیناکەمان دۆزییەوە، خۆمان بە پارک و گەراجی ئۆتومبێلەکاندا کرد. بەردەممان لمەڵان بوو، ئۆقیانووس بە چاو نزیک و بە دڵ دوور دەینواند، لمەکەی ئێرە لە لمەڵانی دەوروبەری کەنارەکە پاکتر دیاربوو، ئۆقیانووسەکە شین تر و شنە و سروە بایەکە نەرمتر و خۆشتر دەینواند.

بە سارەم گوت : تەمەشاکە، نها بەرەو مەلەکوتی مەرگ دادەگەڕێین، ڕۆحم، خۆی هەڵدەهێنێتەوە.

- کەی دەستبەرداری ئەم نیگەرانیە بەردەوامە دەربارەی ڕۆحت دەبیت؟

هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد، ئۆتۆمبێلە فولکسەکەم قفڵ بدەم، من تاقە کەسی ئەم دنیایە بووم، کە دەمتوانی ئیشی پێبکەم.

گەیشتینە بەر دەرگاکە، لێمدا.

پیاوێکی لاوازی ئەندام وردیلەی شیک دەرگاکەی کردەوە، دەتگوت بۆنی هونەر لە جەستەی دێ، لە تۆ وایە بۆ داهێنان خوڵقاوە، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی کارێن فیلیڤانی ( ابداعی ) دابهێنێ، بێئەوەی هیچ شتێک لە ژیاندا بێزاری بکات، نە دان یەشە و نە نەترە بەردان و، نە بەدبەختی. یەکێک بوو لەوانەی هەیبەتی بلیمەتانی پێوە دیاربوو، کەچی من زیاتر لە قاپ شۆران دەچووم، بۆیە کە تووشی ئەو جۆرە پیاوە دەبم کەمێک پەست دەبم.

پێمگوت: هاتووین تا جلە چڵکنەکان بەرین بۆ شۆردن.

سارە هەڵیدایە: وازی لێبێنە. بینشو ناردوویەتی بە شوێنماندا.

کابرای شیک گوتی: زۆر چاکە، فەرموون.

دوای کەوتین، دوای کابرای کوڵمە چکۆلەی وەکو کوڵمی کەروێشک کەوتین، لە ژوورەوە، ڕەق ڕاوەستا، لە سەر شانی چەپیەوە، وەکو ئەوەی هەموو دنیا گوێی لێبگرێت گوتی: هەر ئێستا ڤودکام دەوێ!

ئەوسا خۆی بە مووبەقەکەدا کرد.

سارە گوتی: جۆن لە شەوبێرییەکەی پێشوودا، باسی بۆ کردین، ئەمە پول رینوارە، ئۆپراسازە، چەندین ئۆپرای داناوە، لەم دواییەدا، بەشێوەیەکی نوێ کار دەکات، پێی دەگوترێ فیلمی ئۆپرالی، لە کاری خۆیدا بلیمەتە.

- ڕەنگە پیاوێکی مەزن بێ، بەڵام من نامەوێ نەرمەی گوێم بلێسێتەوە.
- ئەوەندە بوغزن مەبە، خۆ ناکرێ هەموو کەس وەکو تۆ بن.
- دەزانم، ئەوە کێشەکەیانە.
- ڕازی هێزی تۆ... ئەوەیە لە هەموو شتێک دەترسیت.
- بریا دەمتوانی ئەوە بڵێم کە تۆ وتت.

پول، بە خۆی و شەرابەکەیەوە گەڕایەوە، وام هەستکرد مەشروبێکی چاکە، تۆزێ لیموی تیایە، پول بە چیلکەیەک تێکی دەدات، کۆکتێلێکی زۆر گەورەیە.

سارە لێی پرسی: پول، مەشروبی دی لە مووبەقەکە هەیە؟

- ببورە، خۆت خزمەتی خۆت بکە.

دەگەڵ سارەدا خۆم بە مووبەقەکەدا کرد، ئیدی بوتڵە مەشرووب لە هەموو شوێنێکا هەبوو، بەدەم هەڵبژاردنی مەشرووبی دڵخوازی خۆمانەوە، بوتڵێ بیرەم هەڵدا. خانمە میهرەبانەکەم پێشنیازی کرد: واچاکە خۆ لە مەشرووباتی بە قوەت دوور بگرین، بە خۆت دەزانی، کە زیاد دەخۆیتەوە چیت لێدێت.

- دەی باشە، با شەراب بخۆینەوە.

ئیدی کلیلی کردنەوەی بوتڵە شەرابم دۆزییەوە، بوتڵێکی گەورەی شەرابی سوورم هەڵبژارد، سەر و قوممان لێی خواردەوە، ئەوسا سەرو پەرداخمان تەژی کرد و چووینە دەرەوە.

هەندێجار، خۆم و سارەم بەنێوی ( سکۆت ) و ( زیلدا ) دەناساند، بەڵام سارە بەمە پەست دەبوو، چونکە حەزی لەو ئاکامە نەبوو کە زیلدا * پێی گەیی بوو، منیش حەزم لە نووسینەکانی سکوت نەبوو، لەبەر ئەو، ئەمجارەیان دەستبەرداری بەهرە کومیکییەکەی خۆمان بووین.

پول رینوار، لەبەردەم پەنجەرە گەورەکەدا وەستابوو، چاوی بڕی بووە ئۆقیانووسی ئارام، ئەوسا گوتی: جون دواکەوتووە، بەڵام منی ڕاسپارد کە پێتان بڵێم بەڕێوەیە، تکا دەکات لێرە چاوەڕوان بکەن و بمێننەوە.

- زۆرچاکە گیانەکەم.

من و سارە، بە پەرداخەکانمانەوە دانیشتین، کابرای ڕوخسار کەرویشکین لە بەردەمماندا بوو، بەدەم خەیاڵەوە، نوقمی تەمەشای ئۆقیانووسەکە بوو. ئەوسا گوتی: چیناسکی، زۆرێک لە کارەکانتم خوێندووەتەوە، بەڕاستی تۆ داهێنەری.

- سوپاس، بەڵام ئێمە دەزانین کێ داهێنەری گەورەیە، تۆی گیانەکەم.

---

* مەبەست لە نووسەری ئەمریکی ( سکوت فیتز جیرالد ١٨٩٦ – ١٩٤٠ و ژنەکەی نووسەر زیلدا فیتز جیرالد ١٩٠٠ – ١٩٤٨ ) ە.

بەدەم تەمەشاکردنی ئۆقیانوسەکەوە لە سەری ڕۆیی: سوپاس، گەورەیی خۆتە.

دەرگا کرایەوە و کیژێکی گەنجی قژ ڕەشی درێژ وەژوور کەوت، بێئەوەی لە دەرگا بدات وەژوور کەوت، ئەوسا وەکو پشیلەیەکی تەمەڵ، درێژاودرێژ لە سەر تەختەکە ڕاکشا. گوتی: " من بوبببی " م، چوار حەرفی یای بەکار برد.

هەمان خووم بۆ هاتەوە: ئێمە سکوت و زیلداین.

سارە گوتی: واز لەم وڕینەیە بێنە.

- بەڵام ئەم ناوانەمان لێدێت. ئەوسا پول چاوی لە ئۆقیانوسەکە گواستەوە و گوتی: بوبی هەواداری ئەو سیناریۆیەیە کە تۆ نووسیوتە.
- بەڵام من تاقە وشەیەکم نەنووسیوە.
- چ قەیدییە، دەنووسیت.

پەرداخە بەتاڵەکەم هەڵبڕی و داوام لە سارە کردەوە کە تەژی بکاتەوە، سارە زۆر جوان و میهرەبانە، کە پەرداخەکەم هەڵبڕی، یەکسەر وەستا، زۆر چاک دەزانیَ کە ئەگەر بچمە مووبەقەکەوە، چەند بوتڵێک دەخۆمەوە و، پاشان دەبم بە پیاوێکی شەڕانی و لاسار. پاشان زانیم کە بوبی ناوێکی دیکەی هەیە، ئەویش ( دوتمیری بەرازیلیە )، وەکو ئەکتەرێکی ناشی و تازەکار، دە هەزار دۆلاری وەرگرتووە، پارەیەکی زۆر نییە، بڕێکی داوە بە کرێی خانووەکە و ئەویتری داوە بە مەشرووبات. دۆتمیر، بە حاڵەتە پشیلە ئاساییەکەوە، لە سەر تەختەکەوە تەمەشای دەکردم، گوتی: نووسینەکانم خوێندیتەوە، بەڕاستی کەسێکی خۆشی.

- سوپاس.

ئەوسا تەمەشای پولم کرد: گوێت لێبوو گیانەکەم، من پیاوێکی خۆشم!

- شایستەی. گومان لە پێگەت نییە.

پول چوو بۆ مووبەقەکە، سارە لە مووبەقەکە دەگەڕایەوە، هەردوو پەرداخەکەی تەژی کردبوو، لە نزیکمەوە ڕۆنیشت و دەستمان بە خواردنەوە کرد.

ئەو بیرۆکەیەی کە کاتی خۆی بە بیرما هاتبوو، ئەوەبوو کە فریویان بدەم کە بە نووسینی سیناریۆکەوە خەریکم، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە لە ( مارینا دیل ری ) دانیشم و بۆ ماوەی چەند مانگێک مەی بخۆمەوە. پێش ئەوەی بە تەواوەتی لەزەت لەم بیرۆکەیە بدینم، دەرگاکە بە توندی کرایەوە، جون بینشو وەژوور کەوت: ها هاتیت؟

- بەڵێ.
- خەڵکانێک لێرە دەبینم کە پشتیوانی لە بیرۆکەکەم دەکەن، هەر ئەوەندەت لە سەرە بنووسیت.
- ئەو کارە لەگینە چەند مانگێک بخایەنێت.
- وایە.

پول، به شەرابێکی غەریبی پەمەییەوە گەڕایەوە و پێشکەشی دۆتمیری کرد، بەڵام جون ڕۆیی تا شەرابێک بۆ ئەم بێنێ.

ئەمە یەکەم دیداری کۆمەڵێک دیدار بوو، کە کۆڕ و دیدارەکە ، گۆڕا بۆ کۆڕی پێشبڕکێی مەشرووباتی قورس، بەتایبەتی بۆ من. هەستم کرد خواردنەوە پێویستە بۆ ئەوەی متمانە بەخۆم پەیدا بکەم، من لە واری نووسینی شیعر و چیرۆکی کورتدا، مەعلان و شارەزام، بەڵام نووسینی سیناریۆم بەلاوە کارێکی هیچ و سەخیفە، هەرچەند، نووسەرانی گەورە کەوتوونەتە داوی ئەم جۆرە گەوجاتیانەوە.

جون، بەخۆی پێکەکەیەوە هات و لە گەڵ ئێمەدا دانیشت.

شەوبێرییەکی دوور و درێژ بوو، باسی زۆر شتمان کرد کە لە بیرم نەماون. لە کۆتایی شەوبێرییەکەدا، من و سارە هێندە مەست و سەرخۆش بووین، کە نەمان دەتوانی ئوتومبێلەکەمان باژۆین، جون ژوورێکی نووستنی داینێ، بەڵام چتۆ ژوورێکی نووستن! لە تاریکی ژوورەکەدا، دوا پێکی شەرابمان تێکرد، سارە لێی پرسیم: باشە سیناریۆکە دەنووسیت؟

– هەڵبەتە نا.

(( ٢ ))

دوای سێ چوار ڕۆژ، جون بینشو، دووبارە پەیوەندی پێوە کردین. جون هاوڕێی دانی سیرفر بوو، دانی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرێکی گەنج بوو، هۆڵێکی نمایشی فیلمانی لە فینیسدا هەبوو، جوون داوای کرد، هۆڵەکەی بە ئەمانەت بدرێتێ، تا فیلمێکی دوکیومینتاری تێدا ببینین، فیلمەکە لە دەرهێنانی خۆی بوو، بە ناونیشانی ( هۆڤی دەم بە خەندە ). فیلمەکە باسی دادوەرێکی ڕەش دەکات، کە حوکم و قەرارەکانی، زۆر توند و خوێناوی بوون. ڕێکەوتین، لەلای بینشو کۆببینەوە تا دەمێ تەڕبکەین، بەوجۆرە گەڕاینەوە بۆ ماڵی ئەو لە " سیلبوت لین ".

جون دەرگاکەی کردەوەو سارە وەژوورکەوت، جون بە تەنێ نەبوو، هاوڕێیەکی لە ژوورەوە وەستابوو، بەهۆی قژەکەیەوە سەری شێوەیەکی نامۆی هەبوو، قژەکەی هەم سپی و هەم زەرد بوو. کەچی ڕوخساری پەمەییەکی ئاماڵ سوور بوو، چاوەکانی شین و خڕ بوون، زۆر خڕ و زۆر شین بوون، جۆرە حیرەتێکی منداڵانە، وەختایەک گەمەیەکی ترسناک دەکات، بە سیمایەوە دیاربوو، ئەم حیرەتە نەدەرەوەییەوە، بەڵام ناسک بوو و دەچووە دڵەوە. جون گوتی: ئەمە فرانسوا راسینە، لە ژمارەیەک فیلمی مندا دەوری بینیوە، هەروەها لە فیلمێن خەڵکانی دیکەشدا دەوری بینیوە.

– لە فیلمی خەڵکانی دیکەدا... کرێم دەدەنێ!

جون چوو شەراب بێنێ، فرانسوا گوتی: ببورن، دوای خولەکێک لە ئێشەکەم دەبمەوە، دیسکێکی ڕۆلێت، لەوانەی لە قوماردا بە کاردەهێنرێ لەسەر مێزەکەی فرانسوا بوو، بەڵام دیسکێکی ئەلکترۆنی بوو، بە دووگمەیەک دەسوڕایەوە و لە سوڕانەوە دەوەستا، کۆمەڵێک بەردی یاریکردنی لەلاوە بوو، لەگەڵ کاغەزێکی گەورەی پڕ لە حیساباتی ڕیازی و تابلۆیەکی گرێواندا، فرانسوا بەردەکانی دابەشکرد. پلی بە دوگمەکەدا نا و گوتی: ئەمە خانمە سەر خولاوەکەمە، ئەمە ماشقەکەمە!

جون، بە پەرداخەکانەوە هاتەوە، بۆی ڕوونکردینەوە: فرانسوا ئەو کاتانەی کە قومار ناکات، ڕاهێنان لە سەر گەمە دەکات. یان بەلای کەمەوە بیری لێدەکاتەوە.

دیسکی ڕۆلێتەکە وەستا، فرانسوا، بەپەلە نیگایەکی ئەنجامەکەی کرد و، گوتی: کە دیسکەکە دەسوڕایەوە، حیسابی هەموو ئەگەرەکانم دەکرد، بەدڵی خۆم بوو! بەلامەوە گرینگ نییە لە کوێدا بوەستێ، من شتەکە دەخەمڵێنم و سەرکەوتن بەدەست دێنم.

جون لە سەری ڕۆیی: زۆربەی کات حیسابات و مەزەندەکانی ڕاست دەردەچن، بەڵام کە بۆ گازینو دەڕوات، ئەو بەهرە و توانایەی کەمێک دەداتە کەمی.

فرانسوا، بە سووکە کەیفێکەوە: زۆرجار، لە هەنبەر ئیرادەی مردندا، بۆڕ دەخۆم!

سارە هەڵیدایە: هانک – ش قومار دەکات، گرێو لە سەر ئەسپێن پێشبڕکانێ دەکات و هەمیشە لەو شوێنەیە کە ئەسپەکان غار دەدەن.

فرانسوا گوتی: گرێو لە سەر ئەسپان؟ باشە دەباتەوە؟

- حەز دەکەم ئەوە بڵێم.
- کەواتە پێکەوە دەچین.
- زۆرچاکە.

فرانسوا گەڕایەوە بۆ لای دیسکی ڕۆلێتەکە و، ئێمەش دانیشتینە سەر خواردنەوە. جون گوتی: فرانسوا بردیەوە و سەدان هەزاری دۆڕاند، ناچێ بەلای کارەکەی خۆیەوە وەکو ئەکتەر، تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە نابووتی نابووت دەبێ، نابووت تا ڕادەی مەرگ.

گوتم: ڕەفتارێکی لۆژیکیە.

- قسەم لە گەڵ ( هارولد فیزانت ) ی بەرهەمهێنەردا کرد، وادیارە تەماحی لە سیناریۆکە خۆشکردووە و ئامادەیە بیکات بە فیلم.

سارە گوتی: هارولد فیزانت! زۆرم دەربارەی بیستووە، یەکێکە لە بەرهەمهێنەرە هەرە گەورەکانی دنیای سینەما.

جون وەڵامی دایەوە: ڕاستە.

وەڵامم دایەوە: بەڵام من سیناریۆکەم نەنووسیوە!

- کێشە نییە، ئەو ئاستی نووسینەکانت دەزانێ و، ئامادەی کارکردنە.
- ئاخر ئەمە ماقووڵ نیە!
- فیزانت زۆربەی کات بەم شێوەیە کار دەکات و، هەمیشە پارەیەکی مۆڵ بەدەست دێنێت.

جون ڕۆیی تا بوتڵێ بێنێت، سارە پێی گوتم: وادیارە، ناچاری سینایۆکە بنووسیت، تازە بوو بە ماڵ بە سەرتەوە.

- تۆ تەمەشا، ئەم سیناریۆیە چی بەسەر سکوت فیتزجیرالد هێنا.
- بەڵام تۆ فیتزجیرالد نیت.
- بەڵێ، بەڵام خواردنەوەی تەرک کرد، ئەمە کوشتی.

فرانسوا، هێشتا بە دیار دیسکی ڕۆڵێتەکەوە دانیشتووە، وەختایەک جون بە بۆتڵەکەوە هاتەوە گوتی: با ئەمە بخۆینەوە و بڕۆین.

-چاکە.

- گوێ بگرە فرانسوا، تۆ لە گەڵماندا دێی؟

- نەخێر، تکایە بمبورە، دەبێ لێرە پەیگیری باسەکانم بکەم.

(( ٣ ))

هۆڵی نمایشەکە جوان و لە نزیکی مەیخانەیەکی گەورە و شایستەدا بوو، بۆیەکی بە سەرەوە بوو و بەڕێوەی دەبرد، هۆڵەکە ئامێرێکی نمایشی سینەمایی تیابوو، بەڵام دانی سیرفز لەوێ نەبوو.

نزیکەی حەوت هەشت کەسێک لە مەیخانەکەدا بوون، بەڵام من شتاقیانم نەدەناسی. داوای ڤودکام کرد، بەڵام سارە شتێکی ئەرخەوانی، یان سەوز یان ئەرخەوانی ئاماڵ کەسکی دەخواردەوە.بەڵام جون لە سەرەوە بوو تا ئامێری نمایشەکە ئامادە بکات.

پیاوێک لە سووچێکی مەیخانەکەوە هەر تەمەشای منی دەکرد، بە تەواوی لێم ورد دەبووەوە، لە ئەنجامدا، تەمەشام کرد و گوتم: -چ دەکەی؟!

بۆ ماوەی خولەکێک بێدەنگ بوو، فرێکی لە کووپەکەی دا، ئەوسا کەوتەوە تەمەشاکردنی من و گوتی: ئاوی پێم داهات هێندە بوەستم تا پێت بڵێم من کاری فیلمسازی دەکەم!

پاشان بۆم دەرکەوت ئەمە فینرزیز گوگە، فیلمسازی بە توانای ئەڵمانی. جۆرە شێتایەتیەکی پێوە دیاربوو، مەیلەو شێت بوو، کە لە کار دەبووەوە، کاتەکەی بە هەندێ کاری شێتانە چ دەگەڵ خۆی و چ دەگەڵ خەڵکانی دیدا دەبردە سەر. پێمگوت: باشتر وایە شتێکی بایەخدار و بە سوود بکەی!

- دەزانم، بەڵام هیچ شتێکی باش شک نابەم!

ئەوسا جون وەژوورکەوت و گوتی: " وەرن، دەست بە نمایشەکە دەکەین " . من و سارە دووی کەوتین بۆ هۆڵی نمایشەکە، هەروەها هەندێک لەوانەش کە لە هۆڵی مەیخانەکەدا بوون، کە یەکێک لەوانە فینر و خانمەکەی هاوڕێی بوو.

کە دانیشتین جون پێی ڕاگەیاندین کە فینرزیرگوگ، هەفتەی بووری لە مەیخانەکە بوو، لەوێ دەگەڵ هاوسەرەکەیدا بە شەڕ هاتن و گەییە بە کارهێنانی دەمانچە، هەریەکەیان شانەی دەمانچەکەی بەتاڵ کردەوە، بەڵام کەسیان ئەویتریان نەپێکا. بە جونم گوت: هیوادارم لە فیلمسازیدا بەختی باشتر بێ.

- وایە.

گلۆپێن هۆڵی نمایشەکە کوژێنرایەوە، ناونیشانی فیلمەکە لە سەر شاشەکە بەدیار کەوت: "هوڤی دەم بە خەندە "

لیدومامین، پیاوێکی زەلام بوو، هەم بە کەلەش و هەم بە خۆزی و ئومێدان، بەڵام حوکمی وڵاتێکی بچووک و هەژاری دەکرد، گەمەیەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی گەورەدا دەکرد، کارتەکانی بەڕاست و بە چەپدا فڕێ دەدا، ئەمڕۆ هەڤاڵبەندی لە گەڵ لایەنێکدا دەکرد و سبەی هەڤاڵبەندی دەگەڵ لایەنی دژبەری، لایەنی یەکەمدا دەکرد، گرینگ ئەوەبوو پارە و خواردن و چەک بەدەست بێنێت. لە راستیدا دەیویست حوکمی هەموو جیهان بکات. ئەم گەوجە خوێنمژە، هەستێکی کۆمیکی سەیری هەبوو، قەناعەتی تەواوی هەبوو کە ژیان تووڕێکی قوڕاوی نایەنێ، هەر بۆ ئەوە باشە بدرێتەبەر کلکان. لە وڵاتی مامین، هەر کەسێک، دەسەڵات گومانی لێبکات، تەنیا سووکە گومان، یەکسەر ئیعدام دەکرێت و جەندەکەکەی تووڕ دەدرێتە ڕووبارەوە، ئەو ڕووبارەی ژمارەیەک تەرمی زۆری بەسەرەوە بوو، تیمساحەکان هێندەیان دەخوارد، دەئاوسان، خۆیان لە ڕەخی ڕووبارەکەدا هەڵدەخست.

مامین حەزی لەوە بوو لە بەردەم کامێرادا دەربکەوێ. بینشو، لە کۆبوونەوەیەکدا وێنەی گرتبوو، تەنیا بۆ ئەوەی لە بەردەم کامێرادا دانیشێت، ڕەعیەت و دەست و پێوەندەکەی دەستەو نەزەر لە بەردەمیا وەستابوون و لە ترسا هەڵدەلەرزین و ئەو پرسیاری لێدەکردن، یان گوتاری سیاسی دەدا. سەیر ئەوەبوو، هەمیشە پێدەکەنی، بەدەم پێکەنینەوە ددانە زەرد و زەلامەکانی بەدیار دەکەوتن. هەرکاتێ مژوولی کوشتنی کەسێک یان ئەمری بە کوشتنی کەسێک نەکردبایە، سێکسی دەکرد، پتر لە دەرزەنێک ژنی هەبوو. ژمارەی منداڵەکانی نەدەزانی.

مامین، لە کاتی کۆبوونەوەکەیدا، لە پێکەنین وەستا، ڕوخساری هاوتای ئیرادە و دەسەڵاتی خوا بوو لە سەر زەوی، چونکە هەرچییەکی ویستبا دەیتوانی بیکات. هەستی بەو ترسە دەکرد کە کەوتبووە دڵی ڕەعیەتەکەیەوە، زۆری لەزەت لەم ترس و لەرزە دەبینی و سوودی لێوەردەگرت.

کۆبوونەوەکە تەواو بوو بێئەوەی چ کەسێک بکوژرێ، ئەوسا داوای کۆبوونەوەیەکی کرد، کە هەموو دکتۆرانی وڵاتەکە بەشداری تیا بکەن.

مامین، هەموو دکتۆرەکانی لە خەستەخانەی ناوەندی، لە ژووری نەشتەرگەری گەورە کۆ کردەوە، دکتۆرەکان، لە سەر کورسییەکانی دەوراودەوری ئەو ڕۆنیشتن، مامین لە ناوەندی ژوورەکەدا ڕاوەستا تا قسە بکات: " ئێوە دکتۆرن، بەڵام ئێوە ناکەنە هیچ تا من پێتان نەڵێم کە ئەنگۆ شتێکن. ئێوە وا زەن دەبەن، حەقیقەتی تەواو و بێ چەند و چوون دەزانن، بەڵام ئەوە خەیاڵی ڕووتە. هەر هەمووتان لە قوتابخانەیەکی بچووکەوە فێر بوون، دەیسا با ئەم زانستە بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەتان تەرخان بکرێ نەک بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆتان. ئێمە لە سەر خاکێک دەژین... دوا کەسێک کە لە سەری دەمێنێ، دەیسەلمێنێ  کە لە سەر هەقە. من فێرتان دەکەم چۆن ئامێری نەشتەرگەرییەکانتان و ژیانتان بەکار دێنن. تکا دەکەم خۆتان کەر نەکەن و بە پێچەوانەی ئارەزووەکانی منەوە نەڕۆن، نامەوێ سەرتان بیەشێنم، هەمیشە ئەوەتان لەبیر بێ، کە جگە لەو شتەی خوێندووتانە هیچی دی دەزانن، بەڵام من لەوە زیاتر دەزانم کە لە کتێبی خوێندندا هەیە. لە سەرتانە هەمیشە ئەوە جێبەجێ بکەن کە من دەیڵێم، دەمەوێ ئەمە بزانن و وەکو گوارە لە گوێی بکەن، تێدەگەن؟ "

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان، مامین لە سەری ڕۆیی: " کەس هەیە، بە نیازی بەرپەرچی ئەو قسەیە بێ کە من کردم؟ "

بێدەنگیەکی قووڵتر باڵی بەسەردا کێشان.

مامین بووکەڵەیەک بوو، بووکەڵەیەکی هۆڤی، کە بەچاوی خۆت کردەی کوشتن و ئەشکەنجەدانەکانیت نەدیتبا، بە شیوەیەک لە شێوەکان، دڵبەندی دڵڕەقی و شێوازە ترسناکەکەی دەبوویت.

لە دیمەنەکەی دواتردا مامین، هێزی ئاسمانی خۆی نمایش دەکات، لە راستیدا هێزی هەوایی نەبوو، تەنیا فڕۆکەوانان و جل و بەرگی فڕۆکەوانی هەبوو. مامین گوتی: " ئەمە هێزی هەواییمانە ".

فڕۆکەوانی یەکەم بە ڕاکردن  بە بەر مینەسە درێژەکەدا هات، زۆر بلەز غاری دەدا، هەرکە گەییە کۆتایی مینەسەکە، خۆی هەڵدا، هەر دوو باسکی بڵاو کردنەوە و ئەوسا نیشتەوە، دوای ئەو فڕۆکەوانی دووەم هات، هەمان جووڵە و ڕەفتاری فڕۆکەوانی یەکەمی دووبارە کردەوە، ئەوسا فڕۆکەوانی سێیەم و چوارەم... نزیکەی پازدە فڕۆکەوان بوون، هەر یەکێکیان کە خۆی هەڵدەدا هاوارێکی دەکرد، بزە و خۆشی دەنیشتە سەر ڕوخساری ئامادەبووان. کە تەمەشات دەکردن هەستێکی سەیر دایدەگرتیت، هەمووان پێدەکەنین` بەڵام بە چی؟ بەبێ مانایی نمایشەکە؟ بەم گەوجایەتیەی کە قەناعەتیان پێی بوو؟!

دوای، ئاخر فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەوانەکە بە سەلامەتی، مامین لە بەردەم کامێرا وەستا: " ڕەنگە ئەمە بێ مانا و گەوجانە بێ، بەڵام زۆر گرینگە، ئەوەی ئەنجاممان دا، حەقیقی نەبوو، بەڵام ئیرادەی بەدیهێنانیمان هەیە. ڕۆژێ دێ کە هێزی هەواییمان ببێت، خۆ ناکرێ لە ئێستاوە تا ئەو ڕۆژە، نائومێد و دەستەوئەژنۆ دانیشین، سوپاسی هەمووتان دەکەم. "

دیمەنی دواتر، دیمەن و وێنەی دیوی ناوەوەی ئەشکەنجەخانەکان بوو، ژوورەکان، چۆڵ و هۆڵ، تەنیا کۆت و زنجیر و پیسایی بەشەر و خوێنی وشکەوەبووی قەد دیوارەکانی تیابوو.

مامین گوتی: " لێرەدا خیانەتکاران و درۆزنان، ئیعتراف دەکەن و حەقیقەت دەڵێن. "

لە دوا دیمەندا، مامین لە باخێکی گەورەدایە، ژمارەیەک پاسەوانی شەخسی، ژنەکانی و هەموو منداڵەکانی دەوریان داوە.منداڵەکان نە پێدەکەنن و نە هەڵبەز و دابەز دەکەن، بەڵام ژنەکان بزە نیشتووەتە سەر لێوانیان و هەندێکیان منداڵەکانیان لە باوەش گرتوون. لیدومامین، بزەیەک دەکات، ددانە زەرد و زەلامەکانی بەدیار دەکەوێن، وەکو کەسێکی میرەبان و بگرە خۆشەویست دەنوێنێ.

دوا گرتەی فیلمەکە، گرتەی ڕووباری تیمساحە قەڵەوەکانە، ئەو تیمساحانەی، بە خاوی و تەمەڵییەوە مەلە دەکەن و، چاویان بە ئەسپایی دەتروکێنن. جەندەکی کوژراوەکان کەوتوونەتە سەر ئاوەکە. کۆتایی!

فیلمێکی دوکیومێنتاری باڵکێش بوو، زۆر دڵخۆش بووم کە ئەوەم بە بینشو گوت. وەڵامی دایەوە: بەڵێ! پیاوانی ئەتوار غەریبم خۆشدەوێ، بۆیە تۆم هەڵبژارد.

-شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە وەکو لیدومامین بم.

– ڕاستە.

ئەوەی گوت و، ئەوسا بۆ ماڵی ئەو گەڕاینەوە.

(( ٤ ))

کە گەیشتینە ماڵەوە، فرانسو ڕاسین، بەدیار دیسکە خولاوەکەی ڕۆڵێتەکەوە دانیشتبوو، دیاربوو شەرابێکی زۆری خواردبووەوە، ڕوخساری بەتەواوی سوور بووبووەوە. کۆمەڵێکی گەورەی بەردی یاری لە بەردەمدا بوو، سووتوویەکی درێژ، بە جگەرە داگیرساوەکەیەوە بوو، کە لە ئان و ساتا بوو، هەڵوەرێ. کەوتە سەر مێزەکە. ئەوسا گوتی: ملیۆنێک و چوارسەد و پەنجا هەزار دۆلارم بردەوە.

تۆپە چکۆلەکە، لە سەر ژمارەیەک گیرسایەوە، فرانسوا تەمەشای بەردەکانی کرد: ئەوەندە بەسە، نابێ زۆر تەمەعکار بم.

چووین بۆ ژووری دانیشتن و لەوێندەر دانیشتین، جون چوو بوتڵ و پەرداخان بێنێ، سارە لە فرانسوای پرسی: چی لەو هەموو پارەیە دەکەی کە بردووتەوە؟

– بە سەر خەڵکیا دەبەخشمەوە، هیچ نییە، ژیان ناکاتە هیچ، بە پارەشەوە هەر ناکاتە هیچ.

پێمگوت: وەکو سێکسە، کە نەت بێ، زۆر گرینگ دێتە بەرچاو، لە بێ سێکس وایە، سێکسدار نان و سێکس دەخوات.

– بە زمانی نووسەران قسە دەکەی!

جون هاتەوە، بوتڵی یەکەمی هەڵپچڕی، سەرو پێکی بۆ هەمووان تەژی کرد. فرانسوا پێی گوتم: هەقە بڕۆی بۆ پاریس، ئەوێ جێگەی شایستەی تۆیە، ولاتەکەی خۆت، وەکو سوالکەر مامەڵەت لە تەکدا دەکات.

–باشە لەوێ، مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپ هەیە؟

– بێگومان.

سارە گوتی: حەزی لە سەفەر نییە، خۆ لێرەش مەیدانی پێشبڕکێ هەیە.

فرانسوا وەڵامی دایەوە:– شوێن نییە لە دنیادا بگاتە پاریس، کەنگێ هاتی بۆ پاریس پێکەوە دەچین بۆ مەیدانی پێشبڕکێ.

–حەیفێ! دەبێ ئەم سیناریۆ دوابڕاوە بنووسم.

– بە ڕۆژەوە، گرەو لە سەر ئەسپێن پێشبڕکێ دەکەین و، بە شەوان سیناریۆکە دەنووسین.

– دەرفەتم بدە، بەباشی حیسابێکی خۆم بکەم.

جون، جگەرەیەکی پێکرد، هەروەها فرانسواش جگەرەیەکی تازەی پێکرد. هەردوو جگەرەکە درێژ بوون و لە هەر دوو سەرە داگیرساوەکانیانەوە، سرتە سرتیان لێوە دەهات. جون گوتی:دوێشەو لە گەڵ فرانسوا چووم بۆ لاس ڤیگاس.

سارە پرسی: لەوێ چیتان کرد؟

فرانسوا، قومێکی گەورەی لە شەرابەکە دا، مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا، هەناسەیەکی قووڵی دایەوەو لوولە دووکەڵێکی جادوویی لە دەمیەوە دەردا. گوتی: گوێ بگرە، گوێت لە من بێ، بە پێنج هەزار دۆلار لە پێش هەڤڕکەکەمەوە بووم، بەسەر هەموو دنیادا زاڵ بووم، دنیام لە سەر قامکان هەڵدەسوڕاند، هەموو شتێکم دەزانی، من هەموو شتێک بووم. هیچ شتێک نەیدەتوانی ڕامبگرێ، هەر پێنج کیشوەرەکە لە ژێرما دەهەژی.

ئەوسا جون هات، دەستی دا بە هەر دوو شانما و، گوتی: " با بڕۆین بۆ تەمەشاکردنی تاب جۆنز" لێم پرسی "ئەم تاب جۆنزە دەکاتە کێ؟ " گوتی: " گرینگ نییە، با بڕۆین و ببینین. "

فرانسوا، پەرداخە شەرابەکەی تەواو کرد، جون، سەر لە نوێ بۆی تەژی کردەوە و، فرانسوا لە سەری ڕۆیی: چووین بۆ هۆڵەکەی تەنیشتمانەوە کە تاب جونز لەوێ بوو، بە کراسێکی یەخە وازەوە گۆرانی دەچڕی، مووە ڕەشەکەی سەر سینگی بەدەرەوە بوو، لە ئارەقەدا دەبریقایەوە، خاچێکی زیوی گەورە، بە سەر ئەو مووە ئارەقاوەییەوە هەڵواسرابوو. دەمی لەو چاڵە قووڵە دەچوو کە لە ناوەندی قاڵبی کێکدا هەیە، پانتۆڵێکی بەدەن چەسپی زۆر تەسکی لەبەر بوو، کێرێکی دەستکردیش. دەستی بە هەر دوو گونیەوە گرتبوو و بەدەم گۆرانی چڕینەوە، باسی ئەو شتانەی دەکرد کە بەدڵی ژنانە، بەڵام هەمووی دەستکرد بوو، هی ئەوە بوو پاشەڵی پێ بسڕی. کە گوێم لە گۆرانیەکەی دەگرت خەریک بوو دەڕشامەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەو هەموو پارەیەمان دا تا بچینە ژوورەوە، کە تۆ پارەیەکی زۆر دەدەی تا کابوسێ بدینێ، مانای وایە بەڕاستی گەوجیت! ئەم تاب جونزە کێیە؟ خەڵکی چۆن پارە دەدەن تا تەمەشای کەسێک بکەن کە کێری دەسکرد بۆ خۆی دابنێ و دەست بە هەر دوو گونیەوە بگرێ و تیشکی گڵۆپان بە سەر خاچە بریقەدارەکەیەوە، سەما بکات؟!

پیاوانی زانا و بە حورمەت لە جادە و باناندا، لە برسا بتلێنەوە و، کەچی لێرەدا خەڵکی لە بابایەکی گەمژە خڕ بوونەتەوە! خەڵکی دەیپەرستن! ژنان هاوار دەکەن! بە شتێکی ڕاستەقینەی دەزانن! بەڵام پیاوێکی کارتۆنیە و پولێکی قەڵب ناهێنێ. بە جونم گوت: " تکایە با بڕۆین، خەریکە مێشکم دەتەقێ، من زۆر ماندووم، خەریکە دەبووریمەوە. " گوتی: " سەبر بکە، لەوەیە ئەدایەکەی باش ببێت. " بەڵام باش نەبوو، بەڵکو خراتر بوو، دەنگی زیقاوڵە تر بوو، کراسەکەی زیاتر کرایەوە، ناوکیمان لێ دەرکەوت. ژنێک لە تەنیشت منەوە بە کوڵ دەگریا، دەستی بۆ ناو پانتۆڵەکەی خۆی دەبرد، لێم پرسی: " خانم هیچت ون کردووە؟ "... ناوکی یارۆی گۆرانی بێژ لە چاوی مردوو دەچوو، زۆر پیس بوو، تەنانەت تەیریش بێزی نەدەهات، ڕێقنەی تێبکات.

پاشان ئەم تاب جونز ناوە وەرسوڕا، سمت و کەفەڵی دەرپەڕاند! دەتوانم هەموو کاتێ سمت و کەفەلآن بدینم، شتی وام ناوێ، لێرەدا پارەمان دا، تا سمتە قەڵەو و دزێوەکانی بدینین! دەزانن؟ لە ژیانما زۆر کاتی تەنگانەم بەڕێ کردووە. بۆ نموونە، پیاوانی پۆلیس، لە بەلاش لێیان داوم، زۆرجار بەبێ هۆ لێیان داوم، بەڵام بە دیتنی کەفەڵە دزێوەکانی ئەو، زۆر پەست بووم، پەست تر لە لێدانی لە بەلاشی پۆلیس. بە جونم گوت: " هەستە با بڕۆین، دەنا لە داخا دەمرم لێرە. "

جون بزەیەکی کرد: " دەی باشە با بڕۆین، هەر ویستم تاب جونز بدینم. "

فرانسوا، زۆر تووڕە بوو، وردە کەفان کەوتە هەر دوو لا لغاوەی. بەدەم قسانەوە، وردە لیکاو لە دەمی دەردەپەڕی، جگەرەکەی تەواو تەڕ بوو، لە سەری ڕۆیی:

تاب جونز! ئەم تاب جونزە کێیە؟ چم داوە لە تاب جونز؟!تاب جونز تەنیا گەمژەیەکە و تەواو! پێنج هەزار دۆلار لە پێشەوە بووم... چمان کرد؟ چووین بۆ دیتنی تاب جونز!ئەم تاب جونزە کێیە؟ کەسێک بەناوی تاب جونزەوە ناناسم، ناوی براکەم تاب جونز نییە، تەنانەت ناوی دایکیشم! ئەم تاب جونزە قەل پیاوێکە و هیچی دی!

جون گوتی: بەڵام گەڕاینەوە بۆ لای دیسکی ڕۆلێتەکە.

فرانسوا گوتی: پێنج هەزار دۆلار لە پێشەوە بووم، ئەوسا چووین بۆ دیتنی ئەو کێرە دەستکردە مردووە کە گۆرانی دەگوت، بە تەواوەتی تەرکیزم لە دەست دا، ، ئەم تاب جونزە کێیە؟ باشتر وابوو بچمە تەماشای ئەو خەڵکانەی، ڕێقنەی نەوڕەسانی سەر کاناراوەکەیان پاک دەکردەوە، نەک بچمە تەمەشای تاب جونز. دیسکی ڕۆلێتەکەم بادا، بەلامەوە نامۆ بوو، وەکو منداڵێک وابووم فڕێدرابێتە بەرمیلێکی پڕ لە مێش و مەگەز و مارمێلکانەوە، ئەم ژمارانە چین؟ ئەم ڕەنگانە چین؟ تۆپە سپیە چکۆلەکە، دەتگوت لە جێی خۆیەوە هەڵدەبەزێتەوە و ڕێک بە دڵی مندا دەچەقێ، ئەوسا لە ناوەوە سەرم تێدەژەنێ و دەمخوات. کەمترین دەرفەتی بردنەوەم نەبوو، حەواسم بە تەواوەتی پەرت بوو. کێرێکی دەستکرد شانازی بە خۆیەوە دەکرد و جەماوەرەکە هورایان دەکێشا و داوای زیاتریان دەکرد، تووشی سەرەگێژکێ بووم، دوای ئەوەی کۆمایەک داشی گەمەکەم هەڵگرتبوو هەستم دەکرد مێشکم لە ژێر شەپقەکەمەوە، خەریکە دەتەقێ. ئەم تاب جونزە کێیە؟ دۆڕام! نەمدەزانی لە کوێم، هەرکاتێ تەرکیزت لە دەست بدەیت، ئیدی دۆڕان دەستپێدەکات، کەوتنێ دەکەوی، هەستانەوەی لە دوو نەبێت. وەختایەک زانیم بەخت بە قازانجی من ناچەرخێ، هەموو بەردەکانم هاوێشت، هەڵە لە سەر هەڵەم دەکرد، دەتگوت دژمنەکەم لە جێگای من وەستاوەو تەحەکوم بە عەقڵم دەکات. چما ئەمە ڕوویدا؟ چونکە چووبووین بۆ تەمەشای تاب جونز! بۆ دواجار لێتان دەپرسم: ئەم تاب جونزە مەلعوونە کێیە؟

فرانسوا شەکەت و ماندوو لە قسەکانی بووەوە، جگەرەکەی لە دەمی بەر بووەوە، سارە هەڵیگرتەوە و خستیە ناو تەپڵەکەکەوە.

فرانسوا، جگەرەیەکی تازەی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا، لە قوتووە زیوینەکەی دەرهێنا، بە زمانی لستیەوە، لە نێو قامکەکانیا بایدا، ئەوجا نایە دەمیەوە. تەواو خۆی کۆنترۆڵ کرد، ئەوسا بەوپەڕی سپۆرتی دایگیرساند، دەستی دایە بوتڵەکە و سەرو پێکی بۆ هەمووان تەژی کرد، ڕەق ڕاوەستا، بزەیەکی کرد وگوتی: بەهەرحاڵ! لەگین بوو لە هەموو حاڵێکا هەر دۆڕابام، بەڵام قومارچی نەڵێ بە گونمەوە دڵی شەق دەبات، ناتوانێ بەردەوام بێ.

پێمگوت: بە زمانی نووسەران دەدوێی!

-ئەگەر توانیبام وەکو ئەوان بنووسم، لە جیاتی تۆ سیناریۆکەم دەنووسی.

– سوپاس.

– باشە چەندت دەدەنێ؟

– ( بە ئاماژەی دەست وەڵامێکی تەم و مژاویم دایەوە. )

– من لە جیاتی تۆ دەینووسم، برابەش کرێی نووسینەکەی دابەش دەکەین، چ دەڵێی؟

- زۆر چاکە!

جون هەڵیدایێ: من دەتوانم نووسینی تۆ و نووسینی ئەو لێکدی جیا بکەمەوە، بیناسمەوە.

فرانسوا گوتی: چاکە، داوا لە تاب جونز بکە بە کێرە دەستکردەکەی بینووسێت!

هەموومان بەو پێشنیازە قاییل بووین، هەمووان پێکەکانمان بەرز کردەوە تا بە سەلامەتی یەکدی بخۆینەوە، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ شەوبێرییەکی خۆش و جوان.

(( ٥ ))

لە مۆسۆ، لە بەردەم بارەکە دانیشتبووم، سارە لە ژووری خانمان بوو. لە مۆسۆ ئەم بارەم بەدڵ بوو، بار بوو بە هەموو پێوەرێکی باران، ئەمرۆ پێی دەگوترێ (هۆڵە تازەکە )، هۆڵە کۆنەکە دەکەوێتە ڕەخەکەی ترەوە، بۆ نان خواردن دەچووم بۆ ئەوێندەر، ئەوێ تاریکتر و هێورتر بوو. جاران بۆ نان خواردن دەچووم بۆ هۆڵە کۆنەکە، بەڵام قەت نانم نەدەخوارد، تەمەشایەکی لیستی خواردنەکانم دەکرد و دەمگوت: " جارێ! " ئەوسا پەیتا پەیتا داوای خواردنەوەم دەکرد. کێهە ژنان لە گەڵما بۆ ئێرە دەهاتن، بیرمە یەکێک لەوانە خانمێکی بەدناو بوو، هەرجارێ دەستمان بە خواردنەوە کردبا و سەرمان گەرم بوایە، دەکەوتینە گەنگەشەی توندوەوە، ئیدی پەرداخ شکاندن و شەراب ڕشتنیشی تێدەکەوێت، پەرداخی تازەمان بۆ دەهێنرا. زۆرجار پارەی تاکسیم دەدا بەو خانمانە و داوام لێدەکردن کە برۆن و وازم لێبێنن تا بە تەنیا بخۆمەوە، گومان هەبوو ئەو پارانە بدەن بە کرێ تاکسی. بەڵام خۆشترین شتی بارەکە ئەوە بوو، هەر گاڤێ دەچوومە ئەوێ- تەنانەت دوای ئەوەش کە تێکدرا – هەمووان بە پێکەنینەوە و زۆر بە گەرمی پێشوازیان دەکردم!

بەهەرحاڵ، لەبەردەم بارەکەدا و لە هۆڵە تازەکە دانیشتبووم، هۆڵەکە لە خەڵکیدا جمەی دەهات، زۆربەیان گەشتیاری چەنەباز بوون، سەریان دەلەقاند و دەنگۆی مەرگیان لە شوێنەکەدا بڵاودەکردەوە. پێکێکی تازەم داوا کرد، یەکێک دەستی بەشانما کێشا: چیناسکی چۆنی، حاڵت چۆنە؟

ئاوڕم دایەوەو چاوم گێڕا، بەڵام کەسم لە ئامادەبووان نەناسی، جاری وا هەیە شەوێ دەتبینم و بەیانی ناتناسمەوە، تەنانەت ئەگەر دایکم لە قەبرەکەی دەربێننەوە، نایناسمەوە. بەرسڤم دایەوە: باشم، شەرابت دەوێ؟

-نا سوپاس، پێشتر یەکمان نەدیوە، من " هارولد فیزانت " م.

- ئەها... جون پێی گوتم کە گوایە تۆ بیر لە...

- بەڵێ دەمەوێ مەسرەفی سیناریۆکە بکێشم، کارەکانتم خوێندووەتەوە، ستایلێکی سەیرت لە دیالۆگدا هەیە، کتێبەکانم خوێندوویتەوە، زۆر لە بارن بۆ سینەما.

- یانی دڵنیای کە ناتەوێ بخۆیتەوە؟

- نا، دەبێ بچمەوە بۆ سەر مێزەکەی خۆم.

- دەی باشە، دوا کارت چییە فیزانت؟

- لەم دواییانەدا فیلمێکم دەربارەی ژیانی ماک دیرواک بەرهەم هێنا.

- ناوی فیلمەکە چییە؟

- گۆرانی دڵ.

- ( فرێکم لە پەرداخەکەم دا ) بوەستە، تۆ گاڵتە دەکەی، تۆ ناوی " گۆرانی دڵ " لە فیلم نانەیت؟

- با، ئەو ناوەم هەڵبژاردووە ( بزەیەکی بۆ کرد ).

- فیزانت پێم ڕامەبوێرە، تۆ ئەهلی حەنەک و سوعبەتانی، گۆرانی دڵ؟ ئەی خودا! ئەمە چییە؟

- بە جدیمە ها، سوعبەت ناکەم.

لە ناکاوا، پشتی تێکردم و دوور کەوتەوە.

سارە، هاتەوە، تەمەشای کردم: بەچی پێدەکەنیت؟

-با جارێ پێکێکت بۆ داوا بکەم، ئەوسا پێت دەڵێم.

چووم بۆ لای پێشخزمەتەکە، پێکێکم بۆ خۆیشم هێنا، سارە گوتی: بڵێ کێم لە هۆڵە کۆنەکە بینی، هەڵی بێنە؟

-کێ؟

- جوناتان وینتر.

- دەی باشە، بڵێ لە غیابی تۆدا قسەم لە گەڵ کێدا دەکرد؟

- لەگەڵ یەکێک لە کۆنە سۆزانیەکانتا؟

- نا، لەوەش بەدناوتر.

- کەس لەوانە بەدناوتر نییە.

- لەگەڵ هارولد فیزانت دا.

- یارۆی بەرهەمهێنەر؟

- بەڵێ، هۆوەتێ، لەو مێزەی سووچەکەدایە.

- بەڵێ، دەی بینم.

- تەمەشای مەکە و بە دەست ئاماژە مەکە، پێکەکەت بخۆوە تا منیش ئەوەی خۆم دەخۆمەوە.

- چیتە؟

- بەخۆت دەبینی، کابرای بەرهەمێنەر دەیەوێ ئەو سیناریۆیە بەرهەم بێنێ کە هێشتا نەمنووسیوە.

- دەزانم.

- که تۆ لەوێندەر بووی، هات تا قسەم لەگەڵدا بکات.

- پێت گوتم.

- تەنانەت ئامادە نەبوو پێکێکش بخواتەوە.

- بەڵێ، تۆ هەموو شتێکت تێکداوە، ئەگەرچی هێشتا سەرخۆش نەبوویت.

- ڕاوەستە، باسی ئەو فیلمەی بۆ دەکردم کە لەو دواییانەدا بەرهەمی هێناوە.

- ئەدی چۆن دیدارەکەت شێواند؟

- من نەم شێواند، ئەو شێواندی، تێکی دا.

- بێگومان، دەی بۆم باسبکە...

تەمەشایەکی ئاوێنەم کرد، بیچم و ڕوخساری خۆم بەدڵ بوو، بەڵام وێنەکەی خۆمی ناو ئاوێنەکەم بەدڵ نەبوو، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆمم بەو شێوەیە نەبینی بوو. شەرابەکەم تەواو کرد و بە سارەم گوت: پێکەکەت هەڵدە.

-بۆم بگێڕەوە، چی ڕوویدا؟

- ئەمە دووم جارتە دەڵێیت: " بۆم بگێڕەوە " .

- یادگەت سەیرە، هەرچەندە هێشتا مەست نەبوویت.

داوام لە بۆیەکە کرد خواردنەوەی دی بێنێ و، گوتم: ئیدی، فیزانت هات بۆ لام و باسی ئەو فیلمەی کرد کە بەرهەمی هێنابوو، فیلمەکە دەربارەی ژیانی نووسەرێک بوو کە بەباشی نووسینی نەدەزانی، بەڵام مەنشوور بوو، چونکە لە مەیتەرەوانی ئەسپانی سێرک دەچوو.

-کێیە؟

- ماک دیرواک.

- ئەمە بێتاقەتی کردیت؟

- نا، نائاسایی بوو، مەسەلەکە ئاسایی بوو، تا ناوی فیلمەکەی پێگوتم.

- ناوی چییە؟

- تکایە، من دەمەوێ لە بیری خۆمی بەرمەوە، ناوبردنیشی کەرێتیە.

- بۆمی بگێڕەوە، باسی بکە!

- چاکە... ( هێشتا ئاوێنە نەعلەتیەکە لە بەردەممە )...

- بۆمی بگێڕەوە، بیگێڕەوە، بیگێڕەوە...

– باشە، ناوی " مێشە تووکنە گەڕۆکەکانە " !

– بەدڵمە.

– بەڵام من بە دڵم نەبوو، بە خۆیشم گوت، هەنگێ وازی لێهێنام و شەقێکی لە خۆی هەڵدا و ڕۆیی. بەوجۆرە تاقە پشتیوانی خۆمان لە دەست دا.

– پێویستە بچی بۆ لای و تەوازی بۆ بێنیتەوە.

– مەحاڵە، ناوەکە زۆر حەیابەرەیە.

– یان لەبەر ئەوەتە کە گەرەکتە فیلمەکە دەربارەی تۆ بێ.

– دروستە، لەبەر ئەمە سینارۆکە دەربارەی خۆم دەنووسم.

– باشە هیچ ناوێکت بۆ دۆزیوەتەوە؟

– بەڵێ " مێشان کە بە فەروەوە دەسوڕێنەوە " !

– با لێرە بڕۆین.

بەوجۆرە، وەدەرکەوتین.

(( ٦ ))

دەوروبەری سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بوو، بە دوو قۆڵی دەچووین بۆ دیدەنی بینشو، کە لە هۆڵی ئوتێلێک بوو لە ( فرلی هیلتر شیشایر )، ئەمە مانای وابوو ڕۆژێک لە مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپان دوا دەکەوم، ئەمەم لەبەر گران بوو، بەڵام جون ڕژد بوو لە سەر دیدارەکە. لە ئوتێلەکەدا، کەسێک دەبینین، کە دەتوانێ تێچووی فیلمان پەیدا بکات، ئەم پیاوە کە ناوی جان پول سانرایە، جارێ پارەی نییە، بەڵام گرینگ نییە، دەڵێن دەتوانێ پەیکەرێک لە باخێکی گشتیدا دروست بکات، پارە لە کێرییەوە دادەڕژێ. کە باشە! ژوان لە باسکی ژمارە پێنج سەد و سیی ئوتێلەکە بوو، کە بەلای منەوە شوێنێکی لەبار بوو بۆ خۆ دزینەوە لە سیناریۆکە.

هەروەها جون لوک مودارش لە باسکی ژمارە پێنج سەد وسی دەبینین، ئەمە دەرهێنەرێکی سینەمایی فەرەنسییە، جون پێی گوتم کە زۆر دڵبەندی نووسینەکانی منە، زۆر باشە!

سارەش لە گەڵما هات، هەڵبەتە بۆ گەڕانەوەش پێویستم بە یارمەتی دەرێک هەبوو، سارە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە لەوێندەر، لە باسکی ٥٣٠ ئەکتەرێن گەنجی ئافرەتیش هەبن، کە ڕەنگی دەریا لە چاویاندا پرشنگ دەدات.

خۆمان بە ئوتێلەکەدا کرد، جون لە سەر کورسییەکی چەرمی گەورەدا ڕۆنیشتبوو، وەکو خووی هەمیشەیی خۆی لە خەڵکانی شێت و غەریب ئەتواران دەگەڕا. کە ئێمەی بینی هەستا، سینگی دەرپەڕاند، هەرچەندە پیاوێکی زەلام بوو، بەڵام حەزی دەکرد لە خۆی زلامتر بنوێنێ. سڵاومان لە یەکدی کرد، لە گەڵ جون دا بەرەو ئاسانبەرەکە ( مصعد ) چووین، لێی پرسیم: لە نووسینی سیناریۆکەدا گەییویتە کوێ؟

–دەتوانی بڵێی، هێڵە گشتیەکانی خەریکە دەردەکەوێ.

- باسی کێ دەکات؟

- باسی سەرخۆشێک، باسی ژمارەیەک سەرخۆشی زۆر دەکات.

دەرگای ئاسانبەرەکە کرایەوە، لە ناوەوە جوان بوو، دیوارەکانی بە قوماشی مەخمەڵی کەسک داپۆشرابوو، قوماشە کەسکەکە بە وێنەی تاوسان نەخشێنرابوو، ژمارەیەک تاوس بە دیوارەکان و میچەکەیەوە بوو. گوتم: جوانە!

سارە گوتی: زۆر زۆر.

ئاسانبەرەکە لە نهۆمی پێنجەم وەستا، هاتینە دەرەوە، ڕاڕەوەکان بە فەرشێکی سووفی سەوز داپۆشرابوو، بە ژمارەیەکی زۆری تاووسان نەخشێنرابوو، بەسەر تاووسەکاندا ڕێمان دەکرد، ئەوسا خۆمان بە جەناحی ژمارە پێنج سەد و سی دا کرد، دەرگاکەی، زۆر زەبەلاح و قورس، ڕەنگی ڕەش بوو، زۆر لە دەرگای ئاسایی گەورەتر بوو، دوو هێندەی دەرگای ئاسایی دەبوو، ڕێک لە دەرگای قەڵا دەچوو.

جون، بە دەرگاژەنە ئاسنەکە، کە لە شێوەی سەری بالزاک دروست کرابوو، لە دەرگای دا.

کەس وەڵامی نەدایەوە.

ئەمجارەیان توندتر لە دەرگای دایەوە.

بەدەم چاوەڕوانیەوە وەستاین.

ئەوسا دەرگاکە بە ئەسپایی کرایەوە، پیاوێکی مردەلۆخی سپیکەلە، کە لە بەرخێک دەچوو لە کاغەز دروستکرابێ، دەرگاکەی کردەوە. جون بینشو گوتی: هنری لیون!

-جون! فەرموون، هەمووتان بفەرموون.

لە دوای جونەوە وەژوورکەوتین، جەناحەکە زۆر گەورە بوو، هەرچیەکیشی تیابوو، هەر گەورە بوو، کورسی گەورە، مێزی بەرین، دیوارێن بەرز، سایپتەێن بەرز. بەڵام بۆ بۆگەنیەکی سەیر و نامۆ دنیای تەنی بوو، هەرچەند شوێنەکە بەرین بوو، هەستم دەکرد لە قەبردام.

تەعاروفمان کرد، خۆمان بە یەکدی ناساند.

پیاوە سپیکەلە بەرخ ئاساکە، هنری لیون سانرا بوو، برای جان پول سانرای پارە دۆش بوو. جون لوک مودارمانیشی لە گەڵ بوو، کە بە پێوە وەستابوو و ورتەی لێوە نەدەهات، وات دەهاتە بەرچاو، بۆیە وەستاوە تا هەڵوێستی بلیمەتێکی خەیاڵ ڕۆییوو بنوێنێ. لاوازێکی ئەسمەر بوو، لەوە دەچوو بە گوێزانێکی هەرزانبایی خراپ ڕدێنی تاشی بێت.

هنری لیون سانرا پێی گوتم: ها وادیارە کیژەکەشت لە گەڵ خۆتا هێناوە، ناوی ریناى کچتم بیستووە.

-نا، نا، ئەمە سارەی خێزانمە.

- خواردنەوە لە سەر مێزەکە هەیە، جۆرەها خواردنەوە، جۆرەها خواردن، خۆت خزمەتی خۆت بکە. دەچم جان پۆل دێنم.

هنری لیون، چوو بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوە تا جان پۆل بێنێ، بەڵام جون لوک مودار، خۆی بە سووچێکی تاریکدا کرد، لەوێندەر دانیشت تا چاودێریمان بکات. هەستاین و چووین بەلای مێزەکەوە، بە بینشوم گوت: شەرابە سوورەکە بکەرەوە، چەند بوتڵێکی سوور هەڵپچڕە.

بینشو، کەوتە هەڵپچڕینی شەرابەکە، خواردن لە قاپی زیودا لە هەموو جێگایەک دانرابوو. سارە گوتی: گۆشت مەخۆ، شیرینیش مەخۆ، شەکری زۆری تیایە.

پێموایە، خواوەندان سارەیان ناردووە، تا دە ساڵی زیادە بخاتە سەر ژیانم، خواوەندان هەمیشە، بەرەو تیغی ملپەڕێنم دەبەن، پاشان، لە دوا ساتدا، سەرم لە تەختەکە بەرز دەکەنەوە. ئەم خواوەندانە سەیرن، ئەوەتا حاڵی حازر، دنەم دەدەن بۆ نووسینی سیناریۆیەک، کە کەمترین ئارەزووی نووسینم نییە. هەڵبەتە دەزانم کە ئەگەر بینووسم دەقێکی باش دەردەچێت، نایاب نا، بەڵام باش، من لە وشە بازیدا زۆر مەعلانم.

بینشو، شەرابەکەی تێکرد، پێکەکانمان بەرزکردەوە، سارە گوتی:ئمم... همم...

بینشو گوتی: بە فەرەنسی قسە دەکەی؟

گوتم: ئەمەت لێناگرم، دەتبوورم.

بەدەم خواردنەوەکەمانەوە، چاودێری ژوورەکەی تەنیشتەوەم دەکرد، دەرگا گەورەکە لە ناوەڕاستەوە کرابووەوە، هنری لیون هەوڵیدەدا، جەستەیەکی زەلام، کە لەسەر تەختێکی بەرین ڕاکشابوو هەستێنێ، بەڵام جەستەکە هەڵنەسا.

هنری لیون، قاپێکی هێنا، چنگێ کلۆ سەهۆڵی شەش پاڵوی لێ دەرهێنا، هەر دوو چنگی پڕ کرد لەو سەهۆڵانە، ئەوسا بە توندی نانی بە هەر دوو لاجانگی جەستە نووستووەکەوە، ئەوسا کراسەکەی کردەوە و سەهۆڵەکەی بە سەر سینگیا هێنا و برد.بەڵام جەستەکە هێشتا هەر خەبەری نەبووەوە.

ئەوسا لە ناکاوا ڕابوو و هاواریکرد: کوڕی قەحپە! ئەوە چیت کرد؟ دەبێ ئێستا جەستە بەستووەکەم بتوێنمەوە!

-جان پۆل، جان پۆل، میوانمان هەن.

– میوان؟ میوان؟ من و میوان! وەکو سەگ و کێچ واین! بڕۆ بە لایانەوە و قوڕباقەیان بکە دەمەوە، پێیاندا هەڵبمیزە، بیان سووتێنە!

– جان پۆل، جان پۆل، ئاخر ژوانت دەگەڵ جون بینشو و نووسەری سینایۆکەدا هەیە.

– دەی باشە، ئۆف! دوای تۆزێکی دیکە دێم، دەبێ جارێ مێزەکەم بکەم، نا.... نا... چاوەڕوان دەکەم، شتێک بدۆزمەوە شایانی ئەوەبێ پێیدا بمیزم!

هنری لیون هاتەوە وگوتی: ئێستا دێت، زۆر تووڕەیە، وایدەزانی ژنەکەی بەجێی دێڵێت، ئەم بەیانیە لە پاریسەوە بروسکەیەکی پێ گەیی، کە ئاگاداری دەکاتەوە کە ژنەکەی ڕەئی گۆڕیوە. ئەگەر ئەوە ڕوویدابا، جەزرەبەیەکی خراپی پێدەکەوت، وەکو گایەکی زەلام، کە ڕەوە سەگێکی تێی بوڕوکێن.

هیچمان نەبوو بیڵێین.

ئەوسا جان پۆل، بەلارە لار هات، پانتۆڵێکی سپی موقەلەمی خەت پانی زەردی لەبەر بوو، جووتێ گۆرەوی پەمەیی بێ پێڵاوی لە پێدا بوو. قژێکی کەوەیی لوولی هەبوو پێویستی بە شانەکردن نەبوو، بەڵام کەوەیی کاڵ، وەکو ئەوە بوو قژی لە گیانەڵڵادا بێ و هێشتا قەراری نەدابێ لە سەر چ ڕەنگێک بگیرسێتەوە. فانیلەیەکی ژێرەوەی لەبەر بوو و بەردەوام خۆی هەڵدەکڕاند، ڕێک بە پێچەوانەی براکەیەوە، کابرایەکی زۆر زەلام و پەمەیی بوو، بگرە سوور بوو، ئەو سوورەی کە جارێک هەڵبوو و کوژایەوە، کوژایەوە تاوەکو براکەی سپی ببێت، ئەوسا زیاتر سوور بوو.

خۆمان بەیەکدی ناساند. بڵمە بڵمێکی کرد و گوتی: " مودار لە کوێیە؟ " ئەوسا تەمەشایەکی دەروبەری کرد و بینی مودار لە گۆشەکەی خۆیدا هەڵکورماوە: " خۆی شاردوەتەوە، خۆزیا شتێکی تازەت پێدەبوو! " جان پۆل، لە ناکاوا ئاوڕی دایەوە و بە غار بۆ ژووری نووستنەکە ڕۆیی و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە دا بەیەکدا.

بۆ یەکەمجار گوێمان لە دەنگی مودار بوو، لە گۆشە دوورەکەی خۆیەوە دەکۆکی، ئێمە سەرگەرمی خواردنەوە بووین. هەموو شتێک زۆر باش و بەجێ بوو، ژیانێکی خۆش، پڕ بە مانای خۆش، ئەوەی لەم دنیا بچووکەدا لە سەرت بوو، ئەوە بوو کە نووسەرێک یان هونەرمەندێک یان سەماکاری بالیە بی و، پاشان لە هەر جێیەکدا بوەستی یان دانیشیت، جگەرە لە سەر جگەرە بە بادا بدەی، مەی بخۆیتەوە، بادە نۆشی بکەیت و لاف و گەزاف لێبدەی کە هەموو شتێک دەزانی.

جان پۆل هاتەوە، بەدەم ڕێگەوە خۆی بە دەرگاکەدا کێشا، وامزانی ئازار بە شانی گەیی، بەڵام وەستا. دەستی بە شانیا هێنا، ئەوسا فەرامۆشی کرد، بەدەم خۆ هەڵکڕاندنەوە درێژەی بە ڕێگەی خۆی دا، ئەوسا، بە خێراییەکی سیستەماتیک کەوتە سوڕانەوە بە دەوری مێزەکەدا و هاواری دەکرد: هەموومان کونی قوونمان هەیە، وایە؟ چ کەسێک لەم ژوورەدا هەیە کونی قوونی نەبێ؟ ئەگەر هەیە با بڵێ، گوێتان لێیە؟

جون بینشو، ئانیشکێکی تێوە ژەندم و بە گوێیدا چپاندم: نەمگوت؟ بلیمەتە! بینیت؟

جان پۆل، بە هەمان خێرایی دەخولایەوە و هاواری دەکرد: هەر یەکێکمان دوو سمتی لە ژێر پشتیەوە هەیە، وایە؟ ئا لێرەدا لە خوارەوە، ڕێک لە ناوەڕاستا، پیسایی دەردێت، وایە؟ یان بە لای کەمەوە بە ئومێدی ئەوەین، پیساییەکەی ناو ورگمان تا مردن بێتە دەرەوە. بیر لەو هەموو پیساییە بکەنەوە کە بە درێژایی ژیان، دەری دەدەین و زەوی هەڵیدەمژێ! بەڵام دەریا و ڕووباران، بەدەم هەڵمژینی پیسایی ئێمەوە دوا ساتی ژیانی خۆ هەڵدێننەوە، کە پیسین! یەع! کە قێزەونین، هەرجارێ کە قوونم دەسڕم، ڕقم لە هەموو بەشەریەت دەبێتەوە. ئەوسا لە بەردەم بینشو وەستا و گوتی: " پارەت دەوێ؟ وانییە؟ " بنیشو، بزەیەکی هاتێ، جان پۆل لە سەری ڕۆیی:خوێڕی! قەیدی نییە، ئەو پارە نەعلەتیەت دەدەمێ کە دەتەوێ.

-سوپاس، تۆزێ لەمە پێش بە " چیناسکی " م گوت کە تۆ بلیمەتی.

– دەمت داخە!

ئەوسا جان پۆل تەمەشای منی کرد: باشترین شتی نووسینەکانت ئەوەیە کە ڕەخنەگرە ئەکادیمیەکان پەست و تووڕە دەکەن، ئەوانە پێویستە پەست و تووڕە بکرێن، ئەم بیرۆکەیە لە لای ملیۆنان خەڵکی باو وبڵاوە، بەڵام لە سەر گەوجاتیە بێگەردەکەی خۆت بەردەوام بە، لەوەیە ڕۆژێ بێ.. لە دۆزەخەوە پەیوەندیت پێوە بکرێت!

-جان پۆل، ئەو جۆرە پەیوەندییانەم پێوە دەکرێت.

- بەڵێ؟ چۆن؟ کێ؟

- ماشقە کۆنەکانم!

- چیە پێم ڕادەبوێری؟

بە ڕووما هەڵشاخی، کەوتە سوڕانەوە بە دەوری مێزەکەدا، بە هەمان شێواز خۆی هەڵکڕاند. پاشان و دوای ئاخر سووڕانەوەی گەورە، غاری دا بۆ ژووری نووستنەکە و، لە دوای خۆیەوە شەق دەرگاکەی داخست. هنری لیبون گوتی: برایەکەم تەواو نییە، ئاسایی نییە، وادیارە نائومێدە.

دەستم دایە بوتڵەکە و پەرداخەکانم تەژی کرد، بینشو هاتە لای منەوەو دەمی لە پەنا گوێم نا وگوتی: چەند ڕۆژێکە بە دوو قۆڵی لەم جەناحە دایانکوتاوە، دەخۆن و دەخۆنەوە، ئەنجامیش حیسابی ئوتێلەکە نادەن.

-بەڕاست؟

- گرتنی ئوتێلەکە لە سەر حیسابی فرانسز فورد لوبالایە، ئەو جان پۆل بە بلیمەت دەزانێ.

- خۆشەویستی و بلیمەت، جەڵەبی ترین وشەی ناو زمانن، هێندە بەکار هاتوون، سواون.

سارە هەڵیدایێ: خەریکە لە خەت دەردەچی، قسەی قۆڕ دەکەی، خەریکە حەیای خۆت دەبەی.

هەنگێ جون لوک مودار، لە گۆشەکەی خۆیەوە وەدەرهات و بەرەو لای من هات، داوای لێکردم پێکێکی بۆ تێبکەم، لە یەک بین هەڵیدا، ئەوسا پێکێکی دیکەم بۆ تێکرد. گوتی: شتە تورەهاتەکانتم خوێندووتەوە! باشترین شتت ستایلە سادەکەتە، تۆ خەلەلێک لە مێشکتدا هەیە؟ وانییە؟

-ڕەنگە، ساڵی ١٩٥٧، خوێنێکی زۆرم لێڕۆیی، تووشی خوێن بەربوون بووم، تەقریبەن زۆربەی ئەو خوێنەی لە جەستەمدا بوو، لە بەرم ڕۆیی، دوو دانە ڕۆژ، لە ژێرزەمینی خانەی چاودێریدا کەوتم، تا ئەنجام دکتۆرێکی بە ویژدان هات و فریام کەوت و ڕزگاری کردم، وابزانم دوای ئەوە زۆر شتی دیکەم لەبەر ڕۆیی، بە زۆری لە عەقڵم ڕۆیی نەک لە جەستەم.

سارە گوتی: ئەمە یەکێکە لە چیرۆکە دڵخوازەکانی، ڕاستە من خۆشم دەوێ، بەڵام نازانم چەند جار ناچاری کردووم گوێ لەم چیرۆکە بگرم.

-منیش خۆشم دەوێی سارە گیان، بەڵام دووبارەکردنەوەی حیکایەت و چیرۆکی کۆن، وادەکات واقیعی تر و نزیکتر بنوێنێ.

- باشە گیانەکەم، داوای بوردن دەکەم.

جون لوک گوتی: گوێ بگرە، دەمەوێ پاچڤەی ئینگلیزی فیلمە تازەکەم بۆ دابڕێژیتەوە، فیلمەکە دیمەنێکی تیایە لە چیرۆکێکی تۆوە وەری دەگرم، کە یەکێک لە پشت مێزی کارەکەیەوە دادەنیشێت و ژنێک لە ژێر مێزەکەیەوە کێری بۆ دەمژێ و کابرا لە سەر کارەکەی بەردەوام دەبێت و بەرسڤی پەیوەندییەکان دەداتەوە... هتد، باشە؟

-باشە.

سەرلەنوێ دەستمان بە خواردنەوە کرد، جون لوک هەر قسەی دەکرد، دەکرد، دەکرد، و دەکرد، بەدەم قسانەوە هەر سەیری منی دەکرد. لە هەوەڵەوە پێم خۆشبوو کە بایەخم پێدەدات، پاشان سارد بوومەوە. جون لوک، بێهودە لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو، گەنجێکی ئەسمەر بوو و ڕۆڵی بلیمەتی دەبینی، ڕەنگە بەڕاستی بلیمەت بووبێ، نامەوێ گاڵتەی پێبکەم. بەڵام خەڵکانێکی بلیمەتی زۆرم ناسین کە لە دەورانی قوتابخانەدا، بە سەرما سەپێنران: شەکسپیر، تولستوی، ئیپسن، جۆرج برنارد شو، چیخۆف، و هەموو ئەوانەی ئینسانیان بێزار دەکردا لەوانە: مارک توین، هاوتون، خوشکانی برونتی، دریزر، سینکلیر لوپس.. هەر هەموویان وەکو میچێکی کۆنکرێتی بەسەرتا دادەڕمێن و، هەوڵدەدەی لێیان هەڵێی و لێیان دوور بکەویتەوە، ئەوانە لەو باوکە کەودەن و ڕەزا قورسانەن، کە ڕژدن لە سەر پابەندی بە یاسا و ڕێساوە، بەو شێوازانەوە کە مردوو لە قەبرا دەترسێنن.

جۆن لوک، لەسەر قسە دوور و درێژەکانی بەردەوام بوو، هەر ئەوەندەم لەبیر ماوە، کەچی سارەی میرەبان ناوبەناو ئاگاداری دەکردمەوە: هانک، زۆر مەخۆوە. تۆزێ هێواش بە، نامەوێ سبەی بمریت.

بەڵام جون لوک، بەردەوام بوو لە سەر قسان.

نەمدەزانی باسی چی دەکات، تەنیا دوو لێوم دەبینی کە دەجوڵانەوە، لێم پەست نەبوو، تەنیا شتێک بوو لێرە و تەواو، شتێک کە ڕدێنی پێویستی بە تاشین بوو. لەو ئوتێلە سەیرە بووین لە ( فریلی هیلز ) کە پیاو بە سەر تاوساندا دەڕۆیی، کە دنیایەکی ئەفسانەوی بوو! چووە دڵمەوە، چونکە پێشتر شتی وام نەبینی بوو، هەستم دامرکابووەوە، کوژابووەوەو دڵخۆش و دڵنیابووم.

سەرلەنوێ پەرداخەکانم تەژی کردەوە، جون لوک هێشتا هەر قسەی دەکرد.

تووشی جۆرە خەمینی و دابڕانێک لە دنیا بووم، زۆرجار کە لە گەڵ خەڵکیدا دادەنیشم چ خەڵکی باش بن چ خەڵکی خراپ، هەستم لە کارکردن دەوەستێ، هەستەکانم ماندوو دەبن و ڕادەست دەبم. لە بە ئەدەبی خۆما سەریان بۆ دەلەقێنم، وا دەنوێنم کە لێیان حاڵی دەبم تا کەس بریندار نەکەم. ئەمە تاقە خاڵی لاوازی منە، کە زۆر کێشەی بۆ ناومەتەوە، هەوڵدەدەم دڵی هەموو کەسێک ڕازی بکەم کە ئەمە کردوویەتیە کارێک ڕۆحم ئەنجن ئەنجن ببێت، ببێ بە جۆرە ماکەرۆنیەکی روحی. تەنانەت ئەو کاتانەش کە مێشکم لە کارکردن دەوەستێ، گوێیان لێدەگرم و وەڵامیان دەدەمەوە، زۆرجار هێندە کەودەن دەبن، هەست بەوە ناکەن کە من لە جێیەکی دیکەم.

پێک بەتاڵ دەکرێ و پێک تەژی دەکرێ و، جون لە قسە ناکەوێ. من دڵنیام شتی گرینگ دەڵێت، بەڵام من جگە لە جووڵەی برۆکانی ناتوانم فۆکس لە سەر هیچی دیکە بکەم.

ڕۆژی دوایی، لەلای سارەوە نوستبووم، لە سەعات یازدەی بەیانیدا زەنگ لێدرا، بینشو بوو: گوێ بگرە، با شتێکت پێ بڵێم.

-فەرموو.

- مودار، هەرگیز قسە ناکات، تا ئێستا هیچ کەسێک، تاقە بەشەرێک نەیتوانیوە، وەکو دوێنێی تۆ بیهێنێتە قسان. چەندین سەعاتان قسەی کرد، هەمووان ئەفسوونی قسەکانی بوون.

- باشە، باشە.

- تۆ نازانی! ئەو کابرایە هەرگیز قسە ناکات، کەچی چەندین سەعات لە گەڵ تۆدا قسەی کرد!

- گوێ بگرە جون، ببورە من نەخۆشم، واز بێنە با بخەومەوە.

- باشە، با شتێکی دیکەت پێ بڵێم.

- پەلە بکە.

- جان پول سانرا.

- چیەتی؟

- گوتی من دەبێ عەزاب بکێشم، وەکو پێویست عەزابم نەکێشاوە، کە زۆر عەزاب بکێشم، تەمویلەکەم بۆ دابین دەکات.

- زۆرچاکە.

- ئەمە پیاوێکی سەیرە، زۆر سەیرە، بلیمەتێکی ڕاستەقینەیە!

- بەڵێ، وایە.

تەلەفۆنەکەم داخست.

سارە هێشتا نوستبوو، بەلای ڕاستا و ڕوو لە پەنجەرەکە ڕاکشام، چونکە هەندێجار بەدەم خەوەوە دەپرخێنم، بۆیە دەمەوێ دەنگی پرخاندنەکەم لە سارە دوور بخەمەوە.

کەوتمە ناو تاریکیەکی ئارامەوە، کەوتمە ناو ئەو تاقە ئاسوودەییەوە کە بەر لە مردن لە چارەمان نووسراوە، کە پشیلە ئازیزەکەی سارە هات، بە سەر سەرینەکەدا بەرەو لای من هات، بەسەر دەم و چاوما سەرکەوت، نینۆکەکانی لە هەر دوو گوێم چەقاند، ئەوسا بازی دایە سەر ئەرزەکە، پاشان چووە سەر قەراخی پەنجەرە کراوەکە، کەوتە تەمەشاکردنی ڕۆژهەڵات.

کە هەتاوی سوور بەرەو ناوەندی ئاسمان بەرز دەبێتەوە، کۆنترۆڵی ئەو بیرە جوانانە لەدەست دەدەم، کە بە مێشکمدا دێن.

شەوێک، لە بەردەم تایپەکە دانیشتبووم، دوو پێکم تێکرد و خواردمنەوە، ئەوسا سێ جگەرەم کێشا، بەدەم جگەرە کێشانەوە، گوێم لە سەمفونیای سێیەمی برامز دەگرت کە لە ڕادیۆ بڵاو دەکرایەوە. هەستم کرد پێویستم بە هاندەرێکە تا دەست بە نووسینی سیناریۆکە بکەم، ژمارەی تەلەفۆنەکەی بینشوم لێدا.

-هەلۆ.

- جون، من " هانک " م.

- هانک، چۆنی، ئەحواڵت؟

- باشم، گوێ بگرە، دە هەزار دۆلارم دەوێ.

- بەڵام خۆ تۆ خۆت گوتت ئەگەر پێشوەختە پارە وەربگری، پرۆسە فیلیڤانیەکە تەگەرەی تێدەکەوێ.

- ڕای خۆم گۆڕیوە، هێشتا دەستم بە کارەکە نەکردووە.

- مەبەستت چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە، بیرۆکەکان لە مێشکی خۆما ئامادە دەکەم، بەڵام تاقە وشەیەکم نەخستۆتە سەر کاغەز.

- ئەو بابەتە چییە، کە لە مێشکی خۆتا خەریکیت؟

- گەنجێکی بەد مەست، شەو و ڕۆژ لە سەر کورسی باڕێک دادەنیشێت.

- باشە پێت وایە جەماوەر بایەخ بە گەنجێکی واهی دەدات؟

- جون گوێ بگرە، ئەگەر بیر لە شتێک بکەمەوە کە جەماوەر پێی ڕازی بێ، مانای وایە لە ژیانما هیچ نانووسم.

- باشە، یانی بێم تا چەکەکەت بۆ بێنم؟

- نا، ئەمشەو بە پۆستەدا بۆمی ڤڕێبکە و، سوپاس.

- سوپاس بۆ تۆش.

چوومەوە سەر تایپەکە، ئیدی وشە خۆبەخۆ دادەباری، نووسیم: " بەدمەستی روح شین وزەرد "

دەرەوە/ناوەوە – باڕەکەی دانی – بە ڕۆژ:

کامێرا لە سەرێ ڕا بۆ خوارێ دەجووڵێ، بە ئەسپایی لە دەروازەی باڕەکە و هەر چوار نکاڵێدا دەسوڕێتەوە، کوڕێکی گەنج لە سەر کورسی باڕەکە ڕۆنیشتووە، وەکو ئەوەی لەم شوێنەدا چەقی بێ، پەرداخەکەی هەڵدەبڕێ..

ئەوا چوومە دنیای نووسینەوە، تەنیا دێڕی یەکەم زەحمەتە، ئیدی وشە لە خۆیەوە هەڵدەقوڵێت. بیر هەمیشە ئامادەیە، تەنیا پێویستی بە یەک شتە کە ئازادی بکات.

ئەو بارە کۆنەم وەبیر هاتەوە، بیرم کەوتەوە کە چۆن لە هەر شوێنێکا دادەنیشێت بۆنە میزت بە سەردا دێت، بەپەلە داوای پێکێک دەکەی تا بە گژ ئەو بۆنەدا بچیتەوە، پێش ئەوەی ناچاربی بچییە زیارەتی میزخانەکە، چوار پێنج پێکت هەڵدابێ.

لەم ساتەدا هەر هەموو ئەوانەم وەبیر هاتنەوە کە هاتوچۆی ئەم بارەیان دەکرد، بەهەمان بەژن و باڵا و سەر و سیمایانەوە، وەیادم هاتنەوە، یان من بۆ ئەوێندەر چوومەوە، تا بریقە و پرشنگی ئەو بیرەیە ببینم، کە دەکرایە کووپە گەورەکەوە، ئەوسا کەفێکی سپی دەکەوتە سەر، وەکو ئەوەی بانگت بکات و بە بەردەوامی کەف بکات. بیرەکە ئاماڵ کەسک بوو، دوای یەکەم فڕ کە چارەکێکی کووپەکەی دەبرد، هەناسەت تەنگ دەبوو. ئەو کورە هێمنەم بیر دێتەوە کە بە ڕۆژەوە لەوێندەر کاری دەکرد. ئیدی دیالۆگە سینەماییەکە بەرە بەرە لە زەینمدا خەریک بوو گەڵاڵە دەبوو، هەر ئەوەندەم ماوە بینووسم، دەستم بە نووسین کرد...

ئەوسا تەلەفۆنەکە لێیدا، پەیوەندییەکە لە شوێنێکی دوورەوە بوو. پاچڤەوان و بەڕێوەبەری کارەکانم بوو لە ئەڵمانیا: کارل فوسنەر بوو، کارل حەزی دەکرد بە شێوازێک قسان بکات، وای وێنا دەکرد ئەمریکییەکان بەو شێوازە قسان دەکەن: سڵاو قەحپە دایک، چ دەکەی؟

-کارل، من باشم، هێشتا هەر لە سەر کێرت دەڕۆیی؟

– هەڵبەتە، میچیماڵەکەم بووە بە بێژنگ، بە تۆماوە وشکەکەم کون کون بووە.

– پیاوێکی جوانی!

– سوپاس گیانەکەم، هەموو شتە جوانەکان لە تووە فێر بووم. هەواڵی خۆشم لەلایە، بۆتی بگێڕمەوە؟ هەی حیز دایک؟

– بەڵێ، هەڵبەتە گیانەکەم.

– باشە، دوای ئەو کتێبەکەتم " دیکسی " لە کۆڵ خۆم کردەوە، سیانم لە کتێبەکانت پاچڤە کرد: دیوانی " ئەسپێی قەدەری کوشندە " ، کۆ چیرۆکی " خەونێن زێراب " و ڕۆمانی " شەوتاندنی وێستگەی ناوەندی " .

– شایانی ئەوەی گونی چەپەمت بە دیاریی بدەمێ کارول.

– چاکە، بە پۆستەدا بینێرە، بەڵام خەبەرێن دیکەم پێیە.

– بیلێ... بیلێ..

– مانگی ڕابردوو پێشانگای کتێبمان هەبوو، چاوم بە ناودارترین شەش وەشانکار لە ئەڵمانیادا کەوت، با بۆتی بگێڕمەوە: ئەمانە شیفتەی جەستەی تۆن.

– جەستەی من؟!

– جەستەی نووسینی تۆ، دەزانی؟ هەڵی بێنە...

– هەڵم هێنا.

– ئەم شەش وەشانکارەم لە هۆڵی ئوتێلەکەدا کۆکردەوە، ئیدی بوتڵە بیرە و شەراب و پەنیر و ئاجیلی دنیام لە بەردەمیاندا ڕیز کرد. ئەوسا پێمگوتن، ئەمە مەزادێکی کراوەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەو وەشانخانەیەی کە زیاتر دەدات و، پێدانی ئیمتیازی هەر سێ کتێبەکەیە.

بەدەم پێک هەڵدانو پەرداخ پێکادانەوە دەستیان بە پێکەنین کرد، کردمن بە بووکەڵەی دەستی خۆمان، تۆ نووسەرێکی باڵکێشی وئەوانیش بەمە دەزانن، چەند نوکتەیەکم بۆ گێڕانەوە تا جەوەکەیان بۆ خۆش بکەم، ئەوسا مزایەدەکە دەستی پێکرد، بە کورتیەکەی کرومف لە هەمووان زیاتری دا، ئیدی یەکسەر گرێبەستەکەم پێ ئیمزا کرد، ئەوسا دەستمان بە خواردنەوە کرد تا هەموومان مەست بووین، بەتایبەتی کرومف، بەوجۆرە ئامانجێکمان تۆمار کرد، بەڵکو زەربەیەکی کوشندەمان وەشاند!

–تۆ زۆر کارکردە و لێزانی کارل، بەشی من لەم گرێبەستە چەندە؟

– گیانەکەم، پێموایە نزیکەی سی و پێنج هەزار دۆلارە، لە زەرفی یەک هەفتەدا بۆتی دەنێرم.

– مام پیاو! مام پیاو! ئەمە هەواڵێکی ساعیقە ئاسایە.

– لە شکاندنی پەرداخان جوانترە هەی قەحپە دایک.

– ڕاستە، کارل ئەم نوکتەیەت بیستووە؟ جیاوازی نێوان کونی قوونی مریشک و کەروێشک چییە؟

– نازانم، فەرقیان چییە؟

– پرسیار لە کێرێکی بچووک بکە.

– تێگەیشتم، سەیرە!

بەوجۆرە گفت و گۆیەکەمان تەواو بوو.

لە زەرفی یەک سەعاتا بووم بە خاوەنی چل و پێنج هەزار دۆلار. سێ دانە ساڵ، لە برسیەتی و بەلەنگازی، خەریک بوو ئاوا دەبوو.

چوومەوە سەر تایپەکە، کووپێکی گەورەم تەژی کرد و هەڵمدا، ئەوسا یەکێکی دیکەم تەژی کرد. سێ چارەکە جگەرەیەکی کۆنم دۆزییەوە، پێمکرد. سەمفونیای پێنجەمی چوستاکوفیچ لە سەر ڕادیۆکە بوو، دەستم نا بە دوگمەی تایپەکەدا:

لوک ( ساقی بارەکە ) بە سەر مێزەکەی خۆیا دانەوییەوە، چاوی بڕییە گەنجەکە…

لوک: گوێ بگرە، تۆ شەو و ڕۆژ لێرە هەڵکورماوی، جگە لە بیرە خواردنەوە هیچی دی ناکەی.

گەنجەکە: بەڵێ.

لوک: باشە، تەمەشاکە، نامەوێ هەستت بریندار بکەم، بەڵام ئەم هەرزەگۆییە ناتگەیەنێتە هیچ شوێنێ.

گەنجەکە: ئەمە دروستە لوک، تۆ خەمی منت نەبێ، تۆ بەردەوام بیرەم بۆ بێنە و خەمت نەبێ.

لوک: هەڵبەتە کوڕۆ، هەڵبەتە گەنجۆ، بەڵام تۆ لە دەرێی ئەم بارەدا هیچ کارێکت نییە؟

گەنجەکە: لوک، پێشتر ئەم نوکتەیەت بیستووە؟ جیاوازی کونی قوونی مریشک و کەروێشک چییە؟

لوک: نامەوێ گوێم لە هیچ نوکتەیەک بێ، کابرا دەمەوێ بزانم، تۆ لە دەرێی ئەم شوێنەدا هیچ کارێکت، بوونێکت نییە؟

گەنجەکە: بەڵێ، حەیفێ، ئەوەندەی لە بیرم بێ، کاتێ لە پۆلی شەشەم بووم مامۆستاکەمان داوای لێکردین دەربارەی ئەزموونێ بنووسین کە وەرچەرخانی لە ژیانماندا دروست کردبێ، هەڵبەتە مەبەستم وەرچەرخان و گواستنەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی نییە.

لوک: باشە.

گەنجەکە: بەهەرحاڵ، دەربارەی بۆقێکم نووسی کە لە باخچەیەکدا دۆزیمەوە، لاقێکی لە تەلبەندی حەوشێک گیرابوو، نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجوولێ، لاقیم لە تەلبەندەکە دەرهێنا، بەڵام هەر نەجوڵا.

لوک ( باوێشک دەدات ) ئێ چیتر؟

گەنجەکە: گرتمە باوەش و لە گەڵی کەوتمە قسان، پێمگوت منیش وەکو ئەو گیرۆدەی تۆڕێکم، ژیانم لە تەلبەندێک  گیر بووە، بۆ ماوەی چەندین سەعات قسەم بۆ کرد و، ئەنجام لە باوەشم دەرفڕتا و بە سەر گیاکەدا کەوتە هەڵبەز هەڵبەز، تا لە نێوان دەوەنەکاندا ون بوو. لە دڵی خۆدا گوتم: ئەمە یەکەم کەسە لە هەموو ژیانما... کە بیری دەکەم.

لوک: چیتر؟

گەنجەکە: مامۆستاکە لە بەردەم هەموو قوتابییەکاندا خوێندیەوە، هەموویان گریان.

لوک: بەڵێ، چیتر؟

گەنجەکە: هەستم کرد، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە نووسەر.

لوک: ( سووکە کرنۆشێکی برد ) کوڕۆ، تۆ شێتی!

بڕیارم دا ئەوەی لە سیناریۆکەم نووسیوە، بەشی یەک شەو دەکات، دانیشتم و لە ڕادیۆکەوە گوێم لە موزیک دەگرت، نایەتە خەیاڵم کە چووبمە ناو جێگاوە، بەڵام بەیانی لە ناو جێگا هەستام.

(( ٨ ))

فین مرباد، پیاوێکە کە مایکل هنتنگتون پێی ناساندم کە متمانەی پێبکەم و زۆری ستایش کرد، مایکل وێنەگری فەرمی من بوو، زۆر خزمەتی کردووم، بە خزمەتە جوانەکانی شۆکی کردووم، کەچی پەیوەندی پێوە ناکەم تا سوپاسی بکەم و منەتباری خۆمی بۆ دەربڕم، خۆیشم نازانم بۆ.

بەڵام فین مرباد، ڕاوێژکارە لە باج، پیاوێکی ئەسمەری وردیلەیە، شەوێکیان بە خۆ و جانتای کارەکەیەوە سەری داین.چەند سەعاتێ بوو دەستم بە خواردنەوە کردبوو، من و سارە دانیشتبووین و لە تەلەفزیۆنە کۆنە ڕەش و سپییەکەمدا تەماشای فیلمێکمان دەکرد.

زۆر بەپەلە و بە ڕێکی لە دەرگای دا، دەرگام لێکردەوەو بە سارەم ناساند، پەرداخێ شەرابم بۆ تێکرد، فڕێکی لێدا و گوتی: سوپاس، دەزانی تۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئەگەر ئەو پارەیەی پێتە خەرجی نەکەی، بەخۆیان لێتی دەسەنن؟

-بەڵێ، دەتەوێ چ بکەم؟

- بەشێکی وەکو پێشەکی بدە بە خانوویەک.

- بەڵێ!

- قیستی ڕەهنی خانووبەرە، داشکانی باج دەیگرێتەوە.

- دەی باشە، چیتر؟

- ئوتومبیلێک بکڕە، ئەویش داشکانی باجی بۆ دەکرێ.

- باشە ئەمە بۆ؟

- لە سەر هەموو پارەکە نییە، تەنیا بەشێک لە پارەکە دەگرێتەوە، من دەمەوێ جۆرە پارێزبەندییەکی باجەوانیت بۆ دابینبکەم، تەمەشای ئێرە بکە.

فین مرباد، جانتاکەی کردەوە، ئەوراقێکی زۆری لێدەرهێنا، هەستا و بە خۆی و کاغەزەکانیەوە بۆ لای من هات و، گوتی: ئەمانە تاپۆی موڵکایەتی ڕاستەقینەن، لە ( ئوریگون ) ئەرزەیەکم کڕی، بێ هیچ باجێک، هێشتاش چەند دۆنمێک بۆ فرۆشتن نمایش کراوە، دەتوانی هەر ئێستا لێی بکڕی، پێشبینی دەکەین کە نرخی ئەم موڵکانە ساڵانە لە سەدا بیست و سێ ٢٣٪ بەرز ببێتەوە، واتا دوای چوار ساڵ دوو هێندەی ئەو پارەیەت دەست دەکەوێ کە داوتە.

-نا... نا... تکا دەکەم بگەڕێوە شوێنەکەی خۆت.

- مەسەلە چییە؟

- نامەوێ شتێ بکڕم کە نەی بینم، نامەوێ شتێ بکڕم کە نەتوانم بیگەمێ، یان دەستی لێنەدەم.

- مەبەستت ئەوەیە کە متمانە بەمن ناکەیت؟

- من ئەمە یەکەمجارە تۆ دەبینم.

- بەڵام ناوبانگم ئیقلیم گیرە!

- من هەمیشە بە مەزەندەی خۆم دەکەم.

فین مرباد، بایدایەوە و بۆ لای تەختەکە زڤڕییەوە، پاڵتۆکەی لەبەر کرد، جانتای ئەوراقەکانی هەڵگرت، بلەز بەرەو دەرگاکە چوو، دەرگای کردەوە، ئەوسا وەدەرکەوت و، لە دوای خۆیەوە دایخست.

سارە گوتی: هەستیت بریندار کرد، کابرا دەیەوێ شێوازی پاراستنی پارەکانت فێربکات، دەیەوێ چاکەت لە گەڵدا بکات.

-دوو قاعیدەمان لە ژیاندا هەیە، یەکەمیان متمانە بە پیاوێ مەکە کە پایپ بکێشێت، دووەمیان: متمانە بە پیاوێک مەکە، قۆندەرەی بریقەدار لە پێ بکات.

- خۆ کابرا پایپی نەدەکێشا.

- بەڵام لە پایپکێش دەچوو.

- کابرات بریندار کرد!

- خەمت نەبێ، دێتەوە.

دەرگا بەپەلە کرایەوە، فین مرباد، بە هەشتاو وەژوورکەوت و ڕێک چوو بۆ شوێنەکەی جاری پێشوو و لە سەر تەختەکە ڕۆنیشت، دووبارە پاڵتۆکەی داکەند، جانتای ئەوراقەکانی لە سەر هەر دوو پێی دانا، تەمەشای منی کرد: مایکل پێی گوتم کە گوایە تۆ گرێو لە سەر ئەسپێن پێشبڕکێیان دەکەیت؟

-ڕاستە.

- کە لە هندەوە بۆ ئێرە هاتم یەکەم کارێ کە دەستم کەوت لە باخچەی " بفرلی هیلز " بوو، پاسەوانی باخچەکە بووم، ئەو گسکانە دەزانی کە بۆماڵینی بلیتە فڕێدراوەکان بەکاردێت؟

- بەڵێ.

- هەستت کردووە چەند پانە؟

- بەڵێ.

- ئەوە بیرۆکەی منە! ئەو گسکانەی پێشووتر بەکار دەهێنران بچووک بوون، بەڵام من گسکێکی تازەم دیزاین کرد، هەڵمگرت و بردم بۆ دایەرە، ئیدی قابیل بوون کە بەکار بهێنرێ. دوای ئەوە پلەیان بەرز کردمەوە، بردمیانە ئیدارەی دایەرە، تا ئێستاش هەر بەرز دەکرێمەوە.

پەرداخێکی تری شەرابم بۆ تێکرد، کەمێکی لێخواردەوە و گوتی: بەدەم نووسینەوە دەخۆیتەوە؟

-زۆر.

- ئەمە یارمەتی ئیلهام و سەرۆی داهێنان دەدات، داشکاندنی باجەوانی لە سەر مەشروبات دەکەم.

- دەتوانی شتی وا بکەی؟

- بێگومان، من ئەو کەسەم کە پێشنیازی داشکاندنی باجەوانیم لە سەر بەنزینی ئوتومبیلان کرد، ئەوە بیرۆکەی منە.

- ئەی کوڕی قەحپە!

سارە هەڵیدایێ: کارێکی زۆر گرینگە.

مرباد لە سەری ڕۆیی: کاروبارەکانت بەجۆرێ ڕێکدەخەم کە هیچ باجێک نەدەیت، هەڵبەتە لە چوارچێوەی یاساشدا.

-كە كارێكی چاكە.

- مایكل هنتنگتون، هیچ باجێک نادات، برۆ لە خۆی بپرسە.

- باوەڕت پێدەكەم، كارێک بكە با باج نەدەین.

- باشە، بەڵام دەبێ هەرچیەكم گوت بە قسەم بكەیت، لە سەرەتاوە دەبێ بێعانەی كڕینی خانوویەک بدەی، پاشان بێعانەی كڕینی ئۆتومبیلێک بدەی، ئۆتومبیلێكی باش هەڵبژێرە، بۆ نموونە ( بی ئێم دەبلیو ).

- باشە.

- تایپەكەت چ جۆرێكە؟ دەستییە؟

- بەڵێ.

- دانەیەكی ئەلكترونی بكڕە، ئەویش داشكانی هەیە.

- نازانم ئاخۆ دەتوانم بە تایپی ئەلكترۆنی بنووسم یان نا.

- دەتوانی لە ماوەی دوو ڕۆژدا بیكڕی.

- مەبەستم ئەوەیە نازانم ئاخۆ دەتوانم بە تایپی ئەلكترۆنی داهێنان بكەم یان نا.

- مەبەستت ئەوەیە لە گۆڕان دەترسیت؟

سارە بەرسڤی دایەوە: بەڵێ وایە، تۆ تەمەشای نووسەرانی سەدەكانی ڕابردوو بكە، ئەوانە بە پەڕە مووچ دەیاننووسی، ئەمیش لەوەیە ئامادەبێ بە پەڕە مووچ بنووسێت، بەڵام شتێكی تازە تاقی نەكاتەوە.

گوتم: من زۆر نیگەرانی ڕۆحە مەلعوونەكەمم لە ئاسماندا.

فین پرسی: یانی جۆرەها بیرە تاقی ناكەیەوە؟

-با.

- دەی، ئەمەش بەو ئاوایە تاقیبكەوە.

فین، پێكەكەی هەڵگرت وهەڵیدا، دووبارە بۆم تەژی كردەوە، ئەوسا گوتی: ئەوەی دەمانەوێ ئەوەیە كۆمپانیایەک بەناوی تۆوە بكەینەوە، تا هەموو ئاسانكارییەكی باجەوانیت بۆ بكرێ.

-پێدەچێ ئەمە كارێكی مەترسیدار بێت.

- پێمگوتی، ئەگەر گەرەكت بێ باج نەدەیت، دەبێ ئەوە بكەی كە من پێتی دەڵێم.

- تەنیا ئەوەم دەوێ كە بنووسم، تەنیا نووسینم دەوێ، نامەوێ شتی قورس لە خۆم باربكەم.

- تەنیا ئەوەندەت لە سەرە، دەستەیەكی كارگێڕی، سكرتێرێک و خەزنەدارێک... هتد بۆ كۆمپانیاكە دابمەزرێنی و تەواو، ئەمە كارێكی ئاسانە.

- پێدەچێ کارێکی ترسناک بێ، قسەی هیچە، ڕەنگە باجەکە بدەم باشتر بێ، شاباشی خۆت بدە و قنج هەڵپەڕە، تەنیا ئەوەم گەرەکە کەس بێزارم نەکات و تەواو. نامەوێ یارۆی باجگر لە نیوە شەوا لە دەرگام بدات. ئامادەم لە باجیش زیاتر بدەم، بۆ ئەوەی کەس کاری بە کاری منەوە نەبێت.

- ئەمە گەوجاتیە! هەموو کەس بۆی نییە باج بدات.

سارە، هەڵیدایە: بۆچی دەرفەتێک بە فین نادەی؟ ئەو بەرژەوەندی تۆی دەوێ، تەنیا دەیەوێ یارمەتیت بدات.

فین لە سەری ڕۆیی: تەمەشاکە، بە پۆستەدا ئەوراقی کۆمپانیاکەت بۆ ڤڕێ دەکەم، چەند جارێک بیخوێنەوە و ئەوسا ئیمزای بکە، هەنگێ بە خۆت دەبینی کە هیچ شتێکی تیا نیە مایەی ترس بێت.

-هەموو ئەم شتانە کێشەم بۆ چێدەکەن، چونکە من مژوولی نووسینی سیناریۆکەم و، دەمەوێ ژیانم ساف بێ.

- سیناریۆ؟ دەربارەی چی؟

- دەربارەی کەسێکی بەدمەست و مەی ئالوودە.

- کەسەکە خۆتی؟

- خەڵکی تریش هەن.

سارە، گوتی: من ئێستا وای لێدەکەم شەراب بخواتەوە، کاتێ کە من ناسیم، خەریک بوو دەمرد، هەر ئەوەتا ڕوحی تیابوو، ویسکی و ڤۆدکا و جنی دەخواردەوە...

فین گەڕایەوە: من چەند ساڵێک وەکو شیرەتکار لەلای داربی ئیفنز کارم کردووە. دەیناسیت؟ بابایەکی سیناریستە.

-ناچمە سینەما.

- ئەو فیلمی " ئەو کەروێشکەی بازی دا بۆ ئاسمان " ، " لولو و کێکی بە چکلێت "، " ترسێک لە باخی گیانداران " و نزیکەی شەش فیلمی دیکەی نووسیوە و، کۆمپانیایەکی هەیە.

وەڵامم نەدایەوە، لە سەری ڕۆیی: تاقە پولێکی بە باج نەداوە، هەر هەموو ئەمەش بە گوێرەی یاسا کراوە.

سارە، گوتی: دەرفەتێک بدە بە فین.

پێکەکەم بەرز کردەوەو گوتم: باشە، با وابێ!

فین گوتی: تۆ مەزنی!

پێکەکەم خواردەوە و هەستام، کەوتمە گەڕان بۆ بوتڵێکی تازە، ئاچەری ( کلیل ) شەرابەکەم هێنا و شەرابم بۆ هەمووان تێکرد.

جڵەوم دایە دەست عەقڵم تا دەبیرەوە بچێ و بمدوێنێ: تۆ لە مامەڵەێن گەورەدا مەعلانی، زۆر لێزانی! چما باجێک دەدەی بدرێ بە بومبا و منداڵانی داماوی پێ لەت و پەت بکرێ؟

سواری (بی ئێم دەبلیو) ببە، لە خانوویەکی قەراخ دەریادا ئاکنجی ببە، حیزبی کۆماری هەڵبژێرە.

بیرۆکەیەکی دیم بە مێشکا هات: ئایا دەبی بەو کەسەی کە هەمیشە دەتبوغزاند؟

ئەوسا وەڵامم درایەوە: نەگبەت! تۆ حاڵی حازر هیچ پارەیەکت لە بەردەستا نییە، چما هەموو ئەمە بە گەمەیەکی خۆش نازانی؟!

ئەوسا، بە خۆشی شتێکەوە، دەستمان بە خواردنەوە کرد.

(( ٩ ))

بەوجۆرە، تەمەنم گەییە شەست و پێنجساڵ، لەم تەمەنەدا عەوداڵی ئەوەم یەکەم خانوو بکڕم، لە بیرمە بابم هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە خانوویەک بکڕێ. ئەوێ کاتێ پێی گوتم: " بە درێژایی تەمەنم قیستی خانووەکە دەدەم، کە من مردم بۆ تۆ دەمێنێتەوە، ئەوسا نۆرەی تۆ دێت کە هەموو تەمەنت لە پێناوی خانوویەکی تردا بەسەر بەریت، کە تۆ دەمریت، کوڕەکەت دوو خانوو بە میرات دەبات، بەوجۆرە ماڵێک دەبێت بە دوو ماڵ، ئەوسا نۆرەی کوڕەکەی تۆ دێت... "

پێدەچێت ئەم پرۆسەیە زۆر بە خاوی و ڕۆتینی بڕواتە پێشێ: خانوویەک لە دوای خانوویەک، مردنێک لە دوای مردنێک، دەنەوە دەنەوە. ئەوسا یەک کەس دێت و قومار بە هەموو ئەو خانوانە دەکات و هەر هەمووی دەدۆڕێنێ، یان هەر هەمووی بە تەڵە شخاتەیەک دەسووتێنێ، ئەوسا بە شەقاماندا غار دەدات و هەر دوو گونی و دۆڵکەیەک ئاو هەڵدەگرێ.

ئێستا لە خانوویەک دەگەڕێم کە لە ڕاستیدا پێویستم پێی نییە، سیناریۆیەکم دەنووسی کە هەرگیز نەمدەویست بینووسم. بەرەبەرە کۆنترۆڵی ژیانی خۆم لەدەست دەدەم. ئەمە دەزانم، بەڵام ناتوانم ڕووبەڕووی ئەوە ببمەوە کە ڕوودەدات.

چووین بۆ یەکەمین کومپانیای عەقاری لە " سانتا مونیکا " ناوی " خانووێن سەدە لە زەرفی بیست چرکەدا " پێدەچێ خانووی تازە بن. لەگەڵ سارەدا لە ئۆتومبێلەکە دابەزین و خۆمان بە کۆمپانیاکەدا کرد، گەنجێک لە پشت مێزەکەیەوە ڕۆنیشتبوو، بۆینباخێکی لە شێوەی پەپوولەدا لە ملی بەستبوو، کراسێکی خەت خەتی جوانی لەبەر بوو، پانتۆڵێکی سووری شەیالەداری لە پێبوو. لە گەوج دەچوو. خەریک بوو هەندێ ئەوراقی لە سەر مێزەکەی تێکەڵ دەکرد، هەڵوەستەیەکی کرد و تەمەشایەکی ئێمەی کرد: فەرموون، خزمەتێکتان هەیە؟

گوتم: دەمانەوێ خانوویەک بکڕین.

گەنجەکە ڕووی بە لادا وەرگێڕا، چاوی بڕییە دوور، خولەکێک بووری، بوو بە دوو خولەک.

سارە گوتی: با بڕۆین.

گەڕاینەوە بۆ لای ئۆتومبێلەکە، سلفم لێدا. سارە پرسی: بۆ وایکرد؟

-نایەوێ مامەڵە لە گەڵ مەدا بکات، سیمای خوێندینەوە و بۆی دەرکەوت ئێمە هەژارین و هیچمان لێهەڵناوەرێ، هەستی کرد وەختەکەی بە فیڕۆ دەدەین.

- بەڵام خۆ ئەمە ڕاست نییە.

- لەگینە، بەڵام هەڵوێستەکە وای لێکردم، هەستبکەم، ئازام لە پەلە قوڕاوا هەڵکشاوە.

کەوتمە ئاژۆتنی ئوتومبێلەکەم، خۆشم نەمدەزانی کیوە دەچم. بەهەرحاڵ ئەو هەڵوێستەم لەبەر گران بوو، ئەزیەتی دام، ڕاستە هێشتا شوێنەواری مەستی دوێنێ بە ڕوخسارمەوە دیاربوو، ڕدێنم پێویستی بە تاشین بوو، عادەتەن جل و بەرگی هەندێک دەڵب لەبەر دەکەم، لەوە دەچێ ساڵانی نەداری و هەژاری شوێنەواری بە ڕواڵەتمەوە بەجێ هێشتبێ و شێوەیەکی تایبەتی پێبەخشی بم، بەڵام ماقووڵ نییە، بە ڕواڵەتا حوکم لە سەر خەڵکی بدەی. باشتر وایە بە ڕەفتار و قساندا حوکم لە سەر هەر کەسێک بدرێ.

پێکەنیم: خودایا! ڕەنگە کەسێک نەدۆزینەوە کە خانوویەکمان پێبفرۆشێت.

-ئەو گەنجە کەر بوو.

- " خانووێن سەدە لە ماوەی بیست چرکەدا " یەکێکە لە گەورە کۆمپانیای عەقارات لە وڵاتا.

- ئەو گەنجە کەرە.

هێشتا هەست بە سووکایەتی دەکەم، وادیارە دەبێ ڕواڵەتێکی پەڕپووتم هەبووبێ، من هەندێجار جگە لە نووسین هیچی دی نازانم.

بە ئوتومبێلەکە گەیینە بەرزاییەک، پرسیم: لە کوێین؟

-لە دۆڵی توبانگاین.

- لە شوێنێکی ترسناک دەچێت.

- ئەگەر لەهی و لافاو و شەوات و هیپیانی تازە نەبن شوێنێکی جوانە.

ئەوسا لافیتەیەکم خوێندەوە لە سەری نووسرابوو" بەهەشتی شادان "، باڕە! ئوتومبێلەکەم ڕاگرت و دابەزین، کۆمەڵێک ماتۆڕ سیکل لە بەر دەرگای باڕەکە ڕاگیرابوون، هەندێجار پێیان دەگوترا ماتۆڕی بەرازان.

چووینە باڕەکە، تەقریبەن پڕ بوو، گەنجان بە پاڵتۆی چەرمەوە، گەنجان بە جل و بەرگی پیسەوە، هەندێکیان جێگەی کۆنە زامان بە ڕوخساریانەوە بوو، هەندێکیان ڕدێنیان بەردابووەوە. زۆربەی چاوەکان شین بوون، شینی کاڵ، خڕ و تەمەڵ، بە هێمنی ڕۆنیشتبوون، لە تۆ وایە چەند هەفتەیەکە لەوێن.

دوو کورسیمان دۆزییەوە، داوای دوو بوتڵە بیرەم لە یارۆی مەیگێڕ کرد، ڕۆیی بیانهێنێ. بیرەکان هات و سەرو قومی گەورەمان خواردەوە.

ئەوسا ڕوخسارێکم بینی بە تەکان خۆی بە باڕەکەدا کرد و تەمەشای ئێمەی دەکرد، دەم و چاوێکی خڕی گۆشتن بوو، سیمای گەوجاتی پێوە دیاربوو. گەنجێکی قژ و ڕدێن سوور بوو، بەڵام برۆکانی سپی بوون. لێوی خوارەوەی بەرەو ئەرزەکە شۆڕ بووبووەوە، وەکو ئەوەی شتێکی قورسی پێوە هەڵواسرابێ و بەرەو ئەرزی ڕابکێشێت. لیوەکە هەڵگەڕابووەوە تا لە ناوەوە بینیمان، تەڕ و بریقەدار بوو. گوتی:چیناسکی! چیناسکی هەی کوڕی قەحپە! ئەمە چیناسکی یە!

بەدەست سووکە ئاماژەیەکم کرد، ئەوسا چاوم لێگواستەوە و، بە سارەم گوت: ئەمە یەکێکە لە خوێنەرەکانم.

–ئووو... ئووو...

ئەوسا، لە سەمتی ڕاستەوە گوێم لە دەنگێک بوو: " چیناسکی " لە سەمتی چەپەوە دەنگێکی دی بەرز بووەوە: " چیناسکی " .

یەکسەر " ویسکی " م لە بەردەم دانرا، پێکەکەم هەڵبڕی و گوتم:" سوپاس برادەرینە " و خواردمەوە.

سارە گوتی: لە سەرخۆ، بەخۆت باری تەندروستیت دەزانی، بەم شێوەیە، ناتوانی بە سەلامەتی لێرە وەدەربکەوی.

مەیگێڕەکە، پەرداخێ ویسکی دیکەی هێنا، گەنجێکی لاواز، ڕوخساری یەکپارچە زیپکەی سووری تۆخ بوو، لە هەموو ئەوانەی کە لێرە بوون پیسکەتر دیار بوو، ڕاوەستا و چاوی بڕییە من و گوتی: چیناسکی تۆ گەورەترین نووسەری لە دنیادا!

–بەدڵی تۆ.

بەدەم ئەو قسەیەوە پەرداخە ویسکیەکەم هەڵبڕی، دام بە سارە تا بیخواتەوە، کەمێک کۆکی، ئەوسا لە سەر مێزەکەی دانا و گوتی: لەبەر ئەوە خواردمەوە تا یارمەتیت بدەم.

دوای ئەوە کۆمەڵێک کەس لە پشتمانەوە خڕبوونەوە: چیناسکی، چیناسکی، هەی کوڕی قەحپە، هەموو کتێبەکانتم خوێندووەتەوە، هەر هەموویان.. ئێستا دەتوانم بۆڕت پێبدەم. چیناسکی، چیناسکی، هێشتا لە گەڵتا هەڵدەستێ؟ چیناسکی، چیناسکی، قەسیدەیەکی خۆمت بۆ بخوێنمەوە؟ "

پارەی مەیگێڕەکەم دا، لە سەر کورسییەکانمان هەستاین و، بەرەو دەرگا پەل بووینەوە. جارێکی دی ئەوانەم بینییەوە کە پاڵتۆ چەرمەکانیان لەبەر بوو، ڕوخسارە زەردەکانیان لە هەر شادی یان جورئەتێک خاڵی بوو، شتێکی هەڤدژ لە کەسایەتی ئەو گەنجانەدا هەبوو، شتێکی دی بە توندی بەرەو ئەوانی ڕادەکێشام. بۆ یەک خولەک، تەنیا بۆ یەک خولەک، خۆزیام دەخواست باوەشیان پێدا بکەم، دەست لە ملیان بکەم و دڵیان خۆش بکەم، وەکو ئەوەی دوستویڤسکییەکی تازە بم. بەڵام دەزانم ئەو ڕەفتارە لە کۆتاییدا، بە تەوس و توانج و بێ ڕێزی دەشکێتەوە. هەم سەبارەت بە من و هەم سەبارەت بە من. دنیای ئەمڕۆ گۆڕا و، زۆر سەیر گۆڕاوە، مجامەلە و عەفەویەت، وەکو جاران کارێکی ئاسان نییە، بووە بە شتێک پێویستە هەمووان ڕاهێنانی لەسەر بکەین.

گەنجەکان بە هورا کێشانەوە بۆ دەرەوە دوومان کەوتن: " چیناسکی، چیناسکی، ئەم شۆڕە ژنە کێیە لە گەڵتا؟ ئەمە لە تۆ خەسارە مام پیاو! چیناسکی... پیاوی چاک بە و وەرە لەگەڵ ئێمەدا بخۆرەوە، وەکو نووسینەکانت بە! چیناسکی... وەکو کێر مەبە.

هەڵبەتە، لەوەدا نەهەقیان نەبوو.

سواری ئوتومبێلەکە بووین و سلفم لێدا، بە ئەسپایی بە بەینیاندا دەڕۆیشتن و، ئەوان دەوری ئوتومبێلەکەیان دەدا، هەندێکیان ماچی هەواییان بۆ هەڵدەدایە، هەندێکیان قامکی ناوەڕاستیان بۆ بەرز دەکردینەوە، ژمارەیەکی کەمیان لە پەنجەرەکانیان دەدا، بەڵام... ڕەت بووین.

گەیشتینە سەر ڕێگا گشتیەکە و بۆی دەرچووین، سارە گوتی: یانی ئەمانە خوێنەرەکانتن؟

-پێموایە هەندێکیان.

- باشە خەڵکانی زیرەک نین نووسینەکانت بخوێننەوە؟

- هیوادارم هەبن.

بەبێدەنگی ملی ڕێگامان گرت، تا سارە لێی پرسیم: بیر لە چی دەکەیتەوە؟

-دینیس بودی.

- دینیس بودی، دەکاتە کێ؟

- ئەمە لە قوتابخانەی ناوەندیدا، تاقە برادەرم بوو، نازانم چی بەسەر هاتووە.

(( ١٠ ))

کە بە ئوتومبیلەکە دەڕۆیشتین، چاوم بە لافیتەیەک کەوت کە لێی نووسرابوو " حەقیقەتی پەلکە ڕەنگینەیەک " بەرەو ڕووی چووم، پارکێکی قیرنەکراوی ئوتومبێلان بوو، پر بوو لە چاڵ و قۆرتان و جێگە تایە و تەگەری ترۆمبیلان، شوێنێکی تەختانیم دۆزییەوەو ئوتومبیلەکەم لێڕاگرت. دابەزین و چووین بۆ نووسینگەکە، دەرگاکەی کرابووەوە و مریشکێکی سپی، قەڵەو و چڵکن، لە بەر دەرگاکە هەڵنیشتبوو. نووکە پێیەکم تێوە ژەند، قەد قەدێکی کەمی کرد و خۆی بەنێو نووسینگەکەدا کرد، لە سووچێکەوە جێگەیەکی بۆ خۆی دۆزییەوە و لێی هەڵنیشت.

خانمێک کە لە ناوەندی چل ساڵیدا دەبوو لە پشت مێزی ئۆفیسەکەوە ڕۆنیشتبوو، قژە کەوەییەکەی بە شان و ملیا هاتبووە خوارەوە، گوڵێکی سووری لێدابوو. بەدەم بیرە خواردنەوەوە، جگەرەی مارکەی ( بول مول ) ی دەکێشا، پێشوازی کردین و گوتی: ببورن! حاڵتان چۆنە؟ خانووتان دەوێ؟ لەم ناوە؟

-دەتوانی بیڵێی.

- تۆ بیڵێ.

بوتڵە بیرەکەی لادایە لاوەو کارتێکی دامێ لێی نووسرابوو: " حەقیقەتی پەلکە ڕەنگینەیەک – هەرچیەکت گەرەکە لە لامان هەیە – لەیلا گانێت دەخزمەتو دایە " لەیلا هەستا و گوتی: دوام بکەون.

کە وەدەرکەوتین، دەرگای نووسینگەکەی قفڵ نەدا، سواری ئوتومبیلە ( کومیت ) مودێل شەست و دووەکەی خۆی بوو، یەکسەر جۆری ئوتومبیلەکەم ناسییەوە. منیش کاتی خۆی ئوتومبیلێکی ( کومیت شەست و دووم هەبوو " ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم ئوتومبیلە کوت و مت لەو ئوتومبیلەی من دەچوو، کە بە پارچە پارچە و وەکو ئاسنەواڵە فرۆشتبووم.

به ڕێگایەکی گوندیانەی بە تەپ و تۆز و پڕ باهۆزا دوای کەوتین، چەند خولەکێک بە سەر ڕێکردنەکەماندا، سەرنجم دا، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە تاریک و نوتەک هیچ ڕوناکیەکی تیا نییە، هەر دوو ڕەخی ڕێگاکە هەڵدێری هەزار بە هەزارە. گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ترۆمبێل ئاژوتن بەم ڕێگایەدا و بە شەو، لە گەڵ کۆمەڵێک مەست و سەرخۆشدا ڕیسکێکی گەورەیە.

ئەنجام، گەیشتینە خانوویەکی دارینی دیوار بۆیە نەکراو، لە ڕاستیا ئەم خانووە کاتی خۆی بۆیە کرابوو، بەڵام با و باران و هەتاو بۆیەکەیان کە وێدەچوو سپی بووبێت، کاڵ کردبووەوە. خانووەکە بەلای پێشەوەو چەپدا مایل بوو- بە دەستە چەپی مەدا وەختایەک لە ترومبێلەکە دابەزین، خانوویەکی گەورە هەبوو، پێدەچوو دڵگیر و فەریح و عەمەلی بێت.

ئەوەی نها لە من ڕوویدەدا، سەدەمەکەی ئەوە بوو کە سلفەیەکم لە بری کرێی سیناریۆکە وەرگرتبوو، لەبەر ئەوە بوو کە بە گوێی شیرەتکاری باجانم کردبوو. خۆمان بە دالانی خانووەکەدا کرد، تەختە دارەکان لە ژێر پێماندا دەنەوین، ئەمرۆکە کێشم دووسەد و بیست و هەشت ڕەتڵە، هەموو ئەمە ئاکامی قەڵەوی بوو نەک پتەوی ماسوولکان، ئەو مشتومڕانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کێشم سەد و چل و چوار ڕەتڵ و باڵام شەش پێیان بوو، ڕۆیی، بەسەرچوو. ڕەحمەتی خوا لە ڕۆژە جوانەکانی برسێتی، ئەو ڕۆژانەی باشترین شتانی خۆم نووسی.

لەیلا، لە دەرگای ماڵەکەی دا و، بانگی کرد: دارلین گیان؟ خۆت گۆڕیوە؟ هیوادارم خۆت گۆڕی بێ، چونکە میوانم دەگەڵ خۆدا هێناوە، دەیانەوێ تەمەشای قەڵایەکەت بکەن! ها ها ها.

لەیلا، دەرگاکەی دەلەک دا، لە دوای ئەوەوە وەژوور کەوتین. خانووەکە لە ناوەوە تاریک بوو، بۆنی قەلەموونێکی لێدەهات کە لە فڕندا بسووتێ، هەستت دەکرد، خەڵقەندەێن باڵدار بە سەرتا دەفڕن و، سێبەرت لێدەکەن. گڵۆپێک لە بن میچەکەوە، بە وایەرێکی کارەباییەوە شۆڕ بووبووەوە، بەڵام پلاستیکی وایەرەکە لە مێژ بوو، پوابوو، تەلەکە بەدەرەوە بوو. هەستم کرد بایەکە لە پشتەوە لە ملم دەدات، پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەمە نۆرە ترسێکە، بەڵام کە زانیم، بێگومان دەبێ ئەم جۆرە خانووانە هەرزان بەها بن، ئیدی ترسەکەم ڕەوییەوە.

دارلین، لە قوڵایی تاریکیەکەوە پەیدا بوو، دەمێکی گەورەی لە سووراو هەڵکشاوی پێوە بوو، قژی بە هەموو لایەکا پەخش بووبووەوە، چاوەکانی میهر و لوتفێکی ئەوتۆیان لێدەتکا، کە پەردەیان لە ڕووی ساڵانێکی ڕابواردن هەڵدەدایەوە. بە پانتۆڵە جینزە شین و کراسە گوڵ گوڵییەکەیەوە قەڵەو دیار بوو، جووتێ گوارەی لە گوێدا بوو کە لە دوو چاوی خڕ دەچوون، وەکو چۆن بیلبیلە لە ناو چاوا دەتروکێ، بەو ئاوایە، بە ئاستەم لە گوێیدا دەلەرینەوە. جگەرەیەکی ماریوانای بەدەستەوە بوو و بەرەو ئێمە هات و، گوتی: لەیلا، هەی سووک و سەلیم؟ ئەوە چ دەکەی لێرە؟!

لەیلا، جگەرەکەی لە دەست دارلین سەند، نەفەسێکی لێدا و بۆی گەڕاندەوە، ئەوسا پرسی: ویلی برات چۆنە، برا مەی ئالوودەکەت؟

-حەیفێ، ماوەیەکی کەمە، لە زیندانیان توونە کردووە، زۆر دەترسێت لەوێندەر یەکێک تەعەدای لێبکات.

- خەمت نەبێ گیانە، زۆر ناشیرینە، لە بەراز دەچێت.

- پێت وایە؟

- بەڵێ.

- هێڤی دارم وابێ.

دوای چاک و خۆشی و تەعاروف، بێدەنگیەکی دوور و درێژ بەرقەرار بوو، بە بێدەنگی ڕاوەستاین وەکو ئەوەی هەموو توانایەکی هەزرینمان لەدەست دابێ، یان بیرمان چووبێ کە چما بۆ ئێرە هاتووین، خانووەکەم کەمێک چووە دڵەوە، خۆ نەدەکرا بەو بێدەنگیە ڕاوەستم، بۆیە کەوتمە تەمەشاکردنی ئەو وایەرە خوارە کارەباییەی، کە گڵۆپێکی پێوە شۆڕ بووبووەوە.

پیاوێکی درێژی باریک بەکاوەخۆ وەژوورکەوت، بەرەو لای ئێمە هات، لاقی لە دووی خۆی ڕادەکێشا، لاقی یەکەمی داوێشت و پاشان لاقی دووەمی بە ئەسپایی ڕادەکێشا و لە گەڵ یەکەمدا جووتی دەکرد. زیاتر لە پیاوێکی نابینای بێ گۆچان دەچوو، ڕدێنێکی لوول و قژێکی تێکڕژاوی هەبوو. چاوەکانی جوان، سەوزێکی مەند و زومڕوودی بوون. چاوەکانی جوانیەکی تایبەتیان هەبوو. لێوی بە بزە بوو. لێمان نزیک بووەوە، ئەوسا لە جێی خۆی وەستا، پەیتا پەیتا بزەی دەهاتێ.

دارلین گوتی: ئەمە مێردەکەمە، دبل کوراتت.

کابرا سەرێکی بۆ دانەواندین، ئێمەش سەرمان بۆ دانەواند. لەیلا سەری لە پەنا گوێم نا و گوتی: هەردووکیان کاری فیلمسازی دەکەن.

سارە، لەو هەموو وەختە پەست بوو کە بە فیڕۆمان دا، گوتی: با تەمەشایەکی خانووەکە بکەین.

لەیلا وەڵامی دایەوە: بۆچی؟ بەڵێ گیانەکەم، پێ هەڵگرن و دوام بکەون.

دوای لەیلا کەوتین بۆ ژووری دووەم، بەدەم ڕێکردنەوە ئاوڕی پاشەوەم دایەوە، دیتم دبل کوراتت، جگەرەیەکی ماریواناای لە دارلین وەرگرت و کەوتنە جگەرەکێشان. خودایا، چاوەکانی دبل زۆر ئەفسووناوی بوون، ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ڕۆحی بوون، بەڵام بزە خاوەکەی هەموو سیمای دەشێواند.

پێدەچوو لە ژووری نان خواردن یان ژووری دانیشتن بین، ژوورەکە هیچ کەل و پەلێکی تیانەبوو، فەرشێکی ئاوی بە قەد یەکێک لە دیوارەکانەوە بوو، بە خەتێکی سووری پان لە سەر فەرشەکە نووسرابوو: " جاڵجاڵۆکەکە بە تەنیا دەخوێنێ " .

لەیلا گوتی: تەمەشای حەوشی خانووەکە بکەن، بەڕاستی جوانە.

لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمان، حەوشەکە وەکو ڕێگاکە بوو، بەڵام قۆرت و چاڵ و چۆڵ و، کۆمەڵە بەرد و پۆخڵەواتی زۆرتر بوو. لە دەرەوە، لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا، تاقە یەک ئاودەستی تەریک هەبوو، دەرگاکەشی لە گرێژنە دەرچووبوو. گوتم: حەوشێکی جوانە، لەو حەوشانە سەیرترە کە ئێمە دیتوومانە.

دەڵاڵەکە گوتی: ئاخر ئەوانە هونەرمەندن!

کە بۆ ناو خانووەکە گەڕاینەوە، دەستم لەو پەردەیە دا کە پەنجەرەکەی داپۆشی بوو، پارچەیەک لە قوماشی پەردەکە دڕا. لەیلا گوتی: ئەم خەڵکانە زۆر مەندن، وەکو دەزانی خۆیان بە شتی تورەهاتەوە خەریک ناکەن.

بۆ نهۆمی سەرەوە سەرکەوتین، قالدرمەکە، بە پێچەوانەی باقی خانووەکەوە، زۆر قایم بوو، زۆر ئاسوودە بووین کە بە سەر شتێکی بتەودا هەنگاومان دەنا.

لە ژووری نووستن دا، جێگەیەکی تەنیا لە سووچێکا هەبوو، لە سەرێکیەوە ئاوسابوو، لە تۆ وایە لە ئان و ساتا دەتەقێ. زەمینەی حەمامەکە کاشی کرابوو، بەڵام لە مێژ بوو خاوێن نەکرابۆوە، ئیدی ڕەنگی کاشیەکە لە ژێر گەرد و تۆز و شوێن پێدا، دیار نەمابوو. بەڵام تەوالێتەکە بە توێژاڵێکی قاوەیی داپۆشرابوو، هێز نەبوو پاکی بکاتەوە، پیسی چین چین لەسەر یەک کەڵەکە بووبوو. لە دزێوترین ئاودەستخانەی دزێوترین مەیخانەدا، شتی وام نەبینی بوو. هەوڵمدەدا دیمەنی ئەو ئاودەستە قێزەونانە لە مێشکی خۆ بسڕمەوە، هەروەها دیمەنی ئەمەش. کەمێک وەدەرکەوتم، تا هاوسەنگی دەروونی خۆ وەدەست بێنمەوە، هەوایەکم هەڵمژی، ئەمرم بە عەقڵی خۆم کرد کە هیچ یەکێک لەو تەوالێتانە وەبیر نەیەنێتەوە، ئەوسا بە عوزرخواییەوە وەژوور کەوتمەوە.

لەیلا لێم تێگەیی، گوتی: گوێ مەدەیە هاوڕێ.

تەمەشای بانێوی حەمامەکەم نەکرد، بەڵام دیوارەکەی هەندێ خەت و خەتۆکێی پێوەبوو، بە جۆرەها ڕەنگ، بە دەستەواژەێن وەکو: " ئەگەر تیم لیری خوا نەبێ، مانای وایە خوا مردووە. " ( تیم لیری ١٩٢٠ – ١٩٩٦ نووسەر و زانایەکی دەروونی ئەمریکیە. )

" بابم، کە سەربازی لیوای ئەبراهام لینکولن بوو بەدەم شەڕەوە مرد، شەیتان قوزی هەیە. "

" چارلز لیندبرگ کەسێکی بودەڵەیە " ( چارلز لیندبرگ ١٩٠٢ – ١٩٧٤، نووسەر و چالاکڤانێکی جڤاکی ئەمریکیە.)

چەند دەستەواژەیەکی دیکەش لە سەر بانێوی حەمامەکە نووسرابوو، بەڵام شێوێنرابوون و بە ئاسانی نەدەخوێنرانەوە.

لەیلا گوتی: بۆ خۆتان بە ماڵەکەدا بگەڕێن، تا بە ئیسراحەتی خۆتان بڕیار بدەن. بەخۆتان دەزانن کڕینی خانووی تازە سەریەشەیە و، نامەوێ پەلە بکەن.

هەرکە گوێمان لە دەنگی پێی لەیلا بوو کە دوور دەکەوتەوە، چووین بۆ بانێژەکە، لەوێ چاومان بە جەزوەیەکی ( قاوەجۆش ) کۆنی ژەنگن کەوت، سارە لە ناکاوا هاواری کرد: خودایا! خودایا!

-چیتە؟

– من پێشتر وێنەی ئەم خانووەم بینیوە، ئێستا بیرم کەوتەوە، هەمان خانووە!

– چی؟ مەسەلە چییە؟

– یەکێکە لەو ماڵانەی کە چارلز مانسون، یەکێک لە تاوانەکانی تیا ئەنجامداوە. ( چارلز مانسون " ١٩٢٤ – " پێشەوای تیرەیەکی ئاینی ئەمریکیە، کە بەهۆی تاوانی کوشتنەوە، حوکمی هەتاهەتایی درا و، چەندین ویلایەتیان لە دوو کرد تا گرتیان ).

- باشە تۆ دڵنیایت؟

- بەڵێ، بەڵێ.

- لەزێکە با لێرە بڕۆین.

بۆ قاتی خوارەوە دابەزین، سەیرمان کرد چاوەڕوانمان دەکەن؛ لەیلا، دارلین، دبل کوارتت. لەیلا پرسی: ها؟ چ دەڵێن؟

پێمگوت: کارتەکەت و ژمارەی تەلەفۆنەکەتم لایە، پەیوەندیمان دەبێت.

دارلین گوتی: ئەگەر هونەرمەندن، دەتوانین خاترتان بگرین و کەمێک نرخەکەتان بۆ کەمتر بکەین، ئێمە هونەرمەندانمان خۆشدەوێ، ئەنگۆ هونەرمەندن؟

وەڵامم دایەوە: نەخێر، من فرەم بە هونەرەوە نییە و هونەرمەند نیم.

لەیلا گوتی: دەتوانم خانووی ترتان نیشانبدەم.

سارە گوتی: نا، نا، ئەمڕۆ خانووی زۆرمان بینی، دەبێ ئیسراحەت بکەین.

دەبوایە پاڵیان پێوە بنەین تا بتوانین دەرچین، دبل کوارتت، بە درێژایی ئەو ماوەیە هەر بزەی دەهاتێ و دەهاتێ، بزەی لە لێوان ئاوا نەدەبوو.

(( ١١ ))

بۆ ماڵەکەی خۆم گەڕامەوە، دوو زەرفم لە سەندووقی پۆستەکەمدا دەرهێنا، تا سارە چوو بوتڵێ شەراب بێنێ، یەکێکیانم هەڵپچری. دەستنووسێکی، سەرچاوە نادیار بوو، لە سەر زەرفەکە سەرنجێ نووسرابوو:

"چیناسکی! حەیف بۆ تۆ! ڕۆژێ لە ڕۆژان نووسەرێکی چاک بوویت، بەڵام نها زۆر خراپی! خۆت فرۆشت! داپیرەم لە تۆ باشتر دەنووسێت!پێویستە، تا ماوەیەکی زۆر سەرت لە گەڵۆزت بنەیت! نووسینەکانی خۆم نارد بۆ لای هەمان ئەو وەشانکارەی کە تۆ شتەکانتی لە لا بڵاو دەکەیتەوە. بە نامەیەک وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت: " زۆر سوپاس، بەڵام دستنووسێکی یەجگار زۆرمان بەسەرا کەوتووە و فریا ناکەوین. " ئەو کێرە! پاشەڵی پڕ دەکەم، ئینتەلای پێدەکەم! لە جیاتی قاوەڵتی گوی دەرخوارد دەدەم!

شاعیرانی گەورە فەرامۆش دەکرێن، ئەمانە لە شاعیرانی گەورە دەترسن! ڕۆژانێک شاعیرێکی گەورە بوویت، بەڵام ئێستا تەنیا سارغییەکی بە سەر زامێکی چڵک کردووەوە! تۆ ئێستا کێری خۆت لە ژێر ئاسمانێکا قووت دەدەی کە چڵک و کێم دەرباریێ! هەر دوو گونت بە کابرایەکی قەساب فرۆشتووە! منداڵی خۆشەویستەکەی خۆت کوشتووە! تۆ مەیموونێکی بۆگەنی! هەمیشە وابوویت و هەروا دەمێنیتەوە.

هەندێک لە دوا نووسینەکانی خۆمت بۆ ڤڕێ دەکەم... "

لە ژێر سەرنجەکەوە، ناوی خۆی بە هەندێ پیتی خوار و خێچ بۆ خوارەوە و پاشان بۆ ڕاست، نووسی بوو، هێڵێکی خوار و خێچی لە دوا حەرفی ناوەکەیەوە ڕاکێشابوو، لە ژێر ناوەکەوە، وێنەی دەم و چاوێکی

کێشابوو. زەرفەکە پڕ بوو لە قەسیدەێن بەدەست نووسراو، بە پەلە بە مەرەکەبی شین لە سەر کاغەزێکی زەرد و بە قەڵەمێکی نووک باریک نووسرابوون.

سارە، بوتڵە شەراب و ئاچەرەکەی هێنا، قەپاغی بوتڵەکەی کردەوە، دوو پەرداخی تەژی کرد، ئەوسا گوتی: چارلز مانسون! هەرزانی خانووەکە بێ عیللەت نییە.

-خۆشحاڵم کە ئەو وێنانەت وەبیرهاتەوە.

سارە، ڕۆژنامەی " هیرالد ئیکزامینر "ی گرتە دەستەوە و، منیش دەستم بە خوێندنەوەی یەکەم شیعری دەستنووس کرد:

( شاعیر )

شاعیر سەر دەبڕن

شاعیر دەسووتێنن

شاعیر فەرامۆش دەکەن

شاعیر دەبوغزێنن

**

بەڵام مانگ شاعیر دەناسێت

سۆزانیان، هەست بە ئازارە

بە سوێیەکەی دەکەن

بۆیە گانی خۆڕاییان دەدەنێ

بە خشوع و پاڕانەوەوە

گونی دەلێسنەوە

**

شاعیر نامرێ

و کە دەشمرێ

لە سەر مانگ دادەنیشێ

پەنجەی ناوەڕاستی لە

ڕووی گەردوون ڕادەوەشێنێ!

( شاعیر لە کاتی گەمەدا )

دوو تووەفەڕەنگیەکەی – گۆی مەمانی ماچ دەکەم

مووەکانی سەر سمتی دەلێسمەوە

بە تامی فانیلا ، میزەکەی دەخۆمەوە

لە سپێدەدا قامکی پێیەکانم دەلێسێتەوە

لە پاشەڵەوە دەپڕژمم

پێدەکەنێ، ئەوسا دەنووین.

حەزم لێنەبوو لە سەر خوێندنەوەی دەستنووسەکە بەردەوام بم، زانیم هەموو قەسیدەکانی دیکەش دەربارەی شاعیرن. سارە، بەبێئەوەی سەر لە ڕۆژنامەکە هەڵبڕێ گوتی: قەسیدانیان بۆ ناردووی تا بیانخوێنیتەوە؟

-بەڵێ، مانگی سێ چوار چەلان شتی واهی ڕوودەدات.

- خۆ تۆ خودان وەشانخانە نیت، ئیدی بۆ ئەمە دەکەن؟

- پەیوەندی ڕق و خۆشەویستی کۆمان دەکاتەوە، ئەوە هەستیانە بەرانبەر بە من.

- ئەدی قەسیدەکانت بەلاوە چۆن بوو؟

- ئەو باشە نییە کە خۆی وێنای دەکات، زۆربەی شاعیران دەکەونە هەمان وەهمەوە.

- ژنانیش، قەسیدەت بۆ دەنێرن؟

- بەڵێ، هەندێکیان وێنەی ڕووت و ئارەزوو بزوێنیشی لەگەڵدا دەنێرن، وادەزانن من دەتوانم یارمەتیان بدەم و بڵاوی بکەمەوە، یان داوا دەکەن لە ڕۆژنامەدا لە سەریان بنووسم.

- کە قەحپەن!

- دروستە.

پەرداخەکانمان لە یەک دا و خواردمانەوە، ئەوسا دوو پێکی تازەم تێکرد، زەرفی دووەمم هەڵپچڕی، لە لایەن فین مربادەوە و بە ناونیشانی " بەندەکانی دامەزراندنی کۆمپانیا " دەستم بە خوێندنەوەی کرد، سەیرم کرد بە فرمۆڵە و زاراوەێن یاسایی نووسراوە، هەوڵمدا، لێکیان بکەمەوە و بیانگۆڕم بۆ زمانێکی ڕوون و ڕەوان، یەکێک لەو بەندانەی لە هەوەڵەوە ڕقم لێی بووەوە دەڵێت:

" ئەگەر بە گوێرەی ڕاپۆرتی دکتۆری دەروونناسی، ئەو دکتۆرەی لەلایەن دادگاوە دەستنیشان دەکرێ، سەلمێندرا کە سەرۆکی کۆمپانیاکە بابایەکی شێتە، باقی ئەندامانی کۆمپانیاکە مافی ئەوەیان هەیە بە کۆی دەنگ بڕیار بدەن، کە موڵک و ماڵی کۆمپانیای ناڤبری بە یەکسانی لە بەینی خۆیاندا دابەش بکەن. "

دەستم دایە قەڵەم، چەند خەتێکی پانم بە سەر ئەو بەندەدا کێشا. شەرابی تازەم تێکرد و، لە سەر خوێندنەوە بەردەوام بووم: " ئەگەر سەلمێنرا، سەرۆکی کۆمپانیای ناڤبری، توانای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی نییە، بەهۆی مادەی هۆشبەر یان مەی ئالوودەیی یان مومارەسەی ڕادەبەدەری سێکسی، بە شێوەیەک کە زیان بە

بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە یان کۆمپانیایەکە بگەیەنێ، ئەوا بە دەنگدانی زۆربەی ئەندامانی کۆمپانیاکە، هەموو دەسەڵاتەکان لە سەرۆکی کۆمپانیا وەردەگیرێتەوەو موڵک وماڵی کۆمپانیاکە برابەش بە سەر ئەندامانی کۆمپانیاکەدا دابەش دەکرێ. "

دەستم دایە قەڵەمەکەم، بازنەیەکم لە دەوری ئەم بەندە کێشا. ئەوسا لە سەر خوێندنەوە بەردەوام بووم: " ئەگەر بسەلمێنرێ کە سەرۆکی کۆمپانیا، دووچاری خەڵەفانی پیری بووبێ... "

وازم لەو بەندە هێنا.

" ئەگەر سەرۆکی کۆمپانیا ئالوودەی قومار بووبێ... "

خەتێکم بە سەریدا هێنا.

" سەرۆکی کۆمپانیا، وەکو هەر ئەندامێکی دیکەی کۆمپانیاکە تەنیا یەک دەنگی هەیە و، هەموو دەنگەکان یەکسانن... "

کوژاندمەوە.

هەر خوێندمەوە و خوێندمەوە، ئەوەی دەمخوێندەوە ترسناک، هۆڤیانە، جۆرە تیرۆرێک بوو. ئیدی بەند لە دووی بەندم دەکوژاندەوە، نزیکەی هەڤدە هەژدە لاپەڕە بوو، کە لە خوێندنەوە بوومەوە، لاپەڕەکان یەکپارچە هێڵ و دێڕی کوژاوە بوو.

سارە، بوتڵێکی تازەی هێنا، کاغەزەکانمان خستە لایەکەوەو گوتم: خودایا! ئەم مەرجانە شێتیان کردووم! بەڕاستی بێ مانا و غەدارانەیە! باوەڕ ناکرێ! ناچێتە عەقڵەوە!

-کەواتە، ئەم وڕینانە ئیمزا مەکە.

- هەرگیز.

کاغەزێکم لە تەنیشت خۆمەوە دۆزییەوە و لە سەریم نووسی:

" فین: ئەمە بە من ناکرێ، ئەمە کابووسێکە لە دۆزەخدا. " ئەوسا هەموو کاغەزەکانم خستە زەرفێکەوە و، لە لایەکەوە دامنا تا لە کاتێکی دیدا ڕەوانەی بکەم.

سارە، گوتی: کە ڕۆژێکی جەنجاڵ بوو!

-بۆم دەرکەوت کە چارلز مانسون تاقە بکوژ نییە.

- ڕاستە ئەو ڕاستەوخۆ خەڵکی دەتەقێنێتەوە، بەڵام خەڵکانی دی لە دوورەوە دەکوژن و بە دەگمەن دەستگیر دەکرێن.

- با تۆزێ بخۆینەوە و، بەڵکو ژیانی ئاسایی خۆمان وەدەست بێنینەوە.

- با هەتا ڕۆژ هەڵدێ هەر بخۆینەوە.

- بەڕاست؟

- بەڵێ، ئەدی بۆ نا؟!

- تۆ داهێنەری.

یەکسەر، باری دەروونیم کەوتە سووک بوون.

(( ١٢ ))

ئەو خانووەی کە ئەو ڕۆژگارە تیای دادەنیشتم، چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو. یەکێک لەوانە ژووری نووستنەکە بە بۆیەیەکی شینی تۆخ، شینی تاریک بۆیە کرابوو. ئەم شینە تۆخە تاریکە، کە بەیانیان، دوای شەوبێرییەکی دوور و درێژ، بەدەم ژانە سەرەوە، لە خەو ڕادەبووم، وەکو بەهەشت وابوو. تووشی ژانە سەرێکی بەترەف دەبووم، هەندێجار وای لێدەکردم پەنا بەرمە بەر کوشتن، بە تایبەتی کاتێ حەبم دەخوارد، خەڵکانێک ئەو حەبانەیان دەدامێ، بێئەوەی بپرسم حەبی چییە. هەندێ شەو دەمزانی کە ئەگەر چاوێ گەرم بکەم دەمرم، بۆیە بە درێژایی شەوەکە لە نێوان ژووری نووستنەکە و حەمامەکەدا هاتوچۆم دەکرد، لە ژووری نووستنەکەوە بۆ حەمامەکە و لە حەمامەکەوە بۆ ژووری دانیشتن و لەوێوە بۆ مووبەقەکە دەچووم. پەیتا پەیتا یەخچاڵەکە دەکەمەوەو دایدەخەمەوە، شێرەی بەلوعەکە دەکەمەوە و دایدەخەمەوە، ئەوسا دەگەڕێمەوە بۆ حەمامەکە، تا شێرەکان بکەمەوە و دایان بخەمەوە، ئەوسا ئاوەکە بە سەر تەوالێتەکەدا دەکەمەوە. گوێی خۆم ڕادەکێشم، هەوا هەڵدەمژم و هەناسە دەدەمەوە. تا ڕۆژ هەڵدێ و ئیدی دەزانم لە ئەماندام، ئەوسا دەچمە ژوورە شینە تۆخ و تاریکەکە و لێی دەنووم و، چاک دەبمەوە، دێمەوە تایم.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ماڵەکەم ئەوەیە کە هەندێ خانمانی دەرکراو لە سەعات سێ یان چواری سپێدەدا، ڕوویان تێدەکرد، لە ڕاستیا خانمانی جوان نەبوون، بەڵام ئەقڵ سووک بوون، ئەمە هانی دەدام، لە گەڵیاندا بکەومە ڕیسکان. حەقیقەتە تاڵەکە ئەوە بوو کە زۆربەیان شوێنێکیان شک نەدەبرد کە پەنای بەرنێ، ئیدی مەشروباتە مشەکەی ماڵەکەی منیان پێخۆش بوو و هەوڵیشم نەدەدا بە تۆپزی سەرجێیان لە گەڵدا بکەم.

هەڵبەتە دوای ئەوەی تووشی سارە بووم، ئەم بەشەی ژیانم گۆڕا. هەروەها ڕۆنیشڤانانی بلۆکی ڕۆژئاوای گەڕەکەکەمان ( کارلتون وای ) ش گۆڕان، جاران لە سپی پێستە هەژارەکان بوون، لێ کێشە و ئاریشانی سیاسی لە ئەمریکای ناوەڕاست و دەڤەرێن دیکەی دنیا، جۆرە ڕۆنیشڤانانی تازەی بۆ گەڕەکەکەمان هێنا. پیاوانی بچووک چ بە تەمەن و چ بە جەستە، هەموو ئەسمەر ڕەنگ، هەروەها ژن و منداڵ و خزم و ئاشناکانیان، هەموو شوقە و مەیدانەکانیان پڕ کرد، ئیدی بە کۆمەڵ لە یەک شوقەدا ئاکنجی دەبوون، ئیدی من یەکێک بووم لەو سپیە دەگمەنانەی کە لەم گەڕەکە ڕەنگاوڕەنگە مابوونەوە.

ئیدی منداڵەکانیان، بە ڕاکە ڕاک، بە ڕێگەوبانەکاندا دەهاتن و دەچوون، هەموو تەمەنیان لە نێوان دوو ساڵان و حەوت ساڵاندا بوو، نە پاسکیلیان هەبوو و نە هیچ گەمەیەکی دی. بەڵام ژنەکانیان بە دەگمەن یەکێکیانم دەبینی، چونکە خزابوونە کونجی ماڵەوە. هەندێ لە پیاوەکانیش هەر لە ماڵەوە بوون، تەنانەت خاوەن موڵکەکەش نەیدەزانی چەند کەس لە یەک شوقەدا ئاکنجین. ئەو پیاوە کەمانەی لە دەرەوە دەمانبینین، ئەو کرێچیانە بوون کە گرێبەستی فەرمیان هەبوو، ئەوانە بەلای کەمەوە کرێکەیان دەدا، بەڵام چۆن ژیان و بژێوی خۆیان دابین دەکرد نازانم.

پیاوەکان بە کەلەش وردیلە و بە جەستە لاواز، بێدەنگ، گرژ و مۆن بوون. زۆربەیان بە فانیلەی ژێرەوە لە بەر ماڵەکاندا ڕۆدەنیشتن، بە دەگمەن یەکێکیانم دەبینی جگەرە بکێشێت، لە بەر ماڵەکان و بینایەکاندا، بە بێ جووڵە دادەنیشتن.

هەندێجار، یەکێکیان کۆنە ترومبێلێکی تۆزوباوی دەکری، ئیدی بە گەڕەکەکەدا پێی دەسوڕایەوە، ئەم ئوتومبێلانە، هیچ مەنەفێستێکیان نەبوو، ئاژۆکارەکانیش مۆڵەتی شۆفێریان نەبوو، ئیدی ساڵنامەی ئوتومبیلەکە بەسەر چووبوو، پێویستی بەوە بوو تازە بکرێتەوە. ستۆپی ئەم ئوتومبێلانە سست بوون، زۆر لە بازگەو و دوو ڕێیان و پێچەکاندا ستۆپی نەدەگرت، زۆرجار لە ئاماژە سوورەکاندا نەدەوەستان، وێڕای ئەوەش ژمارەی ڕووداوێن هاتوچۆ کەم بوو، دەتگوت هێزێکی پەنهان دەیانپارێزیت.

دوای ماوەیەک ئەم ئوتومبیلانە لەکار دەکەوتن، لێ دراوسێ تازەکانمان، لە کۆڵیان نەدەکردنەوە، ڕایان دەکێشانە بەر دەروازەی ماڵەکان، ڕێک لە بەردەم دەرگاکەدا پارکیان دەکرد. لە هەوەڵەوە کاریان لە سەر مەکینەکەی دەکرد، بۆنیتەکەیان هەڵدەدایەوە تا لە بەر باراندا ژەنگ هەڵبێنێ. ئەوسا ئوتومبیلەکەیان دەخستە سەر بەرد و تەگەرەکانیان لێدەکردەوە، تەگەرەکانیان دەبردە ژوورەوەی ماڵەکان، دەیانشاردنەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا شەوێ بیاندزن.

ئەو ڕۆژگارەی لەوێندەر ئاکنجی بووم، لە مەیدانەکە دوو ڕیز ئوتومبیل، لە سەر بەردان دانرابوون. پیاوەکان بەبێ جووڵە لە بەردەم ماڵەکاندا ڕۆدەنیشتن، تەنیا فانیلەی ژێرەوەیان لە بەردا بوو. هەندێجار بە ئاماژەی سەر یان یان دەست سڵاوم لێدەکردن، بەڵام سڵاوەکەیان نەدەسەندەوە. دیاربوو، لەو ئینزارانەی دەرکردنەی دەیان گەیشتێ حاڵی نەدەبوون یان نەیان دەخوێندنەوە، بۆیە دەیان دڕاندن. هەڵبەتە من چەند جارێک دیتبوومن کە ڕۆژنامەی لۆس ئانجلسی ڕۆژانەیان دەخوێندەوە. وێڕای ئەوەش، ئاسوودە و ئەرخایەن بوون، پێدەچوو ژیانی ئێرەیان لە چاو ژیانی پێشوویاندا، ئاسانتر بێ.

بەهەرحاڵ، شیرەتکاری باجان پێشنیازی کرد خانوویەک بکڕم، مەسەلەکە وەکو من دەمبینی، بەشێک نەبوو لە پرۆسەی بارکردنی سپی پێستان لە دەڤەرە فرە ڕەگەزەکانەوە، بۆ دەڤەرە زۆرینە سپییەکان. بەڵام کێ دەزانێ؟ هەستم کرد، هەموو بار بارۆکییەکانم لە لۆس ئانجلوس دا، لە ساڵانی ڕابردوودا، بە ئاراستەی باکوور و ڕۆژئاوا بوو.

ئاقیبەت، دوای چەند هەفتەیەک لە گەڕانی بەردەوام، خانوویەکمان دۆزییەوە کە دوای دانی یەکەم قیست، مانگانە بڕی حەوت سەد و هەشتا و نۆ دۆلار بدەین. خانووەکە، لە بەری شەقامەکەوە پەرژینێکی دەوەنانی بە دەورەوە بوو، لە بەردەمەوە باخچەیەکی هەبوو، بەمە کەمێک لە هەرا و زەنا دوور دەکەوتمەوە. هەستم کرد شوێنێکی کڕ و کپ و لەبارە بۆ دوورە پەرێزی. خانووەکە دوو نهۆم بوو، نهۆمی سەرەوە بریتی بوو لە ژووری نووستن و حەمام و سەر شۆرک و تەوالێت و ئەو ژوورەی بۆ نووسینی تەرخان دەکەم. خانووەکە مێزێکی گەورەی نووسینی تیابوو، کۆن و قەبە و ناشیرین بوو، ئەنجام دوای دەیان ساڵ لە نووسین، دەبمە خاوەن مێز. بەڵێ هەست بە ترس دەکەم، ترسی ئەوەی ببم بە کەسێک، وەکو خەڵکانی دی، لەوەش خراتر ئەوە بوو کە گرێبەستی نووسینی سیناریۆیەکم ئیمزا کرد. تۆ بڵێی ئەمە نەفرەتی خوایی بێ؟ قەدەر و بەشی من هەر عەزاب و مەینەتی بێ؟! ئاخۆ ئەجەلم نزیک بووەتەوە؟ هەست بە نزیک بوونەوەی کۆتایی ناکەم، ئایا مرۆڤ هەست بە نزیکبوونەوەی کۆتایی خۆی دەکات، لە کاتی نزیکبوونەوەیدا؟

پاش ئەوەی لە گەڵ سارەدا هەندێک لەو کەل و پەلە کەمەی هەمان بوو، گواستمانەوە بۆ ماڵە تازەکە، ئیدی کاتی جدییەت هات، تایپەکەم لە سەر مێزە گەورەکە دانا، پڕم کرد لە کاغەزی سپی، حەرفەکانم تاقی کردەوە، تایپەکە بە باشی ئیش دەکات. ژوورە تازەکە گەورە بوو، شوێنی زۆری تیابوو بۆ دانانی تەپڵەکی جگەرە و ڕادیۆ و بوتڵ.

باوەڕ بەو کەسە مەکە کە جگە لەمە شتێکی دی دەڵێت: ژیان لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵییەوە دەست پێدەکات.

(( ١٣ ))

لەوە دەچێ لە " مارینا دیل ری " دا وردەکاری ژیان قورستر بێ. بۆ گواستنەوەکە، جون بینشو ئوتومبیلێکی ( بونتیاک ١٩٦٨ ) ی کەسکی سەر بەتاڵ و فرانسوا راسین ئوتومبیلێکی ( فۆرد ١٩٥٨ ) ی ڕەساسی پێبوو، سەرو ماتۆر سیکلی جۆری ( کاوازاکی ) یان هەبوو، یەکێکیان حەوت سەد و پەنجا سانتیم چوار گۆشە و ئەویتریان هەزار سانتیمی چوارگۆشە بوو.

فینر زیرگوگ، فۆردە ١٩٥٨ کەی بە ئەمانەت وەرگرت، بەڵام بیری چوو ئاو بکاتە ڕادێتەرەکەیەوە، ئیدی بەدەنی مەکینەکەی شکا. جون بە تەشەرەوە گوتی: کابرا بلیمەتە، گوێ بەو کاروبارە هیچانە نادات.

ئیدی هەر دوو ماتۆر سکیلەکە، هەڵبژاردەی یەکەمیان بوون بۆ گواستنەوەکە، بەڵام فۆردە ١٩٦٨ کە بۆ سەفەرێن کورت بە کار دەهێنرا. وەختایەک فرانسوا سەفەری فەرەنسای کرد، جون، فوردە ١٩٥٨ کەی فرۆشت.

پاشان، دوای ماوەیەک کە کاتی گواستنەوەکە هات، جۆن پەیوەندی کرد کە: دەبێ ماڵەکەم چۆڵ بکەم و باری بکەم، چونکە دەیانەوێ خانووەکە برمێنن و، ئوتێلێ یان شتێکی دی لە شوێنی دروستبکەن. نازانم کێوە بچم، حەزم دەکرد لەم شارە وەمێنم، تا سپۆنسەرێک بۆ ئەو سیناریۆیە وەدۆزم کە دەینووسیت، ئەرێ هەواڵی سیناریۆیەکە چییە؟

-ئیشی لەسەر دەکەم.

- خەریکە لە گەڵسپۆنسەرێکدا ڕێکدەکەوم، ئەگەر ئەم مامەڵەیە سەری نەگرت، لەگەڵ سپۆنسەرێکی دیدا لە کەندا ڕێکدەکەوم. شۆفڵ و حەفارە بەڕێوەن بۆ ماڵەکەم.

-گوێ بگرە جون، دەتوانی بێی بۆ ماڵی من، لە نهۆمی خوارەوە ژوورێکی زیادەی نووستنمان هەیە.

- بەڕاستتە؟

- هەڵبەتە.

- زۆربەی کات لە دەرەوە بەسەر دەبەم، هەست بە بوونم ناکەی، نابمە بار بەسەرتەوە.

- هێشتا ئوتومبیلە ( بونتیاک ١٩٦٨ ) کەت پێیە؟

- بەڵێ.

- کەواتە باروبنەت تێکنە و یەکسەر وەرە.

دابەزیمە خوارەوە و بە سارەم گوت: جون دێت و ماوەیەک لەلای ئێمە دەمێنێتەوە.

-چۆن؟

- جون بینشو، شۆفل خانووەکەی دەڕوخێنێ، ماوەیەک لە لای ئێمە دەمێنێتەوە.

- هانک، بەخۆت دەزانی ناتوانی لە گەڵ خەڵکیدا بژی و هەڵبکەی، شێت دەبی.

- ماوەیەکی کاتیە.

- تۆ لە سەرەوە خەریکی نووسین دەبیت، ئەو لە نهۆمی خوارەوە دەبێ، کاروبار واهی بەڕێوە ناچێت.

- دەیڕوێنم، ئەوەشت لە بیر نەچێ کە جۆن پارەی دوامەتێ تا سیناریۆیەکە بنووسم.

- سەرکەوتوو بی.

سوڕایەوە و بۆ مووبەقەکە ڕۆیی.

دوو شەوی یەکەم خراپ نەبوو، بەدەم خواردنەوە و قسانەوە لە گەڵ جون و سارە دادەنیشتم. جون چەند چیرۆک و واریقاتێکی گێڕایەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە کێشەکانی لە گەڵ ئەکتەراندا. جارێ یەکێک لە ئەکتەرەکان لە گەرمەی وێنە گرتندا، مان دەگرێ و قسە ناکات. دەورەکەی لەبەر کردبوو، بەڵام نایەوێ ئەدای بکات، ڕژد دەبێ لە سەر ئەوەی وێنەی دیمەنێک بە دڵی ئەو وێنە بگیرێت. وێنە گرتنەکە لە ناو جەرگەی لێڕێکدا دەبێ، نە پارەیان پێدەبێ و نە وەختی خاوەخاویان دەبێ، لە ئەنجامدا جون بە ئەکتەرەکە دەڵێت: " ملۆزم! با بە کەیفی تۆ بێ. " ئیدی یارۆی ئەکتەر، بە کەیفی دڵی خۆی دەورەکە ئەدا دەکات، دیالۆگەکە لە گیرفانی خۆی دەردێنێ، بەڵام نازانێ کە فیلمیان نەخستۆتە کامێراکەوە و، بەوجۆرە کێشەکە چارەسەر دەبێت.

شەوی دووەم شەرابێکی زۆرمان خواردەوە، کەمێک باسی خۆم کرد، هەندێ شتم دووبارە کردەوە کە پێشتر نووسی بوومن. کات دوای نیوەشەو بوو کە جون گوتی: " جیزێل، شیفتە و دڵبەندی دەرهێنەرێکی تاک گونە " و جیزێل دەکاتە ماشقەی جون و ئاکنجی پاریسە، پێمگوت: ئەو قسەیەم پێناخۆشە.

-بەڵام مەسەلەکە لەوەش خراترە، کابرا نەخۆشی شێرپەنجەی لەگەڵە، گونی دووەمیشیان دەرهێناوە و، جیزێل خەریکە شێت دەبێ.

- نەهەقی نییە، نەگبەتە!

- بێگومان، نامەی بۆ دەنێرم، پەیوەندی پێوە دەکەم، هەرچییەکم لە دەست بێت دەیکەم. وەختایەک لە ناوەڕاستی وێنەگرتنەکەدا بوون… ( هەموو ئەو ڕووداوانەی جون دەیانگێڕێتەوە، دەکەونە ناوەڕاستی وێنەگرتنەوە ).

جیزێل، ئەکتەرێکی بەنێوبانگە لە فەرەنسا، لە پاریس لە گەڵ جون دا دەژیا. هەوڵماندا دڵخۆشی جۆن سەبارەت بە ماشقەکەی و نەگبەتی ماشقەکەی، بدەینەوە، جون خەریک بوو سیغارێکی دەپێچایەوە، دەیخستە دەمی و دایدەگیرساند، بە قووڵی مژی لێدەدا، ئەو تۆپەڵێک دووکەڵی بە با دەدا. جون گوتی: دەزانی هانک، هەمیشە لەو

باوەڕەدا بووم کە سیناریۆیەک لە پێناوی مندا دەنووسیت، هەندێ شت هەیە پیاو بە غەریزە پەی پێدەبات. دەمێک بوو بەوەم دەزانی، ساڵانێک بوو لە خەمی پەیدا کردنی پارەی پێویستدا بووم، بە ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی لە گەڵ تۆدا بکەومە کار.

-لەگینە سیناریۆیەکی زۆر خراپ بنووسم.

- شتی وا ناکەی، هەموو کتێبەکانم خوێندویتەوە.

- ئەوە جاران بوو، لە پیشەی نووسین دا.. چی زۆرە ئەستێرانی ئاوابوو زۆرە.

- ئەمە سەبارەت بە تۆ وانییە.

سارە هەڵیدایێ: هەق بەوە هانک، تۆ بە تەبیعەت نووسەرێکی بەهرەداری.

-بەڵام ئەمە سیناریۆیە! وەکو ئەوەیە کەسێک ببەیت و سواری خزاگێکی بکەیت و بیخەیتە سەر سەهۆڵبەندانێکی خز.

جون هەڵیدایە: من دەزانم ئەوە دەکەیت، لەوساوە کە لە ڕووسیا بووم، قەناعەتم بەو هەبوو.

-ڕووسیا؟

- بەڵێ، پێش ئەوەی تووشی تۆ ببم، لە سەفەری ڕووسیا بووم، لە پارە و دارایی پێویست دەگەڕام بۆ وەبەرهێنانی سیناریۆی ئایندە.

- ئەوەی تا نها هیچی لەبارەوە نازانم!

- بێگومان، بەتەنیا من دەیزانم. بەهەرحاڵ، لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە، بیستم کە خانمێک لە ڕووسیا هەیە، هەشتا ملیۆن دۆلاری لە بانکێکی سویسرا هەیە.

- وادیارە چیرۆکێکی باشە بۆ فیلمێکی بازاڕی.

- دەزانم، بەڵام من لە دووی گەڕام، سەرچاوەی باش و متمانە پێکراوم بۆ ئەو کارانە هەیە، ناتوانم باسی بکەم.

سارە گوتی: نامانەوێ بیزانین.

جون لە سەری ڕۆیی: ئەنجام ئەدرەسی خانمەکەم دەستکەوت، ئیدی نەخشەیەکی دوور و درێژم بۆ داڕشت، کەوتمە ناردنی نامە بۆی..

سارە پرسی: چیت کرد؟ وێنەی ڕووتت لە گەڵ نامەکاندا بۆ دەنارد؟

گوتم: سمت و کەفەڵی ڕووت؟!

جون بەرسڤی دایەوە: لە هەوەڵەوە نا، لە هەوەڵەوە نامەکان زۆر فەرمی بوون. ئاگادارم کردەوە کە بە شێوەیەکی غەریب و سەیر ئەدرەسەکەیم دەستکەوتووە، لە کاغەزێکدا نووسرابوو و خرابووە کارتۆنێکی

قۆندەرەوە لە کۆگایەکی پاریس دا. ئیدی وام بە دڵدا هات کە قەدەر دەیەوێ پێکەوە کۆمان بکاتەوە. ئاە ئێوە نازانن چەند بە داڕشتنەوەی ئەو نامانەوە ماندوو بووم.

– هەر هەموو ئەوە دەکەی تا پارەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی پەیدا بکەیت؟

– لەوەش زیاتر دەکەم.

– ئامادەی لە پێناوی فیلمێکدا پیاو بکوژی؟

– تکات لێدەکەم ئەو جۆرە پرسیارە مەکە. ئیدی نامە لە دووی نامەم بۆ نارد، بەرە بەرە دەمگۆڕین بۆ نامەێن ئەڤینداری.

سارە گوتی: نەمدەزانی زمانی ڕووسی دەزانیت.

جون بەرسڤی دایەوە: نامەکانم بە فەرەنسی دەنووسی، ئەو خانمە دیلمانجی هەبوو، خانم بە ڕووسی وەڵامی نامەکانی دەدامەوە و منیش دەمدا بە دیلمانجەکەی خۆم تا بۆم بکات بە فەرەنسی.

گوتم: ئەم بابەتە چیرۆکە، تەنانەت لە فیلمی زۆر جەڵەبیشدا ڕوونادات!

–دەزانم، بەڵام من لە بیری ئەو هەشتا ملیۆن دۆلارەدا بووم کە لە بانکێکی سویسری دا دانرابوو، ئیدی نامەکانم ڕۆژبەڕۆژ پەرەیان دەسەند، لە نامەێن ئەڤینداریيەوە دەگۆڕان بۆ نامەێن شەیدایی و عاشقێنی، پاشان بۆ نامەێن هاڕوژاندن و ئارەزوو بزوێن.

پەرداخەکەی " جون " م تەژی کرد و گوتم: بخۆوە، شەرابی چاکە.

–ئەنجام خانم قاییل بوو کە بچمە سەردانی، لە ناکاوا، بێ هیچ بەرنامە و پلانێک خۆم لە بەفرستانی مۆسکۆدا بینییەوە..

– بەفرستانی مۆسکۆ!

– لەوێ ژوورێکم گرت، پێموایە لە ڕێگەی ئامێری ئینساتی نهێنییەوە چاودێری دەکرا، دەزگای ئاسایشی سۆڤیاتی دایان نابوو. تەنانەت ئاودەستەکەش لە ژێر چاودێریدا بوو، لەوە دەچوو گوێیان لە دەنگی پیسایییەکەشم دەبوو کە دەکەوتە خوارەوە.

– من گوێم لێدەبوو.

– نا، نا، باوەڕ بکە. ئەنجام لە سەر ژوانێک ڕێککەوتین، چووم بۆ ماڵەکەی و لە دەرگام دا. دەرگا کرایەوە. چ ببینم، کیژێکی یەجگار جوان! بە عەمراتم شتی وا جوانم نەبینی بوو!

– خودایا! جون ئەوەندە بەسە.

– بەڵام ئەمە خانم نەبوو، دیلمانجەکەی بوو.

سارە، پرسی: جون، جگە لەم شەرابە هیچی ترت خواردووەتەوە؟

-نەخێر، چۆنی دەڵێم وایە، چوومە ژوورەوە، پیرەژنێکی قژ ماش و برنجی ڕەشپۆشم بینی، دان لە دەمیا نەمابوو، ڕوخساری یەکپارچە زیپکە بوو، لێی نزیک بوومەوە، دانەویمەوە و دەستیم گرت، چاوم نوقاند و دەستیم ماچ کرد، دیلمانجەکە لە لامانەوە ڕۆنیشتبوو، ئاوڕم لێدایەوەو گوتم: " دەمەوێ بە تەنیا بین ". دیلمانجەکە، دەگەڵ پیرەژنەکەدا ئاخفی، ئەوسا ئاوڕی لای منی دایەوە و گوتی: " میتراش حەز دەکات هەردووکتان بن، بەڵام لە کڵێسادا، میترا زۆر دیندارە ". گوتم: " بەڵام من باوەڕم بەو ڤیانەیە کە لە نێوانماندایە " ! دیلمانجەکە دەگەڵ پیرەژنەکەدا ئاخفی و پیرەژن دەگەڵ دیلمانجەکەدا، ئەوسا دیلمانجەکە گوتی: " میترا دەڵێت، ڤیان بە جێی خۆی، بەڵام دەبێ هەوەڵجار لە گەڵیا بچی بۆ کڵێسا. " گوتم باشە، پیرەژن بە لەقەلەق لە سەر کورسییەکەی هەستا، ئەوسا بە دوو قۆڵی لە ژوورەکە وەدەرکەوتین، کیژە جوانەکەمان لە دوای خۆمان بەجێهێشت.

گوتم: ئەم چیرۆکە مەلعوونە، خەلاتی ئۆسکار دێنێ.

-تکا دەکەم، ئەوەت لەبیر نەچێ کە من عەودالی پارە بووم بۆ ئەو سیناریۆیەی کە تۆ دەینووسیت.

- بەڵێ، جون بێ زەحمەت بەردەوام بە لە سەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە.

- باشە، چووین بۆ کڵێسا، بە ملکەچی و ڕێزەوە لە هۆڵەکە دانیشتین، هەرچەندە من بە دین نیم، چەند جارێک بە بێدەنگی کڕنووشمان برد، ئەوسا پیرەژن تێوەی ژەندم، هەستاین و چووین بۆ میحرابی کڵێساکە، کە مۆمێکی زۆری لێبوو. هەندێک لە مۆمەکان داگیرسابوون و هەندێکی دیکەیان کوژابوونەوە، پیرەژن بە تاسەوە دەستی بە داگیرساندنی ژمارەیەک مۆم کرد. زاری دەلەرزی، دوو چۆڕاوگە لیکاوی باریک بە لالغاوەیدا دادەچۆڕان، دادەچۆڕان و لە چرچ و لۆچەکاندا ون دەبوون. تکایە باوەڕم پێبکەن، من هیچ ڕقێکم لە دان عەمران نییە، بەڵام چما هەندێ کەس، لە هەندێکی دی ناشیرینتر پیر دەبن؟

- نازانم، بەڵام باوەڕم بەوەیە ئەو کەسانەی زۆر بیر ناکەنەوە، لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان گەنجتر دەنوێنن.

- باوەڕ ناکەم ئەم پیرەژنە زۆر بیربکاتەوە. بە هەرحاڵ، دوای ئەوەی ژمارەیەک مۆمی داگیرساند، بە دیمەنەکانیان گەشایەوە، دەستی گرتم و گوشی. بەڕاستی بەگوڕ بوو، پیرەژنێکی سەر سپی بە گوڕ. ئەوسای دووی خۆی دام و بردمی بۆلای پەیکەرەکەی حەزەرتی مەسیح.

- تەواوی بکە.

- لە بیری چوو کە منی لە گەڵدام، دانەوییەوە و کەوتە ماچکردنی هەر دوو پێی مەسیح، تەنانەت قامکی پێی پەیکەرەکە بە لیکاوەکەی تەڕ بوون. ئیدی کەوتبووە حاڵی جەزمە و هەڵچوونەوە، ئازای دەلەرزی، ئەوسا ڕاست بووەوە و دەستی گرتم، ئاماژەی بۆ قامکەکانی مەسیح کرد. بزەیەکم بۆ کرد، بەڵام دووبارە ئاماژەی کردەوە، ئەوسا گرتمی بە خۆرتی بەرەو پێی مەسیح دەلەکی دام. لە هەوەڵەوە هەستم بە تووڕەیی کرد، پاشان بیرم لە هەشتا ملیۆن دۆلارەکە کردەوە، ئیدی دانەویمەوە و هەردوو پێێ پەیکەرەکەم ماچ کرد. وەکو دەزانی، لە ڕووسیادا پێیان خاوێن ناکەنەوە، ئیدی لیکاوەکەی میترا... و تۆز و گەردەکە... ئەگەر غیرەتم وەبەر خۆ نەنابا، نەمدەتوانی ماچی بکەم، پاشان میترا دووبارە بردمیەوە بۆ هۆڵی کڵێساکە، بە ملکەچی دانیشتین، لە ناکاوا گرتمی دەمی خستە سەر دەمم! تکا دەکەم لێم تێبگەن! هیچ دژمنایەتیەکم دەگەڵ دان عەمر و پیرەژناندا

نییە، بەڵام ماچکردنی پیرەژن وەکو ماچکردنی دەمی زێرابان وابوو. دەمم لابرد، ئیدی جەرگ و هەناوم خەریک بوو دەردەهات، چووم بۆ ژووری ئیعتراف، پەردەکانم لە دوای خۆمەوە دادایەوە، کەوتمە سەر هەر دوو چۆکم و ڕشامەوە. ئەوسا هاتمە دەرێ و لە کڵێساکە وەدەرکەوتین، لە بەر ماڵەکەی خۆیدا بە جێم هێشت، قاپێ ڤۆدکام کڕی و گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم.

– دەزانی ئەگەر من سیناریۆیەکی سینەمایی وەکو ئەم چیرۆکەم نووسیبا شاربەدەریان دەکردم.

– دەزانم، بەڵام بوەستە، هێشتا چیرۆکەکە تەواو نەبووە. لە کاتی خواردنەوەی ڤۆدکاکەدا، هەستم کرد ڕیسکەکە تەوا بوو، پێویست بەوە ناکات پاشەکشەی لێبکەم، خۆیا بوو کە ژنێکی شێتە، کەس لە کڵێسا ماچ ناکرێ، تۆ قەت شتی وات بیستووە؟ مەگەر تەنیا لە کاتی زەماوەندا و، لەبەر ئەوە بڕیارم دا...

– بیخوازی و ماچی بکەی؟!

– نا، بڕیارم دا کە لە هەشتا ملیۆن دۆلارەکە دڵنیابیم. دوای ئەوەی ڤودگاکەم تەواو کرد، دەستم بە نووسینی نامەیەکی دوور و درێژی ئەڤینداری کرد بۆ میترا، بەڵام بەردەوام دیلمانجەکەم لە خەیاڵ بوو. ڕاستە نامەکە ئەڤینداری بوو، بەڵام لە بندێڕی ڤیان و شەیداییەوە، بۆم شەرح کردبوو کە بە نیازی دروستکردنی فیلمێکم دەربارەی خۆم و ئەو، و بیستوومە کە پارەیەکی لە بانکێکی سویسری هەیە، بەڵام من بە تەماعی پارەکەوە لە گەڵ ئەودا نیم، من تەنیا بۆ ئەوە پارەم گەرەکە، کە فیلمێک دەربارەی چیرۆکی عاشقێنیەکەمان بەرهەم بهێنم و لە شاشەی سینەماوە نمایشی بکەم، تا هەموو خەڵکی بیدینن و، هەروەها عاشقانی مەسیح.

سارە پرسی: هەر هەموو ئەو کارانەت کرد تا پارەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی سیناریۆیەکی سینەمایی بەدەست بێنی کە هانک هیچی دەربارە نازانێ و، تا ئێستا حەرفێکی لێ نەنووسیوە!

–دەقاودەق!

گوتم: تۆ شێتی!

–لەگینە، ئیدی بەوجۆرە نامە دڵدارییەکەم گەییە خانمە پیرەکە، پێشبینیم دەکرد، قاییل ببێت لە گەڵما بێت بۆ سویسرا، تا پارەکە ڕابکێشین. دەستم بە ڕێکخستنی تەدارەکی سەفەر کرد و بەدەم ئەو کارانەوە دوو جاری دی چووینە ماچکردنی پێیەکانی مەسیح و، داگیرساندنی مۆمان و تا ماچێکی وەکو ماچەکەی هەوەڵجارم بکات.

بەڵام دوای ماوەیەک، یەکێک لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانم پەیوەندی پێوەکردم و ئاگاداری کردمەوە کە ئەو ژنەی هەشتا ملیۆن دۆلاری لە بانکێکی سویسری هەیە، هەمان ناوی ئەم خانمەی هەیە، لە هەمان تەمەندایە، بەڵام لە شارێکی دیدا لە دایک بووە، خەڵکی شارێکی دییە و ناوی داک و بابی جیاوازە. بەڕاستی ڕێکەوتێکی سەخیف بوو و ئیدی هەموو شتێک تەواو بوو. هەڵخەڵەتام، ئەو خەیاڵ پڵاوەم کەڕووی هەڵهێنا و ناچار بووم لە شوێنێکی دی بۆ پارە بگەڕێم.

– بەڕاستی چیرۆکێکی یەجگار کارەساتبارە، بە عەمراتم چیرۆکی وام نەبیستووە.

– ببورە، بەڵام چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە.

سارە پرسی: باشە بۆچی ئەم هەموو سەریەشەیە لە پێناوی فیلمسازیدا تەحەموول دەکەی؟

-چونکە عاشقی ئەم پیشەیەم.

(( ١٤ ))

دوای دوو ڕۆژان، بۆ جاری دووەم چووین بۆ ستودیۆ دانی سیرفر لە فینیس، جون گوتی: " یەکێک فیلمێکی دەربارەی گەڕەکە هەژارنشین و مەستەکان نووسیوە، چما نەچین و بزانین چۆنە؟

دەگەڵ جون و سارە دا ڕۆیشتم، دوا کەس گەیینە هۆڵەکە، بەڵام باڕە نزیکەکەی ئەوێندەر داخرابوو. بە جونم گوت: باڕەکە داخراوە!

- بەڕاست.

- گوێ بگرە، پێویستە شتێک بێنین بیخۆینەوە.

- مەیفرۆشێک لەم نزیکانە هەیە، بەدەستی گۆلاوەکەدا، لەوبەری ڕێگاکەوە.

- هەر ئێستا دەگەڕێینەوە.

چووین، دوو بوتڵ شەرابی سوور و ئاچەرێکمان کڕی، لە ڕێگادا ناچار، بەهۆی دەرۆزەکەرانەوە دوو جاران وەستاین. گەیینە ستۆدیۆکە، دەرگاکەم دەلەک دا و وەژوور کەوتین. هۆڵەکە تاریک بوو، پێش گەیشتنەوەی ئێمە نمایشی فیلمەکە دەستی پێکردبوو.

گوتم: حەیفێ! من هیچ نابینم، ناتوانم هیچ شتێک بدینم!

یەکێک گوتی: " بێدەنگ بە "، گوتم: " تۆش " . ئەوسا ژنێک گوتی: " تکایە بێدەنگ ".

بە سارەم گوت: با بچینە ڕیزی پێشەوە، پێموایە دوو کورسی بەتاڵی لێیە، زۆریش دڵنیا نیم. بەرەو ڕیزی پێشەوە داگەڕاین، پێم بە پێی کەسێکدا نا، گوێم لێبوو گوتی: " هەی خوێڕی "، وەڵامم دایەوە: " قوزەڵقورت. "

ئاخری دوو کورسیمان دۆزییەوە و دانیشتین، سارە پاکەت و چەرخەکەی دەرهێنا، بوتڵە شەرابەکەم هەڵپچڕی. پەرداخمان پێ نەبوو، بۆیە هەر بە بوتڵەکە قومێکم خواردەوە و بوتڵەکەم بۆ سارە درێژ کرد، ئەویش هەمان کاری منی کرد، ئەوسا دوو جگەرەی بۆ هەردووکمان داگیرساند.

ئەو پیاوەی ئەم فیلمەی نووسی بوو: " گەڕانەوە لەو دنیا " سریاڵی تەلەفزیۆنی دەنووسی، لەو سریالانەی کە هەموو ئەندامانی خێزان پەیگیرییان دەکرد، ئەم پیاوە: بات سیلرز بوو. نمایشی سریاڵەکانی ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوو، تا ئالوودەی مەی و مەشرووبان بوو و ئیدی لە نووسین چووەوە، پاشان لە ژنەکەی جیابووەوە و خێزانەکەی لە دەست دا، پاشان خانووەکەشی لەدەست دا. ئیدی لەو گەڕەکە هەژارنشینەدا ژیا کە فیلمەکەی دەربارە نووسیوە، دەیویست بەم فیلمە، بە جەدارەتەوە بگەڕێتەوە سەر باری جارانی. پیاوێکی لات پاڵەوانی خوا بوو، لە کاتی پێشکەشکردنی فیلمەکەدا بینیم، مجامەلەی هەموو کەسێکی دەکرد.

قومێکی دیکەم لە شەرابەکە خواردەوە و بوتڵەکەم دایەوە دەست سارە. کەوتمە پەیگیری فیلمەکە، دیمەنی گەڕەکە هەژارنشینەکە، دیمەنێکی ڕووناک بوو، بە مەشخەڵێن ئاگر ڕووناک کرابووەوە، پیاو و ژنەکان جل و

بەرگی شیکیان لەبەر بوو، دەگەڵ گەڕەکە هەژارنشینەکەدا تێکی نەدەکردەوە. ڕواڵەتی دەربەدەری و سەرگەردانیان پێوە دیار نەبوو، ڕێک لەو خەڵکانە دەچوون کە لە هولیوود دا کاری فیلمسازی دەکەن، بە ڕواڵەتدا لە ئەکتەر دەچوون. هەر یەکەیان عەرەبانەیەکی بچووکی لەو عەرەبانانەی کە بازاڕی پێدەکرێ، پاڵدەدا، شتەکانی خۆی تێدەخست. بەڵام عەرەبانەکان زۆر تازە بوون، لەبەر ڕووناکی مەشخەڵەکاندا دەبریقانەوە، پێشتر لە هیچ مۆڵێکدا عەرەبانەی بازاڕکردنی تازەم نەبینی بوو، خویا بوو کە ئەم عەرەبانە تازانەیان تەنیا بۆ وێنەگرتنی فیلمەکە کڕی بوو.

بە سارەم گوت: " کوا بوتڵەکەم وێدە "، بەرزم کردەوە و بینم پێوەنا، خەڵکەکەی پشتمەوە کەوتنە چپەدوو، بە سارەم گوت: کە ئەوانە خەڵکانێکی دزێون، کێشەیان چییە؟

- نازانم.

گەڕامەوە سەر فیلمەکە وتەمەشای ئەو خەڵکانەی کە بە عەرەبانەکانی بەردەمیانەوە لە بەر ڕۆشنایی مەشخەڵەکاندا دەسوڕانەوە، یەکێک لە قارەمانەکانی فیلمەکە دەئاخفی و ئەوانی دی گوێیان لێدەگرت:

" هەڵدەستم، ئەو تەختە ناناسمەوە کە لە سەری نووستبووم، هەروەها نازانم لە کوێم. جلەکانم لەبەر دەکەم و دەردەکەوم تا لە ئوتومبیلەکەم بگەڕێم، بەڵام نازانم لە کوێم داناوە، هەندێجار بە سەعاتان لێی دەگەڕێم تا دەیدۆزمەوە... "

بە سارەم گوت: دیمەنێکی سەرکەوتووە، من زۆرجار ئەمەم بەسەر دێت.

یەکێک، وسێکی کرد تا بێدەنگم بکات.

قارەمانی فیلمەکە لە سەر ئاخافتنەکەی بەردەوام بوو: " ژیانم لە نێو خەمڕاندا (کووپەی زەلام) بە سەر بردووە، زۆرجار جانتاکەم ون کردووە، لە شەڕا دانم لە دەست داوە، ڕوحێکی سەرگەردان بووم، سەرگەردان... گومڕا... گومڕا. تا ( مایک ) ی هاوڕێ و هاوڕازم، لە ڕووداوێکی هاتوجۆدا، بەهۆی سەرخۆشییەوە، مرد، ئیدی هەموو شتێک کۆتایی هات.

بەڵام ئێستا بە ئاسوودەیی دەژیم، باش دەنووم، هەستدەکەم سەر لە نوێ بوومەتەوە بە بەشەرێکی ئاسایی. مەسیح ئایدیالی باڵای منە، لە هەموو خواردنەوەکان گرینگترە، لە هەموو ئەم شتە تەماح بزوێنانە باڵاترە کە شەیتان لە ئەرزا دایدەچێنێ. "

ڕوندک لە چاوانیا قەتیس ما، ئەوسا شتێکی چامە ئاسای خوێندەوە: " دووبارە خۆم دۆزییەوە/ بوومەوە بە منداڵێکی دە ساڵان/ دەستبەرداری ئارەزووان بووم/ لە هاوشێوەکانی خۆم نزیک بوومەوە/ دووبارە خۆم دۆزییەوە ".

سەری دانەواند، هەمووان دەستیان بە چەپڵەڕێزان کرد.

ئەوسا ژنێک لە جێگەی ئەو وەستا و دەستی بە قسان کرد، گوتی لە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکاندا فێری خواردنەوە بووە، پاشان بە تەنیا و لە ماڵی خۆیدا دەیخواردەوە. بەوجۆرە ڕووەکەکانی ناو ئینجانەکانی ماڵەکەی وشک بوونەوە، چونکە بیری چوو بوو ئاویان بدات. و لە گەنگەشە و مشت و مڕێکی توونددا دەگەڵ

کچەکەیدا، چەقۆیەکی میوەی لێدابوو. ئیدی مێردەکەشی خووی دایە بادە نۆشی، دوای ئەوە کارەکەی لە دەست دا، ئیدی کونجیماڵەوەی گرت تا لە گەڵ ژنەکەیدا بخواتەوە. ئەوسا بە چەقۆی میوە لێی دابوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان ژنەی تاین سواری ئوتومبیلەکەی دەبێت، جانتاکەی و تەنیا کارتی ئیئتمانەکانی لە گەڵ خۆیدا دەبات، ئیدی لە ئوتێلە هەرزانەکاندا دەکەوێتە خواردنەوە، دەخواتەوە و جگەرە دەکێشێت و تەمەشای تەلەفزیون دەکات. ڤودگا! حەزی لە ڤودگا دەکرد.

جارێک دەبێتە سەدەمی ئەوەی ئاگر لە تەختە خەوەکەی بەربێت، ئوتومبیلی ئاگرکوژێنەوە بۆ ئوتێلەکە دێت، سەرخۆش بوو، تەنیا جلی خەوی لە بەر دەبێت. یەکێک لە پیاوانی تیمی ئاگر کوژێنەوەکە، هەر دوو دەستی دەخاتە سەر سمتەکانی و دەیان گوشێت. ژنێ، بە پەلە پڕوزێ و بە جلی نووستنەوە بە جانتاکەیەوە دەڕوات بۆ لای ئوتومبیلەکەی. ئیدی ماوەیەکی زۆر بەدەم ترومبێل ئاژۆتنەوە، بە بێ ئامانجێکی دیاریکراو دەسوڕێتەوە، بەدەم ئاژۆتن و سوڕانەوەوە، تا دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت، وەختایەک گەییە شەقامی ( برودوای ) لە نیویورک، دوو تەگەری ئوتومبێلەکەی دەنیشێتە سەر ئەرزەکە، بە هۆی زۆر ئاژۆتنەوە هەر دوو تەگەرەکە پارچەپارچە بوون و ئوتومبیلەکە کەوتە سەر ڕینگ، قیرەکەیان لە دواوە چاڵ دەکرد، لە سەر ئەو حاڵە بەردەوام بوو تا پۆلیس گرتیان و بردیان بۆ فەحسی ئەلکول.

ڕۆژان بوورین و نە مێردەکەی و نە کیژەکە بۆ سەردانی نەهاتن، تەنیای تەنیا بوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان لە گەڵ دکتۆری دەروونزانیدا دانیشتبوو، دکتۆرەکە لێی پرسی: " چما ڕژدی لە سەر ئەوەی خۆت وێران بکەی؟ "

ژنەکە لەسەری ڕۆیی کە لە کاتی ئەو پرسیارەدا، رووی لەم نەبوو، ئەوەی سەیری دەکرد ڕوخساری دکتۆرەکە نەبوو، بەڵکو ڕوخسار و ڕووی حەزرەتی مەسیح بوو.

بەدەنگی بڵند پرسیم: چۆن زانی، ڕوخسارەکە، ڕوخساری مەسیحە؟

یەکێک پرسی: ئەم پیاوە کێیە؟!

بوتڵە شەرابەکە تەواو بوو، بوتڵی دووەمم هەڵپچڕی.

پاشان گەنجێکی تازە لە فیلمەکەدا دەرکەوت، تا سەرگوزەشتەی خۆی بگێڕێتەوە. ئاگری مەشخەڵەکان هێشتا هەر دەسووتا، بەبێئەوەی چ کەسێک سووتەمەنی بکاتە سەر و، بێئەوەی هیچ سەرگەردانێک بێت و دەسکاری بکات. وەختایەک گەنجەکە سەرگوزەشتەکەی تەواو کرد، دەستی بۆ ئەو عارەبانەی بازارکردنە برد کە پێی بوو، گیتارێکی گرانبەهای لێدەرهێنا.

قومێکی گەورەم لە شەرابەکە دا و، بوتڵەکەم بۆ سارە درێژ کرد.

گەنجەکە گیتارەکەی کۆک کرد، ئەوسا دەستی بە ژەنین و سترین کرد. ژەنیارێکی سەرکەوتوو، و سترانڤانێکی خۆش تەعلیم بوو، دەنگیشی خراپ نەبوو. کامێراکە سوڕایەوە تا چەند گرتەیەکی دەم و چاو و ڕوخساری هەموو ئامادەبووان بگرێ، دەم و چاوەکان مەفتوون و دڵبەندی ئەدای گەنجەکە بوون، هەندێکیان دەگریان و، هەندێکیان بزەی شادییان دەنیشتە سەر لێوان. هەرکە لە ژەنین بووەوە، هەر هەمووان کەوتنە چەپڵەڕێزان و هوراکێشان و هەیەجان.

بە سارەم گوت: من هیچ کاتێ گەڕەکی هەژارنشینی وەکو ئەم گەڕەکەم نەدیوە!

گەڕامەوە سەر فیلمەکە، کاراکتەری تازە قسەیان دەکرد، هەندێکیان گیتاری گەورەیان پێبوو، شەوی گیتار بوو بە هەموو مانایەک. ئەنجام دیمەنی کۆتایی هات، شیهابێک بە ئاسمانا ڕاخوشی، کەوانەیەکی بە سەر سیما دیارەکانەوە چێکرد. بێدەنگی بەرقەرار بوو، ئەوسا کەسێک دەستی بە سترین کرد، ژنێک بۆی سەندەوە، پاشان دەنگێن دی بە دوودا هات. هەر هەموویان پەیڤ و وشەکانی گۆرانیەکەیان لەبەر بوو و، لە ناکاوا ژمارەیەک گیتاران پەیدا بوون، ئیدی تیمێکی موزیکی تەواویان پێکهێنا، کە شادی و ئومێدیان بڵاو دەکردەوە.

فیلمەکە تەواو بوو، گڵۆپی هۆڵەکە هەڵکران. بات سیلرز، چووە سەر تریبونێکی بچووک و، کەوتە چەپڵەڕێزان بۆی. بات سیلرز دیمەنێکی ترسناکی هەبوو، خەواڵوو، بێگیان بوو، مردبوو، چاوەکانی سپی بوون، ئەوسا هاتە قسان: " پێنج سەد و نەوەد و پێنج ڕۆژە مەستەمەنیم نەچووەتە سەر زار... "

ئامادەبووان، چەپڵەیەکی هیستریانەیان بۆ لێدا، لە سەری ڕۆیی: " من خەریکم ئالوودەبوون تەرک دەکەم. هەمووومان لێرە، پارێز لە ئالوودەگی دەکەین. "

بە سارەم گوت: با بەپەلە لێرە وەدەربکەوین،

شەرابەکەمان تەواو کرد، هەستاین و بەرەو دەرگای دەرەوە چووین. ئەوسا بۆ لای سەیارەکە چووین، گوتم: کوڕی قەحپە! ئەم جونە؟ چما لێرە نایبینم؟

- من دڵنیام، پەیگیری فیلمەکەی دەکرد.

- بەم فیلمەوە گیرۆدەی کردین!

- ئەوانە هەموویان ئەندامی کۆمەڵەی چارەسەری ئالوودەبووانن.

سواری ئوتومبیلەکە بووین و بەرەو ئوتوبانەکە وەڕێکەوتین.

ئەو بیرۆکەیەی لە میانی هەموو دیمەنەکانەوە لە لام دروستبوو، ئەوە بوو کە ئەو خەڵکانە، خەڵکانی مەی ئالوودە نەبوون، تەنیا بە خەیاڵ، خۆیان بە ئالوودە دەزانی. ئالوودەگی حاڵەتێکە نایەتە چارەسەر، پیاو بە بیست دانە ساڵی خواردنەوەی بەردەوام ئەوسا دەبێ بە ئالوودەیەکی تەواو عەیار. من لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا تووشی ئالوودەگی بووم و، لەوەش ژێوان نیم.

گەیشتینە ئوتوبانەکە، بەرەو دنیای حەقیقی ملی ڕێمان گرت.

(( ١٥ ))

هێشتاش نووسینی سیناریۆکە ماڵە بەسەرمەوە. لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەی خۆما بووم، لە بەردەم تایپەکەدا ڕۆنیشتبووم، سارە لە ژووری نووستنەکەی دەستە ڕاستمەوە بوو، بەڵام جون لە نهۆمی خوارەوە تەمەشای تەلەفزیونی دەکرد.

نیو بوتڵ شەرابم تەواو کرد. پێشتر تووشی ئەم کێشەیە نەبووبووم، ساڵانی پێشوو، هەرگیز ئارەزووی نووسینم سست نەبووبوو. نووسین خۆبەخۆ دەهات، دەمخواردەوە و گوێم لە ڕادیۆ دەگرت و وشە بە خۆی دادەباری.

دەزانم جون لە نهۆمی خوارەوە دانیشتووە و چاوەڕوانە گوێی لە دەنگی تایپەکە ببێت، پێویستە شتێک بنووسم، دەستم بە نووسینی نامەیەک کرد بۆ برادەرێکم، ئەو برادەرەم مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزییە لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، لە مێژوو بوو، نامە و نامەکاریمان لە نێواندا هەبوو.

نامەکەم لە تایپەکە دەرهێنا، قەد و نوشتم کرد و لە زەرفێکم نا، ئەدرەسەکەم لە پشتی زەرفەکە نووسی، دامخست و پولێکم لێنا. ئەوە هەموو نووسینێکی ئەم شەوەم بوو. بە تاقی تەنیا بوتڵە شەرابەکەم تەواو کرد، ئەوسا بوتڵێکی دیکەم هەڵپچڕی و بە بوتڵەکەوە بۆ قاتی خوارەوە دابەزیم.

جون، تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە. دوو پەرداخم هێنا و لە گەڵیا دانیشتم، پێکم بۆ تێکرد، گوتی: پێدەچێ تایپەکەت بە توندی لێبدات!

–جون، خەریک بووم نامەیەکم دەنووسی.

– نامە؟

– بخۆوە.

– باشە.

هەردووکمان خواردمانەوە، ئەوسا گوتم: جون تۆ پارەت دامێ تا ئەم سیناریۆ دوابڕاوە بنووسم.

– بەڵێ وایە.

– ناتوانم بینووسم، هەوڵدەدەم لە سەرەوە بنووسم، تۆ لە خوارەوە دانیشتوویت گوێ لە دەنگی تایپەکە دەگریت، زۆر زەحمەتە بەم شێوەیە بنووسم.

– دەتوانم، شەوان لە ماڵ وەدەربکەوم.

– نا، تۆ گوێ بگرە، دەبێ لە ماڵەکە بڕۆی! ناتوانم بەم شێوەیە بەردەوام ببم، بمبورە برادەر، من سەگم، من قۆندەرەم، من قۆندەرەی سەگم، سەگان قۆندرەیان هەیە؟! بەهەرحاڵ دەبێ شوێنێ بدۆزیتەوە بۆ خۆت تیای بژی. من ناتوانم بەم حاڵەوە بنووسم، ڕەنگە پیاو نەبم، پڕ بە مانای وشەی پیاو.

– تێدەگەی.

– بەڕاست؟

– بێگومان، بەڵام لە هەموو حاڵێکا لەلای تۆ نەدەمامەوە.

– چۆن؟ چی؟

– فرانسوا دێتەوە بۆ ئێرە، بەتایبەتی کە کارەکەی لە فەرەنسا تەواو کردووە. لە ماڵێک دەگەڕێین بۆ خۆمان، من دەستم بە گەڕان کردووە، ئەوەی ڕاستی بێ ئەمڕۆ خانوویەکم دۆزییەوە، بۆیە پێم نەگوتی تا بێزارت نەکەم.

– بەڵام هاوڕێ، ئێوە دەتوانن کە... ؟

– تۆزێ پارەمان هەیە، هەرچی پارەیەکمان هەیە کۆی دەکەینەوە.

– خودایا! ئایا دەمبووری لەوەی دەمویست فرێت بدەمە سەر جادە؟

– هیچ تاوانێک لە ئارادا نییە تا بتبوورم، تەنیا نیگەرانی تۆ بووم و چۆن ئاگادارت بکەمەوە کە من بە نیازی ڕۆیشتنم.

– لە پیرەمێرێکی سەرخۆش زویر نابی، وانییە؟

– نەخێر، بەڵام هیچت نووسیوە؟

– تۆزێکم نووسیوە.

– دەتوانم بیدینم؟

– بێگومان گیانەکەم.

سەرکەوتم بۆ نهۆمی سەرەوە، ئەوراقەکانم هێنا و دامن بە جون. پاشان سەرکەوتمەوە بۆ سەرێ و سارەم گاز کرد: سارە وەرە، پێکەوە ئاهەنگ دەگێڕین.

– ئاهەنگی چی؟

– جون، لێرە دەڕوات، بار دەکات، واتا دەست بە نووسین دەکەمەوە.

– هەستیت بریندار کردووە، زویرت کردووە؟

– باوەڕ ناکەم، بەڵام فرانسوا دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە و، بە دوو قۆڵی لە خانوویەک دەگەڕێن بۆ خۆیان.

بە دوو قۆڵی دابەزینە خوارەوە، سارە پێکێکی بۆ خۆی هێنا، جون سەرگەرمی خوێندنەوەی سیناریۆکە بوو. کە منی بینی پێکەنی و گوتی:کارێکی جوانە! چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، کە واهی دەربچێت!

– خۆ لە بابایەکی پیرەمێری سەرخۆش زویر نابیت، وانییە؟

– هەرگیز.

سارە دانیشت و پێکەوە دەستمان بە خواردنەوە کرد. جون گوتی: بە تەلەفۆنەکەی فینرزیرگوگ، تەلەفۆنم لە گەڵ فرانسوا کرد، لە حاڵێکی زۆر خراپدا بوو، لە کارەکەی دەریان کردبوو، کرێی چەند ڕۆژێکی نواندنەکەی وەرگرتبوو و دەریان کردبوو، لە بەر هەمان هۆیەکانی جاران دەریان کردبوو.

سارە پرسی: وەکو چی؟

–بەخۆی ئەکتەرێکی گەورەیە، بەڵام ناوبەناو جۆرە شێتاتیەک سەری لێدەدات. لە ناکاوا ئەو دەق و دیمەنەی لە بیر دەچێتەوە کە دەبێ ئەدای بکات، ئیدی بە کەیفی خۆی دەست بە نواندن دەکات. پێموایە ئەمە جۆرە نەخۆشییەکە، ئیدی داوای لێدەکەن دیمەنەکە دووبارە بکاتەوە، بەوجۆرە تا دەری دەکەن.

پرسیم: چی لێ دێ؟

– هەموو جارێ هەمان حاڵەتی بۆ دێتە پێشێ، تا ماوەیەک نمایشێکی باش باش دەکات، پاشان ڕێنماییەکان فەرامۆش دەکات. پێی دەڵێم: " دەڕۆی بۆ ئەوێ و، ئەم ڕستەیە دەڵێی " کەچی بۆ شوێنێکی دی دەڕوات و، ڕستەیەکی دی دەڵێت. پاشان لێی دەپرسم: " بۆ ئەوەت کرد؟ " دەڵێت: " نازانم، ئاگام لە هیچ نییە ". جارێکیان لە کاتی وێنەگرتنا، ڕۆیی بۆ شوێنێکی دوور، پانتۆڵەکەی داماڵی و پشتی دانەواند، دەرپێی ژێرەوەی لەپێدا نەبوو.

– هەی قوڕێ!

– یان هەندێ شتی وەکو ئەمە دەڵێت: " دەبێ پرۆسەی مردنی سروشتی خێرا بکەین ". یان " ژیانی هەموو ئەو بەشەرانە، لە ژیانی من کەم دەکاتەوە. "

– پێدەچێ گەنجێکی بلیمەت بێ.

– وایە.

– شەوبێرییەکەمان، تا بەرەبەیان بەردەوام بوو.

دەوروبەری نیوەڕۆ لە خەو ڕابووم، دابەزیم بۆ نهۆمی خوارەوە، لە دەرگای ژوورەکەی " جون " م دا. کەس وەڵامی نەدایەوە. دەرگام کردەوە. لەوێ نەبوو. بەڵام نامەیەکم بینی کە دەیگوت:

" گیانەکەم هانک، ئازیزەکەم سارە: سوپاس بۆ هەموو مەشرووباتەکەتان، سوپاس بۆ هەموو شتێک. هەستم کرد میوانێکی ئازیزم لە نک ئێوە.

هانک ئەو سیناریۆیەی کە دەینووسیت، ڕەنگدانەوەیەکی عەمەلی ئەو باوەڕەیە کە بە بەهرەی تۆم هەیە، بگرە لەوەش باشترە کە پێشبینیم کردبوو، تکا دەکەم بەردەوام بە لەسەری.

پاشان پەیوەندیت پێوە دەکەم، بۆ ئەوەی ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنە تازەکەمت بدەمێ.

کە ڕۆژێکی گەورەیە! ئەمڕۆ ساڵیادی لە دایکبوونی موزارتە، بە درێژایی ئەمڕۆ گوێ لە موزیکی ئەفسووناوی دەگرین... جون ".

نامەکە کردیە کارێک هەم خەمبار و هەم خۆشحاڵ ببم، زۆرجار، لە زۆربەی کاتەکاندا هەست بەم هەڤدژیە دەکەم. بۆ قاتی سەرەوە سەرکەوتم، میزم کرد و ددانەکانم شت، پاشان خۆم خزاندە ناو جێگاکەوە و لە پاڵ سارەوە پاڵکەوتم.

(( ١٦ ))

لەو شەوەدا و، پاش ئەوەی جون ڕۆیی و چیتر لە قاتی خوارەوە گوێی لە من نەدەگرت، تایپەکە کەوتە کار، دەربارەی گەنجێکم نووسی کە شیفتەی نووسین و خواردنەوە بوو، بەڵام زۆربەی سەرکەوتنەکانی لە واری خواردنەوەدا بوو.

ئەو گەنجە من بووم. ئەوکاتە ژیانم خراپ نەبوو، زۆربەی کاتی خۆم لە نێوان دەست بەتاڵی و چاوەڕوانیدا بەسەر دەبرد. لە کاتی نووسیندا، هەموو ئەو کەسایەتیانەی لەو باڕ و مەیخانەیەدا ناسی بوونم، دەهاتنە

بەرچاوم، یەک یەک ڕوخسار و جەستەیانم دەبینی، گوێم لە دەنگ و گفت و گۆیەکانیان دەبوو. ئەو بارە ئەفسوونێکی تایبەتی هەبوو، مقاوەمە نەدەکرا. فوکەسی یادگەم خستە سەر ڕابردوو، شەڕە زۆر و زەبەندەکانم دەگەڵ بۆیەکەدا وەبیر دێنایەوە. لە شەڕا لێزان نەبووم، دەستەکانم چکۆلە بوون. تووشی بەد خۆراکیەکی خراپ بووبووم. بەڵام جورئەت و وێرەکێکی دەگمەنم هەبوو، لە مست وەشاندندا کارامە بووم. کێشەی سەرەکیم لە شەڕدا ئەوەیە کە بە ئەندازەی پێویست تووڕە نابم.  تەنانەت ئەگەر ژیانیشم لە خەتەردا بێ. تەنیا سووکە تووڕەییەکم دەهاتێ، وەکو ئەوەی ژیانم بەلاوە گرینگ نەبێ. شەڕەکان لە گەڵ بۆیەکەدا باڵکێش بوو، مشتەرییانی بارەکە پێیان خۆشبوو، کۆمەڵە برادەرێکی داخراوبوون، من لە ناویاندا غەریب بووم. شتێکی گرینگی دەوروانی خواردنەوەم هەیە، پێویستە باسبکرێ، هەر شەڕێک ئەگەری ئەوەی هەبوو، ژیانم مەحو بکاتەوە، ئایا دەرکم بەوە دەکرد؟ یان کحولەکە جەستەی دەکردم بە لاستیک و سەرمی دەکرد بە کۆمایەکی کۆنکرێتی؟ بۆ ڕۆژی دوایی بە دوو مەچەکی خوار و خێچ و دوو لێوی ئاوساو و دوو زرانی ئاسێو دیدە و چەند جێگە بۆکسێک بە سەرمەوە هەڵدەستام. چۆن ئەم بویەرانە دەبن بە کەرەستەی سیناریۆ؟ نازانم، بەڵام ئەوە دەزانم کە ئەو دەورانە، تاقە دەورانی ژیانمە، کە وەکو پێویست دەربارەیم نەنووسیوە. پێموایە لەو سەروبەندەدا شێت بووم، شێت وەکو هەموو خەڵکی. ئەوسا زانیم کە ڕۆحە گومڕا و سەرگەردانەکان، شارستانیەتێکی تەواویان هەیە، لە ناوەوە و دەرەوەی بار و مەیخانەکاندا گەشە دەکات، شەو و ڕۆژ بۆ هەتا هەتایە گەشە دەکات، تا خاوەنەکانیان دەمرن. پێشتر هیچ شتێکم دەربارەی ئەم شارستانیەتە نەخوێندبووەوە، بۆیە بڕیارم دا، ئەوەندەی دێتەوە بیرم و یادگە وە هانامەوە دێ، دەربارەی بنووسم، تا ئەو دەمەی کۆنە تاپپەکەم بە باشی کار بکات.

ڕۆژی دوایی، لای نیوەڕۆ، تەلەفۆن لێیدا. جون بوو:ماڵێکم دۆزییەوە، فرانسوام لەگەڵە، ماڵێکی جوانە، دوو مووبەقی تیایە، کرێیەکەی هەرزانە، بەڕاستی هەرزانی هەرزانە...

- ماڵەکە کەوتووەتە کوێوە؟

- لە گەڕەکی بیانیانین، لە ڤینیس، جادەی " بروکس ".

( گەڕەکی بیانیان،  کاتی خۆی بەو گەڕەکە ئیتاڵیە دەگوترا کە جوولەکەکان لێی دادەنیشتن، پاشان لە ئەوروپاشدا بە هەمان مەبەست و مانا هاتە بەکارهێنان. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەو گەڕەکە دەگوترێ کە ڕەش پێست و موهاجیرەکانی ئەمریکای لاتینی لێی دادەنیشن ) هەموو خەڵکی گەڕەکەکە ڕەش پێستن، وا هەست دەکەی کە هەموو شەقامەکان لە شەڕێکی وێرانکەردان. جوانە!

- بەڕاست؟

- وەرە و بە چاوی خۆت شوێنەکە بدینە.

- کەی؟

- ئەمڕۆ!

- نازانم.

– ئەم دەرفەتە لە کیس خۆت مەدە! خەڵکانێک هەن لە ژێر زەمینەکەی ژێر ئێمەوە دەژین، دەتوانی گوێت لە قسەکانیان و ڕادیۆیەکەیان ببێت! دەڤەرەکە پڕە لە شەقاوە! ئوتێلێکی گەورە لە نزیکی ئێمەوە هەیە، بەڵام ڕۆنیشڤانانی ئوتێلەکە کرێ نادەن، بۆیە خاوەنانی ئوتێلەکە، بە لەوحە دار دایان خستووە و ئاو و کارەبا و غازیان لێبڕیوە و، هێشتا خەڵکی تیایە. ئێرە مەیدانی شەڕە! پۆلیس ناوێرێ نزیکی ئەم ناوە بکەوێتەوە، لە تۆ وایە ویلایەتێکی سەربەخۆیە و یاسای تایبەتی خۆی هەیە. چەند ئەوەم پێخۆشە! هەر ئێستا وەرە بۆ ئێرە، فرسەتە!

– چۆن دەگەمە ئەوێندەر؟

جون، ئەدرەسەکەی دامێ و تەلەفۆنەکەی داخست. سارەم بانگکرد: گوێ بگرە، دەبێ بڕۆم جون و فرانسوا بدینم.

– باشە، منیش لە گەڵت دێم.

– نا، ناتوانی، چونکە ژوانمان لە گەڕەکی بیانیانە لە ڤینیس.

– ئاوها... گەڕەکی بیانیان! هەرگیز ئەم دەرفەتە لە کیس خۆم نادەم!

– تکات لێدەکەم، لەبەر من، لە گەڵما مەیە.

– چی؟ پێت وایە دەیەڵم بە تەنێ بۆ ئەوێندەر بڕۆیت؟

چەقۆکەم لە گیرفانم نا، پارەکانم لە پێڵاوەکانما شاردەوە و پێمگوت: باشە...

خۆمان بە گەڕەکی بیانیاندا کرد، بە دوو دڵییەوە ئوتومبیلەکەمان داژۆت، هەموو خەڵکەکە ڕەش پێست نەبوون، بەڵکو موهاجیرانی خەڵکی ئەمریکای لاتینیش لە قەراخ گەڕەکی ناڤبری هەبوون. حەوت هەشت گەنجی مەکسیکیم دیتن کە لە دەوری ئوتومبیلێکی کۆن خڕ بووبوونەوە، زۆربەیان تەنیا فانیلەی ژێرەوەیان لەبەربوو یان سینگیان ڕووت بوو. بە ئەسپایی بە لایاندا ڕەت بووم بەبێ ئەوەی تەماشایان بکەم. پێنەدەچوو هیچ شتێک بکەن. حازر و ئامادە چاوەڕوانیان دەکرد. پێدەچوو تەنیا بێزار و بێتاقەت بن، هەستمکرد گەنجانی بەڕێزن و دنیایان داوەتە بەر کلکان و گوێ بە هیچ شتێک نادەن لەم دنیایەدا.

خۆمان بە هەندێ ڕێگای خاکیی ڕەشدا کرد، یەکپارچە شتی فڕێدراو بوو: تاکە قۆندەرە، کراسی پڕتەقاڵی، جانتای دڕاو. هێشووە تریێ بۆگەن.. تاکە پێڵاوێکی دی.. شڕە پانتۆڵێکی جینز.. وایەرێک..

ئوتومبیلەکەم بە بەینی ئەو شتانەدا داژۆت. دوو کوڕیژگەی ڕەش پێست، کە تەمەنیان نزیکەی یازدە ساڵ دەبوو، تێپەڕین. نیگایەکی کینەئامێزی ئاشکرایان کردین. هەستم پێکرد، هەژارانی ڕەش پێست، خەڵکانی سپی پێست دەبوغزێنن و، هەژارانی سپی پێست ڕقیان لە ڕەش پێستە، تەنیا دەوڵەمەندانی ڕەش پێست و سپی پێست لە گەڵ یەکدا تێکەڵ دەبن و هەندێ دەرسی مەدەنیەتمان فێر دەکەن. ژمارەیەکی کەم لە سپی پێستان ڕەش پێستانیان خۆشدەوێ، خۆ بە دەگمەن تاقە ڕەش پێستێک هەیە کە سپی پێستی خۆشبوێ. ئەمە هێشتا کێشەیەکی گەورەیە، هەق نییە وابن، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دۆڕاوان دەبن بە کۆیلەی براوان، بیر لە چی

دەکەمەوە؟! دەزانم سیاسەت ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات و تەمەن ئەوەندەی بە بەرەوە نەماوە بەشی ئەوە بکات شتێک بکەم.

گەییمە مەزڵ، ئوتومبیلەکەم ڕاگرت، دابەزین و لە دەرگام دا. پەنجەرەیەکی چکۆلەی سەرووی دەرگاکە کرایەوە، چاوێک بەدیار کەوت، تەمەشای دەکردین: " ئەها... هانک و سارەن. " دەرگاکە کرایەوە و وەژوور کەوتین.

چوومەلای پەنجەرەکەوە و تەمەشای دەرەوەم کرد، جون لێی پرسیم: چیتە؟

- دەبێ ناوبەناو تەمەشایەکی ئوتومبیلەکە بکەم.

- دروستە، وەرە لە گەڵما با هەر دوو مووبەقەکەت نیشانبدەم!

بەڕاستی دوو مووبەق لە ماڵەکەدا هەبوو، هەر مووبەقێک فڕنێک و یەخچاڵێک و مەغسەلێکی قاپ شۆردنی تیابوو.

-جاران ماڵەکە دوو شوقە بووە و پاشان لێکدراون و کراون بە یەک ماڵ.

سارە گوتی: جوانە! تۆ دەتوانی لە مووبەقێکیاندا چێشت لێبنەی و فرانسواش لەویتریاندا.

- حاڵی حازر لە سەر هێلکە دەژین، مریشکی هێلکەکەرمان زۆرن...

- خودایا! جون... یانی حاڵتان بەو ڕادەیە خراپە؟!

- نا وانییە، زۆرمان بیر لە بابەتی مانەوەی دوور و درێژی خۆمان لەم شوێنەدا کردووەتەوە و پاشان بڕیارمان دا زۆربەی پارەکانمان بۆ کڕینی مەی و جگەرە تەرخان بکەین. دەنگ و باسی سیناریۆکە؟

- حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە چەند لاپەڕەیەکی باشم لێنوسیوە، بەڵام هەندێجار، کێشەی زاراوەێن وێنەگریم دێتەڕێ: جووڵەی کامێرا، نزیک خستنەوەی وێنەکە، جوڵاندن و سوڕاندنەوەی کامێراکە بە هەر دوو باری ئاسۆیی و ستوونیدا.. زۆر زاراوەی دی.

- خەمت نەبێ، بۆ منی بەجێ بهێڵە.

سارە پرسی: ئەدی فرانسوا لە کوێیە؟

-لەو ژوورەی دییە، وەرن...

چووین بۆ لای فرانسوا، بەدیار ڕۆلێتەکەوە دانیشتبوو و دیسکی ڕۆلێتەکەی دەسوڕاندەوە. فرانسوا کە دەخواتەوە لووتی سوور دەبێتەوە، لە کاراکتەری فیلمی کارتۆن دەچێ، تا زیاتر بخواتەوە، خەمبارتر دەبێ. خەریک بوو مژی لە جگەرەیەک دەدا کە لە تەواوبووندا بوو، و تۆپەڵە دووکەڵی لە دەمیەوە دەردەدا، بوتڵێکی بەتاڵی شەرابی لەلاوە بوو.

فرانسوا گوتی: هەر ئێستا شەست هەزار دۆلارم بردەوە، هێشتاش لەم شەرابە هەرزان باییە دەخۆمەوە کە جون کڕیویەتی، دەڵێت جۆرێکی باشە، بەڵام چلکاوێکی پاڵاوتەیە و هیچی دی! بوتڵی بە دۆلارێک و سی و

پێنج سەنت فرۆشتووە. ورگم بووە بە باڵۆنێکی پڕ لە میز! ئێستا شەست هەزار دۆلارم پێیە، قەناعەتم بەوە نییە هیچ کارێک بکەم یان هیچ شتێک بکەم! پیویستە کە... پێویستە بکوژم... پێویستە خۆم بکوژم!

جون وەڵامی دایەوە: لە سەرخۆ فرانسوا، با میوانەکانمان ببەین و مریشکەکانیان نیشانبدەین.

-مریشک! هێلکە! بەردەوام هێلکە دەخۆین! هیچ شتێک نییە جگە لە هێلکە! قەد قەد قەد! مریشکەکان هێلکە دەکەن! شەو و ڕۆژ کاتم بووە بەوەی، مریشکەکان لە منداڵانی ڕەش پێست پاسبکەم! بەردەوام منداڵانی ڕەش، بە دیواری ماڵەکەدا هەڵدەگەڕێن و ڕادەکەن بۆ کولانە مریشکەکان. ئیدی بە دارێکی درێژ تێیان بەردەبم و هاواریان لێدەکەم: " هەی قەحپە دایکینە، لە مریشکەکانم دوور بکەونەوە، با هێلکەکانیان بکەن! " فریا ناکەوم بیر لە ژیان یا مەرگی خۆم بکەمەوە، ڕۆژ هەتا ئێوارە بە دارە درێژەکەم ئەو منداڵە ڕەشانە ڕاو دەنەم! جون... هەندێ شەرابی دیکەم بۆ تێکە و، جگەرەیەکی دیم وێدە.

فرانسوا، سەرلەنوێ دیسکی ڕۆلێتەکەی بادا، ئەوسا چووین بۆ حەوشەی ماڵەکە تا ئەو کولانە مریشکانە ببینین کە فرانسوا بەخۆی دروستی کردبوو، زۆر مکوومی دروست کردبوو، بەڕاستی پیاوێکی بەهرەمەندە، بەڵام تۆڕی تەلی بۆ دەرگاکە بەکار نەهێنابوو، لە جیاتی تەل، شیشی بەکار هێنابوو، و قفڵی لە هەر دەرگایەک دابوو.

فرانسوا گوتی: هەموو شەوێک سەری مریشکەکان دەدەم، بەم جۆرە: " سیسیل لێرەی؟ " جواب دەداتەوە: " قد قد قد "،"برنادیت ئەدی تۆ لێرەی؟" دەڵێت: "قد قد قد" ئەوسا " نیکول " بانگی " نیکول " م کرد، وەڵامی نەبوو. باوەڕ دەکەی؟ وێڕای ئەو هەموو شیش بەند و قفڵانەش زەفەریان بە نیکول بردبوو و ڕفاندبوویان! نیکول ڕۆیی، بۆ هەتاهەتایە ڕۆیی! جون... جون... شەرابی دیم بدەیە!

گەڕاینەوە بۆ ژوورەوە، سەرو پێکی تازەمان تێکرد. جون، جگەرەیەکی دایە فرانسوا، دایگیرساند و گوتی: کە لە کاتی خۆیدا جگەرەم دەست دەکەوێ، دەتوانم لە سەر ژیان بەردەوام بم.

تۆزێکمان خواردەوە، ئەوسا سارە گوتی: جون، خاوەن ماڵەکە ڕەشە؟

- بەڵێ.

- باشە لێتانی نەپرسی بۆ لێرە خانوو بە کرێ دەگرن؟

- با.

- ئەدی چیت وەڵام دایەوە؟

- گوتم ئێمە دەرهێنەر و ئەکتەرین و خەڵکی فەرەنساین.

- چی گوت؟

- گوتی: واوووو...

- جگەلەوە؟

- ئەم شوێنە زۆر گونجاوە بۆ ئێوە.

بەدەم خواردنەوە و گفتوگۆوە بەردەوام بووین، ناوبەناو هەڵدەستم و بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕۆم، تا دڵنیا ببم کە ئوتومبیلەکەم لە جێی خۆی ماوە یان نا. بەدەم خواردنەوەوە تووشی عەزابی ویژدان بووم و گوتم: گوێ بگرە جون، ئەو پارەیەت بۆ دەگێڕمەوە کە بۆ نووسینی سیناریۆکە لێم وەرگرتبووی، وام لێکردووی بە تەنیا خۆت بە دیواراندا بکێشیت، ئەمە ترسناکە!

– نا، دەمەوێ سیناریۆکە بنووسیت، دەبێ بە فیلم، بەڵێنت دەدەمێ.

– باشە، پێستی سەرت بە نەعلەت بێ.

زۆرمان خواردەوە، ئەوسا جون گوتی: تەمەشا بکەن...!

لە درزی دیوارەکەوە شتێکمان بینی لە دەست دەچوو، دەستێکی ڕەش، لە درزی دیوارە سپیەکەوە دەجوڵایەوە، پەنجەکانی دەجولانەوە. وەکو گیانلەبەرێکی بچووک دەهاتە بەرچاومان.

فرانسوا هاواریکرد: لاکەوە لەوێ! دوور کەوە هەی بکوژی نیکول! زامێکی قووڵت کردە دڵم، زامێکی هەتاهەتایی. هەیدێ گوم بە لە بەرچاوم!

بەڵام دەستەکە نەڕۆیی.

فرانسوا، بەرەو لای دیوار و دەستەکە ڕۆیی: پێت دەڵێم لێرە برۆ. دەمەوێ بە ئیسراحەت شەراب بخۆمەوە و جگەرە بکێشم. تۆ بەرچاوم دەگری، هەتەری دیتنم دەشێوێنی! کە تۆ لەوێ بی هەست بە ئاسوودەیی ناکەم، لە بەینی قامکە ڕەشەکانتەوە تەمەشام دەکەی!

لێ دەستەکە دوور نەکەوتەوە.

" دەی باشە "، دارەکە ئامادە بوو، فرانسوا، دەستی دایە دارەکە و بەهەموو هێزی خۆیەوە دەیکێشا بە دیوارەکەدا، نەک جارێک و نە دووان و هاواری دەکرد: هەی مریشک کوژ، بۆ هەتا هەتایە دڵت بریندار کردم!

دەنگی فرانسوا زۆر بەرز بوو، گوێی پیاوی کەڕ دەکرد، ئەوسا دەنگەکە لە ناکاوا وەستا، دەستەکە دیار نەما. فرانسوا هاتەوە بۆ لای ئێمە: بە نەعلەت بی جون! جگەرەکەم سووتا، بۆ جۆرێکی باش ناکرێت؟

گوتم: گوێ بگرە جون، دەبێ بڕۆین.

– نا، تکایە، هێشتا دانیشتنەکەمان لە سەرەتادایە، هێشتا هیچت نەدیتووە.

– دەبێ بڕۆین، دەبێ کار لە سەر سیناریۆکە بکەم.

– چاکە، لەم حاڵەدا..

– بۆ ماڵ گەڕامەوە، سەرکەوتمە نهۆمی سەرەوە تا دەست بە نووسین بکەم. بەڵام شتێکی غەریب، ڕەنگە غەریبیش نەبێ، ئەویش ئەوەیە کە ژیانی جارانم لە چاو ئەوەی ئێستامدا، لە چاو ئەوەی ئەم ڕۆژانە دێتە پێشێ سەرکێشانە و شێتانە نەبوو.

ئیش و کاری سیناریۆکە بە باشی دەڕۆیی. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نووسینم بە پیشەی خۆم نەزانیوە، ئەوەندەی لە بیرم بێ هەمیشە ڕادیۆکەم دەخستە سەر موزیکی کلاسیکی، سیغارێ یان جگەرەیەکم دادەگیرساند، قاپێ بادەم هەڵدەپچڕی، ئیدی تایپەکە بەخۆی کارەکانی دی ئەنجام دەدا. ئەوەی لە سەر من بوو، ئەوە بوو کە لە ناو ئەو شتانەدا بم.

کە ژیان هیچی پێشکەش نەدەکردم، کە ژیانم فیلمێکی ترسناک بوو، نووسین هاندەرەم بوو بۆ بەردەوام بوون. تایپەکە هەمیشە ئامادە بوو، کە بارم سووک بکات، یارمەتیم بدات، قسەم لە گەڵدا بکات، دڵخۆشیم بداتەوە، پاشەڵم ڕزگار بکات. لە بنەڕەتدا لەبەر ئەمە دەنووسم: بۆ ئەوەی پاشەڵم لە شێتخانە ڕزگار بکەم، خۆم لە نووسینی سەر جادان ڕزگار بکەم، خۆم لە خۆم ڕزگار بکەم.

یەکێک لە خۆشەویستە کۆنەکانم هاواری بە سەرا کردم، بەڕووما هەڵشاخی: " تۆ بۆیە دەخۆیتەوە تا لە واقیع ڕابکەی ". وەڵامم دایەوە: " هەڵبەتە گیانەکەم " . بوتڵێ مەیم هەیە و تایپێکم هەیە، لەوە زیاتر چیم گەرەکە، هەشت بێ و لە مشت بێ نەک نۆ بێ و لە دەشت بێ.

بەهەرحاڵ سیناریۆکە باش دەڕۆیی، بە پێچەوانەی ڕۆمان و چیرۆکێن کورت و شیعرەوە ( شەوێ دووان لە نووسین دەوەستام و دەستم پێدەکردەوە )، سەبارەت بە سیناریۆکە هەموو شەوێ کارم لە سەر دەکرد، تا تەواوم کرد. پاشان پەیوەندیم بە جونەوە کرد: نازانم چیم نووسیوە، بەڵام تەواوم کردووە.

– زۆرچاکە! حەز دەکەم بێم و دەقەکە وەربگرم، بەڵام لێرە ئاهەنگی فراڤینمان هەیە، خواردنەوە وخواردن و میوان، فرانسوا شێڤمانە. دەتوانی بێیت و سیناریۆکەش لە گەڵ خۆتدا بێنیت؟

– پێم خۆشە بێم، بەڵام دەترسم بە ئوتومبیلەکەم بێم بۆ گەڕەکەکەی ئێوە.

– نا، هانک، مەترسە، کەس ئوتومبیلە فولکسە کۆنەکەی تۆ نادزێ.

– جون، ئوتومبیلێکی بی ئێم دەبلیوم کڕیوە!

– چی؟!

– پێرێ، کابرای شیرەتکاری باجان پێی گوتم کە داشکانی باجی لە سەرە.

– داشکانی باج! شتی وا مەحاڵە.

– وای وت. هەروەها گوتی کە لە ئەمریکا... ئەگەر بەخۆت پارەکانت خەرج نەکەی... خۆیان لێتی دەسەنن. جا ئێستا ناتوانن پارەکانم لێ بسەنن، چونکە خەرجم کردووە.

– بەڵام دەبێ سیناریۆکە بدینم! بەبێ ئەوەی دەقێکم پێ بێ و بە بەرهەمهێنەرەکانی نیشانبدەم، کارەکە ڕایی نابێت.

– باشە، فرۆشگای " رالف " پێدەزانی، ئەوەی کەوتووەتە دەرێی تاخی بیانیان؟

– بەڵێ.

- ئوتومبیلەکەم لەوێندەر ڕادەگرم و هەر لە فرۆشگاکەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم، ئیدی بەخۆت وەرە بە شوێنما، چۆنە؟

- باشە، ڕێکەوتین.

من و سارە لە ناو ئوتومبیلە بی ئێم دەبلیووە ڕەشەکەمانا چاوەڕوانمان کرد، تا جون هات کە لە گەڵ خۆیدا بۆ تاخی بیانیانمان ببات. پێی گوتم: باشە کە ڕەخنەگران و خوێنەران و دڵبەندان... وەختایەک بزانن تۆ بی ئێم دەبلیوت کڕیوە چ دەڵێن؟

- هەڵبەتە، ئەو گەوجانە پێویستە لە سەر ئاستی نووسینەکانم دادگاییم بکەن.

- بەڵام هەموو جار واناکەن.

- ئیدی ئەوە کێشەی خۆیانە.

- سیناریۆکەت لە گەڵ خۆدا هێناوە؟

سارە وەڵامی دایەوە: بە منە.

- سوپاس سکرتێرەکەم!

- کارێکی گرینگت نووسیوە.

- من بلیمەتی بی ئێم دەبلیوەکەم.

گەیشتینە ماڵەکەی جون، چەند ئوتومبیلێک لە بەر ماڵەکە وەستابوو. کات ڕۆژ بوو، دەوروبەری سەعات یەک و نیوی نیوەڕۆ بوو. چووینە ماڵەکەوە و، پاشان چووینە حەوشەکەی پشتەوە.

ئاهەنگی فراڤین نزیکەی سەعاتێک بوو دەستی پێکردبوو، شووشەی بەتاڵ لە سەر مێزە دارینەکان بڵاو بووبووەوە. قاژە کاڵەکی نیمچە خوراو لە بەر هەتاوەکە فڕێ درابوو، مێش بۆ خولەکێک تێی دەوڕوکا و دەفڕی. پێدەچوو میوانەکان بەلای کەمەوە سێ سەعات بێ لەوێندەر دانیشتبن. یەکێک بوو لەو ئاهەنگانەی کە دابەش کرابێ بە سەر گرووپێن جیاوازەوە، بۆ نموونە گرووپێکی سێ چوار کەسی لێرە دانیشتبوون، هەقیان نەبوو بەسەر ئەو گرووپە سێ چوار کەسیەی لەوێندەر دانیشتوون.

تێکەڵەیەک بوون لە ئەورووپاییان و خەڵکێن هوڵیوود و خەڵکانی دی، بەڵام ئەوانی دی سیمایەکی دیار و تایبەتیان نەبوو و ڕژد بوون لە سەر ئەوەی لێرە بمێننەوە. هەستمکرد بوغز و کینە لە شوێنەکەدا بڵاوە، بەڵام نەمتوانی هیچ شتێک لە هەنبەریا بکەم. جون هەستی بەمە کرد، چەند بوتڵە شەرابێکی بۆ هەڵپچڕیم.

چووین بۆ لای فرانسوا، لە لای مەقەڵی برژاندنەکە بوو، پێدەچوو لە نێوان سەرخۆشیەکی ئاشکرا و پەستیەکی تووندا بێ. خەریک بوو پارچە مریشکی لە سەر ئاگرەکە هەڵدەگێڕایەوە، پارچە مریشکەکان بە ڕاستی برژابوون و فرانسوا هێشتا هەر هەڵیدەگێڕایەوە. ڕواڵەتی فرانسوا هەژارانە و نالەبار بوو، سەپقەیەکی سپی گەورەی، وەکو ئەوەی شێفان لە سەری دەکەن، لە سەر نابوو، بەڵام چەند جارێک لە سەری کەوتە سەر

ئەرزەکە، تا لە پەڵە قوڕا هەڵکشا. کە ئێمەی بینی گوتی: من چاوەڕوانی ئێوەم دەکرد! زۆر دوا کەوتن! چیتان بۆ پێشهات؟ گلەیی بێ لێتان!

– ببورە فرانسوا، دەبوایە ئوتومبیلەکە لەلای فرۆشگای " رالف " ڕابگرین.

– هەندێ مریشکم لەبەر ئێوە هەڵگرتووە، کەرەمکەن!

دوو قاپی سەفەری هێنا، سەرو تۆزێ مریشکی برژاوی تێکردن.

–سوپاس فرانسوا.

مێزێکم پەیدا کرد و لە گەڵ سارەدا دانیشتین، هەروەها " جون " ش لە گەڵماندا دانیشت و، گوتی: فرانسوا پەستە، وادەزانێ من یەکێک لە مریشکەکانیم لە پێناوی دەعوەتەکەدا کوشتووەتەوە . پێشتر مریشکێک نەهاتووەتە دنیاوە کە ئەم هەموو ڕان و باڵ و سینگەی هەبووبێ. چەند جارێک مریشکەکانم سەرژمێر کرد، ژمارەیان تەواو بوو، بەڵام کە سەرخۆش دەبێ، وادەزانێ من یەکێک لە مریشکەکانیم کوشتووەتەوە. لە کاتێکا من ئەم پارچە مریشکانەم لە فرۆشگای ڕالف کڕیووە.

سارە گوتی: فرانسوا زۆر هەستیارە.

جون لە سەری ڕۆیی: بۆ ئەوەی کارەکە خراتر بکات، خۆی هەڵدەکێشێت و بە خۆیەوە دەفشێ، کە گوایە ئەو مریشکەکان لە دزی دەپارێزێ. ئیدی تەلی دڕکاوی ڕایەڵ کردووە و ئامێری ئینزاری لە هەموو شوێنێ داناوە، ئامێری ئینزاری زۆر هەستیار، جارێکیان تڕێکم بەردا، ئامێرەکە کەوتە ئیش کردن.

– جون، فشە مەکە.

– نا، ئەمە حەقیقەتە. بەڵام قوڕەکە خەست تر بووەوە، ڕۆژی دوایی فرانسوا دەرچوو تا ئیش بە ئوتومبیلەکەی بکات، سلفی لێدا، بەگی دانا، لێ ئوتومبیلەکە لە جێی خۆی نەجولا. لە هەوەڵەوە وایزانی، گێڕەکەی تەواو نییە، کە لە ئوتومبیلەکە دابەزی، سەیری کرد، تەگەرەکانی دواوەی نەماون.

– باوەڕ ناکرێ!

– باوەڕ بکە، پاشەڵی ئوتومبیلەکە لە سەر دوو بەرد دانرابوو و تەگەرەکان برابوون!

– ئەدی تەگەرەکانی پێشەوەیان نەبردبوو؟

– بەڵێ.

سارە پرسی: ئەدی تەگەری تازەتان لە کوێ کڕی؟

– هەمان تەگەرەکانی خۆیمان لە دزەکە کڕییەوە.

– چی؟! پێکێکی تازەم بۆ تێکە.

– لە دەرگایان دا و گوتیان: " تەگەرەکانتان دەوێتەوە؟ لە لای ئێمەن. "

پێمگوتن وەرنە ژوورەوە، کەچی فرانسوا هاواریکرد: " دەتانکوژم! "

داوام لێکرد هێور بێ. بڕێک شەرابمان لە گەڵیاندا خواردەوە، ئیدی کەوتینە گفتوگۆ لە سەر نرخەکەی، ئیدی وەختێکی زۆرمان بە گفتوگۆ و شەرابەوە بەسەربرد. لە کۆتاییدا پێکهاتین، هەردوو تەگەرەکەیان بە ویلەکانیانەوە هێنا لە بەردەمماندا فڕێیان دان، ئیدی ئاوها.

سارە پرسی: چەندتان دانێ؟

- سی و سێ دۆلار، مامەڵەیەکی سەرکەوتوو، لە بری جووتە تەگەر و تایەکان.

گوتم: خراپ نییە.

- لە ڕاستیا، مامەڵەکە سی و هەشت دۆلار لە سەرمان کەوت، پێنج دۆلاری زیادەمان دانێ، لە بری ئەوەی بەڵێنمان بدەنێ کە جارێکی دی تەگەرەکان نەدزنەوە.

- بەڵام وای دابنە کەسێکی دی تەگەرەکانی دزی؟

- گوتیان، ئەم پێنج دۆلارە، زامنە کە چ کەسێک دەست بۆ تەگەرەکان نەبات، بەڵام گوتیان ئەم زامنە تەنیا تەگەرەکان دەگرێتەوە، بەشەکانی دیکەی ئوتومبیلەکە ناگرێتەوە.

- باشە، ڕێکەوتنێکی دیکەی وەکو ئەمەتان کرد؟

- نەخێر، ڕۆیشتن. بەڵام لە دوای ڕۆیشتنی وان سەیرمان کرد ڕادیۆکە نەما. خۆ بە درێژایی ماوەکەش چاودێریمان دەکرد و، لە گەڵ ئەوەشا ڕادیۆکە دزرا، نازانم چۆن توانیان بیدزن، خۆ ئەگەر بڵێی ڕادیۆیەکی گەورەش بوو، چۆنیان شاردەوە؟ چۆن لە دەرگاکەوە بردیانە دەرەوە؟ تێناگەم! بەڕاستی کارێکی سەیر و سەمەرەیە!

- وایە.

جون، هەستا و سیناریۆکەی هەڵگرت: پێویستە بیشارمەوە، شوێنێکی نهێنی شک دەبەم. هانک زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەم کارەت.

-کارێکی ئاسان بوو، بلەز پارە پەیدا دەکات، خۆفرۆشە.

جون، بە سیناریۆکەوە ڕۆیی، تەمەشای پارچە مریشکەکەی ناو قاپەکەم کرد: خودایا! ناتوانم بیخۆم، سووتاوە و بووە بە بەرد.

-منیش ناتوانم ئەوەی خۆم بخۆم.

- تەنەکەیەکی خۆڵ لە لای دیواری حەوشە هەیە، با بیخەینە ئەو تەنەکەیەوە.

بەرەو لای تەنەکەی خۆڵەکە چووین، بە درێژایی حەسارەکە ڕوخساری ڕەشی چکۆلە هەبوون کە لە سەرێ ڕا تەمەشایان دەکردین، چاودێریان دەکردین. پاشان هاواریان دەکرد: " با تۆزێ مریشک بخۆین... باڵێکم وێدە کوڕی سەگ ". بەدەم ڕێوە گوتم: سووتاوە، ناخورێ، کەس نایخوات.

لە ناکاوا دەستێکی چکۆلە درێژ کرا و پارچە مریشکێکی ڕفاند، دەستێکی دی درێژکرا و بەشە مریشکەکەی سارەی ڕفاند. پاشان هەر دوو کوڕەکە هەڵاتن و بەدەم هاوارەوە دوور کەوتنەوە، کۆمەڵێک منداڵی دی بەدەم هەرا و زەناوە دوویان کەوتن.

سارە گوتی: هەندێجار ڕقم لە سپیەتی خۆمە، پێم ناخۆشە کە سپیم.

-هەندێ بیانیش سپین و، هەندێ دەوڵەمەندیش ڕەشن.

- بەراورد ناکرێن.

- بەڵام من نازانم چ بکەم و چ وەڵامێک بدەمەوە!

- لە شوێنێکەوە دەست پێبکە.

- جورئەت ناکەم، من زۆر لە پاشەڵی سپی خۆم دەترسم. با بە گەڵ ئەو گرووپە بکەوین و لە گەڵ ئەواندا بخۆینەوە.

- ئەمە وەڵامی تۆیە بۆ هەموو شتێک: با بخۆینەوە!

- نەخێر، ئەمە وەڵامی منە بۆ هیچ شتێک!

هێشتا ئاهەنگەکە، ئاهەنگی گرووپێن پەراگەندە و دوور لە یەکدین.

تەنانەت لە حەوشەی ئەم خانووە چۆڵەشا، شوێن هەیە تایبەتە بە بیانیان، هەیە تایبەت بە خەڵکی " ماليبو "، هەیە تایبەت بە ڕۆنیشڤانانی " بفرلی هیلز ". بۆ نموونە، شیکترین خەڵک، پۆشتە و بۆشناخترین خەڵک پێکەوە دەسوڕێنەوە. هەر بەشەرە و بە دووی هاوتای خۆیدا دەگەڕێ و حەز ناکات لە گەڵ خەڵکانی دیدا تێکەڵاو ببێت. پێم سەیرە، چۆنە هەندێکیان هاتوون بۆ تاخی بیانیان لە ڤینیس، ڕەنگە بە گەڕەکێکی خۆشیان زانی بێ. ئەوەی ڕەوشەکەی خراتر کردووە، گەلەک لە نێودارەکان، تەنیا گەوجان و ترسنۆک و خوێڕی و تۆرین. چاویان لەوەیە دەستکەوتێکیان دەست بکەوێ یان قومارێک بەرنەوە و پێگەیان بەرزبکاتەوە. یان بە سەدەمی کەودەنی جەماوەری خەڵکەوە دەوڵەمەند ببن، ئەمانە خەڵکانی بێ بەهرەن، بێ چاون، بێ ڕۆحن. ئەمانە تەپاڵە و تەرسە قولن و لە سەر دوو پێیان دەڕۆن، بەڵام لە چاوی جەماوەردا نیمچە خوان! و لوتکەی جوانی و جەلال و شکۆن. زەوقی سەقەت، دەیان میلونێر دروست دەکات، زۆر زیاتر لەوەی زەوقی ناسک دروستی دەکات. زۆرجار نرخی خەڵکانێک بەوە پێوانە دەکرێ کە بەرزترین ڕێژەی دەنگ دێنێت. لە مەڵبەندی جرجاندا... جرج دەبێ بە مەلیک، کێ بەهای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ؟! کەس.

فرانسوا، لە پشت مێزەکەی خۆیەوە دانیشتبوو، چووین و لە گەڵیا دانیشتین. زۆر خەمین بوو، لێ بووبووەوە، بە حاڵ ناسینیەوە. جگەرەیەکی تەڕی بەلا لێوەوە بوو، دەیخواردەوە و هێشتا شەپقەکەی، ئەوەی لە هی شێڤان دەچوو، بەسەرەوە بوو. فرانسوا لە خراپترین حاڵەتەشیا، هەر سەرحاڵ و زیتەڵ بوو، بەڵام ئەمڕۆ بە تەواوەتی داڕمابوو. گوتی: چما دێر کەوتن؟ تێناگەم! بە ئانقەست کاتی فراڤینەکەم دواخست و چاوەڕوانم کردن! چما دوا کەوتن؟!

- هاوڕێ، چۆنە بچی بخەوی؟ سبەی چاک دەبیتەوە.

– سبەی؟! هەموو سبەیەک وەکو ئەمڕۆیە، ئەمە کێشەکەی منە!

جون هاتەوە: من مدارای دەکەم، چاک دەبێتەوە، وەرن لە گەڵ منا با بە هەندێک لە میوانەکانتان بناسێنم.

– نا، دەبێ بڕۆین.

– هێشتا زووە.

– من دڵم لەلای بی ئێم دەبلیوکەمە.

– دەی باشە، دەتگەیەنم.

ئوتومبیلەکە لە شوێنی خۆی بوو. سوار بووین و دەستی خاترخوازیمان بۆ جون هەڵبڕی، ئەویش بەرەو تاخی بیانیان و بۆ لای ئاهەنگەکە و فرانسوا گەڕایەوە.

گەیشتینە ئوتوبانەکە، سارە گوتی: باشە، ئیدی سیناریۆکەت نووسی، بەلای کەمەوە شتێکت ئەنجام دا.

– بەلای کەمەوە؟!

– قەناعەتت بەوە هەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بکرێ بە فیلم؟

– دەربارەی ژینامەی گەنجێکی مەی ئالوودەیە، کێ گوێ بە ژیانی بابایەکی ئالوودە دەدات؟

– من گوێی دەدەمێ، تۆ کێت پێ باشە، دەوری قارەمانی فیلمەکە بدینێ؟

– فرانسوا.

– فرانسوا؟

– بەڵێ.

– خواردنەوەت لە ماڵەوە هەیە؟

– نیو سوراحی شەرابی " بوجولیه " ی فەرەنسیم هەیە.

– ئەمە بەسە.

پێم بە بەنزیندا نا و، بەرەو ماڵ بووینەوە.

## (( ١٨ ))

جون، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک مژوول بوو، چەند دانەیەکی لە سیناریۆکە کۆپی کردەوە و ناردی بۆ بەرهەمهێنەران و بەڕێوەبەری کاران و ئەکتەران. من گەڕامەوە سەر نووسینی شیعر، و داهێنانی ستایلی تازەی گرێو لە سەر پێشبڕکێی ئەسپان. گرێو لە سەر ئەسپان بۆ من کارێکی گرینگ بوو، دەیکردە کارێک ئەوەم لەبیر بچێتەوە کە من نووسەرم. پەیوەندیم دەگەڵ نووسیندا زۆر غەریبە، بەڕاستی پێویستیم بە نووسینە، نووسین بۆ من وەکو جۆرە نەخۆشییەکی بێ دەرمان یان ئالوودە بوونە بە مادەێن هۆشبەر، ئیدی

شتێکە ناچارم بیکەم. بەڵام حەز ناکەم خۆم بە نووسەر بزانم، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە لە ژیانما ژمارەیەک نووسەری زۆرم دیتوون و زۆربەی کاتی خۆیان لە جیاتی بە پەرەپێدانی نووسینەکانیان بەرنە سەر، بە زەمی نووسەرانی دیکەوە دەیبەنە سەر. نووسەران چەنەباز وهەرزەگۆن، لە پیرە کچانی شوو نەکردە دەچن، یەکتر دەگەزن، تانە لە یەکدی دەدەن، خۆیان هەڵدەکێشن و پڕبا دەکەن. گەورە داهێنەرانمان لە کوێن؟ ئاخۆ هەموویان بەم شێوەیە بوون؟ پێدەچێ وابووبن. ڕەنگە نووسین جۆرە خاپاندنێک بووبێ و، هەندێکیان لە هەندێکیان خاپینۆکتر و فریبۆکتر بوون.

بەهەرحاڵ، چەند کۆپیەکی سیناریۆکە دابەش کرا، بەڵام چ کەسێک خۆی لێ بە خودان نەکرد. هەندێکیان گوتیان کارێکی گرینگە، بەڵام گلەیی سەرەکیان ئەوە بوو کە فیلمێکی لەم جۆرە، جەماوەرێکی زۆری نابێت. حەزیان دەکرد فیلمەکە دەربارەی پیاوێکی مەزن یان ئاوارتە بوایە، کە بە خواردنەوە خۆی وێران بکردبا، بەڵام قەناعەتیان بەوە نەبوو کە فیلمەکە دەربارەی سەرگەردانێ یان دوو سەرگەردانی ئالوودە بێ، کێ گوێ بەو جۆرە خەڵکانە دەدات؟ کێ لە خەمی ئەوەدایە چۆن دەژین و چۆن دەمرن؟

جون، تەلەفۆنی بۆ کردم: گوێ بگرە، ماک ئوستن سیناریۆکەی خوێندووتەوە و زۆری بە دڵە، دەیەوێ دەرهێنانی سینەمایی بۆ بکات، گەرەکیەتی هەمان ئەکتەر، دەوری قارەمان بدینێ کە من دەمەوێ.

- کێهە ئەکتەر؟

- تۆم بیل.

- بەڵێ، دەبێ بە سیمامەست و ئالوودەیەکی نموونەیی.

- بیل، زۆری حەز لە سیناریۆیە، دڵبەندی نووسینەکانی تۆیە، هەموو کتێبەکانتی خوێندووەتەوە. ئەم سیناریۆیە عەقڵی بردووە. گوتی ئامادەیە بە یەک دۆلار ئەو ڕۆڵە بدینێ.

- خودایا!

- بەڵام سوورە لە سەر ئەوەی ماک ئوستون دەرهێنان بۆ فیلمەکە بکات و، من تاقەتی ماک ئوستنم نییە، دوژمنمە.

- بۆچی؟

- کۆمەڵێک کێشەمان لە نێواندا هەبووە.

- باشە چ دەڵێی ئاشت ببنەوە و کێشەکە ببڕێتەوە؟

- هەرگیز! نابێ ماک ئوستن، ئەم فیلمە دەربێنێ!

- دەی باشە جون، کەواتە با ئەم مەسەلەیە فەرامۆش بکەین.

- نا، چاوەڕوان بکە، دەمەوێ من و ماک ئوستن و جیم بیل لە ماڵی تۆدا یەکدی بدینین، هەڵبەتە تۆش. بەڵکو بتوانی قەناعەت بە جیم بیل بکەی کە ڕەئی خۆی بگۆڕێت و، بەبێ ئوستن، دەور لە فیلمەکەدا بدینێ. بەخۆت دەزانی کە ئەکتەرێکی گەورەیە.

– دەزانم، کەواتە دەعوەتیان دەکەم بۆ ماڵی خۆم. ڕۆماناش لە گەڵیا دێت؟

– نەخێر.

( توم بیل ڕۆمانای خواستبوو، گۆرانی بێژێکی بەنێوبانگی پۆپە ).

– باشە، کەی دێن؟

– وا ڕێکەوتووین، سبەی ئێوارە سەعات هەشت و چارەک یەکدی بدینین، ئەگەر تۆ ڕێگەمان بدەی.

– ئەدی بۆچی وا بەپەلەی؟

– لە گەمەیەکی وادا، یان دەبێ بەپەلە بی یان بمریت.

– کەواتە لە شەترەنج ناچێت؟

– لە یاریی دامەی نێوان دوو گەوج دەچێت.

– و یەکێک لە دوو گەوجەکە براوە دەبێت؟

– ئەویتریان دەدۆڕێت.

هەندێ زانیاری تازەم دەربارەی ناکۆکی نێوان جون بینشو و ماک ئوستن پێگەیی. هەرچەندە جون زۆربەی فیلمەکانی لە ئەوروپا دروست کردبوو و، ئوستن لە ئەمریکا، بەڵام ئەستێرەکانی سینەما، هاتوچۆی هەمان شوێن دەکەن لە هولیوود. جون و ماک ئوستن، لە هەمان خوارنگە نانیان دەخوارد، دڵنیا نیم کە کامیان سەرخۆش و کامیان بەهۆش بوو. بەڵام قەرقەشەیەک کەوتە نێوان هەر دوو دەرهێنەرەکە و هەر کەسەش لە سەر مێزی خۆی دانیشتبوو. قەرقەشەیەک بوو کە زاراوەێن پیشەکەی تێدا بەکار هێنرا: تەکنیک، پاشخان، مەشق، دیمەن... هتد. لە کۆتاییدا، ماک هەستا و هاواری بە سەر جون دا کرد: " تۆش خۆت بە دەرهێنەر دەزانی؟ تۆ ناتوانی وێنەی حەرەکە هاتوچۆ بگری! " من نەمدەزانی وێنەگرتنی هاتوچۆ پێویستی بە توانا و بەهرەیەکی گەورەیە. بە هەرحاڵ کاتی خۆی خەڵکانێک هەبوون، بە ئاشکرا " ماک " یان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە ناتوانێ بە باشی حەرەکەی مروور وێنە بگرێ، کەچی ئێستا هەر ئەوانە خۆیان ستایشی دەکەن، هەموو شتێک، لە دنیای درۆ و هولیوودا شیاوە و دەشێت.

پاشان، هەندێ هۆی دیکەم سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان جون و ماک بیست. با واز لەوە بێنین، کاتی دیدارە چاوەڕوان کراوەکە هاتووە...

هندور – ماڵی نووسەر – سەعات پازدە و هەست خولەک ی ئێوارە:

جون زوو گەییە جێ: چاوەڕوان بکە تا ئەم ئوستن ناوە بدینی، لەو دوایانەدا وازی لە ئەلکول و مادەێن هۆشبەر هێناوە، دوای ئەوەی جەستەی وەکو تایەی پەنچەر یان گۆرەوی بەتاڵی لێهات.

سارە گوتی: کارێکی زۆر چاک دەکات کە جەستەی خۆی لە ژەهران پاک دەکاتەوە و ئازاشە.

–ڕەنگە.

نزیکەی سەعات هەشت و سی و پێج خولەک، هەردووکیان گەیشتن. تۆم پاڵتۆ چەرمە ئاساییەکەی لەبەردا بوو، ماک پاڵتۆیەکی لەبەر بوو کە لە چەرمی گوێرەکە دروست کرابوو، لە خوارەوە ڕیشوی چەرمینی پێدا شۆڕ بووبووەوە. نیو دەرزەن ئەڵقەی زێڕی بە ملەوە بوو، پێشوازیمان لە هەردووکیان کرد، شەرابم بۆ تۆم تێکرد و، لە دەوری مێزەکە ڕۆنیشتین.

تۆم دەستی بە قسان کرد: سیناریۆکەم خوێندەوە و بە دڵم بوو. دەمەوێ ئەو خوێڕییە بە ددان پارچە پارچە بکەم... هەستم بە تامی گۆشتەکەی دەکرد... من ئەم جۆرە دەورانە دەزانم.

-سوپاس برادەر، دەورەکەی تۆ تاقە دەورە کە ئەکتەرمان بۆ دۆزیوەتەوە.

ماک گوتی: من و تۆم سپۆنسەرمان دۆزیوەتەوە، و حاڵی حازر ئامادەین بۆ دەست پێکردن.

گوتم: مارک پێکێ ناخۆیتەوە؟

-نەخێر، سوپاس.

سارە گوتی: شووشەیەک سودات بۆ دێنم، یان حەزت لە چایە؟

-سۆدا بۆ من باشترە.

سارە ڕۆیی، تا شتێک بۆ ماک بێنێ، ئەعسابی هێور بکاتەوە، هەندێ سۆدای تەندروستیمان هەبوو، یەکەم نەخب!... پەرداخەکەی خۆم هەڵدا و پێکێکی دیکەم تێکرد. هەستم دەکرد ناگەینە هیچ ڕێکەوتن یان ئاشتەواییەک.

تۆم گوتی: حەز دەکەی ماک دەرهێنان بۆ فیلمەکە بکات، دەزانم چۆن کار دەکات، متمانەم بە کاری ئەو هەیە.

جون بەرسڤی دایەوە: ئەدی متمانەت بە کاری من نییە؟

-مەسەلەکە ئەوە نییە، بەڵام هەست دەکەم وەختایەک لەگەڵ ماک دا کار دەکەم، داهێنانم زیاترە.

-من تاقە دەرهێنەرم کە ئەم فیلمە دەردەهێنێ.

- جون، گوێ لە من بگرە، دەزانم ئەم فیلمە بۆ تۆ شتە، خەمت نەبێ کارێکت لە فیلمەکەدا بۆ دەدۆزینەوە و، پارەیەکی باشت دەدەینێ و، سەرپەرشتی چەندین کارت پێ دەسپێرین. تکات لێدەکەم بەمە قاییل بە، دەمەوێ کارەکە دەست پێبکات، تکایە لێم حاڵی بە.

سارە گەڕایەوە، سۆدەکەی ماکی هێنا، ماک گوتی: دەزانم من بە کارکردن لە گەڵ ماکدا ئاسوودە دەبم و داهێنان دەکەم.

جون، ڕاپەڕی: وانییە!

ماک بەرپەرچی دایەوە: بڕۆ وێنەی جووڵەی هاتوچۆ بگرە.

گەنگەشەکە چەند سەعاتێکی خایاند، من و سارە و جون، بە خواردنەوەوە مژوول بووین و، هەروەها " توم " ش، بەڵام ماک کە گوایە پارێزی دەکرد، تەنیا سۆدەی دەخواردەوە. سارە گوتی: هەمووتان وەکو گاجووتان سەرسەختن، گومان لەوەدا نییە دەتوانین بگەینە چارەسەرێک.

بەڵام گەنگەشەکە وەکو چۆن دەستی پێکرد بەو ئاوایە بەردەوام بوو، کەس نەهاتە ڕەدایە، منیش هیچ بیرۆکەیەکی بەسوودم لەلا نەبوو و، نەمتوانی کێشەکە چارەسەر بکەم. تەنانەت ڕەوتی گفت و گۆیەکەشمان گۆڕی، چیرۆک و سەربهوردی خۆشمان گێڕایەوەو شەرابێکی زۆرمان خواردەوە.

لە کۆتاییدا، نازانم کێ بوو کە چیرۆکێکی کۆمیدی دەگێڕایەوە، بەڵام زۆر کاری لە ماک ئوستن کرد، دای بە عەردا، هەرچەندە تەنیا خواردنەوە و خواردنی تەندروستی دەخواردەوە و دەخوارد، لە پێکەنینا لە سەر گازی پشت کەوت، و ئەڵقە زێڕەکانی ملی بە سەر سینگیەوە بەرز و نزم دەبوونەوە. ئەوسا خۆی جەم و جۆر کردەوە و هەستا.

ئەوسا کاتی جیابوونەوە هات، تۆم و ماک بڕیاریان دا بڕۆن و بەڕێمان کردن. دوای ئەوەی ئوتومبیلەکەیان دەرچوو، جون تەمەشای کردم و گوتی: ئەرێ گوێت لەو پێکەنینە دەستکردە بوو؟ ئەدی ئەو زنجیرە زێڕە بێ مانایەت بینی کە بەسەر سینگیەوە سەمای دەکرد؟!

-بەڵێ، بینیم.

سارە گوتی: زۆر شپرزە بوو، تاقە کەسی نێوانمان بوو کە سەرخۆش و مەست نەبوو. قەت ڕێکەوتووە دەگەڵ کۆمەڵێک سەرخۆشا دانیشتبی و لە گەڵیاندا نەخۆیتەوە؟

-هەرگیز شتی وا ڕووی نەداوە.

جون لێی پرسیم: دەتوانم تەلەفۆنەکە بەکار بێنم؟

- بێگومان.

- دەبێ، هەر ئێستا پەیوەندی بە پاریسەوە بکەم.

- خێرە؟!

- خەمت نەبێ، کرێی پەیوەندییەکە لە سەر وەرگر دەبێ. پێویستە قسە دەگەڵ پارێزەرە تایبەتیەکەمدا بکەم و وەسێتی مردنەکەم هەموار بکەمەوە...

- دەست پێبکە.

جون، چوو بۆ لای تەلەفۆنەکە، ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گوت وبێژێکی نێودەوڵەتی کرا، پەرداخەکانمان سەر لە نوێ تەژی کرانەوە.

سارە گوتی: کاروبارەکانی ئەم فیلمە زۆر خراپ دەڕۆن.

- دروستە، بەڵام ڕوودانی شتێکی خراپ، باشترە لەوەی هیچ شتێک ڕوونەدات. کردە پەشیمان نەک نەکردە پەشیمان.

- پێت وایە؟

- نازانم، بەخۆت بیری لێبکەوە، زۆر لە قسەکەی خۆم دڵنیا نیم.

جون، توانی پەیوەندی بە پاریسەوە بکات، هەم مەست بوو و هەم هەڵچوو بوو، گوێمان لێبوو کە بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد: بول... بەڵێ... من جون بینشوم! بەڵێ... بابەتەکە پەلەیە! دەمەوێ وەسێتنامەی مردنەکەم هەموار بکەمەوە! تۆ ئامادەی؟ بەڵێ چاوەڕوان دەکەم...

جون تەمەشای ئێمەی کرد: مەسەلە زۆر گرینگە.

ئەوسا لە تەلەفۆنەکەدا لە سەری ڕۆیی: بەڵێ... بول... فیلمێک هەیە، مافەکەی بۆ منە، ناوی " سەمای جیم بیم " ە، هنری چیناسکی نووسیویەتی! چاکە، لای خۆت تۆماری بکە. لە حاڵی مردنی مندا، ماک ئوستن بۆی نییە ئەم فیلمە دەربێنێ! هەموو کەسێکی ئەم دنیایە بۆی هەیە دەری بێنێ... جگە لە ماک ئوستن! پۆل گیان ئەوەت تۆمار کرد؟ بەڵێ، زۆر سوپاس پۆل. بەڵێ من باشم، ئەدی تۆ حاڵت چۆنە؟ باشی... هەر کەسێک بێ جگە لە ماک ئوستن! دووبارە سوپاس، شەوێکی خۆش، بە دوعا.

دوای تەلەفۆنەکە، پێکێکی دیکەمان خواردەوە، ئەوسا جون هەستا تا بڕوات، لێ لەبەر دەرگاکە وەستا و گوتی: ئەرێ گوێت لەو پێکەنینە درۆینەیە بوو؟ ئەدی ئەو زنجیرە زێڕانەت بینی کە بەسەر سینگیەوە سەمایان دەکرد؟!

-بەڵێ جون.

لەگەڵ سارەدا وەدەرکەوتین تا بانگی پشیلەکانمان بکەین، پشیلەمان هەبوون، تا هەموویانمان نەهێنابا ژوورەوە نەدەخەوتین. زۆرجار دەر و دراوسێکان گوێیان لێمان دەبوو کە لە ئاخر و ئۆخری شەوا یان لە بومەلێڵی بەیانی دا بانگی پشیلەکانمان دەکرد، بەڵام خەڵکی باش بوون و ڕوویان گرژ نەدەکرد، بەڵام ئەو پشیلە نەگریسانە بەدەم ڕێگاوە زۆریان پێدەچوو تا دەگەیشتنە ماڵەوە.

(( ١٩ ))

دوای سێ چوار ڕۆژ جون پەیوەندی کرد: جاک بلیدسو سیناریۆکەی خوێندووەتەوە و زۆری بە دڵە، دەیەوێ لە فیلمەکەدا دەور بدینێ. هەوڵمدا قەناعەتی پێ بێنم کە بە دوو قۆڵی بێین بۆ سەردانی تۆ، بەڵام ئەوەی بە شایستەی پایەی خۆی نەزانی و، گوتی پێویستە تۆ بچیتە سەردانی ئەو.

- ئایا چوونی من بۆ لای ئەو، شتێکی کەم لە پایەی ئەو کەم دەکاتەوە؟

- پێدەچێ، قەناعەتی وابێ.

- باشە تۆ پێت وایە ئەکتەرێکی باش بێ بۆ ڕۆڵی قارەمان؟

- بەڵێ، بۆ خۆی کەسێکی بازاڕیە، عەرەبانەیەکی هەبوو لە سەر جادە کەستانەی (شا بەڕوو) دەفرۆشت، کوڕی نیویورکە!

- هەندێ لە فیلمەکانیم بینیوە.

– ڕات بەرانبەری چییە؟

– ڕەنگە... هەقە، هەندێ لە بزەکانی کەم بکاتەوە، بەتایبەتی کە هیچ کارێکی دی نەبێت بیکات. پێویستە ئەوەندە بە مستان بەرنەبێتە یەخچاڵەکە، دەبێ لە ڕۆیشتنا کەمتر بە خۆی بفشێ، ئەوەی لە نیویورک دا فێری بووە، کە خەڵکی بە شێوەیەک ڕێ دەکەن وەکو ئەوەی مۆزێکیان تێ بڕابێ.

– جاران بۆکسەر بو، جاک بلید سو، هەر خۆی کوڕ بوو بە بانانەوە.

– هەموومان بۆکسەر بووین.

– باوەڕم پێبکە، پڕ بە پێستی ڕۆڵەکەیە.

– جون، کوڕی نیویورک دەرەقەتی ئەم دەورە نایە، قارەمانی فیلمەکە گەنجێکی خەڵکی کالیفوڕنیایە، گەنجانی کالیفوڕنیا، بە سەر کورسیە دارینەکانیانەوە خەو دەیانباتەوە، گورج و گۆڵ نین، لە سەر خۆن و حیساب بۆ هەنگاوی داهاتوو دەکەن، لە گەنجانی نیویورک کەم ترس ترن. بەڵام وێڕای ئەمەش توانای کوشتنیان هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ هەرا و زەنایەک، لە پێش جێبەجێ کردنەکەیدا بنەنەوە.

– ئەوەی پێ بڵێ.

– باشە، کەی و لە کوێ؟

ژوانمان سەعات هەشتی ئێواری بوو لە باکووری هۆلیوود، پێنج خولەک دێر کەوتین، بە ڕاڕەوێن تەنگ و تاریک دا بەرەو شوقەکە هەڵدەگەڕاین: هیوادارم شتێکی هەبێ بخورێتەوە، دەبوا شتێکمان لە گەڵ خۆدا ببردایە، سارە گوتی: بێگومان شتێکی هەیە بۆ خواردنەوە.

ژمارەی شوقەکەمان لێ تێکچوو، پاشان جونمان لە سەر بانێژەکەوە بینی کە بانگی دەکردین. بە قاڵدرمەکەدا بەرەو لای جون سەرکەوتین. ئەم شوقەیە یەکێک بوو لەو پەناگە نهێنیانەی جاک بەکاری دێنا.

جون دەرگاکەی کردەوە و پێکەوە وەژوورکەوتین. جاک بلیدسو لە سەر تەختێکی کۆن، لە گەڵ لینی فیدلوی هاوڕێیدا ڕۆنیشتبوو، ئەم لینی فیدلویە ئەکتەرێک بوو دەوری لاوەکی دەبینی. جاک بلید سو، هەمان کەس بوو لە سەر ئەکرانی سینەما دەردەکەوت، بەڵام لینی فیدلو، قەڵەوتر و کەتەتر و زەلامتر دەهاتە بەرچاو. پێدەچوو ژیان، کاری تێکردبێ، بگرە بە تەواوەتی غاراندبێتی. تەمەشای چاوە درشتە خەمناکەکانیم کرد، ڕوانیمە دەستە زەلامەکانی، کە شەکەت و بەلەنگاز بوو!

سڵاومان لێکدی کرد و تەعاروفمان کرد.

ئاماژەم بۆ لای لینی کرد و لە جاکم پرسی: ئەم پیاوە کێیە؟ پاسەوانی شەخسیتە؟

–بەڵێ.

جون، لە لایەکەوە وەستابوو. بزەی دەهاتێ، پێدەچوو خۆشحاڵ بێ وەکو ئەوەی تەمەشای جڤینێکی ڕۆحە مەزنەکان بکات. پرسیم: هیچتا هەیە بیخۆینەوە؟

– تەنیا بیرەم هەیە، بە کەڵکت دێت؟

- خراپ نییە.

لینی چوو بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوە تا بیرە بێنێ، خەمی سارەم بوو کە حەزی لە بیرە نەدەکرد.

وێنەی گەورە گەورەی بۆکسەران بە هەموو دیوارەکانی شوقەکەوە هەڵوسرابوو. بەسەر وێنەکاندا سوڕامەوە، جوانن! هەندێ لە وێنەکان گێڕامیانەوە بۆ هەڕەت و تافی گەنجایەتی، ئارەزووی بۆکسێنم لەلا زندوو بووەوە. هەندێک لە سپرینگەکانی تەختەکە هاتبوونە دەرەوە، ئەمە جگە لەو پشتیانەی تووڕ درابوونە سەر ئەرزەکە و ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و زەرفە کاغەزینانەی لەو گۆڕە کەوتبوون.

سارە پێکەنی: بەڕاستی نهێنگەیەکی نێر سالاریە.

-بەڵێ، ڕاستە، شوێنەکەم زۆر چووە دڵەوە، کاتی خۆیشی لەو شوێنە خەرابانەدا ژیابووم، بەڵام وەکو ئێرە دڵگیر و جوان نەبوون.

جاک گوتی: ئەم شوقەیەمان زۆر پێخۆشە.

لینی، بە قوتووە بیرانەوە هاتەوە، هەڵمان پچڕین و دەستمان بە خواردنەوە کرد. لە جاکم پرسی: سیناریۆکەت خوێندەوە؟

- بەڵێ، ئەم گەنجە لە سیناریۆکەدا تۆیت؟

- دەمێکە، منە.

- تۆ لە شەڕا بۆرت دەخوارد؟

- زۆربەی جاران، بە زۆری.

- ئایا بەڕاستی پەیامنێرێکی زارەکی بووی لە نێوان کەسێک و کەسێکی دیدا، لە پێناو پارەوە نانێکدا؟

- زۆرجار.

بیرەکە بەڕاستی بەلەزەت بوو، ئەوسا بێدەنگی باڵی بە سەر کۆڕەکەدا کێشا، لە جونم پرسی: کەواتە تۆ ڕات چییە؟

- مەبەستت لە ڕای من سەبارەت بە جاک؟

- بەڵێ.

- لە دەورەکەدا سەرکەوتوو دەبێ، ڕەنگە پێویست بەوە بکات سووکە ڕاهێنانێکی پێبکەین.

جاک گوتی: با توانا شەڕڤانیەکانت بدینم.

هەستام و کەوتمە بۆکس وەشاندن لە هەوادا. سارە گوتی: بۆکسەکانت خێران.

دانیشتم و گوتم: بۆکس وەشێنم نە گاڵتە. بەڵام لە دڵەوە ئارەزووی بۆکسێنم نییە، نازانم چیم دەکرد. بیرەی دیکەتان هەیە؟

-بێگومان.

لینی هەستا تا بچێ بیرەی دی بێنێ.

هەموو خەڵکی هولیوود دەیانزانی جاک بلیدسو و تۆم بیل دانوویان پێکەوە ناکوڵێ و زۆرجار لە دیدارە تەلەفزیونیەکانیا لە عەڵەیی دەدوا: " تۆم لە مالیبووە هاتووە، بەڵام من لە شەقامانەوە هاتووم ". ئەوەی ڕاستی بێ بەلامەوە گرینگ نییە ئەکتەر لە کوێوە هاتبێ، گرینگ ئەوەیە باش تەمسیل بکات. هەردووکیان ئەکتەری زۆر باشن و، هیچیان پێویستیان بەوە نییە بەم شێوازە خراپە بدوێن کە نووسەران پێی دەدوێن.

لینی بە بیرەوە هاتەوە، گوتی: ئەمە دوا کارتۆنە.

- حەیفێ!

- هەر ئێستا دێمەوە.

جون بەدەم ئەو قسەیەوە لە شوقەکە وەدەرکەوت، ڕۆیی بیرەی دی بکڕێ. جاک لێی پرسیم: تۆ جون بینشوت وەکو دەرهێنەر بە دڵە؟

- فیلمە دوکیومێنتارییەکەیت دەربارەی لید و مامین نەدیوە؟

- نەخێر.

- بینشو لە هیچ ناترسێت، گاڵتەی بە مردن دێت.

- زۆر شیفتەی مردنە، وایە؟

- لەوە دەچێ. بەڵام جگە لە لیدو مامین، فیلمێن دیکەشی دەرهێناوە. من وەکو دەرهێنەر زۆر متمانەم پێیەتی، جەوی هولیوود نەی لەوتاندووە، خووی شەڕ نەکردووە، هەرچەندە دوور نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان خووی شەڕ ببێ.

- ئەدی سەبارەت بە خۆت؟

- سەبارەت بە خۆم؟ مەبەستت چییە؟

- هولیوود، گونەکانی دەرهێناوی، خەساندووتی؟

- هەڵبەتە نا.

- دوا قسەت چییە؟

- دوا قسەم!

سارە گوتی: هانک ڕقی لە فیلمانە، دوا فیلمێ کە بە دڵی بوو، " پشووە لە دەست چووەکەی کۆتایی هەفتە " بوو کە خۆت دەزانی چەند کۆنە.

لە سەری ڕۆیشتم: بە ڕەئی من میلاند تەمسیلی کەمە، بەڵام ئەکتەرێکی کارامەیە.

دوای بیرە، نۆرەی میزتن هات، پرسیاری شوێنی تەوالێتم کرد و چوومێ. خۆم بەتاڵ کردەوە و ئەوسا لە بەر دەست شۆرەکەدا وەستام تا دەستم بشۆم، خودایا! ئەمە چییە؟! خاولیەکی سپی لە ناو حەوزی دەست شۆرەکەدا بوو، سەرێکی پەسترابووە ناو بەلۆعەکەوە، باقی خاولیەکە بە دەست شۆرەکەوە شۆڕ بووبووەوە و گەیی بووە سەر ئەرزەکە. بە ڕاستی دیمەنێکی زۆر دزێو بوو، خاولییەکە تەڕی تەڕ بوو، چ دەکا لێرە؟ ئەمە مانای چییە؟! ئایا لە دوای ئاهەنگێکی سێکسی دەستە جەمی لێرە بەجێ هێڵرابوو؟؟ هیچ حاڵی نەبووم، بەڵام دەزانم بوونی لێرە موویەکی تیایە. ئایا گەییومەتە تەمەنێک، کە سەر لە بەرهەمێن سەردەمی تازە دەرنەکەم؟! ڕۆژگار و شەوگارانێکی زۆر پۆخڵم بەڕێ کردوون، هەر هەموویان بێ مانا بوون. بەڵام تێ نەگەیشتم ئەم خاولییە سپیە گەورە تەڕە، چ دەکا لێرە!

لەمەش خراتر ئەوە بوو کە جاک دەیزانی، من هاتووم بۆ سەردانی، چما ئەم شتە، بەم شێوازە و لەم شوێنەدا بەڤێ دێڵێت؟ ئایا ئەمە پەیامێکە بۆ من؟!

گەڕامەوە بۆ نک وان، ئەگەر کوڕی نیویورک بام دەمگوت: ئەو خاولییە سپیە تەڕە پیسە لە ناو ئەو دەست شۆرە قێزەونەدا چ دەکات؟! بەڵام کوڕی کالیفورنیام و، بۆیە گەڕامەوە بۆ شوێنەکەی خۆم و بە ئارامی دانیشتم و ورتەم لە زار دەرنەهات. بیرم کردەوە: هەرچییەک دەکەن ئیشی خۆیانە، کێشەی من نییە.

جون، بە کارتۆنە بیرەوە هاتەوە، ژیان دووبارە لە دەمارەکانما بوژایەوە. جاک گوتی: دەمەوێ فرانسین باورز، ڕۆڵی قارەمانی فیلمەکە بدینێ. لەو باوەڕەدام بتوانم قەناعەتی پێبکەم.

جون وەڵامی دایەوە: فرانسین دەناسم، منیش دەتوانم قەناعەتی پێبکەم.

لینی چوو، بیرەی دی بێنێ، وادیارە زۆری حەز لە خواردنەوەیە، لە پیاوە ئایدیالەکانی منە. لە منی پرسی: یانی لە فیلمەکەدا دەورێک بۆ من هەیە؟

بەبێدەنگی تەمەشای جونم کرد. جاک گوتی: حەز دەکەم لینی لە فیلمەکانما بەشداریم بکات.

جون گوتی: پێموایە دەورێکت لە فیلمەکەدا بۆ دەدۆزمەوە.

لینی وەڵامی دایەوە: سیناریۆکەم خوێندەوە، وابزانم دەوری ساقی مەیخانەکە، پڕ بە پێستی منە.

گوتم: شتی وا مەحاڵە، باشە تۆ لە جاکی هاوڕێت دەدەی؟ شتی وا ناکەی؟

-کێشەم نییە.

جاک لە سەری ڕۆیی: ئەمە ڕاستە، جارێک لێی دام، دانێکی شکاندم.

سارە پرسی: بەڕاست؟

-ئەدی بۆ نا؟

بیرەمان خواردەوە، هەندێ شتی کورتمان گێڕایەوە، زۆربەی شتەکان دەربارەی پاڵەوانیەتیەکانی لینی بوو. کابرایەکە قەرزی خەڵکی دەداتەوە و پاشان لێیان دەسەنێتەوە. وەختایەک بیرە خەریک بوو تەواو دەبوو، هەستم کرد وەختی ڕۆیشتن هاتووە.

جارێکی دی چووم بۆ تەوالێتە نەگریسەکە، ئەوسا من و سارە بەرەو دەرگاکە دەرچووین. جون کەمێک لە دوای ئێمەوە بوو، وەکو هەمیشە پەیگیری قسەیەکی دەکرد. لە لای دەرگاکەوە حاڵەتێکی سەیرم بەسەردا هات، لە جاکم پرسی: ئەرێ برادەر! ئەو خاولییە ئەستوورە تەڕە دزێوە، کە ئاو و سابوناوی لێ دەچۆڕێ، لە سەر ئەو دەست شۆرە چ دەکات؟!

-خاولی ئەستووری چی، باسی چ خاولییەک دەکەی کە ئاو و سابووناو لە پاشەڵی دەچۆڕێ؟!

بەوجۆرە ئەو شەوبیریە ئاوارتەیە کۆتایی هات.

(( ٢٠ ))

سێ چوار هەفتە بووری، شەوێک تەلەفۆن لێی دا، جون بوو:حاڵت چۆنە؟ حاڵی سارە چۆنە؟

-ئێمە باشین، ئەدی تۆ هێشتا ماوی؟

-بەڵێ، هەروەها " سەمای جیم بیم ". فرانسین باوزرش سیناریۆکەی خوێندوەتەوە و بە دڵیەتی، هەروەها داوای کردووە شتێک لە مووچەکەی ببڕدرێ تا بتوانێ خۆی بۆ کارکردن تەرخان بکات، " جاک " ش هەمان کاری کردووە، بەکەس مەڵێ.

- بە کەس ناڵێم، بەڵام ئەم بڕینانە بۆ؟

- ئێمە مامەڵە دەگەڵ کۆمپانیای " فایرباور " بۆ بەرهەمهێنان دەکەین، ئەم کۆمپانیایە هی هارل فریدمان و نیت فیشمانە. کۆمپانیاکە ڕێژەیەکی زۆر لە مووچەی مانگانەی ئەو ئەکتەرانەی کە گرێ بەستیان لە گەڵیا هەیە دەبڕێ، ئەگەر بیانەوێ خۆ بۆ فیلمێک تەرخان بکەن. کۆسپێکمان لە ڕێگادا بوو، پارێزەر و بەڕێوەبەری کارەکانی جاک نارەزایی دەربڕی و گوتی گرێبەستەکەی جاک دەستەواژەی " مثل أو ادفع " ی تیا قەید کراوە.

- ئەمە چ دەگەیەنێ؟

- ئەوە دەگەیەنێ، لە فیلمەکەدا تەمسیل بکات یان نا، مانگانەی خۆی بە تەواوەتی وەردەگرێت. زۆربەی ئەکتەرە گەورەکان ئەو دەستەواژەیە لە گرێبەستەکانیاندا تۆمار دەکەن.

- باوەڕ ناکەم فیلمەکەمان ئەنجام بدرێ.

- تۆم بیل لەمەدا دەوری هەیە، کە وەختایەک گوتی ئامادەیە دەوری قارەمان، لە هەنبەر یەک دۆلارا بدینێ، مسداقیەتێکی گەورەی بە فیلمەکە بەخشی.

- خۆزی " تۆم " مان لە گەڵدا دەبوو.

- بەڕاستی یارمەتی داین، وەختایەک جاک بیستی کە تۆم ئامادەیە دەورەکە بە یەک دۆلار بگێڕێ، بوو بە خولیای و، هەروەها بوو بە مایەی بایەخی کۆمپانیای " فایر باور ". ئێمە بەختەوەرین.

- دەزانی لیبی لیو دوروچر، چ دەڵێت؟

- ئەمە کێیە؟

- یاریزانێکی کۆنی بیسبوله، دەڵێت حەز دەکەم بەبەخت بم نەک باش بم.

- پێموایە ئێمە هەم بەبەخت و هەم باشین.

- ڕەنگە وابێ، بەڵام خاوەنانی کۆمپانیای " فایر باور " کێن؟

- ئەمانە لە هولیوودا تازەن، کەس خۆشی ناوێن، کەس نازانێ چۆن مامەڵەیان لە تەکدا بکات. ئەمانە لە ئەوروپادا خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمێن بازرگانی جەڵەبی بوون، پاشان گواستیانەوە بۆ ئێرە. لە شەو و ڕۆژێکا کەوتنە بەرهەمهێنانی فیلمان بە جوملە، فیل لە دوای فیلم. هەموو کەسێک ڕقی لێیانە، بەڵام ئیشکەرن، هەرچەندە کارکردن لە گەڵیاندا قورسە.

- بەلای کەمەوە ( سەمای جیم بیم ) یان وەرگرتووە.

- بەڵێ، لە کاتێکا کەس ئامادە نەبوو وەری بگرێ. کۆمپانیاکە بینایەکی گەورەی هەیە، دەکەوێتە باکووری هولیوودەوە، چوومە بارەگاکەیان و هاری فرید مانم بینی، لێی پرسیم: " جاک بلیدسو و فرانسین باورزت برد؟! " ، گوتم: بەڵێ، گوتی: " چاکە، فیلمەکە بەرهەم دێنین "، لێم پرسی: ئەدی ناتەوێ سیناریۆکە بخوێنیتەوە؟ وەڵامی دایەوە: " نەخێر "

- پیاوێکی باڵکێشە.

- هولیوود ڕقی لێیەتی.

- ئەمە خراپە.

- پێویستە بیدینی، پیاوێکە سەنگێکی قورسی هەیە، شەوی پێنج شەممەی داهاتوو، لە ماڵەکەی خۆیدا ئاهەنگی ساڵیادی لە دایکبوونی خۆی دەگێڕێت، تۆ و سارەش وەرن، نیت فیشمانی شەریکیشی ئامادە دەبێت.

- دەچین، کوا ئەدرەسەکەیم بدەیە...

***

دوای دە خولەک، تەلەفۆنەکە جارێکی دی لێیدایەوە: هانک، من تیم رودی-م، یەکێکم لە بەرهەمهێنەرانی فیلمی " سەمای جیم بیم " .

- لە کۆمپانیای " فایر باور " کار دەکەیت؟

- نا، من لە گەڵ جون دا کار دەکەم، ئێمە بەرهەمهێنەرانی یاریدەدەرین، من و لانس ئیدواردز.

- باشە.

- بەهەرحاڵ، فیکتور نورمان دەناسیت؟

- کتێبەکانیم خوێندووەتەوە.

- چاکە، ئەویش کتێبەکانی تۆی خوێندووەتەوە، ئەم پیاوە حاڵی حازر بۆ " فایر باور " دەنووسێت و فیلم دەردێنێ، دەچێت بۆ ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوونەکە. دەیەوێ لە ئوتێلی " شاتومارمون " سەری بدەیت و پاشان بە دوو قۆڵی بچن بۆ ئاهەنگەکە.

- ژمارەی جەناحەکەی لە ئوتێلا چەندە؟

ئێوارەی پێنج شەممە بۆ ئوتێلی " شاتومارمون " چووم، لەبەر دەروازەکەدا، خزمەتکارەکە ئوتومبیلەکەی لێوەرگرتین و، خۆمان بە هۆڵی ئوتێلەکەدا کرد. کابرایەکی دەم بە خەندەی نیمچە سەر ڕووتاوە دانیشتبوو و چاوەڕوانی دەکردین، تیم رودی بوو. سڵاومان کرد و دووی کەوتین، فیکتور نورمان دەرگای کردەوە. چاوەکانی دڵگیر بوون، ئارامی و زیرەکیان لێدەپرژا.

سارە، ئەو شەوە زۆر جوان بوو، جوانی لێدەپرژا، نورمان بەدەم زردەخەنەوە تەمەشای دەکرد. تەوقەم لە گەڵیا کرد و گوتم: " سەرخۆش مامۆستای گەورە دەبینێ "، ئەو وەسفەی بەدڵ بوو.

فیکتۆر نورمان، نێودارترین ڕۆماننووس بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بە بەردەوامی لە تەلەفزیوندا دەردەکەوێ. نووسەرێکی بەڕێز و دەماوەر بوو، یەکێک لە خەسڵەتە پەسندەکانی ئەوە بوو کە لە چالاکڤانانی بزوتنەوەی فیمینیستی نەدەترسا، دوا کەس بوو لەوانەی کە داکۆکی لە نێرسالاری، لە ئەمریکادا دەکەن. ئەو کارە ئازایەتیەکی دەگمەنی دەوێ. من دڵبەندی هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی نەبووم، هەروەها دڵبەندی هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیشم نەبووم.

-گەورەترین بەشی ئوتێلەکەیان بە داشکاندنەوە دامێ، وەکو پروپاگەندە بۆ خۆیان. بەڵام بە هەرحاڵ، کۆمپانیای " فایر باور " حیسابەکە دەدات.

بۆ بانێژەکە دووی کەوتین، بانێژەکە دەیڕوانیە سەر شارێکی ئەفسووناوی! دیمەنێک بوو، تەزووی ئارامی دەدا بە گیان، لێم پرسی: شتێکت نییە دەمی پێ تەڕ بکەین؟

دوای فیکتور کەوتین بۆ ئەو جووتە ژووورە گەورەیەی کە بەدەم یەکەوە بوون. لێرەدا هەست دەکەی لە هەموو شتێک پارێزراوی، لە قەڵایەکی ئەماندایت، زۆر جوانە!...

فیکتۆر بەخۆی و بوتڵێک شەرابەوە گەڕایەوە: هەندێ شەرابی فەرەنسیم هەیە، بەڵام ئاچەرم لەلا نییە...

لە دڵی خۆدا گوتم: کە بادەنۆشێکی غەشیمە!

فیکتور، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت: ئاچەرێکمان دەوێ، لە گەڵ هەندێ شەرابدا، چەند بوتڵێک...

چاوەڕوانی گەیشتنی شەرابەکەمان دەکرد، تەمەشایەکی کردین و گوتی: لەگەڵ کۆمپانیای " فایر باور " دا کار لە سەر دوو فیلم دەکەم، نووسین و دەرهێنان بۆ یەکەمیان دەکەم و، نواندن لە دووەمیانا دەکەم، کە جون لوک مودار دەرهێنانی بۆ دەکات، هیوادارم کارەکە لە بەینماندا ئاسایی بڕوات.

-سەرکەوتوو بی.

تا ماوەیەک، وردە قسانمان کرد، ئەوسا ڤیکتور، باسی دیداری خۆی دەگەڵ چارلی چاپلندا بۆ کردین، چیرۆکێکی کومیدی دزێو بوو.

ئەنجام شەرابەکە گەیشت، سارە دەگەڵ تیم وردی دا قسەی دەکرد، سارە هەستیکرد، کابرا ڕوخاوە، کەوتە هەوڵی ئەوەی ورەی بەرزبکاتەوە. سارە، بە پێچەوانەی منەوە، دەیزانی چۆن مامەڵە دەگەڵ ئەو حاڵەتانەدا بکات.

ڤیکتور، تەمەشایەکی منی کرد: ئێستا هیچ نووسینێکت بەدەستەوەیە؟

-هەندێ قەسیدەم بەدەستەوەیە؟

ڤیکتور، بەزەیی بە حاڵی مندا هاتەوە، ئەوسا گوتی: میلیۆنێ دۆلاریان دامێ تا ڕۆمانە تازەکەم بنووسم، ئەمە ساڵێ لەمە پێش، تا ئەمڕۆ تاقە لاپەڕەیەکم لێی نەنووسیوە و، پارەکەشم خەرج کردووە.

- خودایا!

- خودا لەم حاڵەتەدا نایەت بە هاناتەوە.

- بیستوومە تۆ نەفەقەی ژنە تەڵاقدراوەکەشت دەدەی، نەفەقەی هەموو ژنە تەڵاقدراوەکانت... دەدەیت...

- دروستە.

- هەروەها باسی بادە نۆشیەکانیشم بیستووی.

- ڕاستە.

- ئەم شتە چییە دەیکێشیت؟

- جگەرەی " بیدی " هندییە، دەسکاری قەرەجانە.

- بەڕاست؟

هەر خواردمانەوە و خواردمانەوە تا ڤیکتور گوتی: پێموایە وەختی ئەوە هاتووە بڕۆین بۆ ئاهەنگەکە.

- دەتوانین بە ئوتومبیلەکەی من بڕۆین.

- باشە.

پێکەوە چووینە خوارەوە، تیم رودی حەزی کرد بە ئوتومبیلەکەی خۆی بڕوات.

خزمەتکاری ئوتێلەکە ئوتومبیلەکەمی هێنا، بەخشیشم دایێ. ڤیکتور و سارە لە گەڵما سوار بوون، بەرەو ئاهەنگی ساڵیادی لە دایک بوونی هاری فریدمان ڕۆیشتین. ڤیکتور گوتی: منیش بی ئێم دەبلیویەکی ڕەشم هەیە!

-گەورە پیاوان... سواری " بی ئێم دەبیلو " ی ڕەش دەبن!

(( ٢١ ))

کەمێک لە ژوانی ئاهەنگەکە دواکەوتین، وێڕای ئەوەش ژمارەی ئامادەبووان کەم بوو. ڤیکتور نورمان، لە دووری چەند مێزێکی ئێمەوە ڕۆنیشت، هەرکە لەگەڵ سارەدا ڕۆنیشتم، بۆیەکە بە دوو پەرداخ شەرابی

سپیەوە هات، گرینگ نییە، مادامێکی خواردنەوە لە ئاهەنگەکەدا خۆڕایی بوو، پێکەکەی خۆم هەڵدا و، داوام لە بۆیەکە کرد بۆمی تەژی بکاتەوە. سەرنجم دا ڤیکتور تەمەشام دەکات.

دەعوەتکراوەکان یەک یەک دەگەیشتن، ئەو کاراکتەرە ناودارەم بینی کە بەردەوام جل و بەرگی چەرمین لە بەر دەکات. بیستوومە، دەچێتە ئاهەنگی ستێرانی هولیوود، لە هەر شوێنێ بێ.

سارە ئانیشکێکی تێوە ژەندم، جیم سیری ( بابی روحی موخەدەرات لە شەستەکاندا " وەژوورکەوت، ئەویش لە عاشقانی ئاهەنگانە.

ماندوو و خەمبار و ڕەنگزەرد دیار بوو، بەزەییم بە حاڵیا هاتەوە. بەسەر مێزەکاندا گەڕا، ئەوسا لە سەر مێزەکەی ئێمەدا گیرسایەوە. سارە بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە پێکەنی، لە شەستەکاندا کچۆڵەیەک بوو. بەدەم خێرهانینەوە تەوقەم لەگەڵی کرد: بەخێر هاتی گیانەکەم.

لە ناکاوا، شوێنەکە پڕ بوو لە خەڵکی، زۆربەیانم نەدەناسی. بە ئاماژە بۆیەکەم تێگەیاند کە بیرەی دی بێنێ، هات و بوتلێکی تەواوی لە بەردەممدا دانا: کە ئەم بوتڵە تەواو بوو، یەکێکی دیکەت بۆ دێنم.

-سوپاس...

سارە، دیارییەکی بچووکی بۆ هاری فریدمان هێنابوو، لە باوەشی منیا شاردبووەوە. ئەوسا جون هات و لە گەڵ مەدا ڕۆنیشت: خۆشحاڵم بە هاتنتان، تەمەشاکەن... شوێنەکە خەریکە پڕدەبێت لە بانگهێشت کراوان، پڕ دەبێت لە پیاوکوژان و شەقاوان، لە خوێڕیترین بەشەران.

جون لەزەت لەوە دەبینێ، خەیاڵی بە بڕشتە ،یارمەتی دەدا شەو و ڕۆژ، لەو دژواریانە دەرباز ببێت.

ئەوسا پیاوێکی پایەبەرز وەژوور کەوت، خەڵکەکە بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لێکرد. دیاری جەژنی لە دایکبوون هەڵگیرا و بۆی برا: جەنابی فریدمان، جەژنی لە دایکبوونت...

جون، دوام کەوت و لە دواوە گرتمی، بەرەو لای مێزەکە بردمی: نا، نا، ئەمە فریدمان نییە! فیشمانە!

-ئۆوو..

سەر لەنوێ لە شوێن خۆم دانیشتمەوە. . سەیرم کرد، ڤیکتور هێشتا هەر تەمەشام دەکات، لە دڵی خۆدا گوتم دوای ماوەیەک ماندوو دەبێ، جارێکی دی تەمەشام کردەوە، بەڵام هەر چاوی لێنەگواستمەوە. بەجۆرێ تەمەشای دەکردم وەکو ئەوەی باوەڕ بە چاوی خۆی نەکات. بە دەنگێکی بڵند گوتم: باشە ڤیکتور! بەڵێ من دەمیزمە ناو جلەکانم! دەتەوێ لە سەر ئەوە جەنگی جیهانی سێیەم هەڵگیرسێنین؟!

ئاخری چاوی لێ گواستمەوە.

هەستام، چووم بۆ حەمامی پیاوان، بەڵام ڕێگەم ون کرد و خۆم لە مووبەقەکەدا بینییەوە. لەوێ ئەو گەنجەم بینی کە مێزەکانی پاک دەکردەوە، خەریک بوو جگەرەیەکی دەکێشا، دەستم بۆ جزدانەکەم برد و دە دۆلارم دەرهێنا، دامێ، خستمە گیرفانی کراسەکەیەوە.

- نەخێر قوربان، ناتوانم وەری بگرم.

- بۆچی؟

- ناتوانم و تەواو.

- هەموو ئەوانەی لە مووبەق و خوارنگەدا کاریان دەکرد، بەخشیشیان وەردەگرت، چما خاوێنکەرەوەی مێزەکان نەیدەتوانی بەخشیش وەربگرێت؟ زۆرجار حەزم کردووە ببمە خاوێنکەرەوەی مێزان.

بۆ هۆڵەکە گەڕامەوە و لە پشت مێزەکەوە دانیشتم. سارە هاتە لامەوە و بە گوێیدا چپاندم: ڤیکتور نورمان لە کاتی ڕۆشتنەکەی تۆدا هات، گوتی زۆر مەمنوونە کە بە خراپی باسی نووسینەکانیت نەکردووە.

- لە گەڵیا نەرم و نیان بووم، وانییە؟

- بەڵێ.

- هەموو کاتێ هەر گەنجێکی ماقوول و باش نیم؟

- بەڵێ.

تەمەشای ڤیکتور نورمانم کرد، تا هەستی پێکردم، چاوێکم داگرت و سەرم بۆ دانەواند.

ئەنجام هاری فرید مانی ڕاستەقینە گەیی، هەندێک لە ئامادەبووان هەستان و کەوتنە چەپڵەڕێزان، ئەوانی دی حایر و حەپەساو دەیانڕوانی. فریدمان، لە پشت مێزەکەی خۆیەوە ڕۆنیشت، ژەمی شێوانی لەبەردەم دانرا: ماکەرون بوو. فریدمان، بە تاسەوە کەوتە خواردنی ماکەرۆنەکە. پیاوێکی قەڵەو بوو، قاتێکی کۆنی لەبەر بوو، جووتێ پێڵاوی شڕی لە پێ بوو. کەللەی زەلام و گۆناکانی گۆشتن ، ماکەرۆنەکەی دەپەستایە ناو ئەو گۆنایانەوە. جووتێ چاوی خڕی درشتی پێوە بوو، خەم و گومانیان لێدەپرژا. بەداخەوە کە لە دنیایەکی وادا بژین! دوگمەیەکی کراسە سپیە چرچ و لۆچەکەی بزر بووبوو، ڕێک دوگمەکەی ئاستی زگی، زگی لە بەینی دوگمەکانەوە دەرپەڕی بووە دەرەوە.

فریدمان، وەکو کوڕێکی کەتە دەهاتە بەرچاو، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەس و کارەکەی ونیان کردبێ، پاشان زۆر بە خێرایی گەورە بووبوو و لە ناکاوا بووبوو بە پیاوێک. جەوەکە کەمێک سیحراوی بوو، بەڵام ناتوانم دان بەوەدا بنەم، دوور نییە، ڕۆژێ بێ دژی خۆم بە کار بهێنرێتەوە. بۆینباخی لە مل نەبوو: هەموو ساڵێ بە خۆشی هاری فریدمان.

ژنێکی گەنج هات جلکی پۆلیسی لەبەر بوو، گەییە ئاستی مێزەکەی فریدمان و هاواریکرد: تۆ ئەمر قەبزت هەیە!

هاری فریدمان، دەستی لە خواردن هەڵگرت و پێکەنی، دەمی پڕ بوو لە ماکەرۆنی. پاشان ئەو خانمە پۆلیسە پاڵتۆکەی داکەند و ئەوسا قەمیسەکەی. مەمکەکانی گەورە بوون، لە بەر دەم و لووتی فریدمان دا کەوتە لەراندنەوەی مەمکەکانی و هاواری کرد: تۆ ئەمری گرتنت هەیە، تۆ دەستبەسەری!

هەمووان چەپڵەیان بۆ خانمە پۆلیسەکە لێدا، نازانم بۆچی. ئەوسا فریدمان ئاماژەی بۆ خانمە پۆلیسەکە کرد کە لێی نزیک ببێتەوە، پۆلیسەکە نزیک بووەوە، فریدمان چەند وشەیەکی بە گوێیدا دا کە نەمانزانی چی بوو،

ڕەنگە ئەوە بووبێ: " کە دەتبەم بۆ ماڵی خۆم، پێتی نیشاندەدەم کە چی دەکەم! " یان " یانە شەوانەکەی خۆت ون کردووە و دەتەوێ بتگەیەنمە ئەوێندەر؟ " یان " هاتووی بۆ دیدەنیم، تا لە فیلماندا نواندن بکەی؟ "

خانمە پۆلیسەکە کراس و پاڵتۆکەی لەبەر کرد و ڕۆیی، خەڵکەکە دەهاتن بۆ لای مێزەکەی فریدمان و، هەندێ گفتوگۆی کورتیان لەگەڵدا دەکرد، فریدمان بە جۆرێ تەمەشای دەکردن وەکو ئەوەی نەیان ناسێت. فریدمان لە خوارن بووەوە و دەستی بە شەراب خواردنەوە کرد، بڕێکی خواردەوە کە بە دڵم بوو. دوای ئەوە کەوتە سووڕانەوە بە سەر مێزەکاندا و قسەی بۆ ئامادەبووان دەکرد. بە سارەم گوت: خودایا! تەمەشای ئەو شتە بکە!

– چییە؟

– پارچە ماکەرۆنێک بە دەمیەوە، بە لا دەمیەوە شۆڕ بووبووەوە، کەس پێی نەدەگوت. بە لادەمیەوە شۆڕ بووبووەوە!

جون گوتی: بینیت.

هاری فریدمان بەردەوام بە بەینی مێزەکاندا دەسوڕایەوە، قسەی دەگەڵ ئەم و ئەودا دەکرد، هیچ کەس لە ماکەرۆنەکەی لا لێوی ئاگاداری نەکردەوە. ئەنجام لێی نزیک بوومەوە، یەک مێز لەو لای ئێمەوە بوو، هەستام و چووم بۆ لای: جەنابی فریدمان!

– بەڵێ.

– مەجوڵێ.

( پارچە ماکەرۆنەکەی لا لێویم گرت و ڕامکێشا ) – کە بە نێو خەڵکەکەدا دەسوڕایتەوە و ئەم پارچە ماکەرۆنە بە لا لێوتەوە سەمای دەکرد، تەحەمولی ئەو دیمەنەم نەکرد.

–سوپاس.

هاتمەوە سەر مێزەکەی خۆم، جون لێی پرسیم: چۆنت بینی؟

–پێموایە، پیاوێکی خۆشە. دەچێتە دڵەوە.

– پێمگوتی، لە دوای لیدومامین، پیاوێکی وەهام نەدیتووە.

سارە گوتی: بەهەرحاڵ، هەڵوێستێکی جوانت نواند کە هەستایت و پارچە ماکەرۆنەکەت لە لا لێوی کردەوە، کەسی دی جورئەتی ئەوەی نەبوو ئەو کارە بکات، هەڵوێستێکی زۆر جوان بوو.

– سوپاست دەکەم، من بە ڕاستی پیاوێکی میهرەبانم.

– ڕاستە، ئەو ڕەفتارە ناسکانەی کە لەم دواییانەدا کردووتن چین؟

بوتڵە شەرابەکە تەواو بوو، ئاماژەم بۆ بۆیەکە کرد، ڕووی گرژ کرد، ئەوسا بە بوتڵێکی تازەوە هات. بەڵام بیرم نییە کە لەم دواییانەدا چ ڕەفتارێکی ناسکم کردووە.

ئامادەکاریانی بەرلە بەرهەمهێنان دەستی پێکرد، کاروبارەکان ئاسایی دەڕۆیشت، تەلەفۆن لێیدا و جونی گوتی: ئێمە لە کێشەداین!

-خێرە؟

- فریدمان و فیشمان.

- چییانە؟

- دەیانەوێ پول بە هەر دوو یاریدەدەری بەرهەم هێنەرەکانمەوە بنەن: تیم رودی و لانس ئیدواردز.

- " رودی " م دیتووە، بەڵام ئیدواردزم نەدیتووە، بەڵام بۆچی؟

- ئەم دوو پیاوە، ماوەیەکی زۆرە لە گەڵما کار لە سەر فیلمەکە دەکەن، کات و پارەیەکی زۆریان سەرف کردووە، ئێستا فریدمان و فیشمان دەیانەوێ دەریان بکەن. هەست دەکەم لە هەموو لایەکەوە گوشارم لەسەرە و هەر دوو بەرهەمهێنەرەکە، داشکانیان لە مووچەی مانگانەیان کردووە. کۆمپانیای ( فایر باور ) لە کێشەیەکی ڕاستەقینەدایە، دەستەی دەستپاکی دارایی و سەرف، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەن، سەهمەکانی کۆمپانیاکە، بەرز بووەوە، هەر سەهمێک گەییوەتە چل دۆلار، ئەوسا لە ناکاوا دابەزی بۆ چوار دۆلار لە هەنبەر هەر سەهمێکدا.

- ئووووە..

- پێیان گوتم " دەستبەرداری ئەم دوو پیاوە ببە "، گوتیان " ئێمە پێویستمان پێیان نییە "، بەڵام من گوتم: من پێویستم پێیانە، چما ئێوە ناتانەوێن؟ وەڵامیان ئەوە بوو " بۆچی خۆمان ناتوانین بەبێ ئەوان فیلمەکە بەرهەم بێنین؟ " ئەوسا گوتم: خۆ ئێوە گرێبەستێکتان لە گەڵیاندا ئیمزا کردووە، وەڵامیان دامەوە " نازانی ئیمزاکردنی گرێبەست دەکاتە چی؟ گرێبەست ڕێکەوتنێکی سەرەتاییە، بۆ ئەوەی جارێکی دی دان و ساندنی دەربارە بکەین. "

- ئەی خودا!

- ئەم دوو پیاوە گوشارت لێدەکەن و دەتگوشن، گوشار و گوشین، لە سەر گوشاری خۆ بەردەوام دەبن، تا تلپی تەڕت تیا نامێنێ. من پێشوەختە قاییل بووم فیلمەکە لە جیاتی لە ماوەی سی و چوار ڕۆژدا، لە سی و دوو ڕۆژدا وێنە بگرم. پاشان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەوتنە کەمکردنەوەی بودجەی فیلمەکە، ئەو ئەندازیاری دەنگەیان بەدڵ نەبوو کە من هەڵمبژاردبوو، هەروەها وێنەگرەکەشیان بەدڵ نەبوو، خەڵکانێکیان دەوێ کە بە کرێیەکی کەمتر ڕازی بن. ئەوساش بە من دەڵێن: " دەبێ دەستبەرداری ئەم جووتە بەرهەمهێنەرە یاریدەدەرە ببیت... ئێمە پێویستمان پێیان نییە. "

- ئەدی چ دەکەی؟

- ناتوانم دەستبەرداری تیم و لانس ببم. نەخشەیەکمان هەیە، کە سبەی من و تیم، لە کاتی فراڤیندا دەگەڵ پارێزەرەکەدا کۆ دەبینەوە، ئەم پارێزەرە لە سەرانسەری هولیوودا بەنێوبانگە، تەنیا ناوەکەی دڵ دادەلەرزێنێ.

پارێزەرێکی یەجگار بەتوانایە، قەرزارباری چاکەیەکی تیمە. دوای فراڤین، دەگەڵ پارێزەرەکەدا دەچین بۆ لای فریدمان و فیشمان و باشتر وایە تۆش لە گەڵماندا بێی، چ دەڵێی؟

- زۆرچاکە، کەی و لە کوێ؟

فراڤینەکە لە " موسو " بوو، مێزە گەورەکەی سووچەکەمان گرت، خواردمانەوە و نیوە ڕۆژەمان کرد. خەڵکانێک دەهاتنە سەر مێزەکەمان و سووکە دیالۆگێکیان دەگەڵ پارێزەرەکەدا دەکرد. لە ڕاستیا خەڵکەکە ڕێزیان دەگرت و لێی دەترسان. پارێزەرەکە زۆر شیکپۆش بوو، قاتێکی گرانبەهای لەبەر بوو.

پارێزەرەکە و تیم و جون پێوە بوون پلانێکی ستراتیژی دابنەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی فریدمان و فیشمان، هیچ بایەخێکم پێنەدان، ئەوسا پارێزەرەکە بڕیاری دا: تۆ ئەمە دەڵێی و، من ئەوە دەڵێم. ئەوە مەڵێ، دای بنە بۆ من.

پارێزەران و پزیشکان و زەڕنگەران درۆینەی پارە دەکەن، بەڵام نووسەران؟ نووسەران لە برسا دەمرن، نووسەران خۆکوژی دەکەن، نووسەران شێت دەبن.

لە فراڤین بووینەوە، سواری ئۆتومبیلە گەورەکەمان بووین، چووین بۆ ئەو بینا کەسکە گەورەیەی کە فریدمان و فیشمان لەوێ چاوەڕوانیان دەکردین.

ئافرەتە سکرتێرەکە، بۆ ئۆفیسەکەی هاری فریدمانی بردین، هەرکە وەژوور کەوتین، فریدمان لە پشت مێزەکەیەوە لە بەرمان هەستا، هاواری کرد: ببورن، کۆمپانیاکە هیچ پارەیەکی نییە و، ناتوانین هیچ شتێ بکەین. دەبێ دوو بەرهەمهێنەرە یاریدەدەرەکە بڕۆن و دەستبەردار بن، هیچ پارەیەکمان نییە!

کەوتینە گەڕان بۆ کورسی دانیشتن، جون گوتی: جەنابی فریدمان، من پێویستم بەم دوو پیاوەیە، ئەمانە دوو ڕەگەزی سەرەکین لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەکەدا.

فریدمان، هێشتا بە پێوە وەستابوو، دەستکێشە بزمارداڕەکانی داکەندن و لە سەر مێزەکەی دانان: پێویستمان بە کەس نییە! بە تایبەتی ئەم دوو پیاوە! چ پێویستیەکمان پێیانە؟ پێم بڵێ، چ پێویستیەکمان پێیانە؟!

- جەنابی فریدمان، ئەمانە لە بەرهەمهێنانەکەدا یارمەتی دەری منن.

- من بەرهەمهێنەرم! من لە هەردووکیان باشترم! پێویستم بەو دوو پیاوە نییە! ئەمانە خوێنمژن، خوێنمژن!

فریدمان، لە پشت مێزی ئۆفیسەکەوە ڕۆنیشت، دیاربوو ئەو پارێزەرە گەورەیەی ناسیەوە کە لە گەڵماندا هاتبوو. لە پشت مێزەکەوە بە ئارامی گوتی: پێویستمان بە کەس نییە.

پارێزەرە گەورەکە کۆکەیەکی بۆ کرد، ئەوسا هاتە قسان: تکایە، ببورە، بەڵام گرێبەست لە بەیندایە...

فریدمان، لە پشت مێزەکەوە ڕاپەڕی و هاواری کرد: تۆ دەمت داخە! دەمت تێک نە هەی زمان لووسی ماستاوچی.

پارێزەرە گەورەکە گوتی: پاشان قسەت لە گەڵ دەکەم.

-نا، ئێستا بیکە، دەی قسە بکە! قسەم لە گەڵ بکە! هەی زمان لووسی هیچ و پووچ! تۆ لە هەنبەر مندا ناکەیتە هیچ!

هەمووومان هەستاین، لەبەر دەرگاکە خڕ بووینەوە، چەند قسەیەکمان پێکەوە کرد، پاشان پارێزەرەکە لە گەڵ تیم دا ڕۆیی. جون گوتی کە دەیەوێ جارێکی دیکەش لە گەڵ فریدمان دا قسە بکاتەوە، لە گەڵیا مامەوە.

گەڕاینەوە و لە ئوفیسەکە دانیشتین، فردیمان گوتی: ناتوانم هیچ کرێیەک بەم دوو پیاوە بدەم.

جون، دانەوییەوە، بە دەست ئاماژەی کرد و، گوتی: بەڵام هاری گیان تۆ ناتوانی داوا لەم دوو پیاوە بکەی، کە بە خۆڕایی کارت لەلا بکەن؟!

- زۆر حەز دەکەم خەڵکی بە خۆڕایی کار بکەن، ئەوەم پێخۆشە!

- ئاخر ئەوە ڕەوا نییە، ئەم دوو پیاوە چەند مانگێک کاریان کردووە، دەبێ شتێکیان بدەیتێ.

- باشە، پازدە هەزار دۆلاریان دەدەمێ.

- تەنیا سی هەزار دۆلار؟ بۆ ئەو هەموو مانگە کارکردنە!

- نا، بە هەردووکیان پازدە هەزار دۆلار.

- ئەمە مەحاڵە!

- هیچ شتێک مەحاڵ نییە. ئەم پیاوە کێیە؟

- نووسەرەکەیە.

- کە پیرە! زۆری بە بەرەوە نەماوە، دە هەزار دۆلار لە کرێیەکەی دەبڕم.

- نا، من لە کرێیەکەی خۆمم داوەتێ.

- کەواتە لە کرێیەکەی تۆ دەبڕم، تۆش لە کرێیەکەی ئەو ببڕە.

- هاری، بەسە! تکایە.

فریدمان، لە پشت مێزەکەیەوە هەستا، لە سەر تەختێکی چەرمی پەنا دیوارەکەوە دانیشت، لە سەر تەختەکە ڕاکشا و، دەیڕوانییە میچەکە. بێدەنگ بوو، ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، چاوەکانی ئاویان دەکرد: هیچ پارەیەکمان نییە، لاتی لاتین، نازانم چ دەکەم، یارمەتیم بدەن، یارمەتیم بدەن!

بۆ ماوەی دوو خولەک، بێدەنگی بەرقەرار بوو، لەو ماوەیەدا جگەرەیەکی کێشا. ئەوسا فریدمان بەدەم تەمەشاکردنی بنمیچەکەوە هاتە قسان: باشە ناکرێ ناوی بنەین " فیلمێکی هونەری " وانییە؟

-بەڵێ، ئەمە دروستە.

فریدمان، لە سەر تەختەکەیەوە بازی دا، بەرەولای جون ڕایکرد: فیلمێکی هونەری! فیلمێکی هونەری! کەواتە بە خۆڕایی کار دەکەن... لە ڕای هونەردا!

جون ڕاوەستا: جەنابی فریدمان، دەبێ بڕۆین.

بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتین، فریدمان هاواریکرد: " جون، پێویستە ئەم جووتە خوێنمژە بڕۆن "، لە سەر ڕۆیشتنی خۆمان بەردەوام بووین. " ئێوە خوێنمژن " گوێمان لە دەنگی فریدمان بوو لە دوامانەوە دەنگی دەدایەوە... " خوێنمژانە "... " خوێنمژانە "...

سواری ئوتومبیل بووین و بەرەو ڕێگا گشتییەکە ڕۆیشتین.

(( ٢٣ ))

بڕیارمان دا، دووبارە بۆ تاخی بیانیان بڕۆینەوە، هێشتا ئوتومبیلە فولکسەکەم پێ بوو، بە فولکسەکە ڕۆیشتین. ڕێگا بۆ ئەوێندەر وەکو جاری یەکەم بوو، یەکێک دەستێ نوێنی لە ناوەندی ڕێگاکە فڕێ دابوو، ناچار بووین بە دەوریا بسوڕێینەوە.

گەڕەکەکە، لە گوندێک دەچوو، لە دوای جەنگێکی کارەساتبار وێران بووبێ، بە ڕۆژەوە کەست نەدەبینی، لە تۆ وایە مەنعە تەجەولە. بەڵام من هەستم کرد کە سەدان چاوی پەنهان تەمەشامان دەکەن، یان وام خەیاڵ دەکرد.

ئوتومبیلەکەم ڕاگرت، من و سارە دابەزین و، لە تەقەی دەرگامان دا، پێنج کون بە دەرگاکەوە بوو، شوێنی فیشەک بوون، شتێکی تازە بوو! جاری دووەم و سێیەم لە دەرگام دایەوە، تا گوێم لە دەنگی جون بوو دەیگوت: بەڵێ!

– ئێمە هانک و سارەین، ئەوە بوو پەیوەندیمان پێوە کردی، ئەوەتا گەیشتووین.

– ئوووە... فەرموون، بێنە ژوورەوە.

فرانسوا راسین بە بوتڵێ شەرابەوە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو، کە چاوی بە ئێمە کەوت گوتی: ژیان هیچ نایەنێ.

جون دەرگاکەی داخست، سارە قامکی بە شوێنی فیشەکاندا هێنا: پێدەچێ مێروولەی سپی تەختەی دەرگاکەیان خواردبێ!

–بەڵێ، دانیشە خاتوون.

جون پێکەنی، ئەوسا بوتڵێ شەراب و پەرداخانی هێنا. بەدەم شەراب تێکردنەوە گوتی: چەند ڕۆژێ لەمەوبەر کچێکیان لە سەر بۆنیتی ئوتومبیلەکەم زەفت کرد، پێنج یان شەش گەنج بوون، هەوڵمان دا نەیەڵین، لێمان تووڕە بوون. دوای دوو ڕۆژ، ئێوارە لێرە دانیشتبووین، لە پڕ دەرگاکە بەر گوللە درا، گوللە لە دەرگاکەوە دەهاتە ژوورەوە، ئەوسا بێدەنگی بەرقەرار بوو...

فرانسوا گوتی: هێشتا ماوین، دادەنیشین و شەراب دەخۆینەوە.

جون لە سەری ڕۆیی: ئەمە تەکتیکە، دەیانەوێ لێرە بڕۆین و، ناڕۆین.

– ڕۆژێک دێ ناتوانین بڕۆین.

– لە هێزی پۆلیس، چەکیان زۆرترە، ئەوەندەی ئەوان تەقە لە پۆلیس دەکەن، پۆلیس تەقە لەوان ناکات.

ساره گوتی: پێویسته لەم ماڵه بڕۆن.

-به ڕاستته؟ کرێی سێ مانگی ئایندەمان داوه، هەر هەموو ئەو پارەیەمان له کیس دەچێ که داومانه.

فرانسوا گوتی: باشتره لەوەی خۆمان تیا بچین.

لێم پرسی: باشه چۆن دەتوانن، شەوان بخەون؟

-دەخۆینەوه تا خەومان لێبکەوێ و، ئیدی نازانین چی ڕوودەدات، ئەم کەتیبانەی به پەنجەرەکانەوەن هیچ سوودێکیان نییه، دراوسێکانمانیش لەو کەتیبانەیان هەیه، دوێشەو، دراوسێکەمان که به تەنیا شێوی دەخوارد، له ناکاوا پیاوێک دەبینێ، به دەمانچەی ڕووتەوه له پشتیەوه وەستاوه. پێدەچێ به شێوەیەک له شێوەکان له سەربانەوه هاتبێته خوارەوه، سەربانەکه کەلێنێکی تیایه، کەلێنێک له سەربانەکەو یەکێک له ژێر ماڵەکەوه هەیه. دراوسێکانمان له خوارەوه گوێیان له هەموو شتێک دەبێ. ئێستا گوێیان له ئێمه هەیه.

گوێمان له چوار تەپەی بەهێز بوو، له سەر پارکێتی ماڵەکه، دەنگەکان له نهۆمی خوارەوه دەهاتن. فرانسوا ڕاپەڕی به پێ لەقه کەوته لێدانی ئەرزەکه: بێدەنگ بن... داسەکنن... ئێوه بەشەرن یان شەیتان؟!

بێدەنگی له خوارەوه بەرقەرار بوو، وادیار بوو دەیانویست دڵنیابن ئاخۆ چ کەسێک له نهۆمی سەرەوه هەیه. پێموانیه هیچ ئارەزوویەکی جڤاکیان هەبێ بۆ تێکەڵاوبوون دەگەڵ دراوسێکانیان.

ساره گوتی: کاودانێکی ( ڕەوش ) ترسناکه!

جون بەرسڤی دایەوه: دەزانم، تەلەفزیونەکەشمانیان دزی، بەڵام به هەرحاڵ پێویستمان پێی نییه.

گوتم: وام دەزانی هەموو بیانیانی ئاکنجی ئێره، ڕەش پێستن، بەڵام جاری پێشوو هەندێ گەنجی لاتینیم بینی.

-دروسته، له گەڕەکەی ئێمەدا، ترسناکترین باندی مەکسیکی هەیه، ناوی " ف ٦٦ " ه، بۆ ئەوەی ببی به ئەندام لەو باندەدا، بەلای کەمەوه دەبێ پێشینەی کوشتنی کەسێکت هەبێ.

بێدەنگیەکی دوور و درێژ بەرقەرار بوو، ئەوسا پرسیم: خەبەر و باسی فیلمەکه؟

-هێشتا له قۆناغی پێش بەرهەمهێناندابن، هەموو ڕۆژێ دەچم بۆ کۆمپانیاکه و بۆ ماوەی چەند سەعاتێک کار دەکەم. بەم نزیکانه دەست به وێنەگرتن دەکەین، له گەڵ بوورینی هەر ڕۆژێکا، له گەڵ هەر دۆلارێکا که " فایر باور " سەرفی دەکات، فیلمەکه دەبێ به دیفاکتۆ. بەڵام وێڕای ئەوەش ڕۆژانه ڕووبەڕووی کۆسپان دەبینەوه...

ساره پرسی: وەکو چی؟

- بۆ نموونه، دەمانەوێ کامێرا به کرێ بگرین.

- ئێوه کامێرا به کرێ دەگرن؟

- بەڵێ ویستمان کامێرا به کرێ بگرین، بەڵام کۆمپانیای کامێرا بەکرێدانەکه ڕازی نەبوو.

- چما؟

– چونکە " فایر باور " جاری پێشوو کرێی کامێراکەی نەدابوو، کۆمپانیاکە ڕژد بوو لە سەر ئەوەی " فایر باور " چەکێکی ئیمزا کراوی بداتێ کە کرێی کامێراکەی پێشووشی تیا تۆمار کرابێ، کرێی ئەو کامێرایەشی تیابێ کە بە تەمابووین بە کرێی بگرین.

– ئێ ڕازی بوو؟

– بەڵێ.

فرانسوا ڕۆیی تا سەرێکی مریشکەکان بدات، منیش چوومە بەر پەنجەرەکە تا لە مانی ئۆتومبیلەکەم دڵنیا ببم.

سارە پرسی: باشە فرانسوا ناترسێ لەوەی کە لێرە دەژی؟

جون بەرسڤی دایەوە: نا، شێتە، دوێنێ بە تەنیا لێرە دانیشتبوو، تەمەشای پێشەوەی کرد، دوو گەنجی بینی لە بەردەم ماڵەکەدا وەستابوون، یەکێکیان هەڵکێشایە چەقۆیەک و گوتی: " هەر پارەیەکت پێیە بماندەیە. " فرانسوا بەرپەرچی دایەوە: " نا، تۆ چیت پێیە بمدەیە. " سەرخۆش بوو، دەستی دایە دارەکەی و کەوتە وێزەی دوو گەنجەکە. هەڵاتن، بەڵام تا جادە سەرەکییەکە ڕاوی نان، بە دار لێی دەدان و هاواری بە سەردا دەکردن: " لە ماڵەکەی من دوور بکەونەوە! بڕۆن بۆ ماڵێکی دی! مریشکەکانم نەدزن! " بە درێژایی شەقامەکە ڕایکرد بە دوویاندا.

– دوور نەبوو بیکوژن.

– لەوە شێت ترە، هەست بەوە بکات.

– شانسی هەیە کە هێشتا ماوە.

– بەڵێ، لەبەر ئەوەی فەرەنسییە و ئەمریکی نییە، ئەم مەسەلەیە یارمەتی دەدات و دەیان پەشۆکێنێ، ئەمانە هێندەی ڕقیان لە ئەمریکیانە ڕقیان لە بیانیان نییە.

بە شێتی دەزانن، هەموو ئەو گەنجانەش پیاوکوژ نین، هەندێکیان تەنیا هەوڵی ژیانیانە.

– باشە هەموویان بەشەر نین؟

– بەشەرن و ئەولاتریش!!

فرانسوا هاتەوە: " مریشکەکانم ژمارد، تەواون، کەمێک قسەم لە گەڵدا کردن، لە گەڵ مریشکەکانمدا ". فرانسوا لە سەر قسەکانی ڕۆیی، جون پێکێکی بۆ خۆی تەژی کرد: " قەلایەکم دەوێ، شەش منداڵ و ژنێکی قەڵەوی کەتەم دەوێ. "

لێم پرسی: ئەم هەموو شتەت بۆچییە؟

–بۆ ئەوەی کە لە قومارا دۆڕام، یەکێک هەبێ قسەی لە گەڵدا بکەم. ئێستا کە دەدۆڕێم کەس نییە قسەم لە گەڵدا بکات.

حەزم دەکرد بڵێم، کە لە قومارا دەدۆڕێ، تەنانەت ژنەکەی و شەش منداڵەکەشی قسەی دەگەڵدا ناکەن. بەڵام نەمدەویست کول و کۆڤانی زیاتر بکەم، لە جیاتی ئەوە گوتم: ڕۆژێک دەچینە پێشبڕکێی ئەسپان.

- کەی؟

- بەو نزیکانە.

- نەخشەیەکی تازەم بۆ گریو هەیە.

- هەموومان نەخشە و پلانمان هەیە.

**

تەلەفۆنەکە لێی دا، جون دوای زەنگی سێیەم وەڵامی دایەوە: هەڵو... بەڵێ... بەڵێ من جونم... چی؟... شتی وا نابێ!

گوشی تەلەفۆنەکەی بە دەستەوە بوو، تەمەشای ئێمەی کرد: تەلەفۆنەکەی بە ڕووما داخستەوە!

- کێیە؟

- هاری فریدمان!

- چی دەوێ؟

- فیلمەکە هەڵوەشێنرایەوە.

(( ٢٤ ))

چەند ڕۆژێک بووری، هیچ کارێکی گرینگم لەو ماوەیەدا ئەنجام نەدا، دەچووم بۆ مەیدانی غارغارێنی ئەسپان، لە ماڵەوە شیعرم دەنووسی. پێشتر لە سێ بواردا قەڵەمڕانیم کردبوو: شیعر و چیرۆکی کورت و ڕۆمان، ئێستا، دوای نووسینی سیناریۆ بووە بە چوار، ئایا بە ڕاستی چوارە؟ ئایا دوای هەڵوەشاندنەوەی فیلمەکە، ناوم وەکو سیناریست دەمێنێ؟ ئایا جیم بیم دەتوانێ بڕەقسێ؟!

جون پەیوەندی کرد: پێشبڕکێی ئەسپان لە چیدایە؟

- ئاساییە، ئەدی تۆ چۆنی؟

- باشم، تەنیا ویستم لە بویەرەکانت ئاگادار بکەم.

- دوای هەڵوەشاندنەوەی فیلمەکە، یەکەم ئیشی من و فرانسوا بریتی بوو لە خواردنەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و دوو شەوان.

- بۆ پاککردنەوەی ڕۆح.

- دەقاودەق. دوای ئەوە چووم بۆ بارەگای کۆمپانیای " فایر باور " تا لەوەوە سەدەمی هەڵوەشانەوەی فیلمەکە بزانم، ئەو خەبەرە شۆکی کردم.

- هەروەها منیشی شۆک کردووە.

– گەییمە بارەگای کۆمپانیاکە، بەڵام پاسەوانەکان نەیانهێشت بچمە ژوورەوە. دیارە فریدمان ڕای سپاردبوون کە نەیەڵن سەردانی بکەم.

– کوڕی قەحپەیە!

– بەڵێ، هەندێجار وایە، بەهەرحاڵ، چووم بۆ دەروازەی دووەم، بینایەکە دوو دەروازەی هەیە...

– دروستە.

– پارێزەری کۆمپانیاکە دەناسم، بە پاسەوان و دەرگاوانەکانم گوت هاتووم بۆ سەردانی ئەو، ڕێگەیان دامێ کە بچمە ژوورەوە. بەڵام نەچووم بۆ ئۆفیسی پارێزەرەکە، یەکسەر بۆ ئۆفیسەکەی فریدمان چووم.

– باشە!

– فریدمان تەمەشای کردم و گوتی: " خێرهاتی جون، حاڵت چۆنە؟ "

وەڵامم دایەوە کە باشم. بڕیارم دا، پرسیاری سەدەمی هەڵوەشاندنەوەی فیلمەکەی لێنەکەم، ئیدی ئەمە کاری ئەوە و پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە و، بۆیە گوتم: نها لە سەرمانە لە لایەنێکی دی بگەڕێین کە فیلمەکە بەرهەم بهێنێ. پرسی: " سپونسەرت دۆزیوەتەوە؟ " وەڵامم دایەوە کە نەخێر نەمدۆزیوەتەوە. ئەوسا گوتم: دەگەڕێم بۆ یەکێک کە بەرهەمهێنانی فیلمەکە لە ئەستۆ بگرێ و، کە دۆزیمەوە، هەنگێ یەک وشەم لە تۆ دەوێ. لێی پرسیم: " وشەی وەکو چی؟ " گوتم: کە سپۆنسەرێکی فیلمەکەمان دۆزییەوە، داوای لێدەکەین هەموو ئەو پارانە بۆ ئێوە بگێڕێتەوە کە لە قۆناغی پێش بەرهەمهێنانی فیلمەکەوە تا هەڵوەشاندنی خەرجتان کردووە. گوتی: " ئەمە کارێکی چاکە "، قسەکەم تەواو کرد: بەڵام بەڵێنێکم لە تۆ دەوێ کە بێڵیت فیلمەکە دەست پێبکات و کە " فایر باور " داوای پارەی زیادە نەکات. گوتی: " چاکە، دەستبەکار بە، بڕۆ لە سپۆنسەرێکی دی بگەڕێ، من بەم مەرجانە ڕازیم، هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم ".

– ئیدی کێشەکە بەو ئاوایە چارەسەر بوو؟

– بەڵێ، تەوقەمان کرد و ڕۆیشتم، پێموایە زۆر کەیفی بەوە هات کە گوتم قەرەبووی مەسرەفەکانی پێش بەرهەمهێناکەی بۆ دەکەینەوە.

– ئێستا تەنها ئەوەمان لە سەرە سپۆنسەرێک بدۆزینەوە؟

– سپۆنسەرمان هەیە.

– چی؟!

– ئەوەندەی من زانیومە، لەو ماوەیەدا کە دەگەڵ " فایر باور " دا کارمان دەکرد و تەنانەت دوای ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستەش کە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی فیلمەکەوە هەبوو، ژێراوژێر لە سپۆنسەرانی دی دەگەڕاین، چونکە متمانەمان بە کۆمپانیای " فایر باور " نەبوو. وەختایەک سپۆنسەرێک زانی کە " فایر باور " دەستبەرداری فیلمەکە بووە، یەکسەر هاتە پێشەوە.

– واووو! کێیە؟

– کۆمپانیای " ئیدلمان " ە، ئەمە کۆمپانیایەکی وەبەرهێنی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، وەکیلەکەی لە دەڤەری ڕۆژئاوادا ناوی سورنسونە. بە چاکی تاقیبی ڕەوشی کۆمپانیاکەمان کردووە، پارەدارن، پێیان گوتین: " بەڵێ پارەمان هەیە، بەڵێ ئەم فیلمەمان دەوێ، کەواتە با دەستبەکار بین ".

– باشە تۆ دڵنیایت کە خەڵکانی باشن؟

– پارەیان هەیە، کۆمپانیاکە بە یاسایی تۆمار کراوە، ئێمە ئێستا وەزعمان لەوسا باشترە کە لەگەڵ " فایر باور " دا بووین. سیناریۆکە و ئەکتەرەکانیان بەدڵە و ئامادەن دەستبەکار بن. ئەوراقی فەرمیمان ئامادە کردووە، دوا نیوەڕۆی پێنج شەممە، بەڵگەنامەکان ئیمزا دەکەین.

– زۆرچاکە، جون پیرۆزبایی لە تۆ و لە خۆمیش دەکەم.

– من سوور بووم لە سەر ئەوەی بە هەرجۆرێ بووە فیلمەکە بێتە بەرهەمهێنان، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی باش بەرهەمی دێنم.

– جون من شانازیت پێوە دەکەم.

– هەر شتێکی تازە هەبوو ئاگادارت دەکەمەوە. جارێ بە دوعا.

– بەخێر چیت.

جون دوای دوو ڕۆژان پەیوەندی کردەوە: کوڕی قەحپە!

– چی بووە؟

– خاوەنی " فایر باور " لە قسەکەی خۆی ژێوان بووەتەوە! بە هاتنە پێشەوەی کۆمپانیای " ئیدلمان " و سورنسون – ی وەکیلی زانیوە و، نها داوای پێنج سەد هەزار دۆلار دەکات وەکو قەرەبووی مەسرەفەکانی! و بڕی حەوت سەد و پەنجا هەزار دۆلاری زیادەش!!

– چی؟!

– فریدمان، لە بەڵێنەکەی خۆی ژێوان بووەتەوە! پەیوەندیم پێوەکرد و گوتم: خۆ تۆ بە منت گوت داوای هیچ زیادەیەک ناکەیت! بەڵێنت دامێ!

– ئەدی چی گوت؟

– هیچی نەگوت، تەلەفۆنەکەی بە ڕوودا داخستمەوە، ئێستا ناتوانم پەیوەندی پێوە بکەم، چونکە وەڵامم ناداتەوە. ئەگەر وابڕوات مان لە خواردن دەگرم!

– چی؟

– مانگرتن لە خواردن! بوتڵێ ئاو و تەپڵەکێک دەبەم و لە بەر بیناکەی " فایر باور " دادەنیشم و لە برسا دەتلێمەوە تا دەمرم.

– ئێستا؟!

- بەڵێ، دوای دە خولەکی دی لەوێ دەبم.

- گاڵتە دەکەی؟

- هەرگیز، گاڵتە ناکەم.

چووم بۆ بینای کۆمپانیاکە، سەیرم کرد جون لە بەر دەروازە سەرەکییەکە، لە سەر تەپڵەکێکی بچووک ڕۆنیشتووە، بوتڵێ ئاوی لە تەنیشتەوەیە، لافیتەیەکی بەدەستەوەیە لێی نووسراوە: " مانگرتن لە خواردن ، فایر باور = درۆزنن ".

ئوتومبیلەکەم ڕاگرت و چووم بۆ لای جون، چوار پێنج کەس وەستابوون تەمەشایان دەکرد. لە لایەوە هەڵتروشکام: گوێ بگرە جون، با واز لەم فیلمە نەگریسە بێنین، هەر پارەیەکم لێوەرگرتووی بۆتی دەگێڕمەوە، من زۆرم پێویست بە پارە نییە. با واز لەم فیلمە بێنین و بابڕۆین مەست ببین، مەستبوونێکی مێژوویی!

جون، دەستی بۆ گیرفانی ناوەوەی پاڵتۆکەی برد، کاغەزێکی دامێ و، گوتی: لە ڕێگەی کەسێکەوە بۆ فریدمانم ناردووە، ئێستا لە لای ئەوە و، ئەمە کۆپیەکی ئەو کاغەزەیە.

پاشان کاغەزێکی دیکەی دەرهێنا: ئەمە گرێبەستی دەستبەردار بوونی ئیمتیازاتی فیلمەکەیە.

ئەوەم خوێندەوە کە لە کاغەزی یەکەمدا نووسرابوو:

ئازیزم هاری،

وەکو بە تەلەفۆن پێمگوتیت، دوو ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەکە هەیە، وەکو دەبینی هەر دوو ڕێگەکە بەلای منەوە پەسندن. باوەڕ بکە وەختایەک پێشنیازی چارەسەرێک بۆ کێشەی سپۆنسەر دەکەم، تەنیا بۆ ئەوە نییە کە دەمەوێ بەردەوام بم لە سەر فیلمەکە، بەڵکو خاتری تۆشم دەوێ، تۆشم خۆشدەوێ، لەوە خۆشترم دەوێی کە تەسەور دەکەی.

باشە، ئێستا تۆپەکە لە یاریگەی تۆدایە، تکا دەکەم بلەز قەراری خۆت بدە. من لەگەڵ کۆمپانیای " ئیدلمان " دا، کە ئامادەیە ئەرکی فیلمەکە لە ئەستۆ بگرێ، پێکهاتووم و ئامادەیە پابەندی هەموو ئەو ئیلتیزاماتانە ببێ کە لە گرێبەستەکەدا تۆمار کراون. ئەگەر ئەم کاغەزە ( چارەسەری ژمارە یەک ) لە لایەن ئێوەوە ئیمزا کراوەو دوا نیوەڕۆی پێنج شەممە ڕادەستی " ئیدلمان " بکرێ، ئێمە لە نۆزدەی ئەم مانگەوە کە تیایداین دەست بە بەرهەمهێنان دەکەین و لەم ماوەیەدا، گرێبەست لە گەڵ دە کەسی گرینگدا دەکەین تا کار لە سەر فیلمەکە بکەن، تەنیا سێ شەممە و چوار شەممەمان لە بەردەما ماوە تا ئیمتیازاتی فیلمەکە ڕادەستی " ئیدلمان " بکەین و، ئەگەر ئەمە نەکرێ، ئەوا ئێمە " جاک بلیدسو " مان بۆ نواندنی دەوری قارەمان لە کیس دەچێ و، کۆمپانیاکەی ئێوەش نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار زەرەر دەکات. ئەوەش دەکاتە خۆکوژی دەستەجەمی، خۆکوژییەکی دارایی بە هەموو پێوەرەکان. پاشان هەنگاوی دووەم دەنەم کە بریتیە لەمە: ئەگەر تا سەعات نوێ سبەی بەیانی، دەستبەرداری ئیمتیازاتی فیلمەکە نەبێ و بە هەمان ئەو مەرجانەی بەڵێنت دابوومێ، دەست بە جێبەجێکردنی چارەسەری ژمارە دوو دەکەم، هەندێ ئەندامی جەستەم دەبڕم، دەیخەمە زەرفی پۆستەوە و، هەموو ڕۆژێ بۆ ئۆفیسەکەتی دەنێرم، ئەمە بۆ من مەسەلەی ژیان و مردنە.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیما

جون

بەشی دووەمی ئەم کاغەزە، چارەسەری ژمارە یەکی لەخۆ گرتبوو، لە ژێر سەرناوی " هەموار کردنەوەی گرێبەستی پراکتیکی تایبەت بە خزمەتگوزاری دەرهێنانی " جون بینشو ". جا چونکە ئەم بەشە لەلایەن پارێزەرێکەوە نووسرابوو، نەدەخوێنرایەوە. بەڵام پێدەچوو داوا لە فریدمان بکات کە دەستبەرداری ئیمتیازاتی فیلمەکە ببێ بۆ " ئیدلمان "، و ئەو برە پارەیە بێتە پاراستن کە وەکو کرێ بۆ جون، لە سەری ڕێکەوتبوون.

لێم پرسی: چارەسەری ژمارە دوو چییە؟

- بڕینی هەندێ ئەندامی جەستەم.

- بەمە دەڵێی چارەسەر؟

- وابزانم باشتر وایە ناوبنرێ داوەشان.

- ئەو کارە ناکەی، وانییە؟

- با دەیکەم.

- تۆ شێتی.

- هەرگیز. وەرە لە گەڵمدا و یارمەتیم بدە بۆ ئامادەکردن.

- ئامادەکردنی چی؟

- تۆ وەرە و تەواو.

سواری ئۆتومبیلەکەی جون بووین، گوتی: ئەو شتەم پێیە کە بۆ دەست پێکردنی کارەکە پێویستمە: دەرمانی ئارامبەخش. لەبیرتە کاتی خۆی کە چووم بۆ لای دکتۆر، تا نەشتەرگەری بۆ ئەو نینۆکەی پێم بکات کە چووبووە ناو گۆشتەکەی پێمەوە؟ ئەو کاتە ئەو دەرمانە ئارامبەخشەی بۆ نووسیم، زۆر باش و کاریگەر بوو...

- ئێستا بۆ کوێ دەڕۆین؟

- پەلە مەکە. بە هەرحاڵ، دوای نەشتەرگەرییەکە چوومەوە بۆ لای دکتۆرەکە، پێمگوت: " ئەو ئارامبەخشەی بۆت نووسی بووم زۆر چاک بوو، کاریگەرییەکەی دە سەعات بەردەوام دەبێ، بۆمی باس بکە "، بۆی باسکردم. پاشان داوام لێکرد دەرمانەکە بدینم، بۆ کۆگای دەرمانەکانی بردم. پاشان لە گەڵ دکتۆرەکەدا بۆ عیادەکەی گەڕامەوە، بەڵام من بە ئانقەست، جانتاکەم لە کۆگای دەرمانەکان بە جێهێشت و، بە پەرستارەکەم گوت: " جانتاکەم لە بیر چووە! " بەو ئاوایە گەڕامەوە بۆ کۆگاکە کە کەسی لێنەبوو، ئیدی پاکەتە ئارامبەخشەکەم برد.

- جون، شتی وا نەکەی.

- چ بکەم، ناچارم!

خۆمان بە فرۆشگایەکی فرۆشتنی کەرەستەی بیناسازیدا کرد، جون بە فرۆشیارەکەی گوت: هەرەیەکی کارەباییم دەوێ.

فرۆشیارەکە کەوتە گەڕان بە ڕەفەی کەرەستەکاندا، بە خۆ و کارتۆنێکی پرتەقاڵییەوە هاتەوە: ئەمە هەڕەی " بلاک دیکر " ە، باشترین هەڕەیە، لەمە باشترمان لا نییە.

- ئەدی کوا دەمە تیژەکەی؟ چۆن دەخرێتە سەری؟

- زۆر ئاسانە.

فرۆشیارەکە، دەمەکەی خستە سەری، ددانەکانی زۆر گەورە بوون، جون تەمەشای کرد و گوتی: ئەم دەمەم ناوێ.

-چ جۆرە دەمێکت دەوێ؟

بۆ خولەکێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی: " دەمێک کە بە کەڵکی ئەوە بێ دار بکات بە پارچەی بچووک، داری سەخت.

( دەمێکی تازەی دەرهێنا، ددانەکانی ورد و لێکدی نزیک بوون و زۆر تیژ بوو ) و گوتی: ئەمە چۆنە؟

-باشە، ئەم جۆرەم دەوێ، بە کەڵکی ئیشەکەی من دێت.

- پارەکەم کاش دەدەیە یان بە کارتی ئیئتمان؟

سواری ئۆتومبیلەکە بووین و گەڕاینەوە بەلای مانگرتنەکەدا، لە جونم پرسی: ئیشی وا ناکەی، وانییە؟

- هەڵبەتە دەیکەم، لە بڕینەوەی پەنجە تووتەی دەستی چەپمەوە دەست پێدەکەم، بە کەڵکی چی دێ، سوودی چییە؟

- کە حەرفی ئەلف لە سەر تایپەکە لێدەدەی، بەکاری دێنی.

- حەرفی ئەلف بە کار نایەنم.

- گوێ بگرە هاوڕێ، باشە سووکە ئومێدێ نییە، لەو نیازەت ژێوان ببیتەوە و، بابەتەکە بە یەکجاری فەرامۆش بکەی؟

- نا، هەرگیز.

- یانی سەعات نۆی بەیانی لەوێ دەبیت؟

- لە ئۆفیسی پارێزەری کۆمپانیاکە دەبم، هەڕە کارەباییەکە دەخەمە سەر کارەبا و دەست بە بڕینەوە دەکەم تا دەستبەرداری ماف و ئیمتیازاتی فیلمەکە دەبن.

باوەڕم بە قسەکەی جون کرد، بە ڕاوێژێکی هێدی و پڕ متمانە، دوور لە هەر نواندن و موبالەغەیەک قسەی دەکرد.

- چاوەڕێم دەکەی تا لە گەڵتا بێم بۆ ئۆفیسی پارێزەرەکە؟

- بەڵێ، بەڵام لە وەختا وەرە، هەرگیز دوا مەکەوە.

- ڕێک لە وەختی خۆیا ئامادە دەبم.

(( ٢٥ ))

سەعات هەشت و پەنجا خولەکی بەیانی گەیشتمە جێ، ئوتومبیلەکەم ڕاگرت و چاوەڕوانی جونم کرد. جون لە سەعات هەشت و پەنجا و پێنج خولەکدا گەییە جێ، لە ئەتومبیلەکە دابەزیم و بەرەو پیری چووم: بەیانیت باش جون.

- سەرچاو هانک، حاڵت چۆنە؟
- باشم، خەبەر و باسی مانگرتنەکەت؟
- هێشتا لە مانگرتندام، بەڵام لەوە گرینگتر، بڕینەوەی ئەندامانی جەستەیە.

هەڕە " بلاک دیکر " ەکە بە جون بوو، لە خاولییەکی کەسکەوە پێچرابوو. پێکەوە خۆمان بە بیناکەی " فایر باور " دا کرد، بە باڵاڕۆیەکە چووین بۆ ئۆفیسی " نیلی زوتنیک " ی پارێزەر. دیاربوو خانمە کارمەندەکەی پێشوازی، ئاگاداری چوونەکەمان بوو، گوتی: یەکسەر وەژوور کەون.

نیلی زوتنیک چاوەڕوانمان بوو، لە پشت مێزەکەیەوە ڕابوو و تەوقەی لەگەڵ کردین. ئەوسا ڕۆنیشت و گوتی: " قاوە دەخۆنەوە؟ " جون بەرسڤی دایەوە: " نا "، بەڵام من داوای فینجانێ قاوەم بۆ خۆم کرد. زوتنیک، زەنگی تەلەفۆنە داخلییەکەی لێدا: " ڕۆز؟ ڕۆز ئازیزەکەم، بە ئەرک نەبێ فینجانێ قاوە "، ئەوسا تەمەشای منی کرد: " بە شیرەوە؟ بە شەکر؟ "

- نا، قاوەیەکی ڕەش.

- ڕەش یان روز.

جون پرسی: جەنابی فریدمان لە کوێیە؟

- جەنابی فریدمان ڕێنمایی پێویستی داوەتە من.

- پلاکی کارەباکە لە کوێیە؟

- پلاک؟!

- بۆ ئەم...

جون، خاولیە کەسکەکەی لابرد، هەڕە " بلاک دیکر " ە کە بەدیار کەوت.

- تکات لێدەکەم جەنابی جون...

- کوا پلاکەکە؟ تۆ هەقت نەبێ، دۆزیمەوە...

جون هەستا، " بلاک دیکر " ەکەی خستە سەر کارەباکە.

–جەنابی جون دەبێ شتێک بزانی، ئەگەر زانیبام ئەم ئامێرە لە گەڵ خۆتا دێنیت، ئەوا ڕام دەسپارد کارەباکە ببڕن...

– خەمت نەبێ، هەموو شتێک ئاسایی دەڕوات.

– پێویست بەم هەڕەیە ( مشار ) ناکات.

– هیوادارم وابێ، تەنیا بۆ حاڵەتی زۆر زەرووری بێت...

ڕۆز، بە فینجانە قاوەکەوە وەژوورکەوت، جون دەستی نایە دوگمەی " بلاک دیکر " ەکەوە، دەمەکەی کەوتە ئیش کردن، دەنگێکی گەورەی لێبەرز بووەوە. ڕۆز لە دەنگی هەڕەکە ڕاچڵەکی، فینجانەکە کەمێک لار بووەوە، دڵۆپێکی لێ ڕژایە سەر فوستانەکەی. فوستانێکی جوانی سووری لەبەر بوو، تووند لە جەستەی جەڕی بوو: ئەمە چییە؟! ترساندمی!

– ببورە، تاقیم کردەوە.

– قاوەکە بۆ کێیە؟

ڕۆز، فینجانە قاوەکەی بۆ من هێنا، زۆرم پێویست بە قاوە بوو، ئەوسا بە گومان و نیگەرانییەوە تەمەشایەکی کردین و، ڕۆیی.

– هەر دوو بەڕێزان فریدمان و فیشمان، خەمی ئەم حاڵەتە عەقڵیەی تۆیان بوو...

– دەمت داخە زوتنیک! یان دەبێ ماف و ئیمتیازاتی فیلمەکە بەدەست بێنم، یان یەکەم پارچە گۆشتی جەستەم لێرە، بە ئەمانەت لە لای تۆ بەجێدێڵم...

( جون، سەری هەڕەکەی کێشا بە ناوەندی مێزەکەی زوتنیک دا )

– پێویست بەوە ناکات ئەم کارە بکەی جەنابی جون.

– پێویست دەکات و هەزارجار پێویست دەکات، تۆ وەختی من بە فیڕۆ دەدەی! دەمەوێ هەر ئێستا گرێبەستی تەنازول لە ماف و ئیمتیازاتی فیلمەکەم بۆ بکەی!

زوتنیک تەمەشایەکی منی کرد: قاوەیەک ناخۆیتەوە جەنابی چیناسکی؟

جون، پلی نا بە پەلەپیتکەی " بلاک دیکر " ەکەوە، دەستی چەپی بەرز کردەوە، جگە لە پەنجە تووتەی، هەموو پەنجەکانی دیکەی داخست. ئەوسا " بلاک دیکر " ەکەی بەرزکردەوە، دەمەکەی بە خێراییەکی هاوسەنگ دەجوڵایەوە: هەر ئێستا... دەیکەم...

–باشە، چ دەکەی بیکە.

جون، پەنجەی لە سەر پەلەپیتکەکە هەڵگرت، زوتنیک، چەکمەجەکەی سەرەوەی مێزەکەی کردەوە، دوو کاغەزی هاو ئەندازەی ئەوراقێن یاسایی دەرهێنا و، خستیە بەردەم جون، جون هەردوو کاغەزەکەی هەڵگرت و، دەستی بە خوێندنەوەیان کرد.

پرسیم: جەنابی زوتنیک، ڕوخسەت هەیە قاوەیەکی دیکە داوا بکەم؟

بە ڕقەوە تەمەشای کردم، ئەوسا دەستی نا بە دوگمەی تەلەفۆنە داخلیەکەوە: قاوەیەکی دی ڕۆز، ڕەش...

– ڕەش وەکو هەڕە " بلاک دیکر " ەکە!

– جەنابی چیناسکی، ئەمە نەبوو بە گاڵتە!

جون، لە سەر خوێندنەوە بەردەوام بوو، فینجانە قاوەکە هات و جون هێشتا سەرقاڵی خوێندنەوە بوو، هەڕە " بلاک دیکر " ەکەی لە سەر هەر دوو ڕانی دانابوو. ئەوسا گوتی: نا، ئەمە بەس نییە!

– چییە؟ گرێبەستی تەنازولە لە ئیمتیازاتەکە، هەموو مەرجێکی تەواوی تەنازولی تیایە!

– هەر هەموو ئەوەی لە بەندی پێنجەمدا ناوبراوە دەبێ بسڕدرێتەوە، چونکە زۆر ئاڵۆز و ناڕوونە.

– دەتوانم دووبارە ئەوراقەکان بدینمەوە؟

– بێگومان.

جون، ئەوراقەکانی لە سەردەمی هەڕە " بلاک دیکر " ەکە دانا و بۆ زوتنیکی درێژ کرد، زوتنیک، بە قێز و بێزەوە هەڵیگرت و، دەستی بە خوێندنەوەی بەندی پێنجەم کرد: هیچ کێشەیەکی تیا نابینم!

– بیسڕەوە، لاییبە.

– بەڕاستی بە تەمای پەنجەیەکەت ببڕیت؟

– بەڵێ، لەوەیە پەنجەیەکی تۆش ببڕمەوە.

– ئەمە هەڕەشەیە؟ هەڕەشەم لێدەکەی؟!

– باش بیر لەمە بکەوە: من هیچم نییە لە دەستی بدەم، بەڵام تۆ زۆر شتت هەیە...

– گرێبەستێک لە هەلومەرجێکی وەهادا ئیمزا کرابێ، دەشێ بە گرێبەستێکی باتڵ دابنرێ.

– تۆ تووڕەم دەکەی! زوتنیک یان بەندی پێنجەم بسڕەوە یان هەر ئێستا پەنجەی خۆم دەبڕمەوە!

جون، پلی بە پەلەپیتکەی هەڕەکەوە نا، دووبارە دەمەکەی کەوتەوە کار، دەستی چەپی بەرز کردەوە، پەنجە تووتەی هاوتەریب لە گەڵ دەمی مشارەکەدا درێژ کرد...

–بوەستە!

زوتنیک هاواریکرد، جون وەستا. زوتنیک دەستی نا بە دوگمەی تەلەفۆنە داخلیەکەوە: ڕۆز، وەرە.

ڕۆز وەژوورکەوت: قاوەی دی هەیە؟!

– نامەویٚ، هەموو گرێبەستەکە بە تەواوەتی دووبارە بنووسیتەوە، بیبە بەندی پێنجەمی لیٚ بسڕەوە و پاشان بۆمی بێنەوە.

– بەسەرچاوم جەنابی زوتنیک.

بەدەم چاوەڕوانییەوە دانیشتین، ئەوسا زوتنیک گوتی: ئێستا دەتوانی هەڕەکە، لە پلاکەکە دەربێنی.

– جاریٚ، با هەموو شتەکان ببینمەوە.

– بەڕاستی بەرهەمهێنەرێکی دیکەت بۆ ئەم فیلمە دۆزیوەتەوە؟

– هەڵبەتە.

– دەتوانی پێم بڵێی کێیە؟

– بەڵیٚ، کۆمپانیای " ئیدلمان "ە، فریدمان ئەوە دەزانێت.

( زوتنیک چاوێکی داگرت، وشەی " ئیدلمان " دەکاتە پارەی مۆڵ، پێدەچیٚ بە ناوەکەدا ناسیبنی. )

– سیناریۆکەم خوێندەوە، بەلای منەوە زۆر تووند و زبرە.

– هیچ بەرهەمێکی دیکەی جەنابی چیناسکی – ت خوێندووەتەوە؟

– نەخێر، بەڵام کچەکەم کۆ چیرۆکی " خەونی زیڕاب "ی خوێندووەتەوە.

– ئەدی ڕەئی چییە؟

– گوتی زۆر قێزەونە.

ڕۆز، بە گرێبەستە تازەکەوە هاتەوە، دایە دەست زوتنیک. زوتنیک تەمەشای گرێبەستەکەی کرد، ئەوسا دایە دەست جون. جون وشە بە وشەی گرێبەستەکەی دووبارە خوێندەوە و، گوتی: زۆر باشە.

ئەوراقەکانی لە سەر مێزەکە دانا و ئیمزای کرد، زوتنیک لە جیاتی فریدمان و فیشمان ئیمزای کرد. مەسەلەکە کۆتایی هات. هەرکەسە و کۆپییەکی گرێبەستەکەی هەڵگرت.

زۆتنیک پێکەنی، لە تۆ وایە بارێکی قورسی لە کۆڵ بووەتەوە: ڕۆژبەڕۆژ کاری پارێزەری سەیرتر دەبیٚ.

جون، هەڕەکەی لە پلاکەکە دەرهێنا، زوتنیک چوو بۆ لای ئەو سەندووقە بچکۆلەیەوە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، کردییەوەو بوتڵێک و سیٚ پەرداخی لیٚ دەرهێنا. لە پشت مێزەکەیەوە ڕۆنیشت و پەرداخەکانی تەژی کرد: بە سەلامەتی ڕێکەوتنەکە بەرێزینە!

–بە سەلامەتی، ڕێکەوتنەکە!!

براندیەکەمان خواردەوە و، فیلمەکە بوو بە موڵکی خۆمان.

لەگەڵ جون چووم بۆ لای ئوتومبیلەکەی، هەڕەکەی فڕیدایە سەر کوشنەکەی دوواوە و لە پێشەوە سوار بوو. من کە لەسەر شۆستەکە وەستابووم، لێم پرسی: جون، دەتوانم پرسیارە خەتەرەکەت لێبکەم؟

- بێگومان.

- پێم بڵێ حەقیقەتی ئەم هەڕەیە چیە، کارەکە لەوە هێوەتر نەدەڕۆیی، تۆختر نەدەبووەوە، بە جدیت نەبوو کە قامکی خۆت دەبڕیتەوە، وانییە؟

- با، بە جدیم بوو.

- باشە بەردەوام دەبووی لە بڕینی ئەندامی دیکەی جەستەت؟ بەڕاستی ئەوەت دەکرد؟

- بێگومان، کە بڕیارێکی وەکو ئەوە دەدەی، ئیدی ناتوانی ژێوان ببیتەوە.

- بەڕاستی تۆ پیاوێکی زۆر ئازای.

- ئەمە هیچ نییە. من ئێستا برسیمە.

- خواردنت بۆ بێنم؟

- خوارنگەیەکی باش پێ دەزانم، سواری ئوتومبیلەکەت بە و دوام بکەوە.

- باشە.

بە جادەکانی هولیوودا دوای جون، کەوتم، ڕوناکی و سێبەر دەکەوتە سەر وێنەی ئەلفرید هیچکوک، لوریل و هاردی، کلارک گیبل، گلوریا سوانسون، میکی ماوس و همفری بوگارت؛ کە ڕێگاکەمانیان دەڕازاندەوە.

(( ٢٦ ))

لە هەفتەی دواتردا، هیچ شتێکی تازە ڕوووینەدا، خەریک بوو، لە سەر فەرشەکە یاریم لەگەڵ یەکێک لە پشیلەکاندا دەکرد کە تەلەفۆنەکە لێی دا، سارە بەرسڤی دایەوە: بەڵێ؟ سەرچاو جون، بەڵێ لێرەیە. دووشەممە و سێ شەممە پێشبڕکێی ئەسپان نییە. چی؟ خودایا! کێشەیەکی گەورەیە... دەققەیەک... هانک بانگ دەکەم...

لە سەر فەرشەکە هەستام و تەلەفۆنەکەم وەرگرت: سەرچاو جون.

- هانک، پرۆژەکە پووچەڵ بووەوە.

- چی؟

- کۆمپانیای " ئیدلمان " دەیەوێ لە پشت ئێمەوە " سەمای جیم بیم " بە حەوت ملیۆن دۆلار بفرۆشێت. ئەو خەڵکانەی لە کاتی کارکردنمانا لەگەڵ " فایر باور " دا ژێراوژێر ڕامسپاردبوون، کە لە سپۆنسەرێکی دی بگەڕێن، پێیان ڕاگەیاندووم کە کۆمپانیای " ئیدلمان " پێیان گوتوون ئامادەن ماف و ئیمتیازاتی فیلمەکەیان بە حەوت ملیۆن دۆلار بدەنێ.

- بەڵام مافی فیلمەکە بەوان نییە، وایە؟

- بەڵام ئیدیعا دەکەن کە هی ئەوانە، کۆمەڵێ شتیان بۆ فرۆشتن عەرزکردووە کە بریتییە لە: سیناریۆکە، ئەکتەرەکان، بودجە. جا بۆ تەنازول لە ماف و ئیمتیازاتی فیلمەکە داوای حەوت ملیون دۆلار دەکەن، بە

تەمابوون ئیمتیازاتی فیلمەکە، بە پارەیەکی کەمتر لەمە، لە ئێمە بکڕن، بەڵام دوای ئەوەی فرۆشتنی بە نرخێکی زیاتر، مسۆگەر دەکەن.

- ئەی خودایا!

- دیسان لە دەمی سەگ بەربووین و کەوتینە بەردەمی گورگ!

بووین بە نێچیری خاپنۆکان! کەواتە پرۆژەکە تەواو، پەیوەندیمان بە " ئیدلمان " وە نەما، نها دەبێ لە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی تازە بگەڕێین. نەم دەویست بەم هەواڵانە بێزارت بکەم، بەڵام وام بە چاک زانی کە بزانی چ بویەرێک لە ئارادایە.

- بێگومان، ئەدی کاروبارەکان چۆن دەڕۆن؟

- پەیوەندیمان بە چەند لایەکەوە کردووە، کە بە تەلەفۆن پرۆژەکە عەرزدەکەین، هەمووان ڕازی دەبن. بەڵام دوای خوێندنەوەی سیناریۆکە دەڵێن: " نا "، شارەکە هەر هەمووی دوای خوێندنەوەیسیناریۆکە دەڵێت: "نا" فیلمێکمان هەیە بە دوو ئەکتەری گەورەوە، بەڵام بە بێ بودجەیە. فیلمێکی وەکو ئەمە، قازانج ناکات، شارەکە هەر هەمووی دەڵێ " نا "و، قەت پێشتر نەم بیستووە شارێک بە تەواوەتی لە سەر یەک بۆچوون ڕێکبکەوێ!

- سیناریۆکەیان بە دڵ نەبووە.

- بەڵێ، بەدڵیان نەبووە.

- منیش ئەوانم بە دڵ نییە، تاقەتی کەسیانم نییە.

- دەی باشە، پێویستە لە سەر کاری خۆمان بەردەوام بین، بێگومان خەڵکانێک لە شوێنێکا هەن، کە هێشتا فیلمەکەمان عەرز نەکردوون.

- پێدەچێ ئومێدێکی لاواز بێ.

- بە هەر شێوەیەک بووە، فیلمەکە بەرهەم دەهێنین.

- ئەم متمانە و ئەمەکدارییەتم پێخۆشە.

- گوێ مەدەیێ.

- باشە.

گەڕامەوە سەر فەرشەکە. تا لە گەڵ پشیلەکەدا بکەومەوە گەمە، پشیلەکەم حەزی دەکرد پەیگیری ئەو سەرەی پەتەکە بکات کە بۆم شۆڕ دەکردەوە. بە سارەم گوت: فیلمەکە دووبارە گەڕایەوە سەر خاڵی سفر، کەس سیناریۆکەی بەدڵ نییە.

- ئەدی خۆت ڕات چییە دەربارەی ئەوەی نووسیوتە؟

- پێموایە لە زۆربەی ئەو سیناریۆیانە باشترە کە لە سەر شاشە دەیانبینین و، ڕەنگیشە من هەڵە بم. لە ڕاستیا من خەمباری جونم.

پشیلەکە، سەری پەتەکەی لێگۆڕا، لە جیاتی پەتەکە نینۆکی لە ناو لەپی منا چەقاند. کەمێک خوێنی لێهات، چووم بۆ حەمامەکە و برینەکەم بە بیروکسیدی هایدرۆجین پاککردەوە. لە ئاوێنەکەدا تەمەشای ڕوخساری خۆم کرد: پیرە پیاوێک، سیناریۆیەکی ناکامی نووسیوە، هەی قوڕێ! لە ڕوخساری خۆم هەڵاتم.

کە پێشبڕکێی ئەسپان دەست پێدەکات، لە هەواڵە خراپ و ناخۆشەکان دوور دەکەومەوە و ئاسوودە دەبم، لە ماڵەوە نیم و، کەس بە شوێنم نازانێ. هەموو ڕۆژێ بۆ مەیدانی پێشبڕکێ دەچم، گرێو دەکەم و ئەنجامی باش بەدەست دێنم، پاشان بۆ ماڵ دەزڤڕمەوە، دەگەڵ سارەدا نان دەخۆم و تەمەشای تەلەفزیۆن دەکەم. پاشان بۆ ژوورەکەی خۆم سەردەکەوم و دەگەڵ بادە و تایپەکەما دەژیم. شیعرم دەنووسی، شیعر پارە پەیدا ناکات، بەڵام یاریگەیەکی بەرینە هەر غار دەدەی و تەواو نابێت.

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر دوا پەیوەندییەوە، جون پەیوەندییەکی دیکەی کرد: کارەساتێکی ڕاستەقینە! لە هەموو کارەساتەکانی پێشوو خراتر! ئێمە نها لە قوڵایی دۆزەخ داین!

-چۆن؟!

-گوێ بگرە، بەرهەمهێنەرێکیمان پەیدا کرد، بە خودی فیلمەکەو، بە سیناریۆکەوە ڕازی بوو، پێی گوتم: " باشە، فیلمەکە بەرهەم دەهێنین، ئەوراقەکان ئامادە بکە با ئیمزایان بکەین، پاشان یەکسەر دەست بە پرۆسەی بەرهەمهێنانەکە دەکەین ". پێش ئیمزاکردنەکە بە چەند سەعاتێ پەیوەندی پێمەوە کرد و گوتی: " ناتوانم فیلمەکە بەرهەم بێنم " پاشان دەرکەوت کە دەرهێنەرێکی بەنێوبانگ هەیە دەڵێت ماف و ئیمتیازاتی درامی هەموو بەرهەمەکانی هنری چیناسکی هەیە، پێی گوتم: " ناتوانم هیچ شتێک بکەم، بۆیە ڕێکەوتنەکەمان بەتاڵە ".

( هنری چیناسکی، ئەو ناوەیە کە بۆ کاراکتەری سەرەکی هەموو ڕۆمانەکانم بەکاری دێنم، هەمان ناوم لە سیناریۆکەشدا بەکار بردووە ).

- ئەو وڕینەیە چییە؟!

- وڕینە نییە، تۆ ماف و ئیمتیازاتە درامیەکانت بە کەسایەتی هنری چیناسکی فرۆشتووە.

- شتی وانییە. خۆ ئەگەر واش بێ، ئەوپەڕی ناوەکە دەگۆڕین و تەواو.

- نەخێر، گرێبەستەکە دەڵێت بۆ هەتاهەتایە موڵکی (کاراکتر) ەکەیە، با ناوەکەشی بگۆڕێ!

- شتی وا ماقوول نییە!

- دەترسم کاتێ کە ڕۆمانی " کرێکاری کەشتی بارهەڵگر "ت بە هکتور بلاکفوردی دەرهێنەر فرۆشتووە، ئیمتیازاتە درامیەکەی کاراکتەرەکەشت فرۆشتبێ.

- بەڵێ، ئیمتیازاتی فیلمەکەم، تەنیا بە دوو هەزار دۆلار فرۆشتووە! ئەو کاتە خەریک بوو لە برسا دەمردم و ئەو پارەیە بۆ ئەوسای من یەجگار زۆر بوو. بەڵام بلاکفورد ڕۆمانەکەمی " کرێکاری کەشتی بارهەڵگر "ی نەکرد بە فیلم.

- ئەمە گرینگ نییە، گرێبەستەکە دەڵێت ئەو مافی درامی کاراکتەرەکەی بۆ هەتا هەتایە هەیە.

- گوێ بگرە، ئەم قسەیەت لە کوێ بیستووە؟

- لە پارێزەرێکەوە ناوی فلچر جیسونە، پەیوەندی لە گەڵ خانمی نووسەری تێکستی فیلمەکەدا هەیە، و دوای ئەوەی لە کارەکەیان دەبنەوە، پارێزەرەکە سیناریۆکە لە سەر مێزەکە هەڵدەگرێ، تایتڵەکە ( سەمای جیم بیم ) دەخوێنێتەوە، چاوێ بە تێکستەکەدا دەگێڕێ، ئەوسا سیناریۆکە دادەنێتەوە و دەڵێ: " هنری چیناسکی! موەکیلەکەی من، خاوەنی ئەم پیاوەیە! من بەم دەستانەی خۆم گرێبەستەکەم نووسیوە. " ئیدی لە دەمی ئەوەوە ئەم هەواڵە لە سەرانسەری شارەکەدا بڵاو دەبێتەوە. ئیدی فیلمی " سەمای جیم بیم " مرد، لێ بووەوە، لەمڕۆ بەدواوە کەس ئاوڕی لێناداتەوە، چونکە بلاکفورد و پارێزەرەکەی خاوەنی کەسایەتی هنری چیناسکی – ن.

- جون ئەمە ڕاست نییە، من ئەم مافانە ( ئیمتیاز ) بۆ هەتاهەتایە بە دوو هەزار دۆلاری سەخیف نافرۆشم، هەر ماقوولیش نییە!

- بەڵام گرێبەستەکە وا دەڵێت!

- من گرێبەستەکەم، بەرلەوەی ئیمزا بکرێ خوێندووەتەوە و، شتی وام لە بیر نییە.

- تەمەشای بەندی شەش بکە.

- باوەڕم بەوە نییە.

- پەیوەندیم بەو پارێزەرەوە کرد، پێگە و پایەیەکی بەرزی هەیە، پێی گوتم: " ئێمە موڵکایەتی و مافی هنری چیناسکی – مان هەیە، من پازدە هەزار دۆلارم لە گیرفانی خۆم خەرج کردووە، لە پێناوی کڕینی ئیمتیازاتی ئەو، ئەو پارەیە بۆ کاتی خۆی پارەیەکی مۆڵ بوو، بۆ ئەمڕۆش هەر پارەیەکی زۆرە ". هەڵچووم و زۆر تووڕە بووم و، هاوارم بە سەریا دەکرد، گوتی: " هێواش هێواش! بەوجۆرە قسەم لە گەڵدا مەکە، ڕێگەت پێنادەم بەوجۆرە قسەم لە گەڵدا بکەیت ". لە گەڵیا نەگەییمە هیچ ئەنجامێک. نازانم ئاخۆ پارەیەکی زۆری دەویست یان نا. بەڵام حاڵی حازر فیلمی " سەمای جیم بیم " مردووە، مردووتر لە هەر مردنێکی دی، ئیدی تەواو و بڕایەوە.

- جون، تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

لە گرێبەستەکە گەڕام و بەندی شەشم خوێندەوە و، بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆم هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆم بەدی نەکرد کە ئاماژە بێ بۆ فرۆشتنی ئیمتیازی ( ماف ) کاراکتەرەکە. بەندی شەشم چەند جارێک خوێندەوە، هیچ شتێکی لەو بابەتەم نەدۆزییەوە.

پەیوەندیم بە جونەوە کرد: هیچ شتێک لە بەندی شەشەمدا نییە ئاماژە بێ بۆ فرۆشتنی شەخسیەتەکە بۆ هەتاهەتایە. ئەمە چ نەخۆشیەکە؟ ئایا هەمووان شێت بوون؟!

- نا، بەڵام ئەوە دەگەیەنێ.

- کێ؟

- بەندی شەشەم.

– جون، گرێبەستەکەت لەلایە؟

– بەڵێ.

– ئەوەم نیشان دەدەی لە کوێ دەڵێ کە ئەو پیاوە ماف و موڵکایەتی هنری چیناسکی هەیە؟

– دەتوانی بە خۆت هەڵیهێنجی.

– بێتاقەت بووم! نازانم ئەوەت لە کوێ هەڵێنجاوە!

– ئەگەر بیر لەوە دەکەیەوە پەنا بەریتەبەر دادگا، مەسەلەکە سێ چوار ساڵ و بگرە پێنج ساڵ دەخایەنێت. لەم ماوەیەدا، جیم بیم بە تەواوەتی دەمرێ و کەس ناچێ بەلای جەنازەکەیەوە!

– باشە خەڵکی ئەم شارە شێت بوون؟! هیچ شتێک لە بەندی شەش دا نییە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ئاماژە بێ بۆ فرۆشتنی شەخسیەت و کاراکتەری هنری چیناسکی!!

– تۆ، لە سەر فرۆشتنی کاراکتەری هنری چیناسکی بۆ هەتاهەتایە ئیمزات کردووە.

پێدەچێ جون – ش شێت بووبێ، تەلەفۆنەکەم بە ڕوویا داخستەوە. لە دەلیلی تەلەفۆناتا بۆ ژمارەی تەلەفۆنی دەرهێنەر هکتور بلاکفورد گەڕام، ژمارەیەکم دۆزییەوە، هکتورم دەناسی، لەوساوە کە کولیجی دەرهێنانی لە زانکۆی باشووری کالیفورنیا تەواو کردبوو دەمناسی. یەکێک لەو فیلمانەی لە سەرتاوە دەری هێنابوون، فیلمێکی دوکیومێنتاری بوو دەربارەی من، لە کەناڵی ( بی بی ئیس )ی حکومەتیدا نمایشکرا.

بۆ ڕۆژی دوایی، پەنجا کەس پەیوەندییان بە کەناڵەکەوە کردبوو و، ئابوونمانەکەی خۆیان هەڵوەشاندبووەوە.

زۆرجار من و هکتور پێکەوە دەمانخواردەوە، هاو پیاڵە بووین، زۆری حەز دەکرد، دەرهێنان بۆ فیلمی " کرێکاری کەشتی بارهەڵگر " بکات، کاتی خۆی ئەو سیناریۆیەی دامێ کە لە ڕۆمانەکەمەوە ئامادەی کردبوو، بەڵام دەقەکە زۆر خراپ بوو، داوام لێکرد واز لەو بابەتە بهێنێ. ئیدی لەوساوە تا ئەمڕۆ دابڕاوین، ئەو بە ڕێی خۆیا و من بە ڕێی خۆما ڕۆشتین، ئەو دەوڵەمەند بوو و شۆرەتی پەیدا کرد و دەرهێنانی بۆ ژمارەیەک فیلمی سەرکەوتوو کرد، من خووم دایە شیعر و نووسین و، مەسەلەی " کرێکاری کەشتی بارهەڵگر "م لە بیر چووەوە.

پەیوەندیم پێوە کرد: هکتور، من هانک –م.

– سەرچاوم هانک، حاڵت چۆنە؟

– باش نیم.

– بۆچی؟

– کێشەم لە گەڵ فیلمی " سەمای جیم بیم " دا هەیە. کابرایەک بە ناو شارا دەسوڕێتەوە و، دەڵێ ئیمتیازی هنری چیناسکی هی تۆیە، دەیناسیت؟

– فلچر جیسونە؟

- خۆیەتی. جا هکتور، تۆ بەخۆت دەزانی من پاشەڵ و ڕۆحم بە دوو هەزار دۆلاری هیچ و پووچ نافرۆشم.

- فلچر دەڵێ تۆ هەستاوی بە...

- هیچ شتێک لە بەندی شەشەمدا نییە.

- فلچر، شتی تریش دەڵێ.

- بەندی شەشت خوێندەوە؟

- بەڵێ.

- چیت تیا بینی؟

- نازانم.

- گوێ بگرە گیانەکەم، خۆ تۆ لە سەر هەندێ قسەی گۆنگ کە کەس لێی حاڵی نابێت، گونم دەرنایەنی. وانییە؟

- مەبەستت چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە، پرۆژەی فیلمێکمان بەدەستەوەیەو، تۆ دەتەوێ بۆ هەتاهەتایە ڕیسەکەمان لێبکەیتەوە بە خوری. ئەو شەوانەت بیر نایەنەوە کە پێکەوە دەمانخواردەوە و سەرخۆش دەبووین؟ و شەرابمان دەکردە دەمی یەکەوە و تا بەیانی پێکەوە دادەنیشتین؟

- با، کە ڕۆژانێکی جوان بوو!

- کەواتە، ئامۆژگاری پارێزەرەکەت بکە، داوای لێبکە، لە دوامان ببێتەوە، هیچمان ناوێ تەنیا ئەوە نەبێ، وەکو بەشەر هەناسە بدەین!

- هانک دوای تۆزێکی دی تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

بەدەم چاوەڕوانییەوە بە دیار تەلەفۆنەکەوە دانیشتم، چارەکە سەعاتێک بووری. تەلەفۆنەکە لێیدا، هکتورە: باشە، جیسون لە قەرارەکەی ژێوان بووەوە.

- سوپاس برادەر! من دەزانم کە تۆ کەسێکی بە دڵی، سەروەت و سامان نەی گۆڕیوی.

- هەر ئێستا جیسون گرێبەستی تەنازولەکەت بۆ دەنێرێ.

- جوانە! باریکەڵڵا! بەڕاستی پیاوێکی جوانی هکتور گیان!

- هەروەها...

- بەڵێ؟

- تا ئێستاش ڕژدم لە سەر ئەوەی ڕۆمانەکەت " کرێکاری کەشتی بارهەڵگر " بکەم بە فیلم.

- بەدڵی خۆت گیانەکەم. سڵاوم بۆ ژنەکەت هەیە.

- منیش سڵاوم بۆ ساره هەیە.

تۆ لە دەی کێشەکە بە تەلەفۆن چارەسەر بوو، تەنیا یەک لە دەی ماوە، ئەویش ئیمزاکردنی ئەوراقەکانە. پەیوەندیم بە جونەوە کرد: هکتور، داوای لە جیسون کردووە، دەست لە یەخەمان بەربدا، و جیسون، گرێبەستی تەنازول لە ئیمتیازەکان ڕەوانە دەکات.

- چاکە! زۆر چاکە! تها دەکارین سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە. هکتور برادەرت بوو وانییە؟

- ئەمڕۆ سەلماندی کە هاوڕێ و برادەرێکی ڕاستەقینەیە.

- هەرکە گرێبەستەکەمان پێبگات، لەگەڵ بەرهەمێنەرێکی تازەدا دەست بەکار دەبم. بەڕاست، بۆچی لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوان بکەم گرێبەستەکەم بە پۆستەدا بگات، بەخۆم نەڕۆم بۆ ئۆفیسەکەی جیسون و گرێبەستەکەی لێوەربگرم؟

- خراپ نییە، تەلەفۆنی بۆ بکە و کارەکە تەرتیب بکە.

- واجارێکی دی گەڕاینەوە بۆ دنیای فیلمسازی.

- بێگومان. با بۆ فراڤین بچین بۆ " موسو "؟

- کەی؟

- سبەی، سەعات یەک و نیو.

- کەواتە، سبەی دەتبینم.

- تەواو، ڕێکەوتین.

(( ٢٧ ))

بەوجۆرە خۆم بۆ نووسینی شیعر تەرخان کرد، دەمناردن بۆ بڵاوکردنەوە لە هەندێ گۆڤاران. لەبەر هۆیەک کورتە چیرۆکم لە تایپەکەم قەدەغە کردبوو. هەرچەندە ئەوەم پێناخۆش بوو، بەڵام خۆم ناچار نەدەکرد کە بنووسم و، بۆیە زیاتر خۆم لە گەڵ شیعردا خەریک کرد، شیعر ڕزگاری ڕۆح و نەشە بەخشی خودم بوو. ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان کورتە چیرۆک بگەڕێتەوە، لە کانگای دڵەوە بە ئومێدی ئەوەم. هێشتا ئەسپێن پێشبڕکێ لە غاردانان، هێشتا شەراب دێتە ڕژان و هێشتا سارە لە باخچەی ماڵەکەدا گوڵ دەڕوێنێ.

هەفتەیەکە جونم نەدیتووە، ئەوسا تەلەفۆن لێی دا: ئایا بەو بەرهەمە تازەیە دەزانی کە ئیمتیازاتەکەیمان لە بلاکفورد وەرگرت؟

- بەڵێ، باشە ئامادەیە؟

- لە بڕیارەکەی ژێوان بووەتەوە، وتی فیلمەکەی ناوێ.

- چما؟

– گوتی، لەو ماوەیەدا چاوەڕوانی گرێبەستی تەنازولەکە لە ئیمتیازی کاراکتەرەکە بووە، تا ئیمزای بکات، داوای لێکراوە فیلمێکی دیکە بەرهەم بهێنێ. سیناریۆی فیلمەکە باسی سەربهوردی جمکێکی سێوی دەکات، کە پاشان لە دووانەی تەنس دا دەبن بە پاڵەوانی جیهان.

– بیرۆکەیەکی جوانە! خۆزیا بە خەیاڵی مندا دەهات.

– بەڵام هانک، هەندێ هەواڵی تازەش هەیە.

– وەکو؟

– کۆمپانیای " فایر باور " بڕیاری داوە فیلمەکە بەرهەم بێنێ.

– چی؟ چۆن؟!

– ڕەنگە لەوە بترسن کۆمپانیایەکی دی بیەوێ فیلمەکە بەرهەم بێنێ و، وادەزانن، قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوێ. دوای ئەوەی بودجەی فیلمەکەیان بە تەواوی کەمکردەوە و، کرێ هەموو کادرەکانیان داشکاند، کە ئەمە عادەت و داهێنانی هونەریانە، نایانەوێ کۆمپانیایەکی دیکە، قازانج لە فیلمەکە بکات. هاری فریدمان پەیوەندی پێوە کردم و گوتی: " ئەم فیلمە نەعلەتیەم دەوێ "، پێمگوت: " چاکە... ببە " ئەوسا گوتی: "ئەگەر فیلمەکە قازانجی باش نەکات، من بە خۆم پەنجەکانت یەک بە یەک دەبڕمەوە ".

– یانی بەوجۆرە کەوتینەوە کارکردن لە گەڵیاندا؟

– بەڵێ.

سێ چوار شەو بووری، جون تەلەفۆنی کرد: دەتوانم بێمە سەردانت؟ بابەتێک هەیە دەبێ قسەی لیوە بکەین.

–بێگومان جون.

دوای نیو سەعات لە دەرگا درا، بوتڵ و پەرداخەکان لە سەر مێزەکە چاوەڕوانی بوون: فەرموو جون گیان.

– سارە لە کوێیە؟

– وەکو ئەرستۆکراتان ڕەفتار دەکات.

– ئوووووە...

جون، لە شوێنە دڵخوازەکەی خۆی، لە نزیک ئاگردانەکەوە ڕۆنیشت، پەرداخەکانم تەژی کرد: باشە... ئێ دەنگ و باس.

– ئێمە ئامادەین دەست بە وێنەگرتن بکەین، خشتەی وێنەگرتنەکەمان داناوە. بەڵام فرانسین باورز – حاڵی حازر لە بۆستنە – تووشی نەخۆشی بووە و ناچار بووە نەشتەرگەری بکات، تا دوو هەفتەی دی ناتوانێ ئامادەی وێنەگرتنەکە ببێت.

– ئەدی چی دەکەی؟

– ئەو دیمەنانە وێنە دەگرین کە ئەوی تیا نییە، جاک بلید سو و باقی دیمەنەکان وێنە دەگرین، پاشان لە کۆتایی دا وێنە لە گەڵ ئەودا دەگرین. هەموو شتێکمان ئامادە کرد تا دیمەنی یەکەم لە گەڵ جاک بلید سو وێنە بگرین، بەڵام ڕەفزی کرد!

– چما!

– داوای ئوتومبیلی " ڕولز رویس "ی سەر بەتاڵی لێکردین، پێش دەست پێکردنی هەر دیمەنێک بیگوازێتەوە بۆ شوێنی وێنەگرتنەکە.

– دەتخوا ئەوەش بوو بە داوا؟!

– ئەمە لە گرێبەستەکەدا تۆمار کراوە. ئوتومبیلێکمان لەبەر خاتری ئەو بەکرێ گرت، بە دڵی نەبوو، داوای ڕەنگێکی دیکەی دەکرد. چەند دیمەنێکمان بەبێ جاک و بەبێ فرانسین وێنە گرت، تا ئوتومبیلی " ڕولز رویس " ی سەر بەتەڵمان پەیدا کرد، بەو ڕەنگەی کە جاک دەیویست، ئەوسا قاییل بوو کە بێتەوە سەر کارەکە.

دووبارە پەرداخەکانم تەژی شەراب کردنەوە، جون لە سەری ڕۆیی: جاک دەیەوێ تۆ بێی بۆ شوێنی وێنەگرتنەکە تا بیدینی.

– چی؟ باشە نازانێ، من دەبێ بڕۆم بۆ پێشبڕکێی ئەسپان؟

– گوتی ئەسپان هەموو ڕۆژێ غار نادەن.

– وایە.

– گوێ بگرە هانک، جاک دەیەوێ دیمەنێکی تایبەت بەو بنووسیت.

– چی؟

– دەیەوێ دیمەنێک لە بەردەم ئاوێنەدا نمایش بکات و، دەیەوێ، لە ئاوێنەکەدا، شتێک لە بەردەم خۆیدا بڵێ، ڕەنگە شیعرێک..

– ئەمە هەموو شتێک دەشێوێنێ!

– مامەڵەکردن لە گەڵ ئەکتەراندا زۆر قورسە، ئەگەر لە هەوەڵەوە لە کارەکە ڕازی نەبن، هەموو فیلمەکە تێکدەدەن.

( لە فکران ڕاچووم، تەگبیر، چ بکەم؟ ئەوەتا لە ناوەندی شەقاما پاشەڵی خۆم، بۆ فرۆشتن هەڕاج دەکەم... )

– باشە، شیعرێک دەنووسم با لە بەردەم ئاوێنەکەدا بیخوێنێتەوە.

– هەروەها فرانسین – ش دەیەوێ دیمەنێکی تایبەتی بۆ بنووسیت، دیمەنێک کە هەر دوو پوزی بە تەواوی دەربکەون، بەخۆت دەزانی کە دوو پوز و بەلەکی باڵکێشی پێوەیە.

– قەیدی نییە، دیمەنی بەلەکان دەنووسم.

– سوپاس، ئایا دەزانی بڕە پارەیەکی باش بەڕێوەیە؟ کە دەبوا هەرکە دەستمان بە وێنەگرتنەکە کرد وەرمان بگرتایە، بەڵام " فایر باور " بۆ هەمووانی دواخست، بەڵام هەر دەیدات و تۆش پشکی خۆت وەردەگریت.

– باشە جون.

– خۆزیا دەهاتی بۆ دیتنی ئەو باڕ و هوتێلەی کە وێنەیان تیا دەگرین. ئایا دەزانی ئێمە لە کاتی وێنەگرتنەکەدا، هاتوچۆکەرانی ڕاستەقینەی باڕەکە بەکار دەهێنین؟ کە لە هەمان ئوتێلی خراپدا دەژین، دڵنیام بە دڵت دەبێن و خۆشت دەوێن.

– ڕۆژی دووشەممە پێکەوە دەچین.

– کێشەی دیکەم لە گەڵ جاک دا هەیە.

– وەکو چی؟

– دەیەوێ لە بەر هەتاوا ڕەنگی پێستی ئەسمەر بکات، دەیەوێ شەپقەی " فیدورا " لەسەر بکات و، پاڵتۆیەکی چەرمی ڕیشودار لەبەر بکات...

– باوەڕ ناکەم.

– لەبەر ئەوەی باوەڕ ناکرێ، چەندین سەعات دەگەڵی خەریک بووم تا قەناعەتم پێکرد، دەستبەرداری بیرۆکەکەی ببێت. بە مەزەندەی تۆ دەیەوێ چی دیکەش لەبەر بکات؟!

جون، دەستی دایە جانتاکەی خۆی، جووتێ بەرچاڤکی هەتاوی لێدەرهێنا و لە بەردەمیا دانام. چاویلکەکان گەورە بوون، چوارچێوەیەکی پانی کەسکیان هەبوو، لە شێوەی گەڵای خورمادا دروست کرابوو.

–باشە ئەم پیاوە شێتە؟! لە هەموو شەقامەکانی کالیفورنیادا کەس نییە، شتی وا لە چاو بکات.

– پێمگوت، لێ سوور بوو لە سەر ئەوەی ڕێگەی بدەم، ئەگەر بۆ ساتێکیش بووە ئەم چاویلکانە لە شوێنێکی فیلمەکەدا لە چاو بکات، دەنا هاوارم بەسەردا دەکات: تۆ دەتەوێ گونم دەربێنی!!

– دەی باشە، نامانەوێ گونی دەربێنین، لە نێو دیمەنەکاندا بۆ شوێنێ دەگەڕێم کە بتوانێ ئەم بەرچاڤکانە لە چاو بکات.

– تکا دەکەم بە زووترین کات دیمەنە تازەکانم بۆ بنێرە.

– ئەمشەو دەینووسم.

سەرلەنوێ پەرداخەکانم تەژی کرد و، پرسیم: فرانسوا چۆنە؟

– لە بیرتە کە شەست هەزار دۆلاری دۆڕاند، لەماڵەوە مەشق و ڕاهێنان لە سەر دیسکی ڕۆلێت دەکات؟

– بەڵێ.

– دوای ئەوەی ڕاهێنانێکی باشی کرد، نها شەست هەزار دۆلار لە پێشەوەیە و، زۆر شادە.

– زۆر چاکە.

مرۆڤ لە ژیانا پێویستی بە سێ شتە: متمانە، ڕاهێنان و بەخت.

(( ٢٨ ))

بە پێی خشتەکە، وێنەگرتنەکە لە شاری " کوفلر " دەست پێدەکات، کە بارەکە و ئەو ئوتێلەی ژوورەکەی منی تیایە، لەوێن. قۆناغی دووەمی وێنەگرتنەکە لە شەقامی " ئەلفارادو " دەبێ کە شوقەکەی قارەمانی فیلمەکە دەکەوێتە ئەوێندەر. پاش ئەوە وێنەگرتن لە بارێکا دەبێ کە دەکەوێتە نێوان شەقامی شەش و " فیرمونت " وە. بەڵام دیمەنەکانی هەوەڵ لە "کوفلر" وێنە دەگیرێن.

لەگەڵ جون دا چووین بۆ دیتنی ئوتێلەکە، ئوتێلێکی ڕاستەقینە و باش بوو، ئەوانەی هاتوچۆی ئەو بارەی نهۆمی خوارەوەی ئوتێلەکەیان دەکرد، لە ئوتێلەکەدا دادەنیشتن. جون لێی پرسیم: ڕات چییە؟

-زۆر چاکە، بەڵام من لە شوێنی خراپتردا دانیشتووم.

سارە گوتی: دەزانم، دیتوومە.

ئەوسا بۆ ژوورەکە سەرکەوتین: ژوورەکەم بەلاوە ئاشنایە!

دیواری ژوورەکە، بە ڕەنگی کەوەیی بۆیە کرابوو، وەکو زۆرێک لە ماڵەکانی ئێرە. پەردەکانی کۆن و داوەشاو بوون، مێز وکورسییەکی کۆنی تیابوو. یەخچاڵەکە، زۆر پیس بوو، قەرەوێڵەکە لە ناوەڕاستا داکەوتبوو.

-زۆر جوانە جون! ئەمە ژوورێکی نموونەییە!

زۆر خەمبار بووم، گەنجەکەی جاران نەبووم، نەمدەتوانی ئەوەی جاران پێم دەکرا بیکەم، خواردنەوە و قەرقەشە و وشەبازی. کە گەنج بی دەتوانی دەست پێشکەری بکەیت. خواردنم بەلاوە گرینگ نەبوو، هەر گوێم لێنەبوو، ئەوەی بەلامەوە گرینگ بوو خواردنەوە و نووسین بوو. ڕەنگە کاتی خۆی شێت بووبم، بەڵام جگە لە من زۆر شێتانی دی هەبوون و هەندێکیان زۆر جوان و بە هەیبەت بوون، لە خواردن دوور کەوتبوومەوە، بۆ ئەوەی خەریکی نووسین ببم. تەمەشای مێزەکەم کرد، جارێکی دی خۆم لە پشت مێزەکەوە بینییەوە. شێت بووم، ئەوە دەزانم، بەڵام پەشیمان نیم.

-با دابەزین و بارەکە بدینین.

بۆ قاتی خوارەوە داگەڕاین، ئەو خەڵکانەی هاتوچۆی بارەکەیان دەکرد و دەبوا لە فیلمەکەدا وێنەیان بگرین، لە جێی خۆ ڕۆنیشتبوون و بە لەزەتەوە سەرقاڵی بادەنۆشی بوون.

-وەرە سارە، با تۆزێک لە بارەکەدا دانیشین، جون گیان دوایی دەتبینین.

ساقی بارەکە، بە مشتەرییە هەمیشەییەکانی ناساندین، ناوەکان بریتی بوو لە: هۆڤی مەزن، هۆڤی بچووک، زاحف ، کومیدی، سەرە سەگ، خاتوو لەیلەک، سەکتەی خۆڕایی، کلارا... هتد.

سارە لە زاحفی پرسی: ئەم شتە سەیرە چییە کە دەیخۆیتەوە؟

-ئەمە " کیب کود "ە، تێکەڵەیەکە لە ڤۆدکا و خۆشاوی تووی کێوی.

ساره بە ساقی بارەکەی، کە ناوی: کاوبۆی بوو گوت: " کیب کود "م دەوێ. بەڵام من داوای ڤودکای ڕووتم کرد. هۆڤی مەزن باسی شەڕی خۆی دەگەڵ پۆلیس دا بۆ کردین، چیرۆکێکی باڵکێش بوو و، خۆیشم نەمزانی چما باوەڕم بە هەموو قسەکانی کرد. دوای ئەوە کاتی فراڤینی ئەکتەرەکان و تاقمی کارەکە هات، هاتوچۆکەرانی بارەکە لە جێی خۆیاندا مانەوە.

چووین بۆ هۆڵێکی پشت ئوتێلەکە، مێزێکی ئاوەدان دانرابوو، هەموو ئەکتەرانی دەوری لاوەکی و تەکنیکارەکان و کرێکارەکان و... هتد لە دەروی خڕ بووبوونەوە، لەوە دەچوو خواردنەکان خواردنی باش بن، لەوێ لە گەڵ جون دا یەکمان گرتەوە، ژەمە خۆراکی خۆمان لە ئوتومبیلی دابەشکردنی خۆراک وەرگرت و لە گەڵ جون دا، چووین بۆ ئەو سەری مێزەکە.

کابرایەک بە تاقی تەنیا ڕۆنیشتبوو و نانی دەخوارد، جون بە یەکتری ناساندین: " ئەمە لانس ئیدواردز " ە. ئیدواردز سەرێکی لەقاند و گەڕایەوە سەر نانخواردنەکەی خۆی. ئێمەش چووین بەرەو کۆتایی مێزەکە. ئەم ئیدواردزە یەکێک بوو لە بەرهەمهێنە یاریدەدەرەکان، لە جونم پرسی: باشە بۆچی ئیدواردز وەکو کێر ڕەفتار دەکات؟

– زۆر شەرمنە، یەکێکە لەو کەسانەی کە فریدمان دەیویست دەری بکات.

– ڕەنگە هەق بە فریدمان بووبێ.

سارە گوتی: هانک، تۆ ئەو پیاوە ناناسی تەنانەت...

–سارە گیان، تۆ خەریکی خواردنەکەی خۆت بە.

ئەو خواوەندەی سارەی بۆ ناردم، تا دە ساڵی تەمەنم درێژ بکاتەوە، هێشتا ئەوەی دیاری نەکردووە کە ئەم ساڵانە لە ساڵە هەرە جوان، یان لە ساڵە هەرە ناخۆشەکانی ژیانمە.

– دیمەنێک لە گەڵ جاک دا لە ژوورەکە وێنە دەگرین، دەبێ بێیت و بیبینی.

– دوای نانخواردن، دەچینەوە بۆ بارەکە، هەرکاتێ ویستت دەست بە وێنەگرتن بکەی، یەکێک لە دوومان بنێرە.

– باشە.

دوای فراڤین، دەگەڵ جون دا بە دەوری ئوتێلەکەدا پیاسەمان دەکرد، کۆمەڵێک ژوور و کابینەی گەڕۆک هەبوو، لە دووی ئەو بارهەڵگرانە خرابوون کە لە پشت ئوتێلەکەوە ڕاگیرابوون، ئوتومبیلە " ڕولز ڕویس" ەکەی جاکمان بینی، کابینەیەکی گەڕۆکی گەورەی زیوینی لەلاوە ڕاگیرابوو، تابلۆیەک بە دەرگاکەیەوە هەڵواسرابوو، لێی نووسرابوو: " جاک بلید سو ". جون گوتی: تەمەشاکە، کامێرایەک لە میچی ژوورەکەوە دەرهاتووە، دەتوانێ لە ڕێگەیەوە هەموو ئەو کەسانە بدینێ کە دێن بۆ لای.

– خودایا!

– دەبێ هەندێ کاران تەواو بکەم.

– دەی باشە، دوایی دەتبینم.

یەکێک لە دیاردە عەنتیکەکانی جون ئەوە بوو، لەبەر ئەوەی لە مێژ بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەژیا، خەریک بوو زمانە فەرەنسیەکەی خۆی لە بیر دەچووەوە. لێرە تەنیا بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، دڵم بە حاڵی دەسووتا.

دەرگای ژووره گەڕۆکەکەی جاک کرایەوە، جاک بلید سو، سەری کێشایە دەرێ و داوای کرد سەری بدەین. چووینە ژوورەکەوە، تەلەفزیۆنێکی تیابوو، کیژێکی گەنج پاڵکەوتبوو و تەمەشای تەلەفزیونەکەی دەکرد. جاک گوتی: " ئەمە کلیوە، ماتۆرسکیلێکم بۆ کڕیوە، بەڵام بە دوو قۆڵی سواری دەبین ". کوڕێکی گەنجیش لە ژوورەکەدا بوو: " ئەمەش دوغ – ی برامە. "

-جاک، هیچت هەیە بیخۆینەوە؟

- بێگومان.

جاک، بوتڵێک ویسکی دەرهێنا، تۆزێ ویسکی و ئاوی بۆ تێکردم.

پێمگوت: سارە حەزی لە خواردنەوەی " کیب کود " ە! ژوورەکەتم بەدڵە!

- چەند تیایدا دەمێنیتەوە، بمێنەوە.

- بەمجۆرە هەتاهەتایە دەمێنمەوە.

جاک، بە بزە سینەماییە بەنێوبانگەکەیەوە تەمەشای کردم.

- پێدەچێ براکەت قەت قسە نەکات؟

- بەڵێ، عادەتی وایە.

- جوانە!

- بەڕاست!

- دەورەکەت بۆ فیلمەکە ئەزبەر کردووە؟

- بە چەند چرکەیەک پێش دەست پێکردنی وێنەگرتن، ئەوسا تەمەشای دەق دەکەم.

- چاکە! دەبێ ئێستا بڕۆین.

سارە گوتی: جاک لە دەورەکەتا سەرکەوتوو دەبیت، ئێمە خۆشحاڵین لە تۆ دەوری قارەمانت وەرگرتووە.

-سوپاس.

**

گەڕاینەوە بۆ بارەکە، هێشتا ڕوادەکان لە شوێنی خۆیان ڕۆنیشتبوون، سەرخۆشیان پێوە دیار نییە. بادەنۆشی، پیشەیی، زۆر درەنگ سەرخۆش دەبن. سارە، داوای پەرداخێ " کیب کود "ی دیکەی کرد، من داوای پەرداخێ ڤودکای تازەم کرد. تەمەشای دەرگای بارەکەم کرد، جاک لە لای دەرگا خولاوەکەی

وەستابوو، لە ڕاستیا تەنیا سەریم لە سەرووی سەری مشتەرییەکانەوە بینی: مەرحەبا جاک، وەرە پێکێ بخۆوە.

- نا هانک، ئێستا وێنەگرتنەکە دەست پێدەکات، بۆچی نایەی سەیر بکەی؟

- دێم ئازیزەکەم.

داوای دوو پێکی دیکەمان کرد و بەردەوام بووین لە خواردنەوە، ئەوسا جون وەژوورکەوت: ئێستا دەست بە وێنەگرتن دەکەین!

-باشە.

بەپەلە پێکەکانمان تەواو کرد، دوو بوتڵە بیرەمان لە گەڵ خۆدا برد و دووی جون کەوتین. دیمەنەکە لە ناو ژووری ئوتێلەکە بوو، ژوورەکە لە کادرانی هونەریا جمەی دەهات، هەموو باجی کارەباییان پێبوو.

- پێموایە دەتوانن بە سێیەکی ئەم کادرانە، فیلمەکە وێنە بگرن.

- فریدمان وا دەڵێ.

- فریدمان هەندێجار لە سەر هەقە.

- باشە، ئێمە ئێستا ئامادەین، لە پێش وێنەگرتنەکەدا، ڕاهێنان و مەشقمان لە سەر دیمەنەکە کردووە و، ئێستا تەسویر دەکەین. تۆ بڕۆ لەو سووچەدا بوەستە، بەجۆرێ بوەستە دیمەنەکە بدینی بەبێ ئەوەی لە کامێراکە دەربچێت.

دەگەڵ سارەدا چووم بۆ ئەو سووچە، یاریدەدەری دەرهێنەرەکە هاواری کرد: بێدەنگ گ گ! دەست بە وێنەگرتن دەکەین!

بەڕاستی بێدەنگیەکی سامناک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، ئەوسا جون هاواریکرد: کامێرا... ئەکشن!

ئەو دەرگایەی بۆ ژوورەکە دەچوو کرایەوە، جاک بلید سو وەژوور کەوت! چیناسکی گەنج بوو! منم...! هەستم کرد ئازارێک دادەخزێتە ناخمەوە، هێی دنیا، زەمانی گەنجایەتی! هەی کوڕی قەحپە! بۆ کوێ چوویت و بە تەنیا بە جێت هێشتم؟! خۆزگە دەبوومەوە بە گەنجە بادەنۆشەکەی جاران، خۆزگە جاک بلید سو بوایەم. من نها تەنیا پیرەمێرێکم و خزیومەتە ئەو کونجەوە و، بوتڵێ بیرەی خراپ دەخواتەوە.

بلید سو، بەلارە لار بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی، پەردەکانی دادایەوە، دەستی لە هەوادا ڕاوەشاند، بزە باڵکێشەکەی بۆ کرد. ئەوسا لە پشت مێزەکەوە ڕۆنیشت، کاغەزێک و قەڵەم ڕەساسێکی گرتە دەستەوە و، دەستی بە نووسین کرد. ئەوسا بوتڵێ شەرابی لە ئەرزەکە هەڵگرت، هەڵیپچڕی و قومێکی لێدا، ئەوسا جگەرەیەکی داگیرساند. ئەو ڕادیۆیەی سەر مێزەکەی کردەوە، خۆشبەختانە مۆسیقای موزارت بوو، جاک لە سەر نووسین بەردەوام بوو تا دیمەنەکە تەواو بوو.

ئەنجامی دا، وەکو پیویست ئەنجامی دا. ئیدی دیمەنەکە مانادار بوو یان نا، بەڕاستی فێری نواندن بووبوو، چووم بۆ لای جاک و  تەوقەم لە گەڵی کرد.

- ئەدایەکەم باش بوو؟

- زۆر باش بوو!

دووباره بۆ بارەکه دابەزین، مشتەریانی بارەکه وەکو خۆیان بوون، به هەمان حاڵەوه بوون که قەت ڕۆژێ له ڕۆژان نەگۆڕابوو. ساره گەڕایەوه سەر خواردنەوەی " کیب کود "و، منیش دەستم به خواردنەوەی ڤودکا کردەوه. کۆمەڵێ چیرۆکی جوانمان له هاوپیاڵەکان بیست، که زۆر دەمێک بوو هەندێکیانم نەبیستبوو. بەڵام خەم نیشتبووه سەر ڕوخسارەکان، دوای تەواو بوونی وێنەگرتنی فیلمەکه، بارەکه و ئوتێلەکه به مەستێکی بازرگانی دەرخوێنرێن. هەندێ له مشتەرییانی بارەکه، چەند دەیەیەک بوو لەم ئوتێله کۆنەدا دەژیان و، هەندێکی تریان له وێستگەی قیتارەکەدا، که چۆڵ بوو دەژیان، بەڵام بڕیارێک دەرچووبوو که لەوێ دەریان بکەن. بۆیه مشتەرییەکان زۆر خەمبار بوون.

ساره گوتی: پێویسته بۆ ماڵ بڕۆینەوه تا خواردن به پشیلەکان بدەین، مەشرووبات دەتوانێ چاوەڕوان بکات و، هولیوود دەتوانێ چاوەڕوان بکات، بەڵام پشیلەکان ناتوانن چاوەڕوان بکەن.

خاترخوازیمان له ئامادەبووانی بارەکه کرد وچووین بۆ لای ئوتومبیلەکەمان، خەمی ئاژوتنی دوای خواردنەوەم نەبوو. دوای ئەوەی چیناسکی گەنجم له ژووری ئوتێلەکەدا بینی، متمانەم به خۆم پەیدا کردەوه. کوڕانی قەحپه! گەنجێک بووم فەحل وەکو گاجووت! بەهێز و سەرکێش و شێت.

ساره نیگەرانی ئایندەی ئەهلی بارەکه بوو، منیش پەست بووم، بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی تەسەوری ئەوه بکەم که له ژوورەکەی ئێمەدا دانیشن و بەدەم خواردنەوەوه هەرزەگۆیی بکەن. هەندێجار شتەکان که بەر تاوێری واقیع دەکەون، ئەفسوونیان بەتاڵ دەبێتەوه، دەتوانی دۆستایەتی له گەڵ چەند هاوڕێدا بپارێزی؟!

گەیشتینه ماڵەوه، پشیلەکان چاوەڕوانمان بوون. ساره دابەزی و خواردنی بۆ دانان.

ئێستا پێویستمان تەنیا به سادەیی هەبوو، سەرکەوتین بۆ نهۆمی سەرەوه. خۆمان شت و جلەکانمان گۆڕی و، خۆمان بۆ نووستن ئامادە کرد. ساره گوتی: باشه ئەو داماوانه چ دەکەن؟

-نازانم، نازانم...

کاتی خەوتن هات، هاتمه قاتی خوارەوه تا دوا تەمەشا بکەم، پاشان سەرکەوتمەوه، سەیرم کرد ساره له غورابی خەوادیه، گڵۆپەکانم کوژاندەوه و نووستم.

پاش ئەوەی، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ وێنەگرتنی فیلمەکەمان بینی، کاروبارەکان بەلای ئێمەوه گۆڕا، هیچ خولیایەکی ڕۆژانەمان نەما که به بەردەوامی باسی بکەین. ئەمڕۆ زۆر شتی تازه فێر بووین، بەڵام له گەڵ تەبیعەتی ئێمەدا تێکیان نەدەکردەوه، بگره زۆریش ناخۆش بوون.

(( ٢٩ ))

جۆن بینشو له تاخی ( گەڕەک )ی بیانیان هەڵات، یەکێک له بەندەکانی گرێبەستەکەی له گەڵ " فایر باور " ئەوه بوو که کۆمپانیاکه له سەر حیسابی خۆی شوقەیەکی بۆ بەکرێ بگرێ. جون شوقەیەکی لەو بینایەی بەرانبەر " فایر باور" به کرێ گرت، هەموو شەوێ، که له سەر قەرەوێڵەکەی ڕادەکشا، دەیتوانی ڕوناکی

تابلۆکەی " فایر باور " بە بڵندایی بیناکەوە بدینێ، تەنانەت ڕووناکیەکە لە پەنجەرەکەیەوە دەچووە ژوورەوە و بەدەم خەوەوە لە ڕوخساری دەدا.

فرانسوا ڕاسین، ڕژد بوو لە سەر ئەوەی لە گەڕەکی بیانیان بمێنێتەوە، بەڵام بەوەی هەندێ سەوزەواتی لە باغچەکەیماڵەوە ڕواند، سووکە گۆڕانێکی لە ژیانی خۆیدا چێکرد. ئێستا بە بادانی دیسکی ڕولێتەکە و ڕواندنی سەوزەوات و دان دان بە مریشکەکانەوە مژوولە. یەکێکە لەو پیاوە هەرە غەریبانەی لە ژیانما دیتوومە. پێی گوتم: " ناتوانم لە مریشکەکانم دوور بکەومەوە. لەم غەریبایەتیە و لە گەڵ مریشکەکانما، لە نێو ئەم ڕەش پیستانەدا دەمرم."

هەر ڕۆژێ غارغارێنی ئەسپان هەبوایە دەچووم بۆ مەیدانی پێشبڕکێ، هێشتا وێنەگرتنی فیلمەکە بەردەوامە.

هەموو ڕۆژێ تەلەفۆنی ماڵەکە لێدەدات، خەڵکانێک هەن گەرەکیانە دیالۆگ لە گەڵ سیناریستەکەدا بکەن. نەمدەزانی ئەو هەموو گۆڤارە تایبەتە بە فیلمان هەیە. یان بەلای کەمەوە بایەخ بە فیلم دەدەن. بەڵام هەموو ئەمانەم بەلاوە پەشم و بێهودەیە، ئەوانەی بە جدی شیفتەی هونەرن و ڕژدن لە سەری، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناکام دەبن و هیچ دەسکەوتێک بەدی نایەنن. خەڵکی ڕمووەدەی دیتنی شتی تورەهات بوون، بەبێ ئەوەی بە خۆ بزانن دڵبەندی شتی بۆش و بەتاڵ بوون.

پێشبڕکێی ئەسپان، شوێنێکی دیکەیە کە ئینسان کاتی خۆی تیا بە فیڕۆ دەدات. خەڵکی دەبینی لە بەر کونە باجە کۆدەبنەوە، پارەی خۆ بە فیڕۆ دەدەن تا پارچە کاغەزێکی ژمارەداریان دەستبکەوێ و، زۆربەی ژمارەکانیش دەسووتێن، دەدۆڕێن. ئەمە جگە لەوەی ئیدارەی مەیدانەکە و ئیدارەی دەڤەرەکە لە سەدا هەژدەی هەر دۆلارێک دەبەن کە دەیبەیتەوە. تەنیا ئەو گەوجانەی کە لە گەوجاتیا بەشی کەسیان نەهێشتووەتەوە، دەچن بۆ هۆڵی سینەما و مەیدانی پێشبڕکێ. من یەکێکم لەو گەوجە گەورانەی کە هاتوچۆی مەیدانی پێشبڕکێ دەکەن، بەڵام زیرەکانەتر لە باقی گەوجەکان، ڕەفتار دەکەم، دوای دەیان ساڵ لە پەیگیری پێشبڕکێی ئەسپان، فێڵێ دووان فێر بووم، ڕیسک بە پارەی زۆریشەوە ناکەم. کە بۆ ساڵانێکی زۆر تاڵاوی نەبوونی دەچێژی، هەنگێ قەدری پارە دەزانی، ناتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ زەلکاوی نەداری، خۆ من وەلی یان شێت نیم تا بتوانم بەبێ پارە بژیم. یەکێک لە سەرکەوتنەکانی من لە ژیاندا، وێڕای هەموو ئەو ڕەفتارە شێتانانەی کردوومە، ئەوەیە هەمیشە کەسێکی ئاسایی بووم: من ئەو شتانەم هەڵبژاردووە کە کردوومن، نەک ئەو شتانە منیان هەڵبژاردبێ.

بەهەرحاڵ، شەوێک تەلەفۆن لێیدا، جون بینشو بوو: نازانم چ بکەم!

- چییە خۆ دیسان فریدمان بڕیاری نەداوە فیلمەکە هەڵوەشێنێتەوە؟

- نا، مەسەلە ئەمە نییە. نازانم ئەم کەسە چۆن توانیویەتی ژمارە تەلەفۆنەکەی من پەیدا بکات.

- چ کەسێک؟

- ئەوەی کە تۆزێ لەمە پێش پەیوەندی پێوە کردم.

- چی گوت؟

– گوتی: کوڕی قەحپە! براکەمت کوشتووە! تۆ براکەمت کوشتووە! بۆیە ئێستا دێم و دەتکوژم! ئەمشەو دێم دەتکوژم!

– خودایا!

– تووڕە و هەڵچوو بوو، پێدەچوو عەقڵی لەدەست دابێ، ڕاوێژی دەنگی جدی و ڕاستەقینە بوو. لەم شارەدا بە خۆشت نازانی چ شتێک چاوەڕوانتە.

– باشە پەیوەندیت بە پۆلیسەوە کرد؟

– بەڵێ.

– ئەدی چییان گوت؟

– گوتیان، هەرکە هاتە سەرت پەیوەندیمان پێوە بکە.

– جون، تۆ ناتوانی لەو شوێنەدا بمێنیتەوە.

– نا، سوپاس. هیچ نییە و نابێ. بەڵام دڵنیام کە بە درێژایی شەوەکە ناخەوم.

– چەکت هەیە؟

– نا، سبەی چەکێک دەکڕم، ئەگەر تا سبەی بمێنم.

– بچۆ بۆ ئوتێل.

– باوەڕ ناکەم یارۆی بکوژ تاقیبم بکات.

– من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

– هیچ! بۆیە پەیوەندیم پێوە کردی، تا ئاگادار بی، سوپاست دەکەم بۆ نووسینی سیناریۆکە.

– باشە، باش.

– شەوێکی شاد هانک.

– شەوێکی خۆش جون.

دەزانم ئێستا جون هەست بەچی دەکات، جارێک پیاوێک پەیوەندی پێوەکردم و گوتی بەڕێوەیە بۆ کوشتنم، چونکە من لە گەڵ ژنەکەیدا خەوتووم. ناوی تەواوی دەزانیم و پێی گوتم کە بەڕێوەیە بۆ ماڵەکەم. بەڵام نەهات. لەوەیە لە ڕێگادا بە ڕووداوی هاتوچۆ مردبێ.

لێبڕام پەیوەندی بە فرانسوا راسینەوە بکەم تا بزانم ئاخر هەواڵی چییە، بەڵام ئامێرەکە وەڵامی دامەوە: " قسە بۆ من مەکە، قسە بۆ ئەم ئامێرە بکە. حەزم لە قسەکردن نییە، قسە دەگەڵ ئامێرەکەدا بکە. من لە هیچ شوێنێک نیم، تۆش لە هیچ شوێنێک نیت، بەڵام مەرگ بە خۆ و پەنجە چکۆلەکانیەوە دێت و ڕۆحمان دەکێشێت. نامەوێ قسە دەگەڵ کەسدا بکەم، قسە بۆ ئامێرەکە بکە ". ئەوسا گوێم لە چرکە چرکی دەستپێکردنی تۆمارکردنەکە بوو، گوتم: فرانسوا... هەی سەرسەختی نەعلەتی...

- ئەمە تۆی هانک.

- بەڵێ ئازیزەکەم.

- ئاگر لەماڵەکە بەربووە، ئاگر! ئاگری ڕاستەقینە!

- چی؟

- بەڵێ، تەلەفزیونێکی هەرزان بەهای ڕەش وسپیم کڕیوە... کە لە ماڵ وەدەرکەوم، نایکوژێنمەوە.. دەمەوێ خەڵکەکە هەڵخەڵەتێنم و... وابکەم، وابزانن کە یەکێک لە ماڵەوەیە... پێدەچێ کاتێ کە لەماڵ نەبووم... تەلەفزیونەکە سووتابێ یان تەقی بێت.. وەختایەک بۆ ماڵ گەڕامەوە، سەیرم کرد دووکەڵ بەرزدەبێتەوە... پیاوانی ئاگرکوژێنەوە ڕەفزیان کرد بۆ ئەم گەڕەکە بێن... نەک ماڵێ، خوای دەکرد هەموو گەڕەکەکە دەسووتا، تاقە یەک ئوتومبیلی ئاگر کوژێنەوە نایەت.. بەناو جەرگەی دووکەڵەکەدا ڕۆیشتم... گڕ لە هەموو شوێنێکەوە بەرز دەبووەوە... پیاوانی ڕەش پێست بە هەموو شوێنێکی ماڵەکەدا بڵاو بووبوونەوە.. دزان و پیاوکوژ... سەرو دۆڵکە ئاویان بەدەستەوە بوو، ئیدی شپرزە و پەرێشان، بە ڕاکە ڕاک دەهاتن و دەچوون تا ئاگرەکە بکوژێننەوە... دانیشتم و کەوتمە تەمەشاکردنیان... بوتڵێ شەرابم دۆزییەوە کە نەسووتابوو، هەڵم پچڕی و دەستم بە خواردنەوە کرد... زەلامە ڕەشەکان، بە ماڵەکەدا دەهاتن و دەچوون، تا ئاگرەکە نەکوژایەوە دەست بەردار نەبوون... ماڵەکە بوو بە یەکپارچە پشکۆ و دووکەڵ... کەوتینە کۆکەکۆک. یەکێک لە گەنجە ڕەشەکان پێی گوتم: " ببورە، زۆر درەنگ فریاکەوتین. کۆبوونەوەیەکی گرینگی باندەکانی گەڕەکمان هەبوو... ئیدی یەکێکمان بۆنی دووکەڵی کرد " . پێمگوت: " سوپاستان دەکەم ". یەکێک لە گەنجەکان بوتڵێ جنی پێبوو، پێکەوە خواردمانەوەو دوایی ڕۆیشتن...

- فرانسوا زۆرم پێ ناخۆشە، حەیفێ! نازانم چیت پێ بڵێم، باشە ماڵەکە هێشتا بە کەڵکی دانیشتن دێت؟!

- لە ناو دووکەڵا دادەنیشم... لە ناو جەرگەی دووکەڵدا دەژیم... ڕێک لە تەم و مژ دەچێت، بەڵێ تەمتوومان، سەرم سپی بووە، بووم بە پیرەمێرد. لە ناو جەرگەی تەم و مژا دادەنیشم. من ئێستا منداڵێکی چکۆلانەم، لە ناو جەرگەی مژ و دوومانیدا دەژیم... ئێستا گوێم لە دەنگی دایکمە... نا!!!... هاوار دەکات! پیاوێکی شەڕانی دەستدرێژی دەکاتەسەر! دەنگی دایکم دەناسمەوە کە زۆرگێ دەکرێ... نا، دەبێ بۆ فەرەنسا بڕۆمەوە، دەبێ یارمەتی دایکم بدەم، دەبێ یارمەتی فەرەنسا بدەم!

- فرانسوا، دەتوانی بێی بۆ ماڵی من، هەروەها ژوورێک لە شوقەکەی جون پەیدا دەبێت. مەسەلەکە ئەو خراپەش نییە کە تۆ تەسەوری دەکەی، هەموو هەورێک ڕەشە... هەر دەڕەوێتەوە...

- نا، هەندێجار پەڵە هەورێکی ڕەش دێت و... تێناپەڕێ، بەڵکو هەتا هەتایە دەمێنێتەوە!

- ئەمە تەنیا لە حاڵی مردندا وایە.

- هەموو ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرین! من بۆ فەرەنسا دەگەڕێمەوە! من دەگەڕێمەوە بۆ نواندن!

- فرانسوا، ئەدی مریشکەکانت؟ تۆ عاشقی ئەم مریشکانەی، ئەوەت لەبیر نەچێ.

- نەعلەت لە مریشک! با کوڕە ڕەشەکان بیاندزن، با گۆشتی ڕەش و گۆشتی سپی لەحیم ببن!

- دوو گۆشت لەحیم بن؟!

- من لە ناو جەرگەی تەم و مژدام، ئاگر لە ماڵەکە بەربووە، ئاگر! من پیاوێکی پیری سەرسپیم، لەناو تەمتووماندا دادەنیشم... ئێستا دەڕۆم.

فرانسوا، گوشی تەلەفۆنەکەی داخست.

چەند جارێک هەوڵمدا پەیوەندی پێوە بکەم، ئەوەی دەستم کەوت ئەمە بوو: " قسە بۆ من مەکە، قسە بۆ ئەم ئامێرە بکە... "

هیوادارم یەک دوو بوتڵ شەرابی سووری ئەسڵی هەبێ، تا ئەم شەوی پێ بباتەسەر. لەم شەوەدا، پیاوێک لە سەر گۆی زەویدا پێویستی بە شەرابە، ئەویش فرانسوای برادەرمە، هەروەها جونی برادەرم و، منیش، بۆیە قاپێکم هەڵپچڕی.

- سارە، لە گەڵما دەخۆیتەوە؟

- بێگومان، دەنگ و باس چییە؟

(( ٣٠ ))

ئەو پیاوەی بەتەمابوو جون بکوژێ، شەوی یەکەم نەهات، بەڵام شەوی دووەم، جون بە خۆی و دەمانچە تازەکەیەوە چاوەڕوانی بوو، بەڵام کابرا ئەمشەویش نەهات، ئەو خەڵکانە هەندێجار دێن و هەندێجار نایەن.

لەو کاتەدا فرانسین باورز، لە نەشتەرگەری و نەخۆشییەکەی هەستایەوە. فریدمان بە جونی گوت: پەنجا دۆلار لە ڕۆژێکا، شوقەیەک و خواردنی سێ ژەمە، دەتوانین هەر ئەوەندەی پێشکەش بکەین ". ئەوسا گەنگەشەیەکی توند لە بەینیاندا ڕوویدا دەربارەی مەسرەفی سەفەرەکەی ( سەفەرەکەی فرانسین ) بۆ کالیفۆرنیا، بەڵام " فایر باور " — لە ئەنجاما بڕیاری دا پارەی بلیتی فڕۆکەکەی بۆ بدات.

دەبوا لە گەڵ دەستپێکردنی وێنەگرتنەکەدا، بڕە پارەیەک وەربگرم، هەروەها جونش، بەڵام هیچمان وەرنەگرت. دەبوایە " فایر باور " پارەکە بدات بە جون، ئەویش بە منی بدات، بەڵام کۆمپانیاکە هیچی نەدا. ئیدی نازانم باقی تاقمی کارەکە کرێی خۆیان وەرگرت یان نا، وابزانم لەبەر ئەمە لێبڕام بۆ " ئاهەنگی دابەشکاران " بڕۆم، ئێ بەڵکو لە فریدمان بپرسم: کوا پارەکەی من؟

ئاهەنگەکە شەوی هەینی بوو لە " لیمون دەک " کە خوارنگەیەکی گەورە بوو، باڕ و مێزی زۆری تیابوو. کە من و سارە گەیشتینە ئەوێندەر، هەموو مێزەکان گیرابوون. ئەوانە خەڵکانی دابەشکار بوون، لە هەر چوار نکاڵی دنیاوە هاتبوون. پێدەچوو خەڵکانی ئارام و هێور بن، تەنانەت بێزارکەریش بن. بەبێدەنگی و تەقریبەن بەبێ خواردنەوە داوای خواردنیان دەکرد.

مێزێکمان لە گۆشە دوورەکەدا هەڵبژارد، جون بینشو، وەژوورکەوت، لە دوورەوە دەستی بۆ هەڵبڕین، ئەوسا بەدەم زەردەخەنەوە هات بۆ سەر مێزەکەی ئێمە: بوونی ئێوە لێرە غافڵگیری کردم، ئاهەنگی دابەشکاران زۆر وشک و ناخۆشە، بەم بۆنەیەوە شتێکم پێیە... ( سیناریۆکەی بە بەرگە شینەکەیەوە بەدستەوە بوو، لاپەڕەکانی هەڵدایەوە ) ، ئەم دیمەنەی لێرەدایە، دەمانەوێ خولەک و نیوێکی لێ ببڕین، دەکرێ؟

- بێگومان، دەتوانی خواردنەوە بۆ من و سارە داوا بکەی؟

- بێگومان.

سارە گوتی: جون ڕاست دەکات، ئەم ئاهەنگ و کەڕنەڤاڵە، بە حاڵ ڕۆحی تیایە، زۆر سارد وسڕە.

- ڕەنگە، تام و بۆنێکی تازەی دەدەینێ.

- هانک، مەرج نییە تا کۆتایی ئاهەنگەکە بمێنینەوە.

- بەڵام بە شێوەیەک..

چاوم بە مێزەکاندا دەگێڕا، ئەو کەسانەی خۆشم دەویستن... زۆر قسە دەکەن، لە ژیانما هەر کەسێکم خۆش ویستبێ، زۆر بلێ دەرچووە. جون بە پەرداخێن شەرابەوە هاتەوە: کاروبارەکان چۆن دەڕۆن؟

-ئەو خەڵکانەی خۆشم دەوێن زۆر قسان دەکەن.

- چونکە زۆر دەخۆنەوە.

- نا، زۆر ناخۆنەوە، بگرە لە خواردنەوە ناوەستن.

لە ناکاوا هەمووان کەوتنە چەپڵەلێدان، سارە گوتی: " فریدمان هات ". فریدمان بە قاتێکی کۆنەوە وەژوورکەوت، بۆینباخی لە مل نەبوو، کراسێکی چرچ و لۆچی لەبەر بوو کە دوگمەکەی سەرەوەی کەوتبوو. پێدەچوو، سەری زۆر قاڵ بێ و نەیپەرژێ بە جل و بەرگی خۆیدا ڕابگات. بەڵام زەردەخەنەکەی بەڕاستی ئەفسووناوییە و، چاوەکانی زەق دەڕواننە خەڵکی، وەکو ئەوەی بە تیشکی سینی وێنەیان بگرێ. فریدمان لە دۆزەخەوە هاتبوو، هێشتاش لە دۆزەخدا دەژی، هەرکاتێ کەمترین دەرفەتی بۆ برەخسێت تووڕت دەداتە دۆزەخەوە. ئیدی لە مێزێکەوە بۆ مێزێکی دی دەچوو، زەردەخەنە و ئافەرین و ستایشی دەبەخشییەوە.

گەییە لای مێزەکەی ئێمە، کەمێک مجامەلەی سارەی کرد، ئاماژەم بۆ سیناریۆکە، کە لە سەر مێزەکە دانرابوو، کرد و پێمگوت: تەمەشا! جون بینشوی قەحپە دایک، ناچارم دەکات لە کاتی ئاهەنگەکەشدا هەر کار بکەم!

-ئەمە باشە.

فریدمان، ئەوەی گوت و بەرەو مێزێکی دی ڕۆیی.

دەسکاریی پێویستی سیناریۆکەم کرد و، ڕادەستی جونم کرد. جون خوێندیەوە و گوتی: زۆر چاکە! هیچ شتێکی گرینگت لێ لانەبردووە و، دیالۆگەکە هێشتا خۆشە.

-ڕەنگە باشتر بووبێ.

لەناکاوا، هەموو ئامادەبووانی ئاهەنگەکە هەستانە سەر پێ و بە گەرمی کەوتنە چەپڵەڕێزان. فرانسین باورز گەییە ئاهەنگەکە، بە تەمەن نەبوو، بەڵام بە نەوەی کۆنی ئەکتەرەکان حیساب دەکرا، بە هەیبەتەوە ڕاوەستا، لە تۆ وایە شاژنێکە و دەڕوانێتە میللەتەکەی. بە کاوەخۆ ئاوڕی لای ڕاست و چەپی دایەوە، بزە باڵکێش و ئەفسووناویەکەی دەبەخشییەوە. ئەوسا لە خەندە وەستا، دووبارە کەوتەوە زەردەخەنە. بۆ چەند چرکەیەک وەکو پەیکەرێکی مەڕمەڕ لە جێی خۆی وەستا، پاشان بە جەلال و شکۆوە، بۆ ژوورەوە ڕۆیی، کە ئەمە بووە

مایەی چەپڵەڕێزان. هەموو ڕوناکی خوارنگەکە کەوتە سەر ئەو، بەڵام خۆی شلوێ نەکرد، بە سام و هەیبەت، قسەیە دووانی دەگەڵ دانیشتووانی دەوری مێزەکان دەکرد و ئەوسا دەڕۆیی.

خودایا! ئەدی سەبارەت بە نووسەرەکە چی؟! خۆ نووسەرەکە خوێن و ئێسک و عەقڵ ( یان شێتی ) دەکات بە بەر ئەم مەخلوقات و حەشامەتەدا. خۆ نووسەر دڵیان دێنێتە جۆش و ئەو وشانەیان دەخاتە سەر زار کە دەیڵێن، دەیان ژێنێ و دەیان مرێنێ، بە کەیفی دڵی خۆی هەڵیان دەسوڕێنێ. بەڵام کوا نووسەرەکە، لە کوێیە؟ چ ڕۆژنامەڤانێک نووسەرەکە وێنە دەگرێ؟ کێ چەپڵەی بۆ لێدەدات؟! بەڵام بێگومان، بە هەموو متمانە و ڕژدییەکەوە، لە شوێنە دڵخوازەکەی خۆیا، لەو گۆشە دوورە تاریکەدا هەڵکوڕماوە، لەوێندەرەوە ئەوە دەبینێ کە خەڵکانی دی نایبینن.

فرانسین باورز گەییە لای مێزەکەی ئێمە، بەڕووی سارە و جونەوە پێکەنی و بە منی گوت: ئەو دیمەنی پاو پوزەت نووسیوە کە داوام کردبوو لێت؟

- فرانسین، دیمەنەکە تێهەڵکێشی سیناریۆکە کراوە، خەمت نەبێ پا و پوزت تیایدا دەبریقێتەوە.

- دەبینی، چ جووتە پا و پوزێکی جوانم هەیە!

- پڕ بەدڵ حەز دەکەم وابێ.

بە سەرما دانەوییەوە، بزەیەکی ئەفسووناوی بۆ کردم، چاوەکانی بەسەر گۆنا پەمەییەکانیەوە دەدرەوشانەوە: دەبینی!

ئەوسا ڕاست بووەوە و بەرەو مێزێکی دی ڕۆیی. جون گوتی: دەبێ، دەربارەی بابەتێکی تایبەت بە کارەکە، قسە دەگەڵ فریدمان بکەم.

-بەڵێ، پرسیاری ئەو برە پارەیەشی لێبکە کە چاوەڕوانی دەکەین.

من و سارە لە شوێنی خۆمان ماینەوە، تەمەشای ئامادەبووانمان دەکرد. سارە دەزانێ لەم جۆرە ئاهەنگانەدا چۆن ڕەفتار دەکات، ئاماژە بۆ هەندێ لە ئامادەبووان دەکات و باسی هەندێ شتیانم بۆ دەکات. وای لێکردم، هەندێ شتان بدینم کە ملاحەزەم نەدەکردن. وێڕای ئەوەی لە ژیانما تووشی جۆرەها بەشەر بووبووم، بەڵام قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان حەزم لە چاودێری کردن و وردبوونەوە نەبووە. ئیدی سارە توانی کارێ بکات کە ئەو کەسانە بایەخدارتر بێنە بەرچاو، و ئەمە دەسکەوتێکی بەرچاو بوو.

شەومان دەرنگ کرد، وەکو هەمیشە داوای خواردنمان نەکرد، خواردن بەلای ئێمەوە کارێکی قورسە. دوای خواردنەوەی دوو پێک یان سێ پێک، خواردن هیچ تامێکی نامێنێ. شەراب شتێکی سەیری تیایە، تا گەرمتر بێ، باندۆری زیاتر دەبێ. جون بینشو، لە شوێنێکی نادیارەوە پەیدا بوو: تەمەشای ئەو مێزە بکە، یەکێک لە ئەوقاتەکانی ( پارێزەر ) فریدمان لەوێ دانیشتووە.

-چاکە، دەچم بۆ لای. سارە وەرە لە گەڵما...

**

چووین بۆ لای پارێزەرەکە، لە دەوری مێزەکە دانیشتین، پێدەچوو، ئەهلی خواردنەوە بێ، خانمێکی زەری زۆر درێژ لە لایەوە ڕۆنیشتبوو، لە شتێکی درێژی ڕەق دەچوو، لە تۆ وایە بەستوویەتی. گەردنی زۆر درێژ بوو، وەکو ئەوەی بۆ سەرێ را هەڵکشابێت و لە ناکاوا وەکو دار ڕەق بووبێ. کە تەمەشای دەکەی هەست بە ئازار دەکەی، وشک بووە، بەستوویەتی.

دەرکەوت کە پارێزەرەکەی ناسیونی: جەنابی چیانسکی؟ سارە؟

- سەرچاو.

- ئەمە هیلگای هاوژینمە.

سڵاومان لە هیلگا کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بە ڕاستی وشک هەڵاتبوو. پارێزەرەکە ئاماژەی بۆ پێشخزمەتی خوارنگەکە کرد، دوو بوتڵ شەرابی بۆ هێناین، ئیدی ئەعسابم هێور بووەوە، پارێزەرەکە ( تومی هندرسون ) بدەم تێکردنی شەرابەکەوە گوتی: دڵنیام کە تۆ تاقەتی پارێزەرانت نییە؟

- وەکو توێژێک تاقەتیانم نییە، ئەمە ڕاستە.

- باشە، من پارێزەرێکی ئابڕوومەندم، دز و دەستبڕ نیم. تەنیا لەبەر ئەوەی لەگەڵ فریدمان دا کار دەکەم؛ وا دەزانی خازوق بۆ خەڵکی دادەتاشم؟!

- بەڵێ، پێموایە.

- بەڵام ئەوە نیم کە...

تومی پێکەکەی خۆی خواردەوە و، منیش پێکی خۆم خواردەوە، دووبارە پێکەکانی تەژی کردەوە. سارە گوتی: لە سەرخۆ هانک، دەبێ تا ماڵەوە ئوتومبیل باژۆی.

- ئەگەر زانیمان مەستم، تاکسی دەگرین و جەنابی پارێزەر کرێکەی دەدات.

- باشە، کێشە نییە.

ژنە درێژە وشکەکە، هێشتا هەر نەکرابووەوە. پیاو لە تەمەشاکردنی بێتاقەت دەبوو، ملی زۆر درێژ بوو، ڕەگە شینەکانی ملی بۆ دەرەوە دەرپەڕی بوون. ڕەگی درێژ و ڕەق و دزێو، دیمەنێکی ترسناکی هەبوو. پارێزەرەکە گوتی: هەڤژینەکەم خواردنەوەی تەرک کردووە.

-دیارە.

سارە گوتی: زۆر باشی کردووە، بەڕاستی ئازایە، بەتایبەتی کە ئەو هەموو خەڵکە دەبینێ کە بە دەوریەوە دانیشتوون و دەخۆنەوە.

گوتم: من ناتوانم خواردنەوە تەرک بکەم، خراپترین شت لە دنیادا ئەوەیە، سەرخۆش نەبی و خۆت لە نێو کۆمەڵێک گەوج و سەرخۆشاندا ببینیەوە.

ژنە وشکەکە گوتی: جارێکیان، بە تاقی تەنیا و بە ڕووت و قووتی، لە سەعات پێنجی بەرەبەیاندا، لە سەر لمەلانی کەناری " مالیبو " دا لە خەو ڕابووم، ئیدی لەوەوە خواردنەوەم تەرک کرد.

-بڕیارێکی باشە، ئەمە لێبڕان و ئیرادەی دەوێ.

سارە گوتی: نەیەڵی کەس قەناعەتت پێبکات بگەڕێیتەوە سەر خواردنەوە.

پارێزەرەکە سەر و پێکی تازەی بۆ خۆی و بۆ من و بۆ سارە تێکرد، ئەوسا بە هیلگای گوت: چیناسکی بە من ئاسوودە نییە، وادەزانێ دزم.

- نەهەقی ناگرم.

- چی؟ ئەوە چ دەڵێی؟!

پارێزەرەکە، یەک بین پێکەکەی خۆی هەڵدا، ئەوسا بە ڕقەوە تەمەشای منی کرد: من بە دز دەزانی؟

- ڕەنگە.

- پێت وایە شایستە داراییەکانی خۆت نادەینێ؟

- دڵم وام پێدەڵێ.

- باشە، گوێ بگرە، من زۆربەی کتێبەکانم خوێندوویتەوە، بۆچوونت سەبارەت بەمە چییە؟ پێموایە تۆ نووسەرێکی مەزنی، لە ئەبدایک زیاتر نەبی کەمتر نیت. ( جون ئەبدایک ١٩٣١ – ٢٠٠٩ ، شاعیر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگرێکی ئەمریکاییە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا زۆر بە نێوبانگە ).

- سوپاس.

- گوێ لەمەش بگرە، ئەم بەیانییە هەموو چەکەکانم بە پۆستەدا ناردووە، هەمووتان شایستە داراییەکانی خۆتان وەردەگرن، هەرکاتێ چەکەکەت بۆ هاتەماڵەوە پارەکانی خۆت وەردەگریت.

هیلگا گوتی: ئەمە ڕاستە، من بەخۆم دیتم کە چەکەکانی لە زەرفێن پۆستە نا.

گوتم: زۆر چاکە! وەکو دەزانی، ئەمە مافی خۆمانە.

- بەڵێ، هەقی خۆتانە، ئێمەش هەقی خەڵکی دەدەینەوە بە خۆیان، کێشەی سیولەی دراویمان هەبوو، چارەسەر بوو.

- فیلمێکی سەرکەوتوو دەردەچێ.

- دەزانم، سیناریۆکەم خوێندووەتەوە. ئێستا لە هەموو ڕوویەکەوە هەست بە باشی دەکەیت؟

- بەڵێ، هەستدەکەم.

- هێشتا بە دەستبڕم دەزانی؟

- نەخێر، دوور لە تۆ.

- کەواتە با بە سەلامەتی خۆمان بخۆینەوە.

پەرداخەکەی خۆی هەڵبڕی، من و سارەش پەرداخەکانمان هەڵبڕی، پەرداخەکانمان لێکدی دا.

گوتم: بە سەلامەتی ئابروومەندانی ئەم دنیایە!

دیتم، دەمارە زەقەکانی ملی هیلگا ئەستوورتر بوو و زیاتر بۆ دەرێ دەرپەڕی. وێڕای ئەوەش، لە سەر خواردنەوە بەردەوام بووین. چەند قسەیەکیان بۆ کردین، زۆربەیان سەبارەت بە بوێری و چاکەی هیلگا بوون.

**

لە دوای هەمووانەوە، هیلگا و تومی و سارە و من، ئاهەنگ و کەڕنەڤاڵەکەمان بەجێهێشت، دوا دوو پێشخزمەتێ کە لە خوارنگەکە مابوونەوە، بە پەستیەوە تەمەشایان دەکردین. بەڵام ئێمە- من و سارە – بەو شتە ڕاهاتبووین، و لەوە دەچوو تومی – ش وەکو ئێمە بێت. هیلگا لە گەڵماندا بەرەو دەرگاکە هات، ڕەق و تەق دەتگوت داری واوەیلایە، بەڵام بۆ سبەی بەیانی تووشی ژانە سەر نابێت، و ئیدی ژانە سەرەکە بۆ ئێمە دەبێ.

(( ٣١ ))

دوای هەفتەیەک چووین بۆ شوێنی دوا وێنەگرتنەکە لە شەقامی " ئەلفارادو " . ئوتومبیلەکەمان لە لای دوو بینای دوور لە شوێنێکەوە ڕاگرت، بە پێیان چووین بۆ شوێنی وێنەگرتنەکە. کە نزیک بووینەوە سەیرمان کرد حەشامەتێکی زۆر لە دەوری ئوتومبیلەکەی (رولز رویس) جاک بلیدسو خڕ بوونەتەوە. سارە گوتی : وێنە دەگرن.

جاک بلیدسو، لە سەر بۆنیتی " رولز رویس " ەکە وەستابوو، هەروەها دووان لە هاوڕێیانی شوفیری ماتۆڕسکیلەکان، فلاشی کامێراکان لێیاندا ، هاوڕێکانی جاک پێکەنین و بە خۆیشی بزەیەکی هاتێ.

ئەوسا کەوتنە گۆڕینی شوێنەکانیان و چۆنیەتی گرتنی وێنەکان، بە پێڵاوە قورسەکانیانەوە، پێیان بە بۆنیتی مەکینەکەدا دەنا. سارە گوتی: بەهۆی ئەوانەوە ئوتومبیلەکە ئاسیوی دەگاتێ.

جون بینشوم لەو شوێنەدا بینی، بەدەم بزەیەکی شەکەتەوە بەرەو ڕوومان هات.

– جون، ئەمە چییە لێرە ڕوودەدات؟

– با لێگەڕین منداڵەکان گەمەی خۆیان بکەن.

ئەوسا یەکێک لە هاوڕێکانی جاک بلیدسو هاواریکرد، هەموو ئەوانەی لەوێ خڕ بووبوونەوە، خۆیان هەڵدایە سەر بۆنیتی ئوتومبیلەکە. کەوتنە وێنەگرتن، کۆمەڵێک وێنەیان گرت، پاشان هەموویان بەدەم پێکەنینەوە، دابەزین. جون گوتی: تۆ تەمەشای ئەو قوپاویانە، بە سەر بۆنیتەکەوە بکە!

– کوڕە بە سەر هەموو شوێنێکی ئوتومبیلەکەوە، باشە ئاگایان لە خۆ نەبوو؟

– ئەوانە تێناگەن، عومرێکی تەواو دەژین و هیچ تێناگەن.

سارە گوتی: ئوتومبیلەکە جوانە... حەیفێ!...

( پاشان، چاککردنەوەی بۆنیتەکە شەش هەزار دۆلاری تێچوو ).

جون گوتی: ئەو کاتەی لە ئاهەنگەکە بووین قسەت لەگەڵ پارێزەرەکەدا کرد؟

- بەڵێ.

- ئەدی چی گوت؟

- گوتی چەکەکانی بە پۆستەدا ناردووە.

- ڕاستە، من چەکەکەم وەرگرتووە، بەڵام هێشتا پارەکەم وەرنەگرتووە.

( جون جانتاکەی کردەوە، هەر دوو چەکەکەی دەرهێنا، لە دوو زەرفا بوون، لە سەر هەر زەرفێک نووسرابوو: بڕێک لە کرێکە ).

جون لە سەری ڕۆیی: دەتوانی چەکەکە لە بانکی " روبر " کە لە هۆڵەندایە، خەرج بکەیت.

-چ دەڵێی؟!

سارە گوتی: بۆچی؟ چما " فایر باور " بەم شێوازە ڕەفتار دەکات؟!

-نازانم، ئەم بەیانییە لە گەڵ فریدماندا بەشەڕ هاتم. گوتی چەکەکان عەیبیان نییە، بەڵام ژمێریارەکە پارەکانی لە بانکێکی هەڵەدا داناوە، هەرکاتێ پارەکە بۆ ئێرە بگەڕێتەوە، دەتوانین چەکەکان بگۆڕینەوەو سەرف بکەین. پێمگوت: " لەم حاڵەدا پارەکان لە بانکێکی هۆڵاندی دەکێشرێتەوە و هیچ بانکێکی ئێرە ئامادە نابێ چەکەکان سەرف بکات، دەبێ چەکی تازەمان بۆ بکرێ ".

گوتی: " من ناتوانم ئەو کارە بکەم، دەبێ چاوەڕوانی ژمێریارەکە بکەم، تا بتوانێ، پارەکان وەربگرێتەوە ".

- باوەڕ بەمە ناکەم.

- بە فریدمانم گوت: باشە، بە ژمێریارەکە بڵێ با بێ بۆ ئێرە ".

گوتی: " دایکی لە سەر جێگای مردنە، ئەو حاڵی حازر لە شیکاگۆیە لە لای دایکی، دەمێکە بە دەست نەخۆشی شێرپەنجەوە گیرۆدەیە ولە سەرە مەرگدایە ". ئەوسا لە سەر کورسیە فاخیرەکەیدا پاڵی دایەوە و لە پەنجەرەکەوە کەوتە ڕوانین. بە ڕوویا هەڵشاخیم: " جەنابی فریدمان ئەمە ڕەوا نییە! "

- ئەدی هۆڤی چ وەڵامێکی دایەوە؟

- چاوە شینە بێگەردەکانی تێ بڕیم و گوتی: " گیانەکەم ئەوەت لە بیر بێ، کە هیچ کەسێک لەم شارەدا قابیل نەبوو ئەم فیلمە بەرهەم بێنێ، پێکەنینیان بە فیلمەکە و بە خۆیشت دەهات، تەنیا ئێمە چووینە ژێرباری، ئەوەت لە بیر بێ. کارمان لە گەڵ بکە کوڕی نازدار، تا لە نیعمەتا بژیت. "

- ئیدی چیت کرد؟

- هانک، سارە، بێزەحمەت لە گەڵما وەرن، تا دیمەنی بانیۆکە وێنە بگرین، بانیۆکەت لە بیرە؟

- بێگومان، ئایا بەبێ کرێ لە سەر کارەکە بەردەوام دەبی؟

- دیمەنی بانیۆی حەمامەکە زۆر ناوازە دەبێ، زۆر بەدڵم بوو.

- بەڵێ جوانە.

– پاش دیدارەکەمان دەگەڵ فریدمان دا، کەوتمە گەڕان بە دەوری بینایەکەدا، دوو چەل بە دەوری بینا کەسکەکەی " فایر باور " دا سوڕامەوە و بە وردی دیقەتم دا لە ئەنجاما بیرۆکەیەکم بە بیردا هات، بۆ ئۆفیسەکەی فردیمان گەڕامەوە.. ببورە هانک، تکا دەکەم وەختایەک لە سەر ئەم کورسییە دادەنیشم لە پشتمەوە بوەستە.

– چی؟

( فوتوگرافەرێک بەدەم چاوەڕوانی جونەوە وەستابوو. جون لە سەر کورسییەکە دانیشت... ).

– لە پشتمەوە وەستاوی؟

– بەڵێ.

– ئێستا بزە دەستکردەکەی خۆت بکە.

بزەکەم کرد، وێنەگرەکە، وێنەیەکمانی گرت. جون، داوای وێنەی دووەمی کرد. پاشان لە سەر کورسییەکە هەستا و گوتی: " دوام بکەوە ".

وێنەگرتنەکە لە سەرەوە بوو، لە کاتێکدا بە قاڵدرمەکەدا سەر دەکەوتین جون لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو: فریدمان و فیشمان بەر لە هەفتەیەک وێنەیەکی لەم شێوەیەیان گرت، فریدمان لە سەر کورسییەکە ڕۆنیشتبوو و فیشمان لە پشتیەوە وەستابوو، هەردووکیان بسکەی سمێڵیان دەهات. وێنەکە لە سەر بەرگی گۆڤاری " فارایتی " بڵاو بووەوە و، لە ژێر وێنەکەدا، بە خەتی درشت ئەم دەستەواژەیە نووسرابوو: " فایر باور... سەردەکەوێ "!

– بەڕاست؟

– چاوەڕوان بکە، لێرە ڕاوەستە، با ئەو بویەرەت بۆ تەواو بکەم کە پێش ئەوەی بچینە ژووری وێنەگرتنەوە ڕوویدابوو.

– باشە.

– دووبارە بۆ ئۆفیسەکەی فریدمان گەڕامەوە. پێم ڕاگەیاند کە من وێنەکەیم بە سەر بەرگی گۆڤاری " فارایتی " یەوە دیتووە. پێمگوت ئێمەش هەفتەی داهاتوو، وێنەیەکی وەکو ئەوە دەگرین و بە هەمان وەزعیەت و لە ژێر وێنەکەمانەوە، وێنەیەکی چەکەکان دادەنەین و، بە خەتی درشت لە سەر بەرگی گۆڤارەکە دەنووسین: " فایر باور، سەردەکەوێ بەڵام چۆن " . پێمگوت کە ئەگەر لە ماوەی چل و هەشت سەعات دا، دوو چەکی مسەدەق و پەسندکراو وەرنەگرین، وێنەکە لە سەر بەرگی گۆڤارەکە بڵاو دەکرێتەوە.

کابرایەکی درێژ داهۆڵ، لە کۆتایی هۆڵی وێنەگرتنەکە ڕاوەستابوو، ئەمە دەرهێنەری یاریدەدەری جون بوو، لە شوێنی خۆیەوە هاواریکرد: ئێمە ئامادەین بۆ وێنەگرتن جون، هەموو شتێک حازر و ئامادەیە.

–چاوەڕوان بکەن، هەر ئێستا دێم.

سارە گوتی: دەتوانی دوایی پاشماوەی چیرۆکەکەمان بۆ تەواو بکەی.

-نا، دەمەوێ ئێستا تەواوی بکەم. ئەوسا بە فریدمانم گوت: لە حاڵەتی دووەما، واتە ئەگەر لە میانی چل و هەشت سەعاتدا، دوو چەکی پەسندکراو وەربگرین، هەر وێنەکە لە سەر بەرگی گۆڤارەکە بڵاو دەکەینەوە. بەڵام بەبێ چەکە هۆڵاندییەکان، هەنگێ بە خەتی درشت لە ژێر وێنەکەدا ئەم دەستەواژەیە دەنووسین: " فایر باور، یارمەتیت دەدەین بۆ سەرکەوتن "!

- ئەدی چی گوت؟

- بۆ چەند خولەکێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: چاکە، چەکە دڵخوازەکانی خۆتت پێدەگات.

- بەڵام ئەو دوو وێنەیەی تۆزێ لەمەپێش گرتمانن، دوو بزەی ساختەیان پێوە دیارە. یانی پێویستمان بە وێنەێن باشتر نییە، کە دەگەڵ دەستەواژەی: " فایر باور یارمەتیت دەدەین بۆ سەرکەوتن " تێکبکاتەوە.

- کە چەکەکانمان پێگەیی، هەنگێ بابەتی بڵاوکردنەوەی وێنەکە لە سەر بەرگی گۆڤارەکە فەرامۆش دەکەین، چونکە بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی بانگەشەیی لەو جۆرە، بەلای کەمەوە دوو هەزار دۆلار لە سەرمان دەکەوێ.

**

لە گەڵ کۆتایی هاتنی ئەم چیرۆکەدا، چووینە شوێنی وێنە گرتنەکە، بۆ ئەوەی وێنەی دیمەنی حەوز و بانێوی حەمامەکە بگرین.

(( ٣٢ ))

دیمەنی بانێوی حەمامەکە زۆر سادە و ئاسان بوو، فرانسین لە ناو بانێوکەدا پاڵدەکەوێ، جاک لە سەر ئەرزی حەمامەکە دادەنیشێت، پشت بە بانێوکەوە دەدات. فرانسین کاتێ لە ناو نانێوکە پاڵدەکەوێ، باسی زۆر شتان دەکرێ، یەکێک لەوانە باسی ئەو پیاوکوژەیە کە لە شوقەکەی تەنیشت شوقەکەی ئەوەوە، دوای ئەوەی بە مەرج لە زندان بەردەبێ، دەژی. ئەم پیاوکوژە دەگەڵ پیرەژنێکدا دەژیا کە بە بەردەوامی لێی دەدا، ڕۆنیشڤانانی باڵەخانەکە گوێیان لە هاوار و جنێو و نەفرەتیان دەبوو کە لە دیوارەکانەوە دەهاتنە دەرەوە.

جون بینشو، داوای لە من کرد، ئەو جنێو و نەفرەتانە بنووسمەوە کە ئەو دوو کەسە بەکاریان دێنا و دەر و دراوسێکان گوێیان لێدەبوو.

یەک لاپەڕە قسەی پیس و جنێوانم بۆ تۆمار کرد و دامێ.

لە ڕاستیا ئەم قسە بازاڕیانە بەلەزەت ترین بەشی نووسینی سیناریۆکە بوو، لە هەموو سیناریۆکە پتر لەزەتی پێبەخشیم.

کاتێ لەم شوقە جەڵەبی و هەرزانانە ئاکنجی دەبی، یان ژوورێک بە کرێ دەگری، تۆ نازانی – بەتایبەتی کە نابووت و برسی و بێ بادە و مەی بی – جگە لە گوێگرتن لەو شەڕە هۆڤیانە، چ بکەی. ئەمە وات لێدەکات کە بزانی تۆ تاقە کەس نیت لەم دنیایەدا، سەراپا لە نائومێدیدا نقوم بووی و، هەر تۆ بە تەنێ بەرەو شێتی هەنگاو نانەیت.

نەمانتوانی دیمەنی بانێوی حەمام کردنەکە لە کاتی وێنەگرتنیا بدینین، لە گەرماوەکەدا جێگە نەبوو پێ دابنەی، بۆیە من و سارە لە ژووری دانیشتنەکەدا، کە مووبەقێک لە سووچێکیا هەبوو،ماینەوە. لە ڕاستیدا، من پێش

سی دانه ساڵ، لەم باڵەخانەیەدا، لێرە لە شەقامی " الفارادو " دا ئاکنجی بووم و لە گەڵ ئەو خانمەدا دەژیام کە ئەم سیناریۆیەم دەربارەی نووسیوە، چ هەستێکی غەریبم لەلا چێبوو بوو، کە بیرم دەکەوێتەوە لەرزم لێدێ. دەگوترێت هەموو ئەوەی دەڕوات، دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان بگەڕێتەوە، کەچی ئەوەتا پاش سی دانە ساڵ خۆم لە هەمان شوێندا دەبینمەوە. شوێنەکە نەگۆڕاوە، بەڵام ئەو خەڵکانەی کە ناسیاویم لە گەڵدا پەیدا کردبوون، هەموویان مردوون، هەروەها ئەو خانمەش کە پێش سی ساڵ لە گەڵیا ژیابووم، مردووە. لە هەمان شوێندا دادەنیشم، هەمان بیرە دەخۆمەوە، بەڵام لە نێو کامێرا و ئامێر ودارودەستەی وێنەگرتنا، و منیش وەکو ڕۆنیشڤانانی ئەم باڵەخانەیە، بەو زووانە دەمرم، بۆیە بەرلەوەی بمرم پێکێ بۆ خۆم تێدەکەم.

دار و دەستەی کار، لە مووبەقە چکۆلەکەی تەنیشت ژووری دانیشتنەکەوە سەرگەرمی ئامادەکردنی خواردن بوون، یەخچاڵەکەیان پڕ کرد لە بیرە، ئەمە هانی دام چەند جارێک خۆم بە مووبەقەکەدا بکەم. سارە، هەندێ خەڵکی دۆزیبیەوە و کەوتە قسەکردن لە گەڵیاندا، چەند بەختەوەر و بە شانسە! بەڵام هەرجارێ کە بابایەکی بێگانە قسەی دەگەڵ دەکردم، هەستم دەکرد لە پەنجەرەکەوە دەکەومە خوارەوە، یان لە گەڵ ئاسانسۆرەکەدا دەکەومە خوارەوە. بەشەر بەگشتی مایەی بایەخ پێدان نین، ڕەنگە هەق نەبێ وابن، بەڵام گیانەوەر و تەیر و تو و مێروانم بەلاوە گرینگ و باڵکێشن، خۆیشم نەمدەزانی بۆ.

جون بینشو، ڕۆژێک بەرلە خشتەی دەست پێکردنی وێنەگرتنەکە گەییە جێ، زۆرم پێخۆش بوو، ئەمە " فایر باور "ی ناچار دەکرد دەست لە یەخەمان بکەنەوە. کەسیانمان نەدەبینی، بەڵام هەندێ سیخوڕیان، خزاندبووە بەینمانەوە، بە بۆن دەمناسینەوە.

هەندێ لەوانەی کاریان لە فیلمەکەدا دەکرد کتێبەکانیان دەخوێندمەوە، داوایان لێدەکردم پێشکەشییان بۆ بنووسم. زۆربەی ئەوانە لە کتێبە پڕ جنێوەکانم بوون، و بە باشترین کتێبی خۆمم نەدەزانین ( باشترین کتێبم، ئەوە بوو کە هێشتا نەمنووسی بوو ).

یەکێک لەو کادیرانە کۆچیرۆکێکی سخێف ئامێزی منی پێبوو، کە لە هەوەڵین چاپکراوەکانی من بوو، بەناونیشانی " دەسپەڕی شەیتان ". ئەوانی دی هەندێ دیوانە شیعری منیان پێبوو وەکو " موزارت لە سەر دار هەنجیر " و " ئایا ڕێگە بەو پیاوە دەدەی، کچە چوارساڵانەکەت بکاتە کۆشی؟ "

بەو ئاوایە ڕۆژەکە بە کاوەخۆ دەڕۆیی، وێنەگرتنی دیمەنی بانێوی گەرماوەکە هێندە دووبارە کرایەوە، وام بە خەیاڵدا دەهات، کە لەشی فرانسین بەجۆرێ پاک بووەتەوە کە لە وەسف کردن نایەت. پاشان جون بینشو، بەهەڵەداوان وەژوورکەوت، ماندوویەتی و شەکەتی بە ڕوخسار و ڕوویەوە دیار بوو، هێندە ماندوو بوو، بیری چووبوو زنجیری پانتۆڵەکەی دابخات. قژی بژ بووبووەوە، چاوەکانی لە هەمان کاتا ئەبڵەق و بێ ڕەونەق بوون: خودایا ئەمە تۆ لێرەی؟

- جون، دەنگ و باس چییە؟

- ( لێم نزیک بووەوە و بە گوێیدا چپاندم... ) خراپە! هی ئەوەیە شێت بی! فرانسین دەترسێت کە گۆی مەمکەکانی لە ژێر ئاوەکەوە بەدیار بکەوێ و، هەموو خولەکێک لێمان دەپرسێت: " گۆی مەمکەکانم دیارن؟ "

- بەڵام مەمکەکانی زۆر جوانن.

– ئەو گەنجە نییە، کە خۆی ئیدیعای دەکات. هاینز ڕقی لە ڕووناکییەکەیە، تەحەمولی ئەم ڕووناکییە ناکات، زیاد لە پێویست سەرخۆشە.

هاینز، وێنەگرەکەیە، لەوەیە لە واری وێنەگرتندا هەموو خەڵاتی دنیا بباتەوە، یەکێکە لە وێنەگرە هەرە گرینگەکانی سەر ڕووی زەوی. بەڵام وەکو هەموو ڕۆحە مەزنەکان، لە ڕادەبەدەر شیفتەی مەی خواردنەوەیە.

جون لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو، بە تووڕەیی بە گوێما دەچپێنێ: جاک ناتوانێ ڕستەیەک بڵێ کە بگاتە یەک دێڕ، چەند جارێک وێنەگرتنەکەمان دووبارە کردەوە، بەڵام تاقە وشەیەک لە ڕستەکەدا هەیە، دەی پەشۆکێنێ، کە دەیدرکێنێ، پێکەنین دەیگرێ، پێکەنینە گەوجانەکە دەیگرێ.

– ئەو ڕستەیە چییە؟

– ڕستەکە دەڵێت: " هەر کاتێ، تووشی ئەو ئەفسەرە ببێ کە ڕەهای کردبوو، دەبێ دەسپەڕی بۆ بکات.

– باشە، ئەمە بجەڕبێنە: " هەر کاتێ ئەو ئەفسەرەی بینی کە ئازادی کرد، دەبێ بۆی دابدۆشێ ".

– چاکە، سوپاس، وێنەگرتنەکە بۆ جاری نۆزدەیەم دووبارە دەکەینەوە!

– ئەی خودایا!

– دوعام بۆ بکە.

– دوعای پیاو چاکان بێ.

جون ڕۆیی تا وێنەگرتنەکە تەواو بکات، سارە لەو کاتەدا هات: کێشە چییە؟

–بۆ جاری نۆزدەیەم دیمەنەکە وێنە دەگرنەوە... فرانسین دەترسێ لەوەی گۆی مەمکەکانی لە دیمەنەکەدا بەدیار بکەوێ... جاک ناتوانێ یەک ڕستە بڵێ... هاینز، ڕقی لە ڕووناکیەکەیە...

– فرانسین پێویستی بە خواردنەوەیە، بەڵکو شەرمی بشکێ و جورئەت پەیدا بکات.

– بەڵام هاینز هەرگیز پێویستی بە خواردنەوە نییە.

– دەزانم. بەڵام جاک هەر چۆنێ بێ، کاتێ کە فرانسین ئاوێتەی دیمەنەکە ببێت، دەتوانێ ڕستەکەی بڵێت.

– ڕەنگە.

فرانسین، لە ناکاوا خۆی بە ژوورەکەدا کرد، زۆر شەکەت دیاربوو، تازە لە حەوز و بانێوی حەمامەکە هاتبووە دەرەوە، خاولیەکی دابوو بە سەر قژیا. سارە چوو بۆ لای فرانسین و، بە ئارامی دواندی، فرانسین گوێی لە سارە گرت و، سەری لەقاند، ئەوسا چوو بۆ ژووری نووستن.

دوای خولەکێک سارە بە خۆ و کووپێکەوە لە مووبەقەکەوە هاتەدەرێ، ویسکی و ڤودکا و جن لە مووبەقەکەدا هەبوو، پێدەچوو سارە، کوکتێلێکی لە هەموو ئەو مەشرووباتە دروستکردبێ. سارە کووپەکەی گەیاندە ژوورەکەی فرانسین، ئەوسا بۆ لای من هاتەوە: ئێستا باش دەبێت!

فرانسین، دوای سێ خولەکان لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە. ڕێک بۆ گەرماوەکە چوو کە کامێراکانی لێبوو. لە ڕێگە سارەی بینی، گوتی: سوپاست دەکەم.

نەمدەتوانی تاپۆی ڕابردوو لە خۆم دوور بخەمەوە. ئا ئەمە ئەو بینا و باڵەخانەیەیە، دوای ئەوەی لە یەک ژووردا دەگەڵ سێ ژندا نووستم، لێی دەرکرام. لەو سەروبەندەدا شتێک نەبوو بە ناوی مافی کرێچی. خانمی خاوەن باڵەخانەکە ڕۆژێ پێی گوتم: " جەنابی چیناسکی، خەڵکانێکی باوەڕدار لەم بینایەدا ئاکنجین، کرێکار و خێزان و منداڵ لێرە هەن، ئەوەندەی گلەییم دەربارەی تۆ پێدەگات، دەربارەی هیچ کەسێکی دی پێم نەگەییوە. بەخۆم گوێم لە هەموو ئەو گۆرانی و سخێف و نەفرەتانە بووە، گوێم لە دەنگی شکان و وشەێن ناشیرین و حیلکە حیلک بووە. لە هەموو ژیانما، گوێم لە شتێک نەبووە، وەکو ئەوەی دوێشەو لە شوقەکەی تۆوە گوێم لێ بوو ".

- باشە، باردەکەم، شوقەکەت بۆ چۆڵ دەکەم.

- سوپاس.

هەڵبەتە شێت بووم، قژ بژ و ڕدێن هاتوو، فانیلەیەکی ژێرەوەم لە بەردا بوو، کون کون، هەمووی بە جگەرە سووتابوو. تاقە خەونی ژیانم ئەوە بوو کە پتر لە بوتڵێ مەیم لە گەنجینەی مووبەقەکەدا هەبێ. بەڕاستی نە من بۆ ئەوم دنیایە دەگونجام و نە ئەم دنیایە بۆ من دەگونجا. خەڵکانێکم دۆزییەوە کە لە من دەچوون، زۆربەیان ژن بوون، ژنانێ کە هیچ پیاوێک خۆزی نەدەخواست لە یەک ژوورا لە گەڵیاندا کۆ ببێتەوە. کەچی من تا ڕادەی عیبادەت خۆشم دەویستن، ئیلهام و سەرویان پێدەبەخشیم، لە بەردەمیاندا، نمایشی بەهرەکانی خۆم دەکرد، بە جلەکانی ژێرەوە خۆم فش دەکردەوە و بە دەوریاندا دەخولامەوە، خۆم دەنواند و پێم دەگوتن کە من چەند مەزنم!

بەڵام تەنیا خۆم باوەڕم بە قسەکانی خۆم دەکرد، لە بیرمە کە چۆن هاواریان بە سەرمدا دەکرد: " دەمت داخە! بیرەی دی تێکە ". ئەو ژنانە لە دۆزەخەوە هاتبوون، تا لە گەڵ مندا لە دۆزەخدا بژین.

جون بینشو، بە کەش و فشەوە خۆی بە ژوورەکەدا کرد: سەرکەوتین، تەواو، هەموو شتەکان تەواو بوو! کە ڕۆژێکی خۆشە! سبەینێ دەست بە وێنەگرتنی دیمەنێکی تازە دەکەین.

- مەمنوونی سارە بە، ئەم سەرکەوتنە لە چاوی ئەو بزانە کە کوکتێلێکیی ئەلکولی ئەفسووناوی دروستکرد.

- چی؟

- توانی بە کووپێ بادە شەرمی فرانسین بشکێنێ و ورەی بەرز بکاتەوە.

- زۆر سوپاس سارە.

- سەر سەر و سەرچاوان. شایەنی نییە.

- خودایا! ساڵانێکی زۆر کاری دەرهێنانم کردووە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ناچار نەبووم هەمان دیمەن نۆزدە چەلان دووبارە بکەمەوە!

گوتم: بیستوومه چارلی چاپلن، یەک دیمەنی سەد کەڕەت دووبارە دەکردەوە، تا بە تەواوەتی تیایدا قاڵ دەبووەوە.

-ئەو، چارلی چاپلنە، بەڵام ئێمە ئەگەر دیمەنێک سەد جاران دووبارە بکەینەوە، ئەوا قازانج سەری مایە دەخوات و بودجەی فیلمەکە تەواو دەبێ.

دوای ڕۆژێکی دوورودرێژ، من و سارە چووین بۆ " موسو ". مێزێکی هۆڵە قەدیمیەکەمان هەڵبژارد، بەدەم تەمەشاکردنی لیستی خۆراکەکانەوە چەند پێکێکمان خواردەوە. لێم پرسی: لە بیرت دێ؟ لە بیرت دێ کە چەند ساڵێک لەمە پێش بۆ ئێرە دەهاتین و، تەمەشای ڕوخساری ئەوانەمان دەکرد کە لە دەوری مێزەکان ڕۆنیشتبوون و دەمانویست کەشفیان بکەین؟ کێهەیان ئەکتەرە، کێهەیان دەرهێنەر یان بەرهەمهێنەرە، کێ لە فیلمێن بوونو نواندن دەکات، هەروەها کێ وەکیلی ئەعمال و کێ دەڵاڵە؟ دەمانگوت: تەمەشای ئەوانە بکە، باسی فیلمەکانی داهاتوویان، یان گرێبەستی کارەکانیان، یان دەسکەوتەکانی جارانیان دەکەن. کە بۆش و بەتاڵ و درۆزن و فشەکەرن! باشتر وایە ڕوویان لێوەربگێڕین، بەرلەوەی سینیە ماسی فاخیر لە سەر مێزەکانیان دابیارێ...

– بەلامانەوە هیچ و پووچ و تووڕەهات بوون، بەڵام ئێستا ڕێک وەکو ئەوانین.

– ڕۆژێ لە تۆیە و ڕۆژێ دژی تۆیە.

– وابزانم داوای جێیەک ماسی فاخیر دەکەم.

پێشخزمەتەکە بە دیار سەرمانەوە وەستا، لە جێی خۆی ئەم پێ و ئەوپێی دەکرد و بە ڕقەوە سەیرمانی دەکرد، ئەوسا چاوەکانی کەوتنە کسکەکسک. خوارنگەی " موسو " لە ساڵی ١٩١٩ دا کراوەتەوە، بەڵام ئەم پێشخزمەتە لە هەموو شتێک تووڕەیە، لە ئێمە، لە هەموو مشتەرییەکان، بە پێشنیازەکەی سارە ڕازی بووم، داوای جێیەک ماسی فاخیرم کرد.

(( ٣٣ ))

لە سێ شوێنا، وێنەگرتنی فیلمەکە ئەنجامدرا، چەند ژوورێک و، ژمارەیەک شەقام و کوچە و کۆڵانان، کامێراکە بە سەر زۆر باڕ و مەیخانانی هەرزاندا سوڕایەوە.

دیمەنێکی شەوانەی تیابوو کە بریتی بوو لە دزینی گەنمەشامی لە زەوییەکی چۆڵدا، دوای دزییەکە، تاقیبی پۆلیس دەست پێدەکات، گەنمەشامییەکە لە کێڵگەیەکدا ڕوێنراوە و ئامادەیە بۆ دزین. کرێی ڕێدان بە وێنەگرتنی ئەم شوێنە پێنج هەزار دۆلار بوو، ئەم زەوییە موڵکی " ناوەندی تەئهیل کردنەوەی مەی ئالۆوان " بوو. بینشو، زۆری هەوڵدا، شوێنێکی دی بدۆزێتەوە کە کرێکەی لێرە کەمتر بێ، بەڵام ئەنجام لە سەر ئەم شوێنە گیرسایەوە، کە لە ڕاستیا هەمان ئەو شوێنەیە کە سێ ساڵ لەمە پێش بە گوڵە پێغەمبەرە (گەنمەشامی) داچێنرابوو و، ئەوێ ڕۆژێ دەگەڵ ئەڤیندارەکەما، گەنمەشامیم لێدزی بوو. ئەم گەنمە شامیە تازەیە، لە هەمان شوێنا داچێنرابوو کە گەنمەشامییە کۆنەکەی لێ داچێنرابوو، بەڵام شتەکانی دیکەی دەوروبەری شوێنەکە زۆر گۆڕابوون. ئەو بینایەی بەرانبەر کێڵگە گەنمەشامیەکە، کە ئەو شوقەیەی تیابوو کە من و ئەڤیندارەکەم بۆی هەڵاتبووین و پاشان بە دوو قۆڵی تیایدا ژیاین، ئەمڕۆ بووبوو بە کەترەخانە (خانەی پیران). بەڵام بینا

گەورەکەی دراوسێی کێڵگە زوڕاتەکە، کە ئەمڕۆ بووبوو بە " ناوەندی تەئهیلی مەی ئالووان " ئەوسا سەنتەری فێرکردنی سەما بوو، نهۆمی خوارەوەی بریتی بوو لە هۆڵێکی گەورەی تایبەت بە ئاهەنگێن سەما، بە تایبەتی لە شەوانی شەممەدا لە خەڵکیدا جمەی دەهات. هۆڵەکە بەرین بوو، ئاهەنگی موسیقای شادی تیا سازدەکرا، گڵۆپی بزۆز بە بن میچەکەیەوە هەڵواسرابوو، خەڵکی تا بەرەبەیان تیایدا هەڵدەپەڕین، ئوتومبیلی گەورە و کەشخە، لە دەرێی هۆڵەکە ڕیز دەکرا.

ڕقمان لەم ناوەندی فێرکردنی سەمایە دەبووەوە، ڕقمان لەوانەش بوو کە هاتوچۆیان دەکرد، لە زەمانێکا لە برسا دەتلاینەوە، شەڕمان بە یەکدی دەفرۆشت، دادەگژاینە سەر و گوێلاکی پۆلیس و خاوەن ماڵەکان. لە ژیانی کلۆلانەی خۆمان دەرباز نەدەبووین، تەنیا ئەو کاتانە نەبوایە، کە زوو زوو بۆ زندانی بەرزاییەکانی لینکولن دەچووین.

ئێستا ئەو بینایە لە سەرخۆشانی خانەنشیندا جمەی دێ، لەواتەی قەراریان داوە خۆیان چاک بکەن و کتێبی پیرۆز بخوێننەوە، دەیانبینی جگەرە دەکێشن و یاری " بینگو " دەکەن، کە چی جاران هۆڵی سەما بوو. تاقە شتێ کە وەکو خۆی ماوە و نەگۆڕاوە، ئەو پارچە ئەرزەیە کە بە زوڕات داچێنرابوو، بە درێژایی سێ دەیە کەس بیری لەوە نەکردبووەوە حەسارێکی لە دەور بکێشێ یان خانوویەکی لە سەر دروست بکات.

جاک و فرانسین مەشقی خۆیان لە سەر دیمەنەکە کرد، ئەوسا هەر یەکەیان چووە ژوورە گەڕۆکەکەی خۆیەوە، ئێمەش لە شوێنەکە دانیشتین و چاوەڕوانی دەستپێکردنی وێنەگرتنەکەمان دەکرد. جا بۆ ئەوەی کاتەکەم بە فیڕۆ نەدەم، بەدەم چاوەڕوانییەوە بیرەم دەخواردەوە.

گەنجێکی قۆزی ڕدێن قەڵەمکراو لەوێ بوو، چاوەکانی پرشنگدار و بزەیەکی ناسک بە لێویەوەوە بوو، چەندین جار لە کاتی وێنەگرتنەکەدا دیتبووم، بەڵام نەمدەزانی کێیە و دەوری لە کارەکەدا چییە و لێم نەپرسی. ئەوەی ڕاستی بێ بە مەزەندە و گومانی خۆم دەوری سەرەکی ئەو سیخوڕی بوو بۆ " فایر باور ". پێی گوتم: تکایە، بۆت نییە لەم شوێنەدا بخۆیتەوە.

- بۆچی؟

- بە گوێرەی ئەو گرێبەستەی دەگەڵ خاوەنی پارچە ئەرزەکەدا، بۆمان نییە مەشرووبات بۆ ئێرە بێنین.

- ئاویش؟

- بەخۆت دەزانی مەبەستم چییە!

- بەڵێ، ئەو بادە نۆشانەی جاران چاویان بەرایی نادات کەسێک بدینن کە بە کەماڵی ئیسراحەت بخواتەوە.

- ئەوانە ڕقیان لە خواردنەوەیە.

- بەڵام خواردنەوە تیمەی سەرەکییە لەم فیلمەدا.

- هەوڵێکی زۆرمان دا، تا ڕێگەیان داین لێرە وێنە بگرین، تکایە ڕیسەکەمان لێمەکەوە بە خوری.

- باشە لە بەرخاتری بینشو، نەک تۆ، جارێ ناخۆمەوە.

پێچی کردەوە و لە بەرچاوم ون بوو، فایلی ئەوراقەکانی بە دەستەوە گرت. بە شێوەیەک ڕێی دەکرد، پاشەڵە بچووکە ناسکەکەی دەلەرییەوە – کە پێدەچوو، وەکو پێویست شاپانی نەخواردبێ.

پشتم کردە باڵەخانەکەی ناوەندی تەئهیل و، کەوتمە فڕدان لە بوتڵەکەم و، ئەوسا دەمپەستایە گیرفانی پانتۆڵەکەمەوە و دەمشاردەوە.

سارە گوتی: لەوەیە بت بینن!

– یانی پێتوایە هەر هەموو کۆنە مەی نۆشەکانی جاران، لەبەر پەنجەرەی بیناکەدا وەستاون و تەمەشای من دەکەن؟!

– نا، بەڵام لێرە، لەناو ئێمەدا خەڵکی خۆیان هەیە.

– دەی باشە، لە پەنایەک دەگەڕێم، تا بیرەکەمی تیا بخۆمەوە.

– دەبینم، بێ عەقڵانە ڕەفتار دەکەی، وەکو ئەستێرەکانی هولیوود.

هەق بە سارەیە، نابێ وەکو ئەوان ڕەفتار بکەم، ئەو ئەکتەرەی دەوری قارەمانیەتی لەو فیلمەدا، کە من نووسیومە، لە سەر دەورەکەی ٧٥٠ ئەوەندەی من وەردەگرێ.

ئەوسا جون بینشو هات و ئاگاداری کردمەوە کە فریدمان چەکە تازەکانی ناردووە و چەکەکەی منی بۆ ئەدرەسەکەی خۆم ناردووە و ئیدی گەییوەتە سەندووقی بەریدەکەم. بەو ئاوایە پلان و نەخشەکەمان سەری گرت! جون لە سەری ڕۆیی: دەبێ ئێستا برۆم، دەست بە وێنەگرتنی دیمەنی کێڵگەی گەنمەشامییەکە دەکەین، پەیگیری دیمەنەکە بکە و بۆچوونی خۆتم لە بارەیەوە پێبڵێ.

وێنەگرتن دەستی پێکرد، فرانسین بە غاردان چوو بۆ ترۆپکی ئەو گردەی بە گەنمەشامی داچێنرابوو. هاواریکرد: هەندێ گەنمەشامیم دەوێ!

جین –م بیرکەوتەوە کە کاتی خۆی بە هەمان گردا سەرکەوتبوو، ئەوسا بە خۆ و کیسەیەکی تەژی بوتڵێن مەیەوە دوای دەکەوتم و وەختایەک جین هاواریکرد: " هەندێک گەنمەشامیم دەوێ " ، هەستم کرد دەڵێت: " دمەوێ هەموو دنیا وەربگرمەوە! " ئەو دنیایەی ئەمی ون کردبوو، ئەو دنیایەی ئەم ونی کردبوو، ئەو دنیایەی لە دەستی هەڵاتبوو. زوراپ تاقە سەرکەوتنی بوو لەم دنیایەدا، تاقە خەڵاتی بوو، تاقە تۆڵەی بوو، گۆرانیە هەرە جوانەکەی بوو.

بەڵام هاوارەکەی فرانسین " تۆزێ زوراپتم دەوێ " دژمنانە هاتە بەرچاوم، جۆرە گرژی و دوودڵییەک بە دەنگیەوە دیاربوو، دەنگە گڕ و پڕ نائومێدی و مەستەکە نەبوو. ئەدایەکی باش بوو، بەڵام ئەو باشە نەبوو کە دەخوازرا.

کاتێ فرانسین چوو بۆ کردنەوەی بەری گەنمەشامیەکە، هەستم بە جیاوازی هەردوو حاڵەتەکە کرد و هەستم کرد ئەو دیمەنەی سێ دەیە لەوە پێش دیتبووم، هەرگیز دووبارە نابێتەوە. فرانسین ئەکتەر بوو، بەڵام جین ئافرەتێکی بەدمەستی شێت بوو، شێت بە ڕادەی مردن لە شێتیدا. بەڵام نابێ مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە تەمسیل و نواندن، چەند لە لاسایی کردنەوەدا ورد و کارامە بێ، بگاتە ئاستی واقیع.

فرانسین بەو ئاوایە بەری زۆرِاتەکەی کردەوە و لە جانتاکەی دەستیا شاردییەوە. جاک پێی گوت: " تۆ مەستی... ئەم بەرانە هێشتا پێنەگەییوە... " ئەوسا ئۆتومبیلی پۆلیس گەییە شوێنەکە، شەوقی لایتەکانی خستە سەریان، فرانسین و جاک بەرەو ماڵەکە غاریان دا، ڕێک وەکو ئەوەی جین و من. ئەوسا خۆیان بە ئاسانسۆرەکەدا کرد، بەڵام پۆلیسەکان بە بڵندگۆ هاواریان لێدەکردن: " بوەستە دەنا تەقە دەکەین "! بەڵام لە جیاتی ئەوەی پۆلیسەکان لە ئۆتومبیلەکەیان دابەزن، بەدوای جاک وفرانسین غاربدەن بۆ ژوورەوە، لە ئۆتومبیلەکەیاندا مانەوە و دیمەنەکە کۆتایی هات.

بۆ ماوەی چەند خولەکێک لە جون بینشو گەڕام، پاشان دۆزیمەوە: برادەر! دەبوا پۆلیسەکان لە ئۆتومبیلەکەیان دابەزیبان و جاک و فرانسین – یان تا ژوورەوە ڕاوبنایە!

– دەزانم، بەڵام دەرگاکانی ئۆتومبیلەکە نەکرانەوە، ئیدی پۆلیسەکان ناچار لە ناو ئۆتومبیلەکەدا گیریان خوارد.

– چی؟!

– دەزانم ئەمە باوەڕکردەنی نییە، پێویستە ئۆتومبیلەکە بنێرین بۆ چاککردن، ئەوسا دیمەنەکە دووبارە وێنە بگرینەوە.

– ئۆووو... حەیفێ!

جون، زۆر نائومێد بوو، کە قەت وانەبوو، زۆربەی کات کە ڕووبەڕووی کێشەی قورس دەبووەوە، پێدەکەنی.

–کە دەستمان بە وێنەگرتن کردەوە، دێمەوە بۆ لاتان.

چووین، سووکە پیاسەیەکمان لە شەقامەکەی تەنیشتمانەوە کرد. حەزناکەم جون بەوجۆرە بە دڵشکاوی بدینم، پیاوێکی بە ورە و وێرەکە. هەندێ کەس بۆیە ڕقیان لێیەتی چونکە زۆر خۆی هەڵدەکێشێت و بە ئازایەتی خۆیەوە دەفشێ، بەڵام ڕاست دەکات، هەموومان لاف و گەزافی ئازایەتی لێدەدەین، و منیش یەکێکم لەوانە، حەزناکەم جون بەو نائومێدییەوە بدینم.

جاک و فرانسین و هەموو ستافی کارەکە بۆ ژوورە گەڕۆکەکانیان گەڕانەوە، چاوەڕوانی دووروودرێژی نێوان وێنەگرتنی دیمەنەکانم لا ناخۆشە. فیلمسازی پارەیەکی یەجگار زۆری دەوێ، چونکە زۆربەی کاتەکە بە خۆڕایی و بەبێ هیچ کارێک دەڕوات، چ شتێک جگە لە چاوەڕوانی و چاوەڕوانی لە گۆڕێ نییە. تا ئەمە ئامادە دەبێ و ئەوە ئامادە دەبێ، ڕوناکی و کامێرا ساز دەبێ، تا ئاڕایشکاری قژ لە میزتن تەواو دەبێ و، ڕاوێژکار شیرەتی خۆی پێشکەش دەکات... هیچ شتێک ڕوونادات! لە دەستپەرێکی هێواش دەچێ، مووچە بۆ ئەم و مووچە بۆ ئەو، تەنیا یەک پیاو بۆی هەیە، وایەری کارەباکە بخاتە سەر پلاک، ئەندازیاری دەنگ، لە دەرهێنەری یاریدەدەر تووڕەیە، ئەکتەرەکان هەمیشە پەستن، چونکە پێویستە ئەکتەرەکان وابن و... هتد. کارەکە، هەر هەمووی پارە بە فیڕۆدانە، تەنانەت لە فیلمە کەمخەرجەکانیشدا هەمان تاس و حەمام بەرقەرارە، حەز دەکەی بە ڕووی هەمووواندا هەڵشاخی، هاواریان بەسەردا بکەی: " ئەم ورِینە بازییە ڕابگرن! هەر کارێکی ئێرە بگری دەکرێ لە دە خولەکدا ئەنجام بدرێ، کەچی ئەنگۆ بە سەعاتان پێوەی خەریک دەبن! "

زاتی وتنی ئەو قسەیەم نەبوو، من تەنیا نووسەری فیلمەکەم، من کرێم لە هەموو ستافەکە کەمتر بوو.

**

ئەوسا قورچکێکی مەعنەویم وەرگرت و گەیاندمیە ئاسمان! دوو تیمی تەلەفزیونی هاتن، یەکێکیان ئیتالّی و دووەمیان ئەلّمانی بوو، دەیانویست دیمانەی تەلەفزیونی لە گەڵ مندا بکەن، هەر دوو تیمەکە ژنان بوون!

پەیامنێرە ئیتالّیەکە گوتی: لە پێشا وەعدی بە ئێمە دا!

پەیامنێرە ئەلّمانیەکە وەلامی دایەوە: بەلام تۆ جەوهەری قسەکانی لێ دەردێنی!

-هیوادارم وابێ!

لەبەردەم کامێرای تەلەفزیونە ئیتالّییەکەدا دانیشتم، تۆمارکردن دەستی پێکرد، پەیامنێرە ئیتالّیەکە لێی پرسیم: ڕات بە فیلمەکە چییە؟

- مەبەستت لە فیلمانە؟

- بەڵێ.

- لێیان هەڵدێم.

- وەختایەک نانووسی و مژوولی نووسین نیت چ دەکەی؟

- ئەسپان، گرەویان لە سەر دەکەم.

- باشە ئەوە، لە نووسینا یارمەتیت دەدات؟

- بەڵێ، یارمەتی ئەوەم دەدات کە نووسین فەرامۆش بکەم.

- ئایا تۆ بەدمەستەکەی ناو فیلمەکەی؟

- بەڵێ.

- تۆ سەرخۆشی بە ئازایەتی دەزانی؟!

- نا، بە ترسنۆکیشی نازانم.

- نێوەڕۆکی ئەم فیلمە چییە؟

- هیچ.

- هیچ؟!

- هیچ، تەمەشاکردنێکی لەز بلەزی پاشەڵی مردنە، لەگینە...

- لەگینە؟

- " لەگینە " مانای وایە من دڵنیا نیم.

- کە تەمەشای پاشەڵ و قوونی مردن دەکەی چ دەبینی؟

- هەمان ئەو شتەی تۆ دەیبینی.

- فەلسەفەت لە ژیانا چییە؟

- بە کەمترین توانای مومکین بیر بکەوە.

- جگە لەوە؟

- وەختایەک هیچ شتێک نابینی بیکەی، ئارام بە.

- جوانە!

- جوان، مەرج نییە ئارام بێ.

- جەنابی چیناسکی، چ وشەیەکت پێیە بتەوێ ئاراستەی گەلی ئیتاڵیای بکەی؟

- زۆر هاوار مەکەن و، سیلین بخوێننەوە. ( لویس فرناند سیلین ١٨٩٤ – ١٩٦١ ): ڕۆماننووسێکی فەرەنسایییە، یەکێک لە ڕۆمانەکانی " سەفەرێک بۆ کۆتایی شەو ". )

ڕووناکی کامێرا ئیتاڵییەکە کوژایەوە، پەیامنێرە ئەڵمانییەکە تاسەی گوت و بێژە تەلەفزیونیەکەی لە گەڵما سارد بووەوە. سوور بوو لە سەر ئەوەی بزانێ ڕۆژانە چەند ئەلکول دەخۆمەوە، سارە وەڵامی دایەوە: " دەخواتەوە، بەڵام بە ئەندازەی جارانی نا. "

-یەکسەر مەشرووبم بۆ پەیدا بکەن، دەنا قسەتان بۆ ناکەم! یەکسەر مەشرووبم بۆ هات، کووپێکی پلاستیکی گەورە بوو، نەمدەزانی چی تیایە، یەکبین هەڵمدا. زۆرم بەلاوە توورەهات بوو. یەکێک پرسیاری بیرکردنەوەمم لێبکات، بەشی هەرە گرینگی بیری نووسەر لە دوو توێی کتێبەکانیدایە، ئیدی باقی ژیانی گرینگ نییە.

پەیامنێرە ئەڵمانییەکە نەهەقی نەبوو، پەیامنێرە ئیتاڵییەکە جەوهەر و کرۆکی قسەکانی لێدەرهێنام!

ئیدی بووم بە ئەستێرەیەکی بەنێوبانگی تورەهات، بەڵام هێشتا هەر بیرم لەلای دیمەنی کێڵگەی زوڕاتەکە بوو و، دەبێ جون بینشو بدینم و پێی بێژم دەبێ فرانسین زۆرتر بخواتەوە و شێتاتی زیاتر بنوێنێ. پێیەک بخاتەسەر گردەکە و بە دەستێک بەرە زوڕاتەکە لە ساقەتەی ڕووەکەکە بکاتەوە و، وەکو ئەوەی مردن ڕاوەدووی بنێ و گەمارۆی بدات. خەڵکی بیناکانی دەوروبەر لەبەر پەنجەرەکاندا، بە ڕوخساری بەدەر لە خەونان، کەڵەکە ببن و پێکەوە تەمەشای خوارەوە بکەن، تەمەشای قووڵایی ئەو بوونە بەشەرییە کلۆڵە بکەن کە هەموومانی لە خۆ گرتووە: دەوڵەمەند و هەژار، جوان و ناشیرین، بەهرەدار و بێ کەڵک و فایدە.

پەیامنێرە ئەڵمانییەکە لێی پرسیم: حەز لە فیلمان دەکەی؟

-نەخێر.

بەوئاوایە ڕوناکی کامێرا ئەڵمانیەکە کوژایەوە و گوت و بێژەکە تەواو بوو.

دوای ئەوە دیمەنی کێڵگە زوڕاتەکە، دووبارە وێنە گیرایەوە، ئەدایەکە وەکو پێویست نەبوو، بەڵام لەو وێنەیەوە نزیک بوو، کە لە زەینما بوو.

سەعات دەی شەو بوو، جون تەلەفۆنی کرد و گوتی: فیلمەکە هەڵوەشێنرایەوە.

-جون، من باوەڕم بەوجۆرە قسانە نەماوە، ئەمە شێوازی باوی خۆیانە و دەیانەوێ گوشارمان بخەنە سەر.

-نا، ئەمە حەقیقەتە، فیلمەکە هەڵوەشێنراوەتەوە و تەواو.

- باشە چۆن شتی وادەکەن؟ خۆ پارەیەکی زۆریان لە فیلمەکەدا خەرج کردووە و خۆ لەم حاڵەدا زەرەرێکی گەورە دەکەن...

- هانک، کۆمپانیای " فایر باور " نابووت بووە، هەر فیلمەکەی ئێمە ئیلغا نەبووەتەوە، هەموو فیلمەکان ئیلغا بوونەتەوە. ئەم بەیانییە بۆ بینای کۆمپانیاکە چووم، تەنیا پاسەوانی بیناکە لەوێ بوو، کەس لە ناو بیناکەدا نەبوو! بەسەر هەموو ئۆفیسەکاندا سوڕامەوە و هاوارم دەکرد: " سڵاو، سڵاو، کەس لێرە نییە؟ " ، لێ چ کەسێک وەڵامی نەدامەوە، بیناکە چۆڵ و هۆڵ، عەبدەلبەشەری لێنەبوو.

- بەڵام جون، دەستەواژەی " مثل أو ادفع " کە لە گرێبەستەکەی جاک بلیدسودا تۆمار کراوە چی لێهات؟

- نە ئەو تەمسیل دەکات و نە ئەوان هیچی دەدەنێ، هەموو ئەوانەی گرێبەستیان لە گەڵ " فایر باور " کردووە، بە ئێمەشەوە، بێ مایە و دەرامەت بوون. هەندێکیان دوو هەفتەیە بە خۆڕایی، بەبێ کرێ کاردەکەن، لەمڕۆ بەدواوە... پارە بۆ هیچ کەسێ نییە...

- ئەدی تۆ چ دەکەی؟

- نازانم هانک، پێدەچێ هەموو شتێک کۆتایی هاتبێ!

- هیچ ڕەفتارێکی بەپەلە مەکە، لەوەیە کۆمپانیایەکی دیکە بدۆزینەوە کە فیلمەکە لە ئەستۆ بگرێ.

- کەس نادۆزینەوە، سیناریۆکە بە دڵی هیچ کەسێک نەبووە.

- ئوووووە... ئەمە دروستە.

- ئەدی تۆ چ دەکەی؟

- من؟ دەچم بۆ مەیدانی پێشبڕکێ. بەڵام ئەگەر شەوێ هاتی، چەند پێکێک بخۆینەوە، خۆشحاڵ دەبم.

- سوپاس هانک، بەڵام ژوانێکی گرینگم دەگەڵ دوو کیژی هۆمۆدا هەیە.

- بە هیوای کاتێکی خۆش.

- کاتێکی خۆش بۆ تۆش.

سواری ئوتومبیلەکەم بووم و بەرەو باکوور ڕۆیشتم، ڕێگا لەزگینەکەی شانبەشانی بەندەرەکەم گرتەبەر، بەرەو باخەکەی هولیوود.

پتر لە سی دانە ساڵە گرێو لە سەر ئەسپێن پێشبڕکێ دەکەم، دوای ئەوەی تووشی خوێنبەربوونێکی کوشندەی گەدە بووم، دەستم بەو هیوایەتە کرد، ئەو ڕۆژە بۆ نەخۆشخانەی لوس ئانجیلوسیان بردم، لەوێ پێیان گوتم: ئەگەر یەک پێکی دی بخۆیتەوە، یەکسەر دەمریت.

کاتی خۆی لە جین -م پرسی: چی بکەم؟

- دەربارەی چی؟

- لە جیاتی خواردنەوە چ بکەم؟

- باشە، ئەسپ هەن.

- ئەسپ؟ چی لە ئەسپ بکەم؟

- گرەویان لەسەر بکە.

- گرەویان لەسەر بکەم؟ کە کارێکی سەخیفە!

پاشان لەگەڵ جین دا ڕۆیشتم، گرەوەکەم بردەوە، ئیدی چەشە بووم و، وام لێهات هەموو ڕۆژێ دەڕۆیشتم. دوای ماوەیەک و، بەرەبەرە، دەستم بە خواردنەوە کردەوە، بەڵام بە ئەندازەی کەم. پاشان زیادم کرد و، نەمردم. بەو ئاوایە هەم گەڕامەوە سەر خواردنەوەکە و پێشبڕکێی ئەسپانیشی هاتەسەر.

زۆربەی ڕۆژەکەم لە مەیدانی پێشبڕکێیەکە بەسەر برد، ئەوسا سواری ئوتومبیلەکەم بووم و بۆ ماڵ گەڕامەوە، سەد دانە دۆلارم لە بەرکا بوو، کە لە گرێوەکە بردبوومەوە. گەییمە دەروازەی ماڵەکە، سەیرم کرد سارە گوڵی باخچەکە ئاو دەدات، بە ڕاستی باخەوانێکی کارامەیە. ئەمە جگە لەوەی دەمارێکی شێتانەی لەگەڵە و خواردنی تەندروستیم دەداتێ. هەروەها قژم دەتاشێ و، نینۆکەکانم بۆ دەکات. بەشێوەیەکی گشتی ئەو هێزە بوو، کە دەی ژیاندم. ژیانم بەوەوە بەند بوو.

ئوتومبیلەکەم ڕاگرت و چووم بۆ ناو باخچەی ماڵەکە، ماچێکی گەرمم دا بە سارە. لێی پرسیم: بردتەوە؟

- بەڵێ، بێگومان.

- ئەمڕۆ کەس تەلەفونی نەکرد.

- ئەمە خراپە، دوای هەموو... بەخۆت دەزانی.. پاش ئەوەی جون هەڕەشەی کرد کە قامکی دەبڕێ و، ئەوەی لە توانایدا بوو، کردی، هەست بە داخ و کەسەرێکی قووڵ دەکەم.

- دەبوا دەعوەتت کردبا، تا ئەمشەو بهاتبا بۆ سەردانمان.

- دەعوەتم کرد، بەڵام ژوانی هەبوو.

- ئاهەنگی سێکسی دەستەجەمی؟

- نازانم، ژوانی دەگەڵ دوو کیژی هۆمۆدا هەبوو، لەوەیە بیەوێ خەمێ بەبا بدات.

- گوڵەکانت بینی؟

- بەڵێ، زۆر جوانە، سوور و سپی و زەرد تێکەڵاو بووە، ڕەنگی زەرد ڕەنگی دڵخوازی منە، حەزم لە خواردنی ئەم ڕەنگەیە.

سارە سەری سۆندەکەی بەدەستەوە بوو و، ڕۆیی بەلوعەکەی گرتەوە، ئەوسا بە دوو قۆڵی چووینە ناو ماڵەکەوە...

هەندێجار ژیان خراپ نییە.

(( ٣٥ ))

ئیدی بەو ئاوایە و، زۆر بە ئاسانی فیلمەکە سەرلەنوێ لە مردن هەستایەوە، زندوو بووەوە. جون تەلەفۆنی بۆ کردم: بەڵێ، سبەی دەست بە وێنەگرتن دەکەینەوە.

- هیچ تێناگەم، وامزانی فیلمەکە بۆ هەتاهەتایە مرد و جارێکی دی ناژێتەوە.

- کۆمپانیای " فایر باور ' هەندێک لە موڵکەکانی خۆی فرۆشتووە، لەوانە ئەرشیڤی فیلمەکانی و هەندێک لەو ئوتێلانەی کە لە ئەوروپادا هەیەتی. لەوانەش گرینگتر، قەرزێکی گەورەی لە کۆمپانیایەکی ئیتاڵی کردووە، دەگوترێ ئەم پارە ئیتاڵیە، جۆرە گومانێکی گەندەڵی لە سەرە، بەڵام هەرچییەک بێ پارەیە. بەهەرحاڵ دەمەوێ سبەی لە گەڵ سارەدا بێن بۆ شوێنی وێنەگرتنەکە.

- نازانم.

- سبەی شەو.

- باشە، کەی و لە کوێ؟

من و سارە لە کۆشکێکی مەشرووبات فرۆشی دانیشتین، لەو شەوی هەینیەدا، هەوا زۆر خۆش بوو، گەشکە و ئارامی بە ڕۆح دەبەخشی. ئێمە هەردووکمان دانیشتبووین کاتێ کە ریک تالبوت هات و فینجانێ قاوەی داوا کرد، پاشان لە گەڵماندا دانیشت. دەیان جار ڕیک – م لە تەلەفزیوندا بینی بوو کە دەگەڵ کیربی هود سون – ی هاوڕێیدا گەنگەشەی فیلمانی دەکرد. دوو کەسی زۆر کارامە بوون لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی فیلماندا، بەرنامەکەیان خۆش و بە سوود بوو. زۆر کەس هەوڵیان دەدا لاساییان بکەنەوەو، بەرنامەیەکی هەڤڕکی بەرنامەکەی وان بکەنەوە، بەڵام ناکام مابوون.

ریک تالبوت، لەوە گەنجتر دیاربوو کە لە تەلەفزیوندا دەردەکەوت، هەروەها شەرمن و تەریک دیار بوو. سارە گوتی: بەردەوام لە تەلەفزیوندا دەتبینین.

-سوپاس.

لێم پرسی: چ شتێکی کیربی هودسون – ت بەدڵ نییە؟

-پەنجەی! ئەو کاتەی لە کاتی قسەکردنا بە قامکی ئاماژە دەکات.

فرانسین باورز خۆی بە کۆشکەکەدا کرد، سڵاوی لێکردین، پێشتر ڕیک تالبوت – ی دەناسی. دەفتەرێکی بچووکی بەدەستەوە بوو، گوتی: هانک دەمەوێ زانیاری لە مەڕ کەسایەتی جین بزانم. ئایا هندیە؟

– دوو ڕەگە، نیوەی هندیە و، نیوەکەی دیکەی ئیرلاندیە.

– چما دەیخواردەوە؟

– خواردنەوە پەناگەیەک بوو و پەنای دەبردێ، هەروەها شێوازێکی هێواشی خۆکوژی بوو.

– باشە کاتی خۆی جگە لە باڕ و مەیخانان بۆ هیچ شوێنێکی دیکەت دەبرد؟

– جارێک بۆ تەمەشای یاری بیسبول، بردم بۆ یاریگای " ریفلی " ئەو ڕۆژە یاری نێوان تیمی " لوس ئانجلیوس ئینگلیز " بوو لە دەوری کەناراوی ڕۆژئاوا.

– ئێ چیتان کرد؟

– زۆرمان خواردەوە، ئەوسا لێم تووڕە بوو و لە یاریگاکە ڕۆیی. چەند سەعاتێک کوچە و کۆڵانەکانی بەدوودا گەڕام و نەمدۆزییەوە، پاشان بۆ ژوورەکە گەڕامەوە، سەیرم کرد بێ هۆش و گۆش لە سەر تەختە خەوەکە ڕاکشاوە.

– چۆن قسەی دەکرد؟ بە دەنگی بەرز؟

– بۆ چەند سەعاتێک هێدی و ئارام دەبوو، ئەوسا لە ناکاوا تووڕە دەبوو، دەستی بە هاوار و جنێو و نەفرەت و تووڕدانی شتان دەکرد. لە هەوەڵەوە بەرپەرچی ڕەفتارەکانیم نەدەدایەوە، پاشان ناچاری دەکردم بەرپەرچی بدەمەوە، بە ماڵەکەدا دەهاتم و دەچووم و، هاوارم دەکرد، وەڵامی جنێوەکانیم دەدایەوە، ئەم حاڵەتە بیست خولەکێک بەردەوام دەبوو، ئەوسا هەردووکمان بێدەنگ دەبووین، تۆزێکمان دەخواردەوە و پاشان سەر لە نوێ دەستمان بە هاوار دەکرد. بەردەوام لەو ماڵانە دەردەکراین کە بە کرێمان دەگرت، لە دەیان ماڵ دەرکراین، ئەوەندە زۆرن کە بیرمان نەماوە چەند ماڵ و لە کوێ بوون. جارێکیان لە شوقەیەک دەگەڕاین کە بە کرێی بگرین، لە دەرگای خاوەن بیناکەمان دا، هەمان ئەو خانمەی تازە دەری کردبووین دەرگای کردەوە، کە ئێمەی بینی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ئەوسا هاوارێکی ترسناکی کرد و دەرگای بە ڕووماندا داخست.

ریک تالبوت لێی پرسیم: جین ئێستا مردووە؟

– لە مێژە مردووە، هەموویان مردوون، هەموو هاونشین و هاوپیاڵەکانم مردن.

– ئەدی تۆ چۆنە ماوی؟

– نووسین، سەرمەستیە گەورەکەی منە.

سارە گوتی: هەروەها من ڤیتامیناتی دەرخوارد دەدەم، نایەڵم ئەو خواردنانە بخوات کە دەبنە مایەی قەڵەوی.

ریک پرسی: هێشتا هەر دەخۆیتەوە؟

–بە زۆری ئەو کاتانەی کە دەنووسم، کاتێ لە ماڵەوە میوانداری دۆستەکانم دەکەم. من حەزم لە دیتنی خەڵکی نییە، کە هەندێک زیاد دەخۆمەوە، ئیدی بەشەریەتم لە بەرچاو ون دەبێ.

فرانسین پرسی: شتی دیکەم لە مەڕ جین بۆ بگێڕەوە.

– تەزبیحێکی لە ژێر سەرینەکەی دادەنا.

– هاتوچۆی کڵێسای دەکرد؟

– لە هەندێ حاڵەتی غەریبدا، دەچوو بۆ " قوداس و نوێژی حەبە ئارامبەخشەکان "، پێموایە لە سەعات هەشت و نیوی بەیانیەوە دەستی پێدەکرد و ماوەی یەک سەعاتی دەخایاند. حەزی لە قوداس و نوێژی سەعات دە نەدەکرد، چونکە وابزانم دوو سەعاتی دەخایاند.

– قەت جارێ لە جاران سرووتی ئیعترافی جەڕباندبوو؟

– لێم نەپرسی بوو.

– دەتوانی شتێکم دەربارەی پێ بڵێی کە یارمەتیم بدات بۆ خوێندنەوەی کەسایەتی ئەو؟

– سەرباری هەموو ئەو شتە ترسناکانەی دەیکرد، وەکو جنێو و سخێفان و ڕەفتارێن شێتانە و مەی نۆشی، جین هەموو شتێکی بە شێوازی تایبەتی خۆی دەکرد. پێموایە سەبارەت بە تایبەتمەندی و شێواز و ستایل، زۆر شت لەوەوە فێر بووم.

– سوپاس بۆ ئەم زانیاریانە، بێگومان سوودیان لێوەردەگرم.

– سەرچاو، بەخێرهاتی.

فرانسین بە خۆ و دەفتەرەکەیەوە ڕۆیی. ریک تالبوت گوتی: قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان لە سەردانەکانما بۆ شوێنی وێنەگرتنەکە بە ئەندازەی ئەمڕۆ لەزەتم نەبینیوە.

سارە پرسی: مەبەستت چیە ڕیک؟

–لە کاتی کارکردنا لە سەر فیلمێن کەمخەرجدا، هەستێکی نامۆ لە هەوادا بڵاو دەبێتەوە، هەست دەکەی کارکردن لەو ئوتموسفیرە دا، سرووتێکی کەرنەڤاڵییە. بەڵام من نها لە هەموو کاتێکی جاران، پتر هەستی پێدەکەم.

ریک لە گەڵ هەستی خۆیدا ڕاستگۆ بوو، ڕوندکێکی زەلال لە چاویا دەبریسکایەوە، زەردەخەنەیەکی تەڕ و شاد لە لێوی دەتکا.

مەشرووباتی زیاترمان داوا کرد، بەڵام ریک ڕژد بوو لە سەر خواردنەوەی قاوە. ئەوسا گوتی: تەمەشا! ئەوە سیستینوفە!

– کێ؟!

– دەرهێنەری فیلمە جوانەکەی " گۆڕستانی ئاژەڵە ماڵییەکان " ە. سڵاو سیستینوف!

سیستینوف هات، خولکم کرد کە لێرە، لە کۆشکەکەدا لە گەڵماندا دانیشێت: شتێک ناخۆیتەوە قوربان؟

–نا، سوپاس.

ئەوسا ریک گوتی: تەمەشا! ئەوە ئیلیانتوفیچە!

ئەمجارەیان زانیم ئیلیانتوفیچ کێیە، دەرهێنەری فیلمێن زۆر ترسناکە، نێوەڕۆک و تیمەی بنەڕەتیان ئەوەیە کە زوڵم لە ژیانا، خۆی لە بەردەم مرۆڤی بوێردا ناگرێ. بەڵام بە شێوەیەکی زۆر جوان دەرهێنان دەکات، شێرێکی نەڕە، لە نێو خەڵکێن ڕەشۆکیدا. پیاوێکی زۆر درێژ بوو، باڵای چەمی بووەوە، چاوەکانی ترسناک بوون، چاوەکانی لێت دەڕوانن، لێت نابنەوە، تا دەپەشۆکێی و زمانت دەکەوێتە تەتەڵە.

کورسیەکانمان لابرد تا لە ناو کوشکەکە، کە تەواو پڕ بووبوو، جێگەی بۆ بکەینەوە : شتێک ناخۆیتەوە قوربان؟

-ڤۆدکا، پەرداخێکی دەبڵ.

وشەی " ڤۆدکا "ی دووبارە کردەوە، هەر دوو چاوی بڕیبوونە فرۆشیارەکە، کوڕە گەنجەکە بەپەلە ڕۆیی تا داواکەی جێبەجێ بکات.

ریک گوتی: شەوێکی خۆشە!

ریک – م خۆشدەوێ، چونکە کەسێکی خاکییە، کە ئەمە ویست و توانایەکی ئاوارتەی دەوێ، بەتایبەتی کاتێ کە لە لوتکەی شۆرەتدا بیت. زەحمەتە بتوانی بە شتی سادە گوزارشت لە شادمانی خۆت بکەی.

ئیلیانتوفیچ پەرداخە دەبڵە ڤۆدکاکەی خۆی بە کەڕەتێ هەڵدا، کەچی ریک لە گەڵ هەمووواندا، بە سارەشەوە قسەی دەکرد، لە ناو ئەم کوشکەدا هیچ هەستێکی هەڤڕکی یان غیرە و حەسوودی بەدی نەدەکرا، جەوەکە زۆر خۆش بوو.

ئەوسا جون بینشو هات، خۆی بە کوشکەکەدا کرد، کەمێک سەری داگرت و بەدەم بزەیەکەوە گوتی: دوای کەمێکی دی دەست بە وێنەگرتن دەکەین، هیوادارم هەمووتان بێن بۆ تەمەشاکرن.

-سوپاس جون.

جون ڕۆیی، ڕیک تالبوت گوتی: دەرهێنەرێکی باشە. بەڵام نازانم بۆ ئەوت هەڵبژاردووە؟

– ئەو منی هەڵبژاردووە.

– بەڕاست؟

– بەڵێ... چیرۆکێکت دەربارەی ئەو بۆ دەگێڕمەوە، بۆتی دەسەلمێنێ کە دەرهێنەرێکی باشە، بۆت ڕوون دەبێتەوە چما خۆشم دەوێ. بەڵام تکایە با ئەم چیرۆکە لە بەینی خۆمانا بمێنێ.

– بۆم باسبکە، چیرۆکەکە چییە؟

– ئاخر نایگێڕیتەوە؟

– بێگومان.

لێی نزیک بوومەوە و، چیرۆکی جون و هەڕە کارەباییەکە و پەنجە تووتەکەیم، بۆ گێڕایەوە.

– بەڕاستی ئەوەی کرد؟

- هەڵبەتە.

( دەزانم: قسە کەوتە زاران، دەیڵێنەوە هەزاران ).

لەو کاتەدا، ئیلیانتوفیچ، دوو پەرداخی گەورەی ڤودکای خواردەوە و بەدەم دانیشتنەوە چاوەڕوانی پەرداخی سێیەمی دەکرد، چاوی بڕی بووە من، ئەوسا جزدانەکەی دەرهێنا، کارتێکی کارکردنی چەوری دەرهێنا و دایە من. کارتەکە لە هەر چوار سووچەکەیەوە بڕابوو، تەواو شڕ بووبوو، زۆر چڵکن بوو، جگە لە کارتی کارکرن، لە هەموو شتێکی دی دەچوو. ئیلیانتوفیچ، لە کەسێکی بلیمەتی بەهێز دەچێ. زۆرم بەدڵە. سێیەم پەرداخە ڤودگای وەرگرت و یەکسەر بە یەک بین هەڵیدا.

نیگایەکی خەواڵوی منی کرد، منیش تەمەشام کردەوە. بەڵام چاوە درشت و ترسناکەکانی تەحەمووڵ نەدەکران، ناچاربووم چاوی لێ لابدەم. ئاماژەم بۆ فرۆشیارەکە کرد کە دووبارە پەرداخەکەی ئیلیانتوفیچ تەژی بکاتەوە، ئەوسا تەمەشام کرد و گوتم: تۆ باشترین پیاوی! کەس جێی تۆ ناگرێتەوە.

- نەخێر، وانییە، تۆ لە من باشتری! من کارتەکەی خۆمم دایتێ، مەوعیدی نمایشی فیلمە تازەکەمی تیایە، دەبێ بێی بۆی.

- بێگومان گیانەکەم.

جزدانەکەم دەرهێنا، بەکاوەخۆ کارتەکەم خستە ناوی. ریک تالبوت گوتی: کە شەوێکی بەشکۆیە!

بەدەم قسانەوە بەردەوام بووین تا جون بینشو هات: ئامادە و سازین بۆ وێنەگرتن، تکایە فەرموون لە گەڵما تا شوێنی دانیشتنتان بۆ بدۆزمەوە و تەمەشا بکەن.

هەموو هەستاین تا دووی جون بکەوین، تەنیا ئیلیانتوفیچ نەبێ کە لە کوشکەکە مایەوە و گوتی: من دەمەوێ ڤودگای زیاتر بخۆمەوە! ئێوە هەر خۆتان بڕۆن!

ئەو کەر پیاوە، کاتی خۆی لاپەڕەیەک یان دوو لاپەڕەی کتێبەکانمی دزی، بۆیە کە جگەرەیەکی ئەستووری دەرهێنا و خستیە سەر لێوی و بە چەرخ دایگیراند، بەشێک لە کەپووی سووتا. کە خوێڕییە!

(( ٣٦ ))

وێنەگرتنەکە لە کۆڵانەکەی پشتەوە بوو، کە جێگەی مشت و مڕی نێوان پێشخزمەتی بارەکە و مشتەرییە هەمیشەییەکە بوو. هەرچەند دنیا سارد بوو، بەڵام ستافەکە ئامادەبوو بۆ وێنەگرتن. لە کاتی قەرقەشە و مشت و مڕەکەدا، ئەکتەری دی لە جیاتی بلیدسو و پێشخزمەتەکە بەکار دەهێنران. دروستە گرتەی کامێرا نزیکەکە بۆ ڕوخساری بلیدسو و پێشخزمەتەکەیە، بەڵام دیمەنی قەرقەشە و بۆکسێنەکە، دوو ئەکتەرە ئەڵتەرناتیڤەکە ئەنجامی دەدەن.

بلید سو دیتمی: هانک، هانک، وەرە بۆ ئێرە، با گەنجەکان شێوازی شەڕکردنەکەت بدینن.

بە شێوەیەکی بازنەیی ڕۆیشتم وەکو ئەوەی بەدەوری خەنیمە گریماندییەکەمدا بسوڕێمەوەو بە دەستی چەپم سووکە بۆکسی تێ بسرەوێنم، ئەوسا هێرشم بۆ برد و، بە هەر دوو دەستی چەپ و ڕاست، بەر بۆکسی خێرام دا، ئەوسا وەستام.

کاتی خۆی تەبیعەتی ئەم شەڕانەم شرۆڤە کردبوو:

" لەوە ناچوو، ئەم شەڕانە، نموونەیی بن، لە سەرەتاوە هەر دوو شەڕەکەرەکە، لە مەیدانەکەدا، بەدەوری یەکدا دەسووڕانەوە و ئیدی لەو کاتەدا، هەندێجار یەکێک لە دەرێ ڕا دێت و پەلاماری یەکێکمان دەدات. جگە لە مەستی و سەرخۆشی، گۆڕینی جێگاکانیش زەحمەت و مەترسیدار بوو، ئەوسا لێکدی نزیک دەبووینەوە و شەڕە بۆکس دەستی پێدەکرد، ئیدی بە تێپەڕبوونی کات، شەڕەکە لە سەرگەرمیەوە دەگۆڕا بۆ ئەوەی هەر لایەک ئارەزووی ئەوە بکات بەرانبەرەکەی لە نێو ببات و، شەڕەکە دوایی نەدەهات، تا لایەکیان نەبورایاتەوە. نمایشەکە بۆ تەمەشاڤانان خۆش و بە خوڕایی بوو... ".

کاتی وێنەگرتنەکە نزیک بووەوە، لە سەرەتای کۆلانەکەدا، و بە شێوەیەک کە لە کامێراکانەوە دەرنەکەوین، وەستاین. ئەوسا هاری فریدمان بە کەش و فشەوە، هاوڕێ دەگەڵ کیژێکی هولیوودیدا هات کە قژێکی عەمەلی و برژانگی دەسکردی دانابوو و سووراو و سپیاوێکی تۆخی تۆخی کردبوو. لەوە دەچوو جێلێکی زۆری کردبێتە لێوەکانیەوە و دوو هێندەی ئەندازەی ئاسایی خۆیان دیاربوو، هەروەها مەمکەکانیشی. هەروەها دەرهێنەری گەورە مانزلوب، کە دەرهێنانی بۆ گەلێک فیلمی وەک " پیاوە جرجەکە " و " سەری قەڵەم ڕەساس " کردبوو لە شوێنی وێنەگرتنەکە ئامادەبوو، خانمە ئەکتەری بەنێوبانگ روزالین بونیلی – شی لە گەڵدا بوو. ئیدی بە پیریانەوە چووین تا خێرهانین و تەعاروفیان دەگەڵدا بکەین، لوپ و بونیلی زۆر بەڕێز و حورمەت بوون، بە ئەدەبەوە بزەیان دەهاتێ. بەڵام من هەستێکی قێزەونم لە لا دروست بوو، چونکە خۆیان لە ئێمە بە گەورەتر دەزانی. ئیدی وام لێهات منیش.. خۆم لەوان بە گەورەتر بزانم، ئیدی شتەکان ئاوا دەڕوات.

گەڕاینەوە بۆ شوێنە دڵخوازەکانی خۆمان، وێنەگرتنی شەڕە گەورەکە دەستی پێکرد. شەڕەکە لە هەوەڵەوە شەڕێکی خوێناوی دیاربوو، بەڵام شەڕەکانی پێش سی ساڵی ئێمە لە هەوەڵەوە توند و خوێناوی نەبوون، تەنیا لە کۆتاییدا خوێناوی و توند دەبوو، واتە لەو کاتەدا کە یەکێک لە شەڕکەرەکان تەواو شەکەت دەبوو ( کە زۆربەی کات من بووم ) و ئەوی دی سوور دەبوو لە سەر دەست وەشاندنی خۆی.

ئەو شەڕانە تایبەتمەندییەکی دیکەشیان هەبوو، ئەگەر یەکێک نەبای لە جەماعەتی پێشخزمەتی بارەکە و، لە شەڕەکەدا بدۆڕای، ئەوا فڕێ دەدرایتە حاویەی زبڵان و جرجانەوە. بویەرێکم لە بیرە کە بە سەر خۆما هات، ڕۆژێ بەیانیەکی زوو لە دەنگی هۆڕنی بارهەڵگرێت خەبەرم بووەوە، ڕوناکی تیژی لایتەکانی لە من بوو. بارهەڵگری گواستنەوەی زبڵ بوو: ئەهای زەلام... لاکەوە لە ڕێمان... خەریک بوو پانت بکەینەوە...

–ئوووە... ببورن..

ئەوسا، شەکەت و ماندوو، بە لارە لار هەستام، سەرم دەیەشا، ئازای جەستەم ڕووشابوو، بەرەو خەونەکەم کە بە خۆکوژیەوە دەمبینی، بەناو ئەو زەلامە ڕەشە تۆکمانەدا، کە سوور بوون لە سەعاتێکی دیاریکراوا بێن بۆ گواستنەوەی زبڵ بۆ دەرێی گەڕەکەکە کەوتمەڕێ. هەندێجار ئافرەتێکی ڕەشیان لە گەڵدا بوو، لە پەنجەرەی بارهەڵگرەکەوە سەری دەردێنا: ئەهای زبڵی سپی... لە پاشی بارهەڵگرەکە دوور بکەوە...

-باشە، ببورە خانم.

لەوەش خراتر ئەوە بوو، وەختایەک لە نێو حاویەکانەوە وەخۆ دێیتەوە، ناتوانی بەم جەستە ماندووە تێکشکاوەتەوە ڕابی، بەڵام دەزانی دەبێ هەستیت. لە هەموو ئەمانەش خراتر، ئەو حەقیقەتە تاڵەیە کە لەو ساتەدا پێی دەحەسیت، ئەویش جزدانە دزراوەکەتە!

لە کاتی شەڕەکەدا، دەبێ جزدانەکەت لە گیرفانی پاشەوەی پانتۆڵەکەتدا بێ، دەتەوێ بەبێ ئەوەی دەستی بۆ ببەیت، هەست بکەی گوشار لە سمتت دەکات. ئەوسا ساتێ دێ، هەست دەکەی دەست ببەی و جزدانەکەت سەح بکەیتەوە، لەم ساتەدا نایدۆزیتەوە. دەوەستی هەموو گیرفانەکانت دەگەڕێی، بەڵام نایدۆزیتەوە. لەبەر ئەمە ڕۆژ دوای ڕۆژ – متمانەم بە ڕەگەزی بەشەری نەما.

بەهەرحاڵ، وێنەگرتنی دیمەنی شەڕەکە کۆتایی هات، جون بینشو هات و گوتی: ڕات چییە؟

– زۆر باش نییە.

– چما؟

– لە شەڕەکانماندا... شەڕکەرەکان زیاتر لە لێبوکان دەچوون، خۆیان لە بەردەم کۆمەڵێک تەمەشاڤاناندا دەنوێنن، کە یەکێک لە شەڕکەرەکان هەڵدەبەزێتەوە و  دەستێکی باش لە هەڤڕکەکەی دەوەشێنێ، دەگەڕێتەوە بۆ لای تەمەشاڤانەکان و لێیان دەپرسێ:– چۆن بوو؟

– مەبەستت ئەوەیە موباڵەغەیان بە جدیەتی شەڕەکەوە کرد؟

– دەقاودەق.

جون، گەڕایەوە بۆ لای دوو ئەکتەرە ئەڵتەرناتیڤەکە و، قسەی بۆ کردن. جون پیرەمێرێکی باشە، پێدەچێ تاقە دەرهێنەر بێ کە گوێ لە ڕای نووسەر بگرێ و حیسابی بۆ بکات، شانازی بەوەوە دەکەم. قەت ڕۆژێ لە ژیانما، بەخت یاوەرم نەبووە، بەڵام نها بەختم یارەو، ئەوەتا پشکی خۆمی لێوەردەگرم.

وێنەگرتنی دیمەنی شەڕەکەیان دووبارە کردەوە، وەستام و تەمەشام دەکرد. کە تەمەشای خەون و خۆزیا کۆنەکەی خۆمم دەکرد، هەستم بە لاوازییەکی زۆر کرد، خۆزیام خواست کە یەکێک بوایەم لەو گەنجانە، تا خۆم هەڵدەمە ناو جەرگەی شەڕەکەوە. ئیدی ئەوە حەماقەت بێ یان نا، بەڵام پڕ بەدڵ حەزم دەکرد دیواری کۆڵانەکە بەر مستان بدەم. من بۆ ئەوە لە دایک بووم تا بمرم.

جون هاتەوە بۆ لام: ئێستا ڕات چۆنە؟

– بە دڵم بوو.

– منیش.

لەگەڵ سارەدا بۆ کوشکەکە گەڕامەوە، ئیلیانتوفیچ ڕۆیی بوو، ڕەنگە دوای ئەوەی هەموو ڤودگاکەی کابرای فرۆشیاری تەواو کردبێ ئەوسا ڕۆیی بێ. بەڵام ڕیک هێشتا هەر قاوەی دەخواردەوە و دەیگوت: ئەمە یەکێکە لە شەوە هەرە جوانەکانی ژیانم!

-گوێ بگرە ڕیک، دەبوایە لە هەموو شەو بیرەیەکانما لە گەڵم دا بووای، وەکو من شەو بیداری بکەی؟

بزەیەکی بۆ کرد و بەکاوەخۆ لە سەر قاوە خواردنەوەی خۆ بەردەوام بوو، پیاوێکی داوێنپاک و خانەدان بوو. ئەوسا فرانسین بە خۆ و دەفتەرەکەیەوە هاتەوە: جین چۆن مرد؟

-ئەو سەروبەندە دەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا بووم، من دوو ساڵ بەرلەوەی جین بمرێ لێی جیابوومەوە. دوا کەڕەت کە یەکمان بینی، ئەو کاتە بوو کە بە ماوەیەکی کەم بەر لە کریسمس سەرم لێدا. ئەو کاتە لە ئوتێلەکەدا کارەکەری دەکرد و زۆر خۆشەویست بوو. ئەو ڕۆژە دیاری لە هەموو میوانانی ئوتێلەکەوە بۆ هات، لە ژوورەکەیدا، ڕەفەیەکی دارینی هەبوو بە بەرزییەوە و لە نزیکی میچەکەوە هەڵواسرابوو، ئەم ڕەفەیە پڕ بوو لە بوتڵە شەراب و مەی، هەژدە یان نۆزدە بوتڵی بە سەرەوە بوو.

ئەوسا بە جین – م گوت: " ئەگەر هەموو ئەم بوتڵانە بخۆیتەوە یەکسەر دەمریت، ئەو خەڵکانە ئەوە نازانن؟ " بەڵام جین تەنیا تەمەشایەکی کردم و هیچی دی. گوتیشم: " هەموو ئەم بوتڵە شوومانە لە گەڵ خۆدا دەبەم، ئەو خەڵکە دەیانەوێ بتکوژن ". بەڵام تەمەشایەکی کردم و هیچی نەگوت. ئەو شەوە لە نک ئەو مامەوە، شەوێ بە تەنێ سێ بوتڵم خواردەوە، واتە ژمارەی بوتڵەکان کەم بووەوە بۆ پازدە یان شازدە بوتڵ. کە بەیانی سەفەرم کرد، ئامۆژگاریم کرد: " تکات لێدەکەم جین ئەم هەموو بوتڵە مەخۆوە ". دوای هەفتە و نیوێک سەردانم کردەوە، دەرگای ژوورەکە کرابووەوە، پەڵەیەکی گەورەی خوێن بە سەر جێگەکەیەوە بوو، تاقە یەک بوتڵیش لە ژوورەکەدا نەمابوو. بۆ خەستەخانەی لوس ئانجلوس– م برد، فوول سەرخۆش بوو، هۆشی لە خۆ نەبوو، چەند سەعاتێک بە دیارییەوە بووم، لێویم بە ئاو تەڕ دەکرد، تاڵی قژەکەیم لە سەر ڕوخساری لادەبرد. پاشان، تەنیا بۆ یەک سات چاوانی هەڵێنا و گوتی: " دەزانم تۆ تاقە کەسی کە تا کۆتایی لە گەڵما دەبی ". دوای سێ سەعاتان ئیدی مرد.

فرانسین گوتی: باشە هیچ دەرفەتێکی ڕزگاربوونی نەبوو؟

-نەیدەویست ڕزگاری بێ، لە نێو هەموو ئەو کەسانەدا کە لە ژیانما ناسی بوومن، جین تاقە کەس بوو ڕقی لە تیرەی بەشەر بوو، وەکو چۆن من ڕقم لێیەتی.

فرانسین، لە دەفتەرەکەیدا نووسی: " قەناعەتم وایە من سوود لەم زانیاریانە وەردەگرم "، ئەوسا ڕۆیی.

ریک گوتی: ببورە، من بە درێژایی ئەم شەوە چاودێریم کردووی، لەوە ناچێ پیاوێکی شەڕانی بی.

-هەروەها تۆش ئەوەت پێوە دیار نییە.

(( ٣٧ ))

دوای چەند ڕۆژێک بۆ شوێنی وێنەگرتنەکە گەڕاینەوە، دیمەنەکان، هی ڕۆژ بوو، پێش ئەوەی خۆ بە بارەکەدا بکەین، جون بینشو هات و گوتی: چاوەڕوان بکە کوربل فیکەر –ی فۆتۆگرافەر دوای خولەکێک دێت، دەیەوێ هەندێ وێنەی تۆ و جاک فرانسین بگرێ. ئەم پیاوە لە ئاستی جیهاندا ناسراوە، یەکێکە لە وێنەگرە هەرە بەناوبانگەکانی ستێرانی سینەما، وێنەکانی ئەفسوونێکی دوو چەنانە بە خانمە ستێرەکان دەبەخشێ...

ئیدی لە کۆڵانەکەی پشت بارەکەوە وەستاین، کە تیشکی ڕۆژەکە دەگەڵ سێبەرەکاندا، بە جوانی تێکی دەکردەوە. تەسەورم دەکرد، چاوەڕوانیەکەمان درێژە بکێشێت، بەڵام کوربل فیکەر دوای پێنج خولەک گەییە جێ. تەمەنی نزیکەی پەنجا و پێنج ساڵێک دەبوو، ڕوخساری گۆشتن و ورگی بۆ پێشەوە دەرپەڕی بوو. مل پێچێکی لە مل بوو، بێریەکی لە سەر بوو. دوو گەنجی لەگەڵ بوون، ئامێری وێنەگرتنەکانیان هەڵگرتبوو، دوو گەنجەکە ترسا و وگوێڕایەڵ دیار بوون. کوربل، بە دوو شاگردەکەی ناساندین: " ئەمە دەیڤیدە و، ئەمە ولیام " جووتە گەنجەکە بزەیەکی بێگەردیان کرد. پاشان فرانسین هات، کوربل بەرەو پیری غاری دا و باوەشی پێدا کرد.

کوربل، تەمەشایەکی دەروبەری خۆی کرد، تەختێکی کۆنی لاق شکاوی دۆزییەوە، لە کۆڵانەکەدا فڕێ درابوو، بە چاوان ڕاوی کرد. پێی گوتم: تۆ... لە سەر هۆو تەختە دانیشە...

چووم لە سەر تەختەکە ڕۆنیشتم، ئەوسا گوتی: فرانسین... برۆ و لە باوەشی دانیشە...

فرانسین، فوستانێکی سووری لەبەردا بوو، فەتحە و درزێکی هەبوو کە لە سەرووی ڕانیەوە دەستی پێدەکرد، لە خوارترەوە پێڵاوێکی سوور و گۆرەوێیەکی پەمەیی لە پێدا بوو. ملوانکەیەکی مرواری سپی لە مل بوو. هات بۆ لام و لە باوەشما ڕۆنیشت، تەمەشایەکی سارەم کرد و چاوێکم لێداگرت.

فرانسین لێی پرسیم: پاشەڵە ڕەق و تەقەکەم بێزارت ناکات؟

-نا، زۆر جوانە، نیگەران مەبە.

کوربل هاواریکرد: کامێرای ژمارە چوار.

دەیڤید بە غاردان کامێرای ژمارە چواری برد، کوربل کامێراکەی کردە ملی، ئەوسا بە هەر دوو دەستان گرتی و کەوتە سەر یەک چۆک. فلاشەکە لێی دا، وێنەکەی گرت: جوانە! جوانە!

وێنەیەکی دیکەی گرت: نایابە! نایابە!

پاشان فلاشێکی دیکە و وێنەیەکی دیکە: فرانسین... لاقت زیاتر دەربخە... بەڵێ، بەڵێ، ئاوا باشە...

زۆر بە تاسە و جۆش و خرۆشەوە وێنەی دەگرت، ئەوسا هاواریکرد: فیلم! فیلم!

ولیام بە غاردان فیلمێکی تازەی هێنا، خستیە کامێراکەوە، ئەوسا فیلمە بەکارهێنراوەکەی خستە قوتوویەکی تایبەتیەوە. کوربل کەوتە سەر هەر دوو چۆکان، ماوەیەکی زۆر فۆکەسی کرد، ئەوسا گوتی: های قوڕێ! ئەم کامێرایەم ناوێ، کامێرای ژمارە شەشم دەوێ، خێرا!

دەیڤید بە غاردان کامێرای ژمارە شەشی برد و دای بە کاربل فیکەر و کامێرای ژمارە چواری لە دەستی وەرگرت. کوربل بەردەوام بوو: فرانسین، لاقت زیاتر دەربخە... لاقەکانت زۆر جوانن! فرانسین خۆشم دەوێی، تۆ دوا ئەستێرەی گەورەی لە هولیوودا!

فلاشەکە لێی دا، وێنەکە گیرا، فلاشێک و وێنەیەک... فلاشێک و وێنەیەک...، ئەوسا جال بلیدسو هات.

-جاک، تۆش لە گەڵیاندا لە سەر تەختەکە دانیشە، فرانسین بخەنە ناوەڕاستی هەردووکتانەوە.

فلاشێک و وێنەیەک... فلاشێک و وێنەیەک... وێنەکە بۆ ئەوە ئامادە کرابوو، کە لە گۆڤارێکی ژنانەی بەناو بانگ و بەربڵاودا، بڵاوبکرێتەوە.

-زۆرچاکە، پیاوەکان نها ئێوە لە تەختەکە دوور بکەونەوە، هەر فرانسین– م بە تەنێ دەوێ.

داوای لە فرانسین کرد لە سەر لا پاڵبکەوێ، ئانیشکی لە سەر دەسکی تەختەکە دابنێ. هەر دوو باسکی بە سەر پشتی تەختەکەدا بڵاو بکاتەوە، ئەوسا جگەرەیەکی درێژ بە دەستەوە بگرێ. فرانسین زۆر ئەم وێنەگرتنەی لە لا خۆش بوو.

فلاش و وێنە... فلاش و وێنەیەک... دوا ئەستێرەی گەورە لە هولیوود... دوو گەنج بە غاردان فیلمی تازە دەبەن... و دەیخەنە سەر کامێراکان... پێموایە کارەکەیان لە کاری وێستگەی بەنزین قورسترە...

ئەوسا کوربل، هەستی بە تەلبەندێکی دڕکاوی کرد، هاواریکرد: تەلبەند لە ئارادایە!

کوربل، داوای لە فرانسین کرد، کە بە ناز و کریشمە بە سەر سیمبەندەکەدا دابنەوێتەوە، گرتەیەکی هاڕوژێنەر بنوێنێ. ئەوسا لە دەستە ڕاستی ئەوەوە وەستاندمی، جاک –ی لە دەستە چەپییەوە ڕاگرت. بیرۆکەی سیمبەندەکەی زۆر بەدڵ بوو، ژمارەیەک وێنەی گرت. نازانم تەلبەندەکەی بەدڵ بوو، یان پاشخانەکەی پشت تەلبەندەکەی بەدڵ بوو.

کوربل، کارەکەی تەواو کرد، دەستی لە ملی فرانسین کرد و کەوتە ماچ کردنی، بەڵام شاگردەکانی ئامێر و کەرەستەکانیان کۆدەکردەوە. ولیام دەفتەرێکی بچووکی پێبوو، هەموو شتێکی تیا یاداشت دەکرد: ژمارەی وێنەکە، بەروار و سەعاتەکەی، بابەتەکەی، ژمارەی کامێراکە و ئەو فیلمانەی بەکار هاتوون.

دەگەڵ سارەدا بۆ باڕەکە گەڕامەوە، مشتەرییە هەمیشەییەکانی باڕەکە لە شوێنی هەمیشەیی خۆیاندا بوون. بەڵام ئەمڕۆ بووبوون بە ئەستێرانی سینەمایی، زۆر بە ویقار و ئارامی ڕەفتاریان دەکرد، بە بێدەنگی دادەنیشتن، وەکو ئەوەی بیر لە پرسێن گەورەی فەلسەفی بکەنەوە . ئیدی گەیینە دوا ڕۆژەکانی وێنەگرتن، بە ڕاستی خەفەتم بۆ ئەو ڕۆژانە دەخوارد کە نەدەچووم بۆ شوێنی وێنەگرتنەکە. بەڵام ئەگەر دەتەوێ گرێو لە سەر ئەسپان بکەی، دەبێ کارەکانی دی فەرامۆش بکەی.

لە باڕەکە دانیشتین، بیرەم داوا کرد، سارە داوای پێکێ شەرابی کرد: پێت وایە سیناریۆیەکی دی دەنووسیت؟

-باوەڕ ناکەم، لە نووسینی سیناریۆدا دەبێ زۆر سازش قەبووڵ بکەی، بە چارەسەری مامناوەندی ڕازی بی، دەبێ هەمیشە لە چاوی کامێراوە تەمەشا بکەی و، لە خۆت بپرسیت: ئایا جەماوەر لە دیمەنەکە حاڵی دەبن؟

زۆرجار جەماوەری سینەما لە هەموو شتێک بێزار دەبن و بە بێڕێزی دەزانن بۆ خۆیان... بەڵام خوێنەرانی ڕۆمان و چیرۆکێن کورت نائومێدی و تەوهین و بێ ڕێزیان پێخۆشە.

-کە تۆ بە توانای لە نووسینیا.

جون بینشو خۆی بە باڕەکەدا کرد، کورسیەکی هێنا و لەلای منەوە دانیشت، گوتی: کوڕی قەحپە!

سارە پرسی: چی بووە؟

پرسیم: جارێکی دیکە فیلمەکە هەڵوەشایەوە؟

-نا، ئەمە شتێکی دیکەیە.

- وەکو؟

- جاک بلید سو، ڕازی نییە، تەنازول لە مافی ئەو وێنە فۆتۆفرافیانەی کە تۆزێ لەمە پێش گیران بکات.

- چی؟

- بەڵێ، کوربل یەکێک لە شاگردەکانی بۆ ژوورەکەی جاک نارد، گرێبەستی تەنازولەکەی بۆ ڤڕێ کرد، بەڵام جاک ئیمزای نەکرد. پاشان کوربل بەخۆی چوو و، هەر ئیمزای نەکرد.

- باشە بۆ؟ بۆچی بە وێنەگرتنەکە قایل دەبێ و پاشان دەچێ بە چەقی نەعلەتا و مافی وێنەکان نادات بە وێنەگرەکە؟

- نازانم، بەڵام هێشتا دەتوانین سوود لە وێنەکانی تۆ لە گەڵ فرانسین دا، وەربگرین، دێی بۆ بینینی وێنەگرتنی دواتر؟

- بێگومان.

- کەواتە دێم بە شوێنتدا و دەتانبەم.

- سوپاس.

من و سارە دانیشتین و کەوتینە بیرکردنەوە لە بابەتەکە، پێدەچوو بیر لە هەمان بابەت بکاتەوە کە من بیرم لێدەکردەوە. دوای ڕامانێکی قووڵ، دڵنیابووم کە ئەکتەران زۆر لە خەڵکانی دی جیاوازن و سەدەم و بیانووی خۆیان بۆ هەر شتێک هەیە. کاتێ سەعاتانی دوور و درێژ و، ساڵانی زۆر دەڕۆن و تۆ وادەزانی کەسێکی تری، بتەوێ و نەتەوێ ئەمە باندۆری خۆی بە سەرتەوە دەبێ، و زۆر زەحمەتە بتوانی بگەڕێیتەوە بۆ خودی خۆت. تۆ تەسەور بکە، زۆر هەوڵدەدەی ببیتە کەسێک، پاشان بە هەموو توانایەکی خۆتەوە هەوڵدەدەیت ببی بە کەسێکی دی، پاشان بە کەسێکی دی. لە سەرەتاوە ڕەنگە شتەکە خۆش بێ، بەڵام دوای ماوەیەک، پاش ئەوەی بووی بە دەیان کەسی نامۆ بە خۆت، ڕەنگە بە زەحمەت بیرت بکەوێتەوە کە تۆ کێی و دەنگ و ستایلی تایبەتی خۆت بدۆزیتەوە.

پێموایە جاک بیلدسو، خۆی ونکردووە و وایزانیوە ئەوانە وێنەی کەسێکی دیکە دەگرن، نەک وێنەی ئەو، بۆیە هیچ چارێکی نەماوە تەنیا ئەوە نەبێ کە تەنازول لە مافی وێنەکان نەکات و گرێبەستی تەنازولەکە ئیمزا نەکات.

بەلای منەوەو بۆ من ئەم شرۆڤەیە لە ماقووڵ دەچێت، حەزم کرد بۆ سارەی باسبکەم. تەمەشایەکیم کرد، پێکە شەرابەکەی تەواو کردبوو، بەبێدەنگی خەریک بوو جگەرەیەکی دەکێشا، هەستم کرد باشتر وایە ئەو شتە دوابخەم.

فرێکی گەورەم لە پەرداخە بیرەکە دا، لە دڵی خۆدا دەمگوت تۆ بڵێی یەکێک لەو وێنانەی کە دەگەڵ فرانسین دا گرتوومە، بە تایبەتی ئەو وێنەیەی کە بە پاشەڵە جوانەکەیەوە لە باوەشما دانیشتووە، لە سەر بەرگی ئەو گۆڤارە بەنێوبانگە ژنانەیە بڵاو بکەنەوە.

(( ٣٨ ))

ئیدی، بە خێراییەکی هەست پێنەکراو، سی و دوو ڕۆژمان بە وێنەگرتنەوە بەسەر برد، ماوەکە زۆر بە خێرایی ڕۆیی و، کاتی ئاهەنگی کۆتایی هات.

قاتی خوارەوە، بارێکی گەورەی تیابوو، پڕ بوو لە مێز، لە ناوەوە هۆڵێکی بەرینی سەماکردنی تیابوو. بارەکە قاتێکی سەرەوەی هەبوو، بانێژەیەکی بچووکی هەبوو، بە قاڵدرمەیەکی دارینی جوان بۆی سەردەکەوتی.

ئاهەنگەکە لە بنەڕەتدا لە سەر شەرەفی ستافی فیلمەکە و ئەکتەرەکان بوو، بەڵام زۆربەیان نەهاتبوون. خەڵکانێک لە جیاتی ئەوان هاتبوون کە زۆربەیانم نەدەناسی. هیچ تیمێکی موزیک لەوێ نەبوو کە لە ئاهەنگەکەدا موسیقا لێبدات، دەنگی موسیقای دیسکۆ تەنیا لە بڵندگۆکانەوە دەهات، من و سارە وەژوور کەوتین، چووین بۆ ئەو بارەی دوو ئافرەت کاریان تێدا دەکرد، پێکێ ڤۆدکا بۆ من و پەرداخێ شەرابمان بۆ سارە داوا کرد. پێدەچوو یەکێک لە کارەکەرەکان منی ناسیبێ، بەخۆ و یەکێک لە کتێبەکانی منەوە هات، پێشکەشیەکی جوانم بۆی نووسی.

بارەکە لە خەڵکیدا جمەی دەهات، ئەم شەوە هاوینەیە زۆر گەرم بوو، هیچ ئامێرێکی فێنککەرەوە نەبوو. بە سارەم گوت: با دوو پێکی دی ببەین و بۆ سەرەوە سەربکەوین، جەوەکەی ئێرە زۆر گەرمە.

-باشە.

سەرکەوتین بۆ نهۆمی سەرەوە، جەوەکە فێنکتر و قەرەباڵغیەکە کەمتر بوو. لە ئاهەنگەکەدا نمایشێکی سەرەکی یان تەوەرێک نەدەبوو، چاوەکانی لە سەر بێ، لەوە دەچوو زۆربەی ئاهەنگەکان وایان لێ هاتبێ. بەرە بەرە هەستم بە بێتاقەتی دەکرد، پێکەکەی خۆم تەواو کرد و گوتم: دەچم پێکێکی دی دێنم، هیچت ناوێ؟

-نا، سوپاس.

بۆ نهۆمی خوارەوە داگەڕام، پێش ئەوەی بگەمە بارەکە، پیاوێکی قەڵەوی، قژ درێژ کە بەرچاڤکێکی ڕەشی لە چاو بوو، دەستی گرتم و تەوقەی دەگەڵدا کردم: چیناسکی! هەموو کتێبەکانم خوێندوویەتەوە، هەر هەمووی!

- بەڕاستتە؟

- شەوێک لە باڕی " بارنی بیری " پێکەوە خواردمانەوە، بیرت نایەت؟

- نەخێر.

- مەبەستت ئەوەیە بیرت نایەت کە لە باڕی " بارنی بیری " پێکەوە خواردمانەوە؟

- نا.

( چاویلکە ڕەشەکەی بۆ سەر تەوێڵی بەرز کردەوە ) ئێستا ناسیتمەوە؟!

-نەء.

دەستم لە نێو دەستی دەرهێنا و، بەرەو بارەکە ڕۆیشتم. داوام لە کارەکەرەکە کرد کە پێکێ ڤودکای دیکەم بداتێ، بۆی هێنام و گوتی: دەستە خوشکێکم هەیە ناوی لولایە، تۆ لولا دەناسیت؟

- نا.

- گوتی، گوایە دوو ساڵ ژنی تۆ بووە!

- شتی وا نییە، ڕاست نییە.

پێکەکەم هەڵگرت و بەرەو قاڵدرمەکە ڕۆیشتم، پیاوێکی دیکەی قەڵەو ڕایگرتم، ئەمجارە سەری ساف بوو، ڕدێنێکی چڕی هەبوو: چیناسکی!

- بەڵێ؟

- من ئاندرێ ویلز-م… ڕۆمانێکم نووسیوە و ئامادەیە بۆ چاپ، حەز دەکەم بیخوێنیتەوە، کۆپیەکت بە پۆستەدا بۆ بنێرم؟

- باشە. ( ژمارەی سەندووقی پۆستەکەم دایێ ).

- ئەدی ژمارەی شەقامەکە نییە؟

- با، بەڵام تۆ بۆ ژمارەی سەندووقی پۆستەکەی بنێرە.

پاش ئەوەی نیوەی پێکەکەم بەدەم ڕێوە ڕۆیی، بۆ نهۆمی سەرەوە هەڵگەڕام. سارە قسەی لە گەڵ یەکێک لە خانمە ئەکتەرەکاندا دەکرد. ئەوسا جون بینشو –م بینی لە گۆشەیەکدا وەستابوو، چووم بۆ لای.

- هانک، ئەوە چ دەکەی لێرە، غافڵگیر بووم.

- منیش لەوە غافڵگیر بووم کە " فایر باور " مەسرەفی ئەم ئاهەنگەی کێشاوە.

- هەموو بارەکەیان بە تەواوی بە کرێ گرتووە.

- بۆچی؟

- لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە فیلمەکە مونتاج دەکەین، دوای ئەوە موزیکی وێنەوانی دەخەینە سەر دیمەنەکان. بۆچی نایەی و ببینی کە چۆن کار دەکەین؟

- کەی؟

- بەدڵی خۆت، هەر کاتێ خۆت دەتەوێ، ئێمە ڕۆژی دوازدە تا چواردە سەعات کار دەکەین.

- باشە. ئەرێ خەبەر و باسی بوبی؟

- کێ؟

- ئەو کیژەی، وەختایەک لەو ماڵەی دیار دەریاکە بووی، دە هەزار دۆلاری لێوەرگرتیت.

- ئەها... ئێستا لە بەرازیلە، خەمت نەبێ، فەرامۆشی ناکەین.

- ناچیتە هۆڵەکەی خوارەوە بۆ سەما؟

- نا، ئەمە سەخیفە. ( یەکێک بەناوی جونەوە هاواریکرد ) بمبورە، لە بیرت نەچێ کە لە ژووری مونتاج سەرم بدەی.

- بێگومان.

لەو کاتەدا کە قسەم دەگەڵ جون دەکرد، جاک بلید سو، دەگەڵ هاوڕێکانیا، شوفێرانی ماتۆرسکیلەکاندا، خۆی بە باڕەکەدا کرد، هاوڕێکانی جاک لە سەر کورسی باڕەکە دانیشتن، پشتیان لە باڕەکە و ڕوویان لە ناوەوە بوو. هەریەکەیان بوتڵێ بیرەی بەدەستەوە بوو، تەنیا جاک نەبێ کە " سێڤن – ئاپی " دەخواردەوە. پاڵتۆی چەرمیان لەبەر بوو، پانتۆڵی چەرمیان لە بەر و پووتی درێژیان لە پێ بوو.

بە سارەم گوت: دەچمە خوارەوە تا جاک بلید سو و باندەکەی بدینم، دێی لە گەڵما؟

-بێگومان.

چووینە خوارەوە و بەرەو باڕەکە پەل بووینەوە، جاک بلید سو، یەک یەک بە هاوڕێکانی خۆی ناساندین: ئەمە هاریە، بەرازە ڕەشەکە.

- سەرچاو برادەر...

- ئەمەش کرپاچە.

- خۆشحاڵین...

- ئەمەش سیسرکی شەوە.

- سەر سەر و سەرچاو...

- ئەمەش ڕاوکەری سەگانە.

- جوانە!

- ئەمەش ئیدی سێ گونە.

- های قوڕێ!

- ئەمەش تسی گەرمە.

- خۆشحاڵم بە ناسینت!

- ئەمەش قەرج کوژە.

- سەرچاو...

پێدەچێ گەنجی زۆر جوان و بەڕێز بن.

بە جاک – م گوت: بە شێوەیەکی زۆر چاک دەورەکەی خۆت نواند.

سارە گوتی: حەپەسابووی.

– سوپاس، سوپاس. ( گۆناکانی سوور بوونەوە ).

– باشە جاک، سەردەکەوینە سەرەوە، گەرماکەی ئێرە تەحەمووڵ ناکرێ.

– سیناریۆیەکی سینەمایی دی دەنوسیت؟

– باوەڕ ناکەم، لەم کارەدا پیاو تایبەتمەندی شەخسی خۆی لە دەست دەدات. حەز دەکەم بە تەنیا دانیشم و چاو ببڕمە دیواران.

– ئەگەر دنیا بوو سیناریۆیەکت نووسی، با بیبینم.

– بێگومان. باشە ئەو گەنجانە بۆ پشت دەکەنە باڕەکە و تەمەشای ژوورەوە دەکەن؟ چاو بۆ کیژان دەگێڕن؟

– نا، کیژیان زۆرە، پەکیان لە سەر کچ نەکەوتووە، تەنیا ئەو کیژانەی ئێرە دەهاڕوژێنن.

– باشە، دوایی دەتبینم.

بۆ سەرێ چووین، دوای ماوەیەکی کەم جاک لە گەڵ باندەکەیدا ڕۆیی. بۆ من شەوبێریەکی قورس بوو، هەموویم بە سەرکەوتن و دابەزینەوە بە سەر قاڵدرمەکاندا بردە سەر، زۆر ماندوو بووم. دوای سێ سەعاتان تەقریبەن هەمووان ڕۆیشتن. من و سارە لە سەر بانێژەکە وەستاین، ئەوسا جون –م بینی: مەرحەبا جون، فرانسین لە کوێیە؟ بۆچی نەهاتبوو بۆ ئاهەنگی کۆتایی؟

– چونکە لێرە کەناڵی ڕاگەیاندن نییە.

– منیش لە تۆوەم زانی.

– دەبێ ئێستا بڕۆم، دەبێ بەیانی زوو ڕابم تا کار لە سەر مونتاجەکە بکەم.

– باشە.

نهۆمی خوارەوە چۆڵ بووبوو، دەقی گەرماکە کەمێ شکابوو، دابەزین و لە هەنبەر باڕەکە دانیشتین، تەنیا من و سارە لە مەیخانەکەدا مابووینەوە و لە گەڵ یەکێک لە کارەکەرەکاندا کە لە پشت باڕەکەوە بوو.

– پێکێکمان دەوێ بەدەم ڕێگای گەڕانەوەوە بیخۆینەوە.

– ئێستا ناتوانم هیچ جۆرە مەشرووبێکت بدەمێ.

– چما؟

– چونکە " فایر باور " ئەم شوێنەی تەنیا تا نیوەشەو بەکرێ گرتبوو، ئێستا سەعات بووە بە دوازدە و دە خولەک. بەڵام من بە دزییەوە هەندێ مەشرووبت بۆ پەیدا دەکەم، بە قاچاغ و بە دزییەوە، چونکە دڵبەندی نووسینەکانتم، تکا دەکەم ئەمە بە کەس نەڵێی.

- گیانەکەمی، مەگەر گڵ لە دەممی ببیستیٚ.

کارەکەرەکە دوو بوتڵی داینیٚ، ئیدی وەختی ڕۆیشتن هاتبوو، دەبوایە بڕۆین، چونکە لە ماڵەوە پێنج پشیلەی برسیمان هەبوو چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد. هەستم بە خەمینیەکی قووڵ کرد، چونکە پرۆسەی وێنەگرتنی فیلمەکە تەواو بوو، وێنەگرتنی سینەمایی دنیایەک بوو، بۆ یەکەمجار کەشفم دەکرد، بەڕاستی ڕیسکێکی سەیر بوو.

سواری ئوتومبیل بووین، بە ئوتوبانەکەی هاوشانی بەندەرەکەدا، بەرەو باشوور بۆی دەرچووین، بەرەو ژیانی ئاسایی و ڕۆتینی خۆمان دەڕۆیشتین، لە لایەکەوە حەزم دەکرد بۆی بگەڕێمەوە و لەلایەکی دیکەوە خەمبار بووم. سارە گوتی: خواردن بە پشیلەکان دەدەین و پاشان دەخەوین.

- ڕەنگە کەمۆکەیەک بخۆینەوە.

- باشە.

هەندێجار، دەتوانی دەگەڵ ژنەکەتدا ڕێکبکەوی.

(( ٣٩ ))

دوای چەند ڕۆژێک چووین بۆ ژووری مونتاج. جون بینشو و مۆنتێری فیلمەکە خانم کای برونستین، مژوولی کارکردن بوون. جون گوتی: چەند دیمەنێکی مونتاج نەکراوت نیشاندەدەم، تا ببینی چەند پەرش وبڵاوە، کارەکەمان چەند دوور و درێژ بووە، تا هەر دیمەنێکمان لە شوێنی خۆی داناوە.

کای گوتی: دەمانەویٚ فیلمەکە بە جوانترین شێوە دەرچیٚ، بەڕاستی بەدڵم بوو.

–سوپاس بۆ تۆ.

جون لە سەری ڕۆیی: ئێمە کە ئێستا موسیقای وێنەوانی دەخەینە سەر دیمەنەکان، فریدمان و فیشمان لە لەندەن کار لە سەر مامەڵەیەکی تازە دەکەن. ڕۆژانە نزیکەی پێنج چەلان تەلەفۆنمان لە گەڵدا دەکەن و هاوار دەکەن: " میکساجەکە ڕاگرن! میکساجەکە ڕاگرن! " خۆم لە گێلی دەدەم، وادەنوێنم گوێم لە دەنگیان نییە. موسیقایەکی جوانمان هەڵبژاردووە، بەڵام پارەیەکی زۆری دەویٚ بۆ کڕینی ئیمتیازەکەی. فریدمان و فیشمان دەیانەویٚ موسیقایەکی تۆمارکراو بەکار بێنن، ئەمە هیچی تێناچێت، بەڵام ترسناکە و هەموو فیلمەکە دەشێوێنیٚ!

لە جون —م پرسی: باشە، قەت لە هەلومەرجی وەهادا فیلمت دەرهێناوە؟

- نا، هەرگیز، کەس لە دنیادا نییە لەم دوو پیاوە بچیٚ، بەڵام من خۆشم دەوێن.

- خۆشت دەوێن؟!

- بەڵیٚ، وەکو منداڵ وان، دڵیان پاکە. تەنانەت وەختایەک بیانەویٚ بتخنکێنن، بە میهرەبانییەوە ئەمەت لە گەڵدا دەکەن. کارکردنم لە گەڵ ئەمانەدا پیٚ باشترە تا لە گەڵ پارێزەرانی کۆمپانیاکەدا، کە زۆربەی مامەڵە و سەفقەکان لە هولیوودا بەڕێوە دەبەن.

جون، ڕوناکی ژوورەکەی کوژاندەوە، دانیشتین تا تەمەشا بکەین، نمایشەکە لە سەر ئامێرێکی چکۆلە بوو کە لە تەلەفزیون دەچوو. لە سەرەتای فیلمەکەوە تابلۆیەک دەردەکەوت، ناوی خۆمم بە سەر شاشەکەوە بینی، ئەوا بووم بە بەشێک لە هولیوود، تەنانەت ئەگەر بۆ خولەکێکیش بێ، من تاوانبارم!

دەستمان بە تەمەشاکردنی فیلمەکە کرد، هەموو شتێک ئاسایی بوو، تا گەیینە ئەو دیمەنەی کە جاک بۆ یەکەمجار فرانسین دەبینێ.

بە دوو قۆڵی لە لایەکی بارەکەدا ڕۆنیشتبوون، جاک دوو پێک بۆ فرانسین دەکڕێت، بەپەلە دەیانخواتەوە. ئەوسا جاک بوتڵە بیرەیەک هەڵدەگرێ کە تا نیوەی پڕە، بە دەستی ڕاستی بوتڵەکە فڕێ دەداتە دەرەوەی دیمەنەکە و دەڵێت: " ئەمە هەموو شتێکە " فرانسین دەپرسێت: " هەموو چی؟ " جاک لە سەری دەڕوا و بۆی شەرح دەکات کە پارەکەی تەواو بوو، تاقە پولێکی پێ نەماوە و، ناتوانێ هیچ مەشرووبێکی دیکە بکڕێ...

هاوارم کرد: نا! نا! خودایا! ئەمە چییە!

جون فیلمەکەی ڕاگرت: چییە؟

- بادەنۆشەکان بە فیلمەکە پێدەکەنن و، شاربەدەرمان دەکەن.

- کێشە چییە؟

- پیاوی بادە... هەرگیز ئەوە ناکات کە نیو بوتڵە بیرە فڕێ بدات و بڵێت: " ئەوە هەموو شتێکە " بادەنۆش دوا دڵۆپی بوتڵەکەی دەخواتەوە و پاشان دەڵێ: ئەمە هەموو شتێکە ".

سارە گوتی: هەق بە هانکە، منیش هەستم بەوە کرد.

جون گوتی: پێنج چەلان ئەم دیمەنەمان وێنەگرت، من باشترین تۆمارم هەڵبژارد.

- جون، هەستم کرد، یەکێک زللەیەک بە ڕووما دەدات. کە دیتم بوتڵە بیرەکەی فڕێدا، کە دیمەنێکی دڵتەزێنە، هەستم بە سووکایەتییەکی زۆر کرد.

- لە بیرمە لە نێو تۆمارە وێنەگیراوەکانی هەمان دیمەندا، تۆمارێک هەیە کە بوتڵە بیرەکە لە تەوابووندایە، بۆی دەگەڕێم و ئەوە بەکار دێنم.

- تەنانەت چۆڕێ بیرەش، بەلای بادەنۆشەوە زۆرە. بەڵام ئەگەر دۆزیتەوە بەکاری بێنە.

ئیدی وەختایەک دەگەڵ دەرهێنەرێکدا کار دەکەی کە ئەهلی بادەنۆشی نەبێ، لە گەڵ ئەکتەرێکدا کار دەکەی ڕقی لە خواردنەوە بێ و هەر دووکیان لە یەک فیلمدا یەک بگرنەوە، ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کارەساتانە دەبیتەوە. ئەمە جگە لە سیناریستێکی بادەنۆش کە چوونی بۆ مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپان پێ پەسندتر بێ لەوەی پەیگیری وێنەگرتنی ئەو فیلمە بکات کە خۆی نووسیویەتی.

جون، گڵۆپی ژوورەکەی هەڵکرد: ڕات چییە؟ ئەمە نوسخەی سەرەتاییە، هێشتا کارێکی زۆرمان لە پێشە.

سارە گوتی: جووڵەی کامێراکە و موسیقا وێنەوانیەکە زۆر جوانن.

پرسیم: گیانەکەم، ئەدی نووسەرەکەی؟

- چیناسکی، هەمیشە داهێنەرە.

- سوپاس.

کای گوتی: ئەکتەرەکان و هونەرکارەکان زۆرجار، لە پاشملەی خۆتیشا، ستایشی سیناریۆکەیان کردووە.

-بەڕاست؟!

جون گوتی: بەڵام هانک، ڕات لە مەڕ فیلمەکە چییە؟

- نواندنەکەی جاک –م بەدڵ بوو، بەڵام سەبارەت بە فرانسین، جومگەکانی، تۆزێ چەورکردنیان دەوێ.

- فرانسین زۆر باش بوو، وەستانەکەی لە بەردەم کامێرادا، ڕۆحی بەبەر فیلمەکەدا دەکرد.

- لەوەیە، بەهەرحاڵ، خۆشحاڵم بەوەی بەشێکم لەم فیلمە و بەشێکم لە گەڕانەوە بەهێزەکەی فرانسین.

لە پێناوی ئاهەنگ گێڕان بە هەستە خۆشەکانم، ژووری مونتاجەکەمان داخست و چووین بۆ نان خواردن، ئەمجارەیان بۆ نانخواردن نەچووین بۆ "موسو "، بەڵکو بۆ شوێنێکی نزیک چووین.

ژیان سەیرە، هەوەڵجار بیر لە خۆت دەکەیتەوە، پاشان بەرەبەرە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شتێک ئەنجام دەدەیت.

ڕاستت دەوێ من هێشتا چ سیناریۆیەکی سینەماییم نەنووسیوە، ڕەنگە ڕەخنەگرێک ڕۆژێ پێم بڵێ: " تۆ سیناریوت نەنووسیوە، هێشتا لە هاماج و خەوی نووسینە جەڵەبی و دزێو و ڕاستەوخۆکانت دەرباز نەبوویت ". لێ جیاوازی نێوان ڕەخنەگری سینەمایی و تەمەشاڤانی ئاسایی فیلم چییە؟

جیاوازی: ڕەخنەگری سینەمایی بەخۆڕایی، بەبێئەوەی پارە بدات دەچێتە هۆڵی سینەماوە!

(( ٤٠ ))

چوومەوە بۆ مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپان. هەندێجار لە خۆم دەپرسم باشە من چ دەکەم لێرە؟ هەندێجاری دی لەو حاڵە تێدەگەم. لە مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپاندا، خەڵکانێکی زۆر لە خراپترین حاڵەتیاندا دەبینم، ئەمە لە حەقیقەتی بوونی بەشەریم نزیک دەکاتەوە، لە تەماعکاری و چاوچنۆکی و ترس و تووڕەییە پەنهانەکانی مرۆڤم ئاگادار دەکاتەوە.

جۆرەها بەشەر هەن، کە لە هەموو پێشبڕکێ و شوێنێک دەبینرێن. ڕەنگە منیش وەکو جۆرێکی دیاریکراو لەلای خەڵکیەوە بێمە بەرچاو. جا چونکە من حەزناکەم وەکو خەڵکی بێمە بەرچاو، حەز دەکەم لە چاوان دوور بم، هیچ کۆبوونەوە و جڤینێکی ڕاوێژکاری دەگەڵ گرێوکارانی دیدا ناکەم و گەنگەشەی واقیعی پێشبڕکێیەکە ناکەم.

خووم بەوە گرتبوو، کە هیچ ئارەزوویەکی تەعاروف و ئاشنایەتی و دۆستایەتی دەگەڵ یاریچییەکاندا دەربڕم، چونکە لە دوا ئەنجاما دژی یەکدی دەلەیزین. ئیدی گرێو لە سەر ئەسپان، بۆ هیچ کەسێک نەیدەکردە کات بە فیرۆدان، ئیدارەی مەیدانەکە پشکی خۆی وەردەگرێت، ئیدارەی شارەکە پشکی خۆی وەردەگرێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باج زیاد دەکرێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گرێوباز تەنیا سەرکەوتنی لە پێش دەمێنێ و، دوای ماوەیەک

متمانەیەکی زۆر بە گرێوەکانی خۆی پەیدا دەکات، ڕێبازێکی بتەو دەگرێتەبەر و نوێڕینێکی لۆژیکی پەیدا دەکات.

لە لایەکی دییەوە، پێدەچێ گرێو لە سەر ئەسپان نەخۆشییەکی درێژخایەن بێ، و هەڵاتن بێ لە پابەنداتی ڕۆژانە و ئەڵتەرناتیڤی ئەو کارانە بێ کە ناچاری بیانکەیت. هەمووومان پێویستمان بە هەڵاتن و خۆ دزینەوەیە، ڕۆژ زۆر بە خاوی و ڕۆتینی دەبووڕێ و پێویستە بەشتێک پڕ بکرێتەوە… تا دەمرین. بەیانیان ڕادەبین، لاقمان لە ژێر نوێنەکانەوە دەردێنین، دەیانخەینە سەر ئەرز، هەڵدەستین، لە فکران ڕادەچین: ئۆف! چ بکەم؟

پێدەچێ بۆیە بۆ مەیدانی پێشبڕکییەکە گەڕابمەوە، تا هەموو شتێکی فیلمەکە و ئەکتەرەکان و هونەرکارەکان و ژووری مونتاجەکە فەرامۆش بکەم. پێشبڕکێی ئەسپان ژیانم لێ هاسان دەکات، بە گوتەیەکی دی: جۆرە گەوجاتیەکی لێبار دەکات!

شەوان، لە گەڵ سارەدا تۆزێ سەیری تەلەفزیون دەکەم، پاشان بۆ ژوورەکەی خۆم سەردەکەوم، تا بەدەم خواردنەوەوە، خەریکی شیعران بم. تەنیا شیعر لە ژانەسەر دەم خەلەسێنێ، لەم دنیایەدا لە هەموو شتێ زیاتر پێویستم بە شیعرە.

بەو ئاوایە، بۆ ماوەی دوو سێ هەفتە ژیانم گەڕایەوە سەری تایمە ئاسایی و ڕۆتینیەکەی خۆی، تا تەلەفۆنە کۆنە ڕەسەنەکەم لێیدا و، جون بینشو گوتی: کاری فیلمەکە تەواو بوو، لە بینای " فایر باور " بەبێ ئامادەبوونی هیچ ڕۆژنامەڤانێک یان ڕەخنەگرێک، نمایشێکی تایبەتی دەکەین، هیوادارم بێی بۆ دیتنی.

-بێگومان، کەی؟

نمایشەکە شەوی هەینی بوو، سواری ئۆتومبیل بووین و بۆ بینای " فایر باور" چووین. لە ڕێگا بویەرێکی کۆنم بیرکەوتەوە، جون بینشو – م بیرکەوتەوە، کە جارێک بە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی بەرهەمهێنەرێک بۆ فیلمەکە بدۆزێتەوە، پێی گوتم کە هەموو شەوێک جەولەیەکی شناسایی دەکرد، بە سەر مەیخانەکانی شاردا دەگەڕا، تا گونجاوترین مەیخانە و یانە بۆ وێنەگرتنی فیلمەکە بدۆزێتەوە، هەروەها لە باڵکێشترین مشتەرییانی یانەکان دەگەڕا، ئەو سەردەمە ناوێکی خوازراوی لە خۆی نابوو، ناوی خۆی نابوو " بوب " هەر شەوەی لە مەیخانەیەک بەسەر دەبرد، تا وای لێهات نیمچە ئالوودە بوو. پێی گوتم لە هەر هەموو ئەو مەیخانانەدا کە چووبووێی تووشی تاقە ئافرەتێک نەبووبوو، کە بشێت لە گەڵیا بچێتە ماڵەوە. هەندێجار، سەری باڕەکانی نەدەدا، لە جیاتی ئەوە دەهاتە ماڵەوە بۆ لای من، تا ئەو ێنانەم نیشانبدات کە لە باڕەکاندا گرتبوونی و باشترین شوێنی تێدا هەڵبژاردبوون. جون لەو کاتەوەو، بەبێ ئەوەی دەست بە هیچ شتێک بکات، دڵنیابوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان سیناریۆکە دەبێت بە فیلم.

گەیشتینە بارەگای " فایر باور " بە پاسەوانەکەم گوت: ژووری نمایشی فیلمی " سەمای جیم بیم "…

-فەرموو، بە دەستە ڕاستا بڕۆ.

وەژوور کەوتین و کەوتینە سۆراخی ژووری نمایش، هیچ ئاماژەیەک نەبوو بۆ شوێنەکە، هەستم کرد، ئێمە لە بینایەکەدا بە تەنیاین، هەرچەندە لە کاتی دیاریکراوا گەیی بووینە جێ. بە ڕاڕەوەکاندا دەسوڕاینەوە، پاشان دوو گەنجم لەو بابەتە گەنجانەی لە فیلمسازیدا کار دەکەن، بەدی کرد، لە بەر دەرگایەکی نیمچە کراوەدا

وەستابوون. هەموو ئەوانەی لەم پیشەیەدا کار دەکەن، لە یەکدی دەچن، مەبەستم لە: هونەرکار و شیرەتکارەکانە... هتد، هەر هەموویان لە نێوان بیست و سی و شەش ساڵان و سی و هەشت ساڵاندان، باریک و بنێس، بەردەوام لە گەڵ یەکدیداسەرگەرمی باسی بابەتی گرینگن.

پرسیارم کرد: ببورن، ئەمە ژووری نمایشی " سەمای جیم بیم " ە؟

دوو گەنجەکە لە قسەکرن وەستان، بە پەستیەوە تەمەشایان کردین، وەکو ئەوەی ئاخافتنە هەرە گرینگەکەمان پێبڕیبن. ئەوسا یەکێکیان گوتی: " نەخێر ".

نازانم ئەو گەنجانە کە دەگەنە تەمەنی سی و نۆ ساڵان چییان لێدێت، پێدەچوو ئەمە ئەو بابەتە گرینگە بووبێ کە قسەیان لە بارەیەوە دەکرد.

بەردەوام بووین لە سەر سۆراخ کردنی ژووری نمایشەکە، ئەوسا ڕوخسارێکی ئاشنام بینی، جون بینشو بوو کە لەگەڵ لانس ئیدواردزی یاریدەدەری بەرهەمهێناندا وەستابوو.

- جون، بۆ خاتری خوا، ژووری نمایشەکە لە کوێیە؟

- شوێنی نمایشەکە گۆڕاوە، تەلەفۆنم بۆ کردیت تا ئاگادارت بکەمەوە، بەڵام وادیار بوو لە ماڵ دەرچووبوویت.

- دەی باشە، نمایشەکە کەوتە کوێ؟

- لە تۆ دەگەڕام، گوێ بگرە ئێستا لانس ئیدواردز بۆ ئەوێ دەڕوات. لانس ئەمان بێن لە گەڵتدا؟

لانس سەری بادا، وەکو ئەوەی لێمان بێزار بووبێ. پێموابوو، دەبوایە ئێمە لەو حاڵە بێزار بووبووینایە کە ڕووی دابوو، بەڵام هەندێجار کاروبارەکان لە هولیوودا ئاوەژوو دەبنەوە.

سواری ئوتومبیلەکەی لانس بووین و، پێکەوە ڕۆیشتین. دەڵێن لانس کەسێکی زۆر شەرمێونە، بۆیە کەمدووە. بەڵام من تەنیا بە کەسێکی خۆپەرستی دەبینم، جگە لە خۆی گوێ بە هیچی دی نادات.

یەکێک لەو دوو خانمە پەیامنێرانەی دیمانەی تەلەفزیونیان لە گەڵما کرد، بە دیاریکراوی خانمە ئیتاڵییەکە، چیرۆکێکی لەمەڕ وی بۆ گێڕامەوە:

" من لە لای ئەو کوڕی قەحپەیە کارم دەکرد! لە ژیانما تووشی خەڵکی وا خوێڕی و سووک نەبووم، پارەی هیچ شتێک نادات! تەنانەت قەڵەم و کاغەز و پەڕاوگەکانی نووسینگەکەی خۆیشی بە کار نایەنێت، بەڵکو ئەو زەرفە بەریدیانە بە کار دێنێتەوە کە دەگاتە نووسینگەکەی، داوای لە من کرد، ناو و ئەدرەسەکانی سەر ئەو زەرفانە بسڕمەوە کە لە سەریان نووسرابوون و ناو و ئەدرەسە تازەکانیان لە سەر بنووسم، کە پۆستەیەکمان دەنارد، هەمان ئەو زەرفانەی بەکار دەبردەوە. پولی سەر ئەو نامانەی دەکردەوە کە بۆمان دەهات و بەو نامانەوەی دەنایەوە کە دەماننارد. ڕۆژێک کە لە نووسینگەکەدا لە لایەوە دانیشتبووم و کارم دەکرد، هەستم کرد بە دەستێکی ڕانی گوشیم، لێم پرسی: " هیچت ون کردووە؟ " وەڵامی دایەوە: " مەبەستت چییە؟ " مەبەستم ئەوەیە ئاخۆ شتێکت لە نێوان ڕانەکانی مندا بزر کردووە؟ ئەگەر هیچت گوم نەکردووە ئیدی

له چ دەگەڕێی؟!... دەستت لە نێو ڕانەکانم لابە! " . بۆ ڕۆژی دووەم فنشی کردم و هیچ قەرەبوویەکی دەرکردنەکەمی نەکرد ".

هێشتا ئوتومبیلەکە بەڕێوە بوو، وادیاربوو ڕێگاکە دوورە، لە لانس –م پرسی: لە گەڕانەوەشا دەمان گەیەنیتەوە؟

وەکو ئەوەی تووڕە بێ سەرێکی لەقاند، بێگومان تووڕە بوو، گەیاندنەوەمان بڕۆکەیەک بەنزینی دەویست.

ئەنجام گەیشتین، بۆ ژووری نمایشەکە سەرکەوتین، پڕ بوو لە هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە فیلمەکەدا کاریان کردبوو. هەموو خاو بووبوونەوە و لە جێی خۆیان ڕۆنیشتبوون و، هەریەکە و قوتوویەک بیرەی بەدەستەوە بوو. بەدەنگی بەرز گوتم: کوڕانی قەحپە!

جون پرسی: چی بووە؟

– هەر هەموو ئەوانە بیرە دەخۆنەوە! کەچی ئێمە هیچ شتێکمان پێ نییە دەمێکی پێ تەڕبکەین!

– باشە چاوەڕوانم بکە.

جون ڕۆیی بیرە بکڕێ، جون – ی داماو.

هەر هەموو ئەوانەی لە ژووری نمایشەکەدا بیرەیان دەخواردەوە و هەموو ئەوانەی لە فیلمەکەدا کاریان کردبوو، حیسابی هاوڵاتی نمرە دوویان بۆ من و سارە دەکرد، بەو نەفەسەوە مامەڵەیان لە تەکدا دەکردین. لەوەی پتر چاوەڕوانی چ دەکەی؟ لە کاتێکا ئەکتەری دەوری قارەمان حەوت سەد و پەنجا هێندەی سیناریستەکە وەربگرێ؟! خەڵکی هەرگیز نووسەرەکەیان بیرناکەوێتەوە، ئەوەیان بیر دەکەوێتەوە کە کێ فیلمەکەی شێواندووە، ئیدی دەرهێنەرەکە بێ یان ئەکتەرەکان بن یان هەر کێیەکی دی بێ. من و سارە، لەم شوێنەی دنیادا، تەنیا دوو ئاوارەین لە ماڵێکدا.

جون، بە کۆمەڵێک قووتووە بیرەوە هاتەوە، گڵۆپەکان کوژێنرانەوە و نمایشی فیلمەکە دەستی پێکرد، " سەمای جیم بیم " قومێکی گەورەم، بە سەلامەتی هەموو بادەنۆشانی جیهان، لە قووتووە بیرەکە دا.

کە دیمەنەکانی فیلمەکە دەستی پێکرد، یادگا بۆ ڕابردووی بردمەوە، " فلاش باک " وەکو چۆن لە فیلماندا ڕوو دەدات، ڕۆژێک لە ڕۆژانی گەنجیم وەبیر هاتەوە، بەیانیەک لە بارێکا دەمخواردەوە، ئەو ڕۆژانە نە دڵشاد و نە خەمبار بووم، هیچ هەستێکم لەلا نەبوو. ئەو کاتە پێشخزمەتەکە پێی گوتم: ئایا دەزانی خورتۆ؟

– چی؟

– ترومپایەکی غاز لە مەیخانەکە دادەنەین، ئالێرەدا، لە نزیکی ئەو کورسییەی کە شەو و ڕۆژ لە سەری دادەنیشیت و دایدەپۆشین و لە چاوی مشتەرییەکانی دەشارینەوە.

– ترومپای غاز؟!

– بەڵێ، دوای ئەوەی هەرچی مەشرووبی بارەکە هەیە دەخۆیتەوە، هەنگێ دەتوانی پەردەی سەر ترومپاکە لابدەیت و هەندێ غاز بە خۆڕایی هەڵمژی.

– ئەی خودایا! ئێوە چەند میهرەبانن!!

(( ٤١ ))

بەو ئاوایە لە ژووری نمایشەکە تەمەشای فیلمەکەمان دەکرد، لە کۆلانەکەی پشتەوە لە لایەن پێشخزمەتی مەیخانەکەوە بەر مستان دەدرام، وەکو پێشتر ڕوونم کردەوە، دەستەکانم بچووک بوون و بە کەڵکی بۆکسێن نەدەهاتن، بەڵام دەستی پێشخزمەتی مەیخانەکە زۆر گەورە بوون، بۆ نەگبەتی بە مستە چکۆلەکانم بۆکسی لە ناکاوی باشم دەوەشاند، ئەمەش دەبووە سەدەمی ئەوەی دوو قات تۆڵەم لێبکرێتەوە. شەڕ دەگەڵ پێشخزمەتی مەیخانەکەدا، جۆرە کات بەسەر بردنێک بوو، ماقوول نییە شەو و ڕۆژ لە سەر کورسی بارەکە دابنیشیت، لە کاتی شەڕەکەدا هەستمان بە ئازاری توند نەدەکرد، ئازاری ڕاستەقینە، ڕۆژی دوایی دەستی پێدەکرد و، کە لە خەو ڕادەبووی دەتتوانی لە ژوورەکەی خۆتا دەرمانی بکەی نەک لە سەر جادەدا.

هەموو هەفتەیەک دوو سێ جار شەڕم دەکرد، ئیدی بەم جۆرە توانای شەڕوانیم بەرز بووەوە، یان ڕەنگە توانای شەڕوانی پێشخزمەتەکە کەم بووبێتەوە. پێویست ناکات لێرەدا چیرۆکی فیلمەکە بگێڕمەوە، باشتر وایە ئاماژە بۆ ئەو بویەرانە بکەم کە لە فیلمەکەدا دەرنەکەوتبوون. لە فیلمەکەدا خانمێک دەرنەکەوت کە خەمی من بخوات، و بە بلیمەتم بزانێ و بیەوێ لە شەقام ڕزگارم بکات. لە فیلمەکەدا یەک شەو لە ماڵی ئەودا دەخەوم، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا، شەش هەفتە لای ئەو خەوتم.

ئەو خانمە کە ناوی تولی بوو، لە ماڵێکی گەورەدا دەژیا کە کەوتبووە سەر بەرزاییەکانی هولیوودەوە، لە گەڵ خانمێکی دیکەدا بەنێوی نادین، لە ماڵەکەدا شەریک بوون.

تولی و نادین هەردووکیان پۆستی کارگێڕی گەورەیان لە دام و دەزگاێن، سەرگەرمی دا هەبوو: موسیقی، بڵاڤۆکان... هەموو ناودارەکانیان دەناسی، هەفتەی دوو سێ جاران دەچوون بۆ ئەو ئاهەنگانەی کە پەیوەندیان بە کاری ئەوانەوە هەبوو، ئاهەنگەکانی تولی –م هەرگیز بەدڵ نەبوو، بۆیە خۆم بە خواردنەوەوە مژوول دەکرد، ڕقم لە زۆرترین خەڵک بوو.

بەڵام نادین –ی دەستە خوشکی، لە گەڵ گەنجێکدا دەخەوت کە کەمێک لە من بچووکتر بوو، ئەم گەنجە سازڤان یان دەرهێنەر یان شتێکی لەو بابەتە بوو، گەنجەکە بۆ ماوەیەکی کاتی، بێ ئیش و کار بوو. لە هەوەڵەوە گەنجەکەم بەدڵ نەبوو، هەمیشە کە لە بەر ماڵەکە یان باخچەکەی پشتەوەی ماڵەکەدا دەمبینی شەڕم پێدەفرۆشت و هێرشم دەکردە سەری، زۆربەی شەڕەکانمان لە بەیانیاندا بوو، ئەو کاتانەی هەر دووکمان هێشتا سەر یەشەی دوای خواردنەوە و مەستی بەری نەدابووین. گەنجەکە هەمیشە ئەو مل پێچەی لە مل بوو، ئەو مل پێچە سەخیفەی بە زۆری هونەرمەندان لە ملیان  دەکرد.

ڕۆژێک، دەوروبەری سەعات یازدەی دانی بەیانی، هەردووکمان لە حەوشی ماڵەکەدا سەر و بوتڵە بیرەمان بە دەستەوە بوو و دەمانخواردەوە، بۆ ئەوەی سەریەشەی دوای خواردنەوەی دوێشەوی خۆمان بڕەوێنینەوە، پێکی خومارشکێنمان هەڵدەدا. ناوی ریچ بوو، تەمەشایەکی کردم و گوتی: بوتڵێکی دیکەت دەوێ؟

–بێگومان، سوپاس.

ڕیچ بوتڵێکی دامێ، ئەوسا بینی بە بوتڵەکەی خۆیەوە نا، هەناسەیەکی بە سوێی هەڵکێشا و گوتی: نازانم تا کەی... بەردەوام دەبم لە سەر ئەوەی درۆی لە گەڵدا بکەم...

- چی؟

- من هیچ بەهرەیەکم نییە، لە هیچ بوارێکدا بەهرەدار نیم. من مرۆڤێکی تەواو بۆش و بەتاڵم.

- جوانە، تۆ مرۆڤێکی بەڕاستی جوانی، ئێستا بە دڵمی.

- سوپاس، ئەدی تۆ چ کارەیت؟

- من نووسەرم. بەڵام کێشەکە لەوەدا نییە.

- ئەدی کێشەکە لە چیدایە؟

- کێرم... ئەوەندەم سێکس کردووە، پێستەکەی داماڵاوە، ئەم ژنە هەرگیز تێر نابێت...

- منیش، نادین ناچارم دەکات هەموو شەوێ بە خواردن بیخۆم، ئەندام بە ئەندامی بخۆم.

- ئەی خودایا!

- هانک، ئێمە دوو پیاوی محافەزەکاری بە ئەدەبین.

- ریچ ئەم دوو خانمە لیبراڵە، گونمان دەردێنن و لە جانتاکانی دەستیاندا دەیشارنەوە.

- پێموایە... کاتی ڤودگا هاتووە.

- دروستە.

ئەو شەوە، کە هەر دوو خانمەکە بۆ ماڵ گەڕانەوە، کەسمان ئەرکی مێرێنی خۆمان جێبەجێ نەکرد. ریچ بۆ ماوەی هەفتەیەک لە ماڵ مایەوە و پاشان ڕۆیی. دوای ئەوە دوای نادین دەکەوتم، بە تایبەتی کە بە ڕووتی بە دەوری ماڵەکەدا غاری دەدا، زۆربەی جار کە تولی بۆ جێیەک دەڕۆیی ئەو کارەم دەکرد. لە نادین – م پرسی:

- ئەوە تۆ چ دەکەی بۆ خاتری خوا؟

- ئەمە ماڵی منە، کە بە ڕووتی بە دەوریا غار دەدەم و سمت و کەفەڵم بادەدەم و دەیدەمە هوای ئازاد، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە.

- دەی نادین، ڕاستی بڵێ، ئایا لە کەڵەشێرێکی تازە دەگەڕێی؟

- نەخێر، تەنانەت ئەگەر تۆ تاقە پیاوی سەر ڕووی زەویش بی.

- ئەگەر من تاقە پیاوی سەر ڕووی زەوی بم، دەبێ لە تابوورێکی دوورودرێژا ڕیز بگری و چاوەڕوانی نۆرەی خۆت بکەی.

- تۆ بەختت هەیە، کە لە لای تولی خەبەرت لێنادەم.

- کەواتە بەس بەو شتە دالەقاوەی ناو گەڵتەوە بە دەورما غار بدە.

- هەی بەراز.

بەدەم بادانی کەفەڵە گۆشتنەکانیەوە، هاتە ژوورەوە و دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست و بۆ سەرەوە سەرکەوت، چونکە کاڵاکەی بە نرخێکی بەرزتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی دەفرۆشت. لە هەمان شەوا، کە تولی هاتەوە، جانتاکانی پێچایەوە و بۆ ماوەی هەفتەیەک چوو بۆ کاتالینا. پێدەچوو نادین پێی گوتبێ. ئەم شتانە لە فیلمەکەدا دەرنەچووبوون، ناکرێ هەموو شتێک تێهەڵکێشی فیلمەکە بکرێ.

با بێینەوە سەر ژووری نمایشەکە، فیلمەکە تەواو بوو و هەمووان چەپڵەیان لێدا. ئەوسا هەستان و تەوقەیان لە گەڵ یەکتردا کرد، دەستیان لە ملی یەکدی کرد و یەکیان ماچکرد. لەم شەوەدا هەموومان یەکدیمان خۆش دەویست، جوانە!

هاری فریدمان هات بۆ لای من، تەوقەی لە گەڵم کرد و دەستی لە ملم کرد، گوتم: هاری، نها نووسەرێکی سەرکەوتووت دەسکەوت.

- بەڵێ، بەڵێ، سیناریستێکی زۆر چاک، بیستوومە ڕۆمانێکت دەربارەی سۆزانیان نووسیوە؟!

- ڕاستە.

- دەمەوێ بیکەی بە سیناریۆ و من دەیکەم بە فیلم.

- باشە هاری.

ئەوسا فرانسین باوزری بینی، بە غاردان بەرەوپیری چوو و باوەشی پێدا کرد: فرانسین! هەنگوین! تۆ مەزنی!

خەڵکەکە بەرەبەرە لە ژوورەکە وەدەردەکەوتن، من و سارەش وەدەرکەوتین. لانس ئیدواردز بە ئوتومبیلەکەی بۆی دەرچوو، بە جێی هێشتین، ئیدی دەبوایە بە پێیان بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی ئوتومبیلەکەمان لێی بەجێ هێشتبوو. کێشە نەبوو، کەش و هەوا خۆش و ئاسمان سایەقە بوو.

بەو ئاوایە کارکردن لە سەر فیلمەکە تەواو بوو و، بەو زووانە لە هۆڵی سینەماکاندا نمایش دەکرێ و، ڕەخنەگران قسەی خۆیان لە بارەیەوە دەکەن. دەزانم پێشترش ژمارەیەک فیلمی زۆر بەرهەمهێنراون و نمایش کراون، تەمەشاڤانان تەنانەت ناوی فیلمەکانیشیان لە بیر نەماوە، ڕەنگە ڕەخنەگرەکانیش دووچاری هەمان کێشە بووبن.

کە بە ئوتومبیلەکەی خۆمان بۆ ماڵ پەل دەبووینەوە، سارە گوتی: - فیلمەکەم بەدڵ بوو، بەڵام هەندێ بەشی...

- دەزانم فیلمێکی نەمر نییە، بەڵام باشە.

- بەڵێ، وایە.

- بیری پشیلەکان دەکەم.

- منیش.

- سیناریۆیەکی دی دەنووسیت؟

- خۆزی ناخوازم.

- هاری فریدمان، دەیەوێ بۆ فیستیڤاڵی " کان " بڕۆین.

- چی؟ پشیلەکان بە تەنیا بەجێ بێڵین؟

- گوتی دەتوانین پشیلەکان لە گەڵ خۆماندا بەرین.

- ناکرێ.

-وام وەڵام دایەوە.

(( ٤٢ ))

فیستیڤاڵی سینەمایی " کان "، بۆ من فیلمێکی دیکە بوو. جون بینشو لەوێندەرەوە تەلەفۆنی کرد: باوەڕ ناکەین سەرکەوتن بەدەست بێنین، بەڵام ئومێد دەکەین لە سەرکەوتن نزیک ببینەوە.

- لەو باوەڕەدام جاک بلید سو، بە باشترین ئەکتەر دەربچێت.

- دەنگۆیەک هەیە کە گوایە فەرەنسییەکان چڵە خورمای زێڕین دەدەن بە یەکێک لە خۆیان.

لەو کاتانەدا، بەشی بانگەشە و ڕاگەیاندن لە کۆمپانیای " فایر باور " گەلێک لە پەیامنێرانی گۆڤارە هونەرییەکانیان بۆ لای من دەنارد تا دیمانە و گوت و بێژم لە گەڵدا بکەن. جا لە دەورانی منداڵیم دا، جارێک شووشەی کاتەدراییەکم شکاندبوو، گۆڤارەکان وایان مەزەندە دەکرد، من کەسێکم دەکرێ بهێنرێمە قسان، کەسێکی بادەنۆشم و گەوجە گەوج دەکەم، کەسێک بکرێ پاڵی پێوە بنرێ بۆ ئەوەی شتی گەوجانەی ئەوتۆ بڵێ لە ڕووی میدیاییەوە بە کار ببرێ. بۆ تاقە یەکجار توانیان ئەوە بکەن، ئەویش ئەوە بوو کە ڕایەکی نەرێنیم دەربارەی ئەکتەرێک دا کە وەکو شەخس و وەکو ئەکتەر خۆشم دەویست. ڕایەکی کورت بوو، یەک لایەنی کەسیەتی ئەو ئەکتەرەی دەگرتەوە، بەڵام وەکو چۆن ژنەکەی لە تەلەفۆندا پێی گوتم: " لەوانەیە قسەکەی تۆ ڕاست بێ، بەڵام نەدەبوو و نابێ ئەو قسەیە بکەی ". جا ئەو ژنە لە لایەکەوە هەقی بوو و، لە لایەکی دییەوە نەهەقی بوو، ئیدی ئێمە ئازادین بەوپەڕی ئازادی قسە بکەین، بەتایبەتی کە ڕاستەوخۆ پرسیارمان لێدەکرێت. بەڵام خەڵکی لە سەر ڕووبینی و مجامەلە و مەرایی ڕاهاتوون، ئیدی ئەمە کارەساتی ڕووبینی ومەراییە.

ساڵانێکی زۆر ڕەخنەم لێگیراوە و هێرشم کراوەتە سەر، بەڵام ئەوەم بە ئەنگێزەیەک زانیوە بۆ بەردەوام بوون، چونکە هەمیشە ڕەخنەگرانم بە کۆمەڵێک گەوج زانیوە. خۆ ئەگەر ژیان لە سەر ئەم هەسارەیە تا سەدەی داهاتوو بەردەوام بێ، من هەر تیایدا حوزوورم دەبێت. بەڵام ڕەخنەگرەکان دەچنە ڕیزی مردووان و دان عەمرانەوەو، ڕەخنەگرانی تازە، گەوجانی تازە جێیان دەگرنەوە.

ئیدی زۆرم لەبەر گران بوو کە دڵی ئەو ئەکتەرەم شکاند بوو، ڕەنگە ئەکتەران لە نووسەران هەستیارتر و دڵناسکتر بن، نازانم ئیدی لەوە بە دواوە دیمانەی ڕۆژنامەڤانیم لە گەڵ هیچ کەسێکدا نەکرد، هەر کەسێک بیویستایە دیمانەم لە گەڵدا بکات، بۆ هەر سەعاتێک داوای هەزار دۆلارم دەکرد، ئیدی لە ناکاوا لە خۆم و لە فیلمەکە دەتۆرا.

جون بينشو، بۆ جاری دووەم لە فیستیڤاڵەکەی " کان " وە تەلەفۆنی کرد: کێشەمان هەن.

- وەکو؟

- جاک بلید سو، نایەوێ لە ژووری ئوتێلەکەوەدەربکەوێ تا دیمانە لە گەڵ ڕۆژنامەڤانەکاندا بکات.

- دەتوانم بزانم بۆ.

- نا، باوەستە... نایەوێ قسە بۆ هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن بکات، هەڵسەنگاندنێکی باشت بۆ ئەم فیلمەی دوایی نەکردووە و، کێشەکە ئەوەیە، زۆر کەم هەڵسەنگاندنی باشی بۆ کراوە. پەیامنێرەکان لە هۆڵی ئوتێلەکەدا چاوەڕوانی دەکەن و، جاک دەڵێت: " نا، دیمانە ناکەم، ئێوە لێمان تێناگەن ". یەکێک لە پەیامنێرەکان دەستی هەڵبڕی و گوتی: " جاک، من هەڵسەنگاندنی چاکم بۆ فیلمەکەی ئەم دواییەت کردووە "، جاک وەڵامی دایەوە: " کەواتە باشە، دیمانەیەک لە گەڵ تۆدا دەکەم ". ئیدی پێکدێن، لە قاوەخانەیەکی دیاریکراو و، لە سەعاتێکی دیاریکراوا دیمانە بکەن، بەڵام تاقە کێشە ئەوە بووە کە جاک نەچووبوو بەدەم ژوانەکەوە.

- جون، لەو باوەڕەدام کە ئەکتەران لە نووسەران و دەرهێنەران هەستیارتر و دڵناسکترن.

- هەستیاری؟! چی ناو دەنەی بینە...

- ئەدی حاڵی فرانسین چۆنە؟

- چاکە، بێ هیچ کێشەیەک لە گەڵ هەمووناندا قسە دەکات. فوستانە هاوینەکانی لە بەر دەکات و مجامەلە و ستایشی هەموومان دەکات، زۆر چاک دەزانێ ئەم فیلمە بۆ ئەو دەکاتە گەڕانەوەیەکی بەهێز. وای بۆ دەچێ ئەو دوا کەسی دوا نەوەی ئەکتەرە گەورەکانە... لە فیستیڤاڵەکەدا، بە جۆرێ ڕێ دەکات وەکو ئەوەی خواوەند بێ، کە خۆ نوێنیەکی بە سەنگ و سام دەکات.

- ئەدی فریدمان چۆنە؟

- عەیبی نییە! لە هەموو شوێنێ دەبینرێ، قسان دەکات، ئارەقەی لێدەچۆڕێ و بەدەست ئاماژە دەکات. هەموو دەستڕۆیەکانی ئێرە، ڕقیان لێیەتی، بەڵام – لە هەمان کاتدا – لە توانا و سەرسەختیەکەی دەترسن. فریدمان، بە ڕاستی سەغڵەتی کردوون، بە بەردەوامی باسی دەکەن، خۆزی دەخوازن کە کلکی لە بنەوە دەربێنن.

- خەون دەبینن. ئەدی چیتر؟

- جاک، و هەر جاک، دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانیمان قەناعەتی پێبکەین کە لە ژووری ئوتێلەکە بیهێنینە دەرەوە و دیمانەیەک لە گەڵ بەرنامەیەکی تەلەفزیونی بەناوبانگ لە فەرەنسادا بکات. لە هەوەڵەوە قاییل بوو، بەڵام بە ژوانەکەوە نەچوو.

- کەواتە، لە بنەڕەتەوە بۆچی بۆ فیستیڤاڵی " کان " چووبوو؟!

- خوا بمگرێ ئەگەر بزانم.

کاتەکە بە ئاسایی ڕۆیی، هێشتاش بۆ مەیدانی پێشبرکێ دەچووم، هەروەها خوێندنەوەی کارەکانی جیمس تیربر – م دەکرد. ( جیمس تیر بر ١٨٩٤ – ١٩٦١ ، نووسەرێکی ساتیرە، یەکێک لە چیرۆکە بە نێوبانگەکانی: "

ژیانی نهێنی والترمیتی " یە. ) لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانیا، بەلای منەوە زۆر کومیدیە، بەڵام عەیبی گەورەی ئەوەیە، هەمیشە لە ڕوانکەی بورژوای دەوڵەمەند و خۆش گوزەرانەوە دەڕوانێ. هەروەها چەند شیعرێکم نووسی، شیعر بەهایەکی ڕاستەقینەی هەیە، باوەڕم پێبکە، شیعر لە شێتی تەواو ڕزگارم دەکات.

ئیدی، فیلمەکە هیچ خەڵاتێکی فیستیڤاڵی " کان " ی نەبرد، بەڵام سارە هێشتا گوڵێن بۆندار لە باخچەی ماڵەکەماندا دەڕوێنێ، هێشتا پێنج پشیلەکەمان، هەر دە چاوە جوانەکانیان تێ بڕیوین.

(( ٤٣ ))

دوای فیستیڤاڵی " کان " کار لە سەر مونتاج کردنەوەی فیلمەکە کرایەوە، جون بینشو، لە ژووری مونتاجدا زۆر سەرقاڵ و ماندووی کارکردن بوو.

من لە دیمەنێکی فیلمەکەدا وەکو یەکێک لە مشتەرییەکانی مەیخانەکە بەدیار دەکەوم، ئەو گرتەیەی کە منی تیام، لە هەوەڵەوە درێژ بوو، پاشان لە مونتاجەکەدا زۆربەیان بڕی، وەختایەک لە سەر کورسی بارەکە دانیشتبووم و مشتەریە ڕاستەقینەکانی مەیخانەکە لە لامەوە دانیشتبوون، فڕێکی گەورەم لە بوتڵە بیرەکە دا، دەمم پڕ کرد لە بیرە، پاشان کردمەوە ناو بوتڵەکە بەبێ ئەوەی بیەڵم تاقە دڵۆپێکی لێبڕژێ، ئەمە گەمەیەکی کۆن بوو، لە گەنجیا زۆرم مەشق لە سەری کردبوو، بەڵام لە فیلمەکەدا لابرا.

لە جون – م پرسی: بۆ ئەو گرتەیە ناخەیتەوە ناو فیلمەکە؟

-ناتوانم، چونکە هەمووان دەپرسن: ئەم کابرا شێتە کێیە؟!

کە ئەکتەری کومبارس بی، مافی ئیرتیجالیەتت نییە. بەهەرحاڵ فیلمەکە گەییە قۆناغێک، نەدەکرا هیچی تری بخەیتە سەر، ئیدی کاتی ئەوە دیاریکرا کە لە هۆڵی سینەماکاندا نمایش بکرێ. هەفتەیەک بەرلە کاتی دیاریکراو، جون هاتە سەردانمان.

– ئامادەی سیناریۆیەکی دی بنووسیت؟ هەرکاتێ ویستت من ئامادەم.

– نەخێر جون، من لە هولیوود دەترسم، ئەوە حەقیقەتی مەسەلەکەیە، یان هیوادارم ئەوە حەقیقەتەکە بێت.

– کەواتە، ئێستا چ دەکەی؟ بەتەمای چیت؟

– لەوەیە ڕۆمانێک بنووسم.

– دەربارەی چی؟

– ڕۆمان پێشوەختە نایەتە باسکردن.

– چما؟

– چونکە باسکردنی وەکو ئەوەیە بێی هەوای ناو تایەیەک فش بکەیتەوە.

سارە گوتی: هانک هەمیشە هەوای تەگەرەکان فەحس دەکات، ئامێرێکی پێوانەی هەیە بۆ کوێ بڕوات لە گەڵ خۆیدا دەیبات.

- سارە ڕاست دەکات. گوێ بگرە جون، ئایا ئاهەنگی کردنەوە بۆ فیلمەکە ساز دەکرێ؟

- ئاهەنگی کردنەوە؟! بۆچی؟ نەخێر..

سارە گوتی: ئاهەنگی کردنەوە نییە؟ ئەمە قسەی قۆڕە!

- جون، دەمەوێ ئاهەنگی کردنەوە بۆ فیلمەکە هەبێ!

- هانک تۆ داوای ئاهەنگی کردنەوە دەکەی؟! خەریکە باوەڕ نەکەم! بۆچی؟!

- بۆچی؟! هەر بۆ فشە، بۆ تەوس و توانج. ئۆتومبیلێکی سپی درێژم بە شوفێرەکەوە دەوێ، گەنجینەیەکی باشی شەرابی نایابی تیابێ لەگەڵ تەلەفزیونێکی ڕەنگین و تەلەفۆنێکی گەڕۆک و هەروەها جگەرەی نایاب...

سارە گوتی: ئەوە قسەی دروستە، ئەوە ڕاستی مەسەلەکەیە.

جون گوتی: با بزانم دەتوانم چی بکەم.

-بە فریدمان بڵێ ئاهەنگی کردنەوە، بە مەبەستی بانگەشەیە بۆ فیلمەکە، و کاریگەری ئەرێنی لە فرۆش و داهاتی فیلمەکەدا دەبێت.

- کار بۆ ئەوە دەکەم.

- جون، ئۆتومبیلە لیموزینە سپیە درێژەکە لە بیر نەکەی.

جون، هەر چۆنێ بوو، توانی ئاهەنگی کردنەوەی فیلمەکە ساز بکات.

سارە، لە ژووری نووستنەکەدا خۆی ئامادە دەکرد، وەختایەک ئۆتومبیلە لیموزینە سپیە درێژەکە گەیی و، لە مەیدان و حەوشەکەی پێشەوەیماڵەکەدا ڕاگیرا، منداڵە دراوسێکان دیتیان، لە دەوری خڕ بوونەوە، یەکێکیان هاواریکرد: هانک، تۆ ناوداری؟!

- ناودار؟ بەڵێ... بەڵێ...

- هانک، دەتوانین لە گەڵتدا بڕۆین؟

- ئاخر بە دڵتان نابێ.

- با، بە دڵمان دەبێ.

شوفێرەکە، لیموزینەکەی کوژاندەوە، دابەزی، تەوقەی لە گەڵدا کردم و گوتی: - من فرانک — م.

- من هانک — م.

- تۆ نووسەرەکەی؟

- بەڵێ، هیچ کتێبێکی منت خوێندووەتەوە؟

- نا، لە ژیانما هیچ کتێبێکی تۆم نەخوێندووەتەوە.

- منیش، لە ژیانما نەمدیتوە تۆ ئوتومبیل باژۆی.

- با، تۆزێ لەمە پێش بینیمیت.

- گوێ بگرە، ژنەکەم هێشتا خۆی ئامادە دەکات، زۆری پێناچێت.

- باشە چ دەنووسیت قوربان؟

- مەبەستت چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە کە تۆزێ لەوە پێش گوتم، چی دەنووسیت؟

( بە هۆی ئەم پیاوەوە خەریک بوو مگێزم تێک دەچوو، من فێری ئەوە نەبووم، مامەڵە لە گەڵ شوفێراندا بکەم ).

- دەی باشە، شیعر و چیرۆکی کورت و ڕۆمانان دەنووسم.

- سیناریۆشت نووسیوە؟

- دروستە.

- دەربارەی چی دەنووسیت؟

- دەربارەی چی؟!

- بەڵێ، دەربارەی چی؟!

- ئمم... دەربارەی ژیان دەنووسم، تێم دەگەی؟ بەڵێ ژیان.

یەکێک لە منداڵە دراوسێکان لە سەر دیواری حەوشەکەوە سەری کێشا و هاواریکرد: دایکم دەڵێت دەربارەی شتی قۆڕ و قێزەون دەنووسێت!

شوفێری لیموزینەکە تەمەشای منی کرد: تکایە بە ژنەکەت بڵێ ڕێگاکە دوورە و نامانەوێ دوا بکەوین.

چوومە ژوورەوە و بانگم لە سارە کرد: سارە، لیموزینەکە ئامادەیە... خێراکە...

- زۆر زوو هات.

- دەزانم، بەڵام ئەمشەو هەینییە و ڕێگا دوورە.

- یەک خولەکی دی دێمە خوارەوە، خەمت نەبێ، پێڕا دەگەین.

قووتوویەک بیرەم هەڵپچڕی وتەلەفزیونەکەم پێکرد، پێشبڕکێی بۆکسێن لە کەناڵی وەرزشدا هەبوو، بۆکسێنێکی گەرم و باڵکێش بوو: بۆکسێنەرەکان، ئەمڕۆ لە جاران زیاتر دەگەڵ حاڵەتەکەدا ساز بوون، ئەو هەموو وزەیەم پێ سەیر بوو کە لە کاتی پێشبڕکێیەکەدا بەکاریان دەبرد، وێڕای ئەوەش هەر بەردەوام دەبوون لە سەر یارییەکە و بۆکس وەشاندن. ڕەنگە ئەو ماوانەی کە بە مانگان لە هۆڵێن بونیاتنانی جەستەدا، ڕاهێنان و مەشقیان دەکرد، بە دەوری یاریگاکەدا غاریان دەدا، وای کردبێ، بەرگەی ئەو یاری و پێشبڕکێیە

دژواره بگرن. بەڵام بەرله دەستپێکی پێشبڕکێیەکە بە دوو سێ ڕۆژ، باری دەروونی دەکاتە کلیلی سەرکەوتن. هەڵبەتە بەهرە و وێرەکش زۆر گرینگن، بەڵام ئەگەر بارێکی دەروونی ساز و ئامادەی لە گەڵدا نەبێ، بەس نییە.

حەزم لە سەیر کردنی پێشبڕکێی بۆکسێن هەیە، چونکە نووسینم بیر دەخاتەوە، لە نووسینیشدا پێویستت بە هەمان ئەو شتانە هەیە: بەهرە و وێرەک و باری دەروونی. باری دەروونی هاونەواییەکی غەریب و سەیرە لە نێوان ئاوەز و ڕۆحدا. تۆ بە نووسەری لە دایک نابیت.بۆ ئەوەی ببی بە نووسەر، دەبێ هەموو جارێ لە بەردەم تایپەکەت دانیشیت، هەرکە لە سەر کورسیەکە دانیشتی دەبێ بەسەر تایپەکەدا دابنەویتەوە، تا کارەکە ئاسانتر بێتە دەستەوە. ئەوەی هەندێجار قورسە، دۆزینەوەی کورسی ودانیشتن لە سەر کورسییەکەیە، هەندێجار ناتوانی دانیشیت. ئیدی حاڵت وەکو حاڵی هەر کەسێکی ڕووی ئەم ئەرزەیە، هەمیشە هەندێ کۆسپت دێتەڕێ: وردە کێشە، کێشەی گەورە، زەربەی یەک لە سەر یەک، زەربەی بەهێزی لە ناکاو. دەبێ لە حاڵ و ئاستێکی وەهادابی، کە بتوانی بەرگەی هەموو ئەو زەربانە بگرێ کە دەیەوێ بتکوژێ، من ئەم پەیامەم لە پێشبڕکێی بۆکسێنەوە و، لە پێشبڕکێی ئەسپانەوە هەڵێنجا. دەڵێم دەربارەی ژیان دەنووسم، بەڵام ئەوەی سەرسامم دەکات، ئەو وێرەک و ئازایەتیەیە کە هەندێ کەس لە ژیانیاندا دەینوێنن، و هەر ئەوەشە بە زندوویەتی دەیان هێڵێتەوە.

ئەنجام سارە هاتە خوارەوە، هەڵبەتە دوای ئەوەی بە تەواوەتی خۆی لە تەل دابوو. تەلەفزیونەکەم خامۆش کرد و بۆ لای لیموزینەکە دەرچووین. منداڵە دراوسێکان کەوتنە بانگکردنی: سارە! سارە! لەگەڵ خۆتمان ببە سارە گیان!

-جارێ بچن ئیزن لە دایکتان وەربگرن.

دایکیان؟ ئەدی بۆچی ئیزن لە باوکیان وەرنەگرن؟!... لیموزینەکە بە ئەسپایی کەوتە ڕێ، منداڵەکان بە غار دووی کەوتن. ئەی خودا! بەم نزیکانە دەمرم، ڕەنگە نیوەی ئەم منداڵانە فێری نووسین ببن، ڕۆژێ دێ شتی ترسناکم دەربارە دەنووسن.

بوتڵە شەرابێکم دەرهێنا، دوو پەرداخم بۆ خۆمان تەژی کرد، لەو کاتەدا پەرداخەکەم لە پەرداخەکەی سارە دا گوتم: سورمە لە چاوێکتا دەبینم!

-سورمە لە هەر دوو چاوتا دەبینم!

تەلەفزیونی ناو لیموزینەکەم هەڵکرد، کەناڵە وەرزشییەکەم نەدۆزییەوە، کوژاندمەوە. سارە تەمەشایەکی کردم: بە خەیاڵیش وێنات کردووە، بە ئوتومبیلی لیموزین بۆ ئاهەنگی کردنەوەی فیلمێک برۆی کە تۆ نووسی بێتت؟

– نا، من دڵشادم، کە هێشتا لە سەر تەختەکەی ناو باخەکە نانووم.

– حەزم لە لیموزینە، ڕۆیشتنەکەیم پێخۆشە.

– دەفڕێ، بەرەو ئاسمانمان دەبات. با پێکێکی دیکەت بۆ تێکەم...

– شەرابێکی نایابە.

- زۆریش.

ئوتوبانەکەی شانبەشانی بەندەرەکەمان بە ئاراستەی باکووردا بڕی، ئەوسا خۆمان بە شەقامی سان دییگو دا کرد، حەزم لەم شەقامە نییە، هەمیشە قەرەباڵغە. باران نم نم دەستی پێکرد، گوتم: ئیدی، دەبارێ و، هەموو ئوتومبیلەکان دەوەستن. شوفێرانی کالیفورنیا، ئاژۆتنیان لە بارانا و لە بەر باراندا باش نییە، یان زۆر بە خێرایی یان زۆر بە هێواشی داژۆن، بەڵام زۆربەیان بە هێواشی دەڕۆن.

- دوا دەکەوین.

- پێدەچێ.

هەرواش دەرچوو، شوفێری ئوتومبیلەکان ترسیان کەوتە دڵ. سەریان لە جامەکانی پێشەوە نزیک دەکردەوە، بە چاوانی گرژەوە کە ڕوحیانی لێوە دەردەچوو، لە نێوان فلْچەی جامەکانەوە تەمەشایان دەکرد. ئەو گەوجانە دەبوا مەمنوونی بەختی خۆ بن کە ئوتومبیلەکانیان فلْچەی پێوە بوو، خۆ ئەگەر ئوتومبیلی کۆنی وەکو ئەوەی منت پێبوایە، هەنگێ دەتزانی کە ئاژۆتنکاری چەند زەحمەتە. تەسەور بکە من لە ڕۆژانی باراندا، پەتاتەی نەکوڵاوم لە گەڵ خۆدا دەبرد. قاژ قاژم دەکرد، ئوتومبیلەکەم لە کەنارێکەوە ڕادەگرت و، دادەبەزیم تا بە قاژە پەتاتە جامەکەی پێشەوە بسرم، و سەر دەکەوتم و دەکەوتمەڕێ.

بەڵام ئەو شوفێرە گەوجانە، بەجۆرێ ڕەفتار دەکەن لە تۆ وایە لە سەر جێگەی مەرگدان. لە گەڵ هەر دڵۆپە بارانێکا، ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕێ، دەمرن و دەژێنەوە، ترسیان لێدەنیشێت، ترسێکی گەوجانە… ترسێکی سەخیف… ترسێکی بێسوود، ئەگەر قەرار بێ ترسی ناخت دەربکەی، لە هەنبەر بویەرێکا دەری ببڕە کە شایستەی ترس بێ.

وێڕای ئەوەش، پێویستە غەدر لە شوفێری لیموزینەکە نەکەم، هەر شتە و بە هەقی خۆی لە گەڵدا بکرێ، ئەلهەقی کارکردەیە، دەزانێ کام ڕیزە ئوتومبیل دەوەستێ، کێهە ڕیز دەجووڵێ، خێرا دووی ڕیزە جووڵاوەکە دەکەوێ، لەبەر ئەوە لەو هەڵەیەی دەبوورم کە کتێبەکانی نەخوێندوومەتەوە، من ئەو خەڵکانەم خۆش دەوێن کە لە کاری خۆدا کارامە و مەعلانن، ژمارەی ئەوانە لە هەموو بوارەکانا کەمن. پێمگوت: پێموایە، لە کاتی دیاریکراوا دەگەین.

- دەبێ بگەین.

- کێهە نووسەرت بەدڵە؟

- شکسپیر.

- ئەگەر لە وەختی دیاریکراودا بگەین دەتبوورم.

- کە لە کاتی دیاریکراوا گەیشتین لە خۆم دەبوورم.

ناتوانم لە گەڵ ئەم کەسەدا بکەومە گەنگەشە، هەموو جارێک لەمپەڕێکم دەخاتە بەردەم.

ئەوە گەیشتین، شوفێرەکە دەرگای لیموزینەکەی ڤەکرد و دابەزین، لە بەردەم مۆڵێکی بازرگانی گەورەدا بوو، هەق بوو هۆڵی سینەماکەش لەم مۆڵەدا بێ.

- سوپاس فرانک.

- سەر سەر و سەرچاوان. دەچم ئۆتومبیلەکە لە گەراج ڕادەگرم، کە دەرچوون دەتانبینمەوە.

- چۆن دەمانبینییەوە؟

- دەتان بینمەوە.

تەمەشای پێشەوەم کرد، چار پێنج پیاوم بینی چەتریان پێبوو، چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، لە بەشە مەکشوفەکەی مۆڵە بازرگانیەکە بووین و بارانمان بە سەردا دەباری. پیاوەکان بە خۆ و سەیوانەکانیانەوە بە غار بەرەو لای ئێمە دەهاتن، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو کە تەڕ نەبین.

پێکەنیم: کە سەخافەتە!

سارە پێکەنی: من سەخافەتم پێخۆشە!

دەگەڵ پیاوە چەتر بەدەستەکاندا ڕۆیشتین، ئەوسا چووینە ناو مۆڵەکەوە. ئیدی کامێرای ڕۆژنامەوانان و ڕوناکی فلاشان لە بەر دەرگای چوونە ژوورەوەدا چاوەڕوانمان بوون، ئیدی من دەچوومە قۆناغ و سەردەمێکی تازەوە، ئیدی ئەو تەختەی ناو باخچەکە، کە لە سەری دەنووستم، بوو بە ڕابردوو، ئاوەو ئاو چوو.

(( ٤٤ ))

بە یەکێک لە پیاوە چەتر بە دەستەکانم گوت: حەیفێ، بوتڵە شەرابەکەمان لە ئۆتومبیلەکەدا بیر چوو، بەدەم تەمەشاکردنی فیلمەکەوە دوو بوتڵمان پێویست دەبێت.

- جەنابی چیناسکی خەمت نەبێ دوو بوتڵت بۆ دێنم.

- ئاچەری هەڵپچڕینی شەرابەکەت لە بیر نەچێت.

کابرا ڕۆیی تا شەرابەکە بێنێ. ئەوسا فرانسین باورز – م بینی، وەکو پەیکەرێکی مەرمەڕین وەستابوو، جارێ تەمەشای لای ڕاستی دەکرد و، پاش خولەکێک تەمەشای لای چەپی دەکرد، شکۆ و جەلال لە جەستە و جلەکانیا پرشنگی دەدا، ئەلهەقی دوا ستێری گەورە بوو. بەرەو ناوەوە درێژەمان بە ڕێی خۆمان دا، کامێرایەکی تەلەفزیونیم بینی لە گەڵ ئەو خانمە بێژەرەی کە لە کەناڵە تەرفیهییەکەدا دیمانەی لە گەڵ نێودارانداد دەکرد، سڵاوی لێکردم: " جەنابی چیناسکی "، سەرم بۆ دانەواند: " سەرچاو گیانە. " پێش ئەوەی هیچ پرسیارێکم لێبکات، پێمگوت: من زۆر نیگەرانم، بوتڵە شەرابەکەم لە لیموزینەکەدا لە بیر چووە، تەسەور دەکەم ئێستا شوفێرەکە تێی بەربووبێ و بۆ خۆی بیخواتەوە، پێویستم بە شەرابی زیاترە.

- بەو حیسابەی سیناریستی، ئایا شێواز و ستایلی دەرهێنانی فیلمەکەت بەدڵە، لێی ڕازیت؟

- دەرهێنەرەکە مامەڵەی دەگەڵ ئەکتەرانی زۆر دژواردا کردووە، مەبەستم ئەکتەرانی دەوری بتوڵەیە، هەموو دژوارییەکانی تێپەڕاندووە. مشتەریە ڕاستەقینەکانی مەیخانەکەمان لە فیلمەکەدا بەکار هێنا،شتاقیان ئەمشەو بۆ

ئاهەنگی کردنەوەی فیلمەکە بانگ نەکراون. جووڵەی کامێراکە زۆر چاک بوو، نایاب بوو و، سیناریۆکەش چاکە.

- ئەمە چیرۆکی ژیانی خۆتە؟

- ئەمە تەنیا چەند ڕۆژێکە، تەنیا دە ساڵی ژیانمی لە خۆ گرتووە.

- سوپاس جەنابی چیناسکی، کە ئەو قسانەت بۆ کردین.

- شایانی نییە.

ئەوسا جون بینشو هات: " سڵاو هانک، سڵاو سارە، دوام، بکەون ". دوای کەوتین بۆ لای کۆمەڵێک خەڵکی، هەموو ڕیکۆردەر و کاسێتیان پێبوو، بە پرسیار دایانگرتمەوە:- مەستی بە هەستێکی گەورە دەزانی؟

- گەورەتر لە هەموو شتێکی دیکە.

- باشە خواردنەوە پەتا نییە؟

- هەناسە پەتایە.

- پێت وانییە بادەنۆشان خەڵکانی ناشیرین و ناحەزن؟

- با، زۆربەیان ناشیرینن، هەروەها زۆربەی ئەوانەش کە ناخۆنەوە، ناشیرینن.

- بەڵام، کێ بایەخ بە فیلمێک دەدا کە لە مەڕ ژیانی بابایەکی بادەنۆش بێ؟

- بادەنۆشێکی دی.

- تۆ پێت وایە مەشرووباتی قورس، دەبێ لە باری جڤاکیەوە پەسند بێ؟

- لە " بفرلی هیلز " بەڵێ، لە گەڕەکی هەژاراندا نا.

- ئایا هولیوود تەواو بوو؟

- باوەڕ ناکەم.

- چما ئەم فیلمەت نووسیوە؟

- وەختایەک دەنووسم بیر لە چما ناکەمەوە.

- کام ئەکتەرەت بەلاوە پەسندە؟

- کەس.

- ئەدی خانمە ئەکتەری دڵخوازت؟

- هەمان وەڵامی پێشوو.

جون بینشو ئانیشکێکی تێوە ژەندم: " باشتر وایە بڕۆین، فیلمەکە خەریکە دەست پێدەکات. " بەرەو هۆڵی سینەماکە ڕۆیشتن، ئەوسا لە پشتەوە گوێم لە دەنگێ بوو: " چاوەڕێ بکە "! ئەو پیاوەی ناردبووم شەراب بکڕێ، بە غاردان بە خۆ و زەرفێکی کاغەزینەوە هات، ئەوسا لە بەردەستمیا دانا. پێمگوت: تۆ یەکێکی لە پیاوە هەرە جوانەکانی دنیا!

جون لێی پرسیم: ئەمە کێیە؟ ئایا لە " فایر باور " کار دەکات؟

-نازانم.

خۆمان بە هۆڵی سینەماکەدا کرد، تاریک بوو، نمایشی فیلمەکە چەند خولەکێک بوو دەستی پێکردبوو.

- توخوا ئەمە حاڵە! باشە ناتوانن کەمێک چاوەڕوانمان بکەن؟ لای خوایە نووسەرین!

- دوام کەون، دوو کورسیم بۆ گرتوون.

بە ڕاڕەوە تاریکەکەدا دووی جون کەوتین، ئەوسا لە سەر دوو کورسی نزیکی ڕاڕەوەکە دانیشتین. دوو کیژ لەسەر دوو کورسی دیوەکەی دیکەی ڕاڕەوەکە دانیشتبوون، یەکێکیان بەوی تری گوت: " نازانم لێرەدا چ بکەین؟ زۆر ڕقم لە هنری چیناسکییە، بەشەرێکی قێزەونە! " . دەستم بە زەرفە کاغەزینەکەدا کرد، دەستم لە بوتڵە شەرابەکە و ئاچەرەکە دا. کیژەکە لە سەری ڕۆیی: " هنری چیناسکی ڕقی لە ژنانە، ڕقی لە منداڵانە، پیرەمێرێکی هۆڤیە! نازانم خەڵکی خۆشییان بە چی ئەوا چووە. "

ڕوناکییەک لە شاشەی سینەماکەوە پرشنگی دا، کچی دووەم بینیمی، ئانیشکێکی لە قەبرغەی دەستە خوشکەکەیەوە ژەند: " وس بە! وابزانم لێرە دانیشتووە " دوو پەرداخ شەرابم تێکرد، بەرزمان کردنەوە، سارە گوتی: ئێستا هەڵدەستم و ئەم جووتە سۆزانییە دارکاری دەکەم!

-نا، دژبەرەکانم باشترین سەرچاوەی دەرامەتن بۆ من! زۆریان ڕق لێمە، بە تێپەڕبوونی کات ڕق – لە نائاگاییدا – دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستی.

لە شوێنێکا دانیشتبووین، فیلمەکەمان نەدەبینی، هەموو ئەوانەی لە پێشمانەوە ڕۆنیشتبوون باڵابەرز بوون، سەریان گەورە و شێوەیان ناشیرین بوو، تەوێڵیان پان و لاکێشەیی بوو. هەروەها دەنگی فیلمەکە بەرز و نامەفهووم بوو، دەنگەکە بەم ئاوایە لە گوێدا دەنگی دەدایەوە: " هووو... ووو... وولد... و ئفت... تاا... تووو... یووو... " گوایە لە ئاهەنگی ئەو تاقە فیلمەدا بووم کە لە ژیانما نووسی بووم و، تاقە وشەیەکی لێ حاڵی نەبووم.

سارە گوتی: جون ئاهەنگی کردنەوەکەی بەباشی ڕێک نەخستووە.

- ڕۆژێ لە ڕۆژان فیلمەکە لە ڤیدیودا دەبینین.

- بەڵێ.

سەرە زەلام، دزێو، تەوێڵ پان و لاکێشەییەکان لە پاینی شاشەکەدا دەجوڵان. دوو ڕوخساری گەورە لە سەر شاشەکە بوون بە دەنگێکی بەرز و شێواو و بەمجۆرە دیالۆگیان دەکرد: - فال... فال... یول پووو... تاا... تا ئائائام... یا ئائا... بر ئائائا... سو... ؟

-یا دو ئائائا... یا... تا... یا فووو... دوو... ئا!

بەڵام جوانترین شت ئەوە بوو، وەختایەک سەرە زلەکان، پەرداخە درێژە زەلامەکانیان بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی بخۆنەوە، پەرداخەکان نیوەی شاشەکەیان دادەپۆشی. ئەوسا شەرابەکەیان لێدەڕژا و دەچوو بۆ شوێنێ دەکەوتە ژێر تەوێڵە پان و لاکێشەییەکانەوە. پاشان شەرابەکە تەواو دەبوو، ئیدی شێوەی پەرداخە درێژە زەلامەکان دەگۆڕا... ئەوسا دووبارە تەژی دەکرانەوە، بەو ئاوایە وەکو تاپۆێن ڕەش دەکشان و کرژ دەبوونەوە.

کە پەرداخی زەلام بوون لە هادیسەوە هاوردەکرابوون! خوا دەزانێ ئەم تەوێڵە پان و درێژ کۆڵانە سبەی بەیانی تووشی چ ژانە سەرێک دەبن؟!

من و سارە، دوای کەمێک وازمان لە تەمەشا و پەیگیری فیلمەکە هێنا و ئیدی تا فیلمەکە تەواو بوو، مژوولی خواردنەوەی شەرابی بە لەزەت بووین.

هەندێ لە تەمەشاڤانان چەپڵەیان لێدا و، ئیدی بەرەبەرە لە هۆڵەکە وەدەرکەوتن، من و سارەش دوایان کەوتین. لە دەرێی هۆڵەکەدا دنیایەک کامێرا و فلاشان لە چاوەڕوانی مەدا بوون، بە گوێرەی توانا هەوڵمدا خۆ لە ڕۆژنامەڤانەکان بدزمەوە.

دوای ئەو هەموو شەرابەی خواردبوومانەوە، کاتی خۆ بەتاڵ کردنەوە هاتبوو، بە سارەم گوت: لە لای زەرعاتەکەی بەرانبەر گەرماوەکانی ژناندا دەتبینمەوە.

خۆم بە گەرماوی پیاواندا کرد، لە بەردەم میزگەکەدا وەستام، کابرایەکی مەستم لە تەنیشتەوە بوو بە لادا دەهات. تەمەشایەکی کردم: تۆ هنری چیناسکی — ت؟ وانییە؟!

-نا، من براکەیم، دونی — م.

( کابرای سەرخۆش هەر بەلادا دەهات، میزەکەی ڕشتە ناو میزگەکە و دەرەوەی میزگەکە ).

- چیناسکی لە هیچ کتێبێکیدا نەینووسیوە کە برای هەیە.

- چونکە ڕقی لێمە.

- چما؟

- چونکە شەست هەفتا کەڕەت بەر شاپانم داوە.

کابرای سەرخۆش دەستبەرداری بابەتەکە نەبوو، لە هەمان کاتدا هەم دەمیزی و هەم بەلادا دەهات. وەدەرکەوتم و لەلای زەرعاتەکە چاوەڕوانی سارەم کرد، شوفێری لیموزینەکە هات و گوتی: ڕایان سپاردووم بتانگەیەنمە ئاهەنگەکە، ئاهەنگی تایبەت بە کردنەوەی فیلمەکە.

-زۆرچاکە.

چەند هەنگاوێک دووی فرانک کەوتین، وەختایەک لە مۆڵی بازرگانی ڕەت بووین، بە سارەم گوت: ئایا دەزانی؟ زۆربەی شوفێرەکان، لە دەرێ ڕا و لەلای ئۆتومبیلەکانیان چاوەڕوان دەکەن، کەچی فرانک وەژوورکەوت و

سۆراخی کردین و دوزیمانیەوە. بەڵام شەپقەکەی لە سەری داکەندبوو، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە خەڵکی نەزانن شوفێرە.

-کە شەوێکی سەیرە!

لە فرانک نزیک بوومەوە و لێم پرسی: خۆ ئەو شەرابەت نەخواردووەتەوە کە لە نێو ئوتومبیلەکەدا مابوو؟ وانییە؟

– هەڵبەتە نەم خواردووەتەوە.

– فرانک، باشە مەرجی سەرەکی لای شوفێران ئەوە نییە کە ئوتومبیلەکانی خۆ بەجێ نەهێڵن؟ وای دابنە – بۆ نموونە – کەسێک لیموزینەکەی دزی؟

– قوربان، کێهە شێت، ئەم فریشقەیە دەدزێ؟!

– ئمم... هەق بە تۆیە!

(( ٤٥ ))

ئاهەنگی پاش کردنەوەی فیلمەکە لە خوارنگەی " کوپر فیلد " بوو، جادەی بریا – لوس ئانجلیوس. فرانک گەیاندینیە بەر دەرگای خوارنگەکە، لە ئوتومبیلەکە دابەزین، سەیرمان کرد کامێرا و فلاشی ڕۆژنامەڤانان لە چاوەڕوانی ئێمەدان. پێموایە نازانن وێنەی کێ دەگرن و، بەلاشیانەوە گرینگ نییە، مادامێکی تۆ لە ئوتومبیلی لیموزین دابەزیوی، ئیدی شایستەی وێنەگرتنی.

چووینە نهۆمی خوارەوەی خوارنگەکە، حەشامەتێکی زۆر، بربڕ وەستاون، هەر برێک بریتیە لە سێ چوار کەس کە شەرابی سوور دەخۆنەوە. هەرچەندە کەش و هەوا لە دەرەوە فێنک وخۆشبوو، بەڵام لە ژوورەوە زۆر گەرم بوو، ئامێری فێنک کەرەوە نەبوو، ئەمە جگە لەوەی زۆر قەرەباڵغ بوو، خەڵکانێکی زۆری لێبوو کە پشکە ئوکسیجینی منیان دەدزی.

من و سارە، دوو پەرداخ شەرابمان لە بوفیە کراوەکە وەرگرت و لە لایەکەوە وەستاین، تامی شەرابەکە زۆر ترش و تیژ بوو، لە دنیادا هیچ شتێک لە شەرابی سووری هەرزان بەها خراپتر نییە، جگە لە شەرابی سپی هەرزان بەها، بەتایبەتی ئەگەر بوتڵەکە گەرم بێ.

– ئەو خەڵکانە کێن سارە؟ ئەمانە چ دەکەن لێرە؟!

– هەندێکیان کاری فیلمسازی دەکەن دەیانەوێ لە فیلمسازیدا کاربکەن و، هەندێکیان بۆیە بۆ ئێرە هاتوون، چونکە شوێنێکی دیکەیان شک نەبردووە بۆی بچن.

– باشە لێرە چ دەکەن؟

– هەندێکیان لە کار دەگەڕێن، هەندێکیان هەوڵدەدەن گرێبەستی کارەکانیان لەدەست نەدەن. هەندێکیان، دەچن بۆ هەر ئاهەنگێ کە بۆیان بلوێ. جگە لە چەند ڕۆژنامەڤانێکی کەم.

جەوەکە خۆش نەبوو، نە تامی هەبوو نە بۆ. دەربازبووانی مردن و بازرگانانی مادەێن هۆشبەر و کەڵەکباز و، خوێڕی و تۆڕی لێرە کۆدەبنەوە. ڕوحە شەڕانیەکان لێرە کۆدەبنەوە و چەنەبازی دەکەن و، کەشەکەش گەرم گەرم گەرمە.

ئەوسا پیاوێکی بەڕێزی پۆشتە و پەرداخ هات: تۆ جەنابی چیناسکی – ت؟ وانییە؟!

- با.

- ئێرە شایەنی تۆ نییە، دەبێ لە گەڵ ئێمەدا بێیتە سەرەوە، دوام بکەوە.

بەرەو لای قاڵدرمەکە دووی کەوتین، پاشان بۆ قاتی سەرەوە، کابرای پۆشتە و پەرداخ ئاوڕێکی دایەوە و گوتی: تۆ نابێ ئەو شەرابە بخۆیتەوە کە دەدرێ بە خەڵکی دی، نها بوتڵێ شەرابی تایبەتیت بۆ ڕادەسپێرم.

- سوپاس، بێزەحمەت بیکە بە دوو بوتڵ.

- ئەمرەکەی، تۆزێکی دی دەگەڕێمەوە.

سارە گوتی: ئەمە چییە، بۆ ئەمەمان لە گەڵدا دەکرێ؟!

-بێدەنگ بە! ئەمە جارێکی دی دووبارە نابێتەوە.

تەمەشای حەشاماتەکەی نهۆمی سەرەوەم کرد، هەمان هەست دایگرتم، کە لە کاتی دیتنی حەشاماتەکەی خوارەوە گرتبوومی.

کابرای پۆشتە و پەرداخ هاتەوە، دوو بوتڵە شەرابی نایاب و ئاچەرێک و دوو پەرداخی خاوێنی بریقەداری شەرابی لەگەڵ خۆدا هێنابوو.

- زۆر سوپاس، گەلەک مەمنوون.

- سەر سەر و سەرچاوان. من گۆشە هەفتانەکەتم لە ڕۆژنامەی لوس ئانجیلوس دەخوێندەوە.

- لەوە ناچێ بە تەمەن بی.

- گەورە نیم، بەڵام باوکم پیاوێکی هیپی بوو، دوای ئەوەی ڕۆژنامەکەی فڕێ دەدا، هەڵمدەگرتەوە و دەمخوێندەوە.

- دەتوانم ناوت بزانم؟

- کارل ویلسون، من خاوەنی ئەم خوارنگەیەم.

- ئەها، باشە، دووبارە سوپاس بۆ ئەم شەرابە باشە.

- شایەنی نییە، هەرچییەکت پێویست بوو قسە بکە.

- بێگومان.

کابرای بەڕێز ڕۆیی، یەکێک لە بوتڵەکانم هەڵپچڕی و دوو پەرداخم تەژی کرد، ئەلهەقی شەرابێکی نایابە. لە سارەم پرسی: ئەو خەڵکانەی لێرەن کێن؟ جیاوازیان لەو خەڵکانەی خوارەوە چییە؟

- لە جەوهەر و کرۆکدا یەکن، ئەمانە داراتر و بەختەوەرترن لەو خەڵکانەی خوارەوە، پارە و سیاسەت و پەیوەندی خەڵکی دەخاتە دنیای فیلمسازییەوە، بەڵام بەهرە شتێکی لاوەکییە. دەزانم من وەکو فرۆشیارێکی عەرەبانەگێڕی سەر ڕێگەوبان قسە دەکەم، بەڵام کاروبارەکان واهی دەچنە پێش.

- بەو ئاوایە ڕۆژ بە ڕۆژ خراتر دەبێ، تەنانەت ئەو فیلمانەش کە پێیان دەگوترێ " باشترین فیلم " لە نۆڕینی منەوە خراپن.

- ڕەنگە، دیتنی پێشبڕکێی ئەسپانت پێ باشتر بێ.

- بە دڵنیاییەوە.

جون بینشو هات، بە پێکەنینەوە گوتم: خودایا! ئەو خەڵکە چین؟ هەستدەکەم بە گوو ئابلۆقە دراوم!

ئەوسا فرانسین باورز – ش هات، چاوەکانی پرشنگی شادییان لێدەبووەوە، فیلمەکە بۆ ئەو گەڕانەوەیەکی بەهێز بوو. پێمگوت: ئەداکەت باش بوو.

جون گوتی: زۆر باش بوو.

سارە گوتی: بزانم ئەمڕۆ قژەکەت بە سەر شان و ملتا بەرداوەتەوە!

- ئەم شەرابە چییە پێتان؟ پێدەچێ جۆرێکی باش بێت.

- تاقی بکەوە... ( بوتڵەکەم لار کردەوە و بۆم تێکرد ).

جون گوتی: بۆ منیش تێکە.

فرانسین لێی پرسیم: چۆنە... ئەم شەرابە نایابەت کڕیوە؟!

-خاوەنی خوارنگەکە، بابی کابرایەکی هیپی دەبێ، هەردووکیان ڕۆژنامەی لوس ئانجیلوس دەخوێننەوە، جا کاتی خۆی من گۆشەیەکی هەفتانەم لەو ڕۆژنامەیەدا هەبوو بە ناونیشانی " بیرەوەرییەکانی مرۆڤێکی نیاندەرتاڵ ".

ئەوسا هەمووان بێدەنگ بووین، هیچمان پێنەبوو بیڵێین، ئیدی کارکردن لە سەر فیلمەکە تەواو بوو. پرسیم: جاک بلیدسو لە کوێیە؟

جون بەرسڤی دایەوە: بۆ ئەم جۆرە ئاهەنگانە ناچێت.

فرانسین گوتی: من دەچم.

سارە هەڵیدایە: ئێمەش دەچین.

ئەوسا گەنجێک هات و گوتی: من لە گۆڤاری " ئاوێنەی سینەما " دا کار دەکەم، دەخوازم دیمانەیەک لەگەڵ فرانسین بکەم.

فرانسین گوتی: بە خۆشحاڵییەوە.

و لە گەڵ گەنجەکەدا ڕۆیی. بە لار و لەنجە و ناز و کریشمەوە ڕێی دەکرد، زۆرم پێخۆش بوو، شادم بە شادی هەموو ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەوانەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەخت پشتیان تێدەکات.

سارە گوتی: جون بچۆ بە دوایا، بە بوونی تۆ ئاسوودە دەبێ، حەز دەکا تۆی لەگەڵدا بی.

- منیش بڕۆم؟

- نا، هانک، دیمانەکە بە تەواوەتی دەشێوێ و، ئەوەشت لە بیر نەچێ بۆ هەر دیمانەیەک داوای هەزار دۆلار دەکەی.

- ئەمە دروستە.

جون گوتی: باشە، دەڕۆم بۆ لای.

گەنجێکی دیکە هات، ڕیکۆردەرێکی کاسێتلی پێ بوو: من لە ڕۆژنامەی " هیرالد ئیکزامنر "م، بەرپرسی لاپەڕەی " قسە بکە و نووچە بگەیەنە ". بۆچوونت سەبارەت بە ستایلی دەرکەوتنی فیلمەکە لە سەر شاشە چییە؟

سارە لێی پرسی: هەزار دۆلارت پێیە؟

- بۆ چوونت دەربارەی ستایلی دەرکەوتنی فیلمەکە لە سەر شاشە چییە؟

- فیلمێکی ئاوارتەیە، دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر، خەڵکی هەموو براوەکانی خەڵاتی ئۆسکاری ئەمساڵیان لە بیر دەچێتەوە بەڵام نمایشی " سەمای جیم بیم " لە یانە سینەماییەکان و، لە سەر شاشەی تەلەفزیونەکان بەردەوام دەبێ، تا ژیان لە سەر هەسارەی زەوی بەردەوام بێ، بەردەوام دەبێت.

- بەڕاستی ئەوە قەناعەت و باوەڕتە؟

- بەڵێ. لە گەڵ هەر نمایش کردنێکا، تەمەشاڤانان مانای تازە بۆ ئەو دیالۆگ و دیمەنانە دەدۆزنەوە، کە تیایەتی، ئەو مانایانەی کە لە لایەن هیچ کەسێکەوە بە ئانقەست تێهەڵکێشی نەکراوە. زێدەڕۆیی چ لە مەدحدا و چ لە زەمدا شێوازی باوی کۆمەڵگەی ئێمەیە.

- ئایا سەرخۆشان بەم شێوازە قسە دەکەن؟

- هەندێکیان بەو ئاوایە قسە دەکەن، تا یەکێ دێت و دەیانکوژێ.

- پێدەچێ هەڵسەنگاندێکی بەرز بۆ فیلمەکە بکەیت؟!

- فیلمێکی گرینگ نییە، بەڵام فیلمێن خەڵکانی دی زۆر خراپن، یەکەڵە چاو لە شاری کوێراندا پاشایە.

- کامە فیلمەی لە ژیانتا دیتوتە بە باشترین فیلم دەزانی؟

- " سەری مساحە ".

- " سەری مساحە "؟!

- بەڵێ.

- بە گوێرەی پۆلێنی تۆ، کام فیلمە لە دوای ئەوە دێ؟

- " کێ لە فیرجینیا وولف دەترسێت؟ "

کارل ویلسون هاتەوە: چیناسکی، پیاوێک لە خوارەوەیە دەڵێ تۆ دەناسێت و دەیەوێ بۆ ئێرە سەربکەوێ، ناوی جون گالتە.

-تکایە با سەر بکەوێ.

بوتڵە شەرابەکەی دیکەم هەڵپچڕی، چەند پەرداخێکی تازەم تەژی کرد و چاوەڕوانم کرد، ئەوە جون گالتە، جون گالتی مەزن، بەرەو لای من دێ!

- من و هانک قەت بە دەست تەوقە ناکەین...! سڵاو سارە، هێشتا هەر زاڵی بە سەر ئەم پیاوەدا؟

- بەڵێ جون.

زۆر پیاو دەناسم ناویان جون – ە، کێشەی ئەو ناوانەی لە تەوراتدا هاتوون، ئەوەیە زۆر بڵاو و دووبارە دەبنەوە: جون، مارک، پیتر، پول.

جون گالت – ی مەزن، سەرحاڵ و ساغ و سەلامەتە، چاوەکانی بێگەردتر بوون، ئیدی بێگەردی درەنگ یان زوو لە نیگای پیاوانی چاکدا دەردەکەوێ. لە نێوان من و جون دا... بەرژوەندی شەخسی دەسڕێتەوە و، ترس نامێنێ و، ڕکابەری قێزەون نامێنێ. پێمگوت: ڕەنگ و ڕووت باشە، سەلامەت و سەرحاڵ دیاری گیانەکەم.

-تۆش، زۆر سەرحاڵتر و بە دەماختر لە بیست و پێنج ساڵ لەمە پێش دیاریت.

سارە گوتی: لە سایەی ڤیتامینات و خۆراکی تەندروستەوە، نە گۆشتی سوور، نە خوێ و نە شەکر...

- ئەگەر خەڵکی بەم قسانەی سارە بزانن، یەکسەر فرۆشی کتێبەکانم دادەبەزێ جون.

- کتێبەکانت هەمیشە فرۆشیان دەبێ هانک، تەنانەت منداڵیش لێت تێدەگات.

جون گالت – ی مەزن! کە پیاوێکی گەورەیە! کاتێ کە لە ئۆفیسی پۆستەدا کارم دەکرد، چوونم بۆ ماڵی ئەو لە هەموو شوێنێکی دنیا پێ خۆشتر بوو، تەنانەت لە خواردن و خەوتنیشم پێ خۆشتر بوو. جونی مەزن هەمیشە لە ماڵەوە بوو، لە گەڵ ژنێکا بوو، مەسرەفی دەکێشا، ژنان هەمیشە عاشقی جونی گەورە دەبن و خەرجی دەکێشن. جارێک پێی گوتم: " هانک، کارکردن خەمبارم دەکات و، منیش دەمەوێ بە شادی بژیم ".

لە ماڵەکەیدا، قاپێکی شووشە لە سەر مێزی ژووری دانیشتن هەبوو، پڕ بوو لە حەب و دەرمان، جارێک پێی گوتم: هەندێکی بجەڕبێنە.

- جون، ئەم حەبانە، شانەکانی دەماغت وێران دەکات.

- هەموو کەسێک وەکو یەک نییە، پیاو تا پیاو کەوتووە، ئەوەی ئەم پیاوە وێران دەکات، ڕەنگە هیچ کارێک لە پیاوێکی دی نەکات.

چەند شەوبێرییەکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد، بیرەمان دەخواردەوە و حەبمان دەخوارد، جون باشترین خوێنەرێک بوو کە لە ژیانمدا بینی بووم، زمان لووس و فەلسەفە ڕێس نەبوو. بەڵام پیاوێکی ئەتوار غەریب بوو، ڕەنگە هی حەبەکان بووبێ.

هەندێ شەو، دەوروبەری سەعات سێ یان چواری بەرەبەیان، ئارەزووی ئەوەی هەڵدەستا کە پەلاماری حاویەی زبڵان و مەیدانەکانی پشتماڵەکان بدات. هەندێجار لە گەڵیا دەچووم، ، " ئەمە دەوێ "، " بەڵام جون گیان ئەمە پێڵاوێکی کۆنە وفڕیدراوەتە حاویەی زبڵانەوە "، " بەڵام دەمەوێ ". ماڵەکەی پڕ بوو لە زڕ و زبڵ، هەر شوێنەی کۆمەڵێ زبڵی لێبوو. کە دەتەوێ لە سەر تەختێک دانیشیت، دەبێ کۆمەڵێ زڕ و زبڵ بدەیتە لاوە تا دانیشیت. دیوارەکانی ماڵەکەی یەکپارچە شتی هەڵواسراو بوو، هەندێکیان دروشم و ئارمان بوو، هەندێکیان ناونیشانی سەرەکی بوون و لە ڕۆژنامان بڕدرا بوون. هەرچییەک لە ماڵەکەیدا بوو زۆر غەریب بوو، لە تۆ وایە دوا قسەی دوا شێتی سەر ڕووی ئەم ئەرزە بوو.

لە ژێرخانی ماڵەکەیدا هەزاران کتێب لە سەر یەک کەڵەکە کرابوون، کتێبەکان بە هۆی شێوە تەڕ و بۆگەن و هەڵاوسابوون، هەر هەموویانی خوێندبووەوە، ساغ و سەلامەت و سەرحاڵ لە ژێر خانەکەوە هاتە دەرێ. چەند گەنجێکی جوان بوو. ئەو ڕۆژگارە زۆر شەرمم لە خۆم دەکرد و، دڵم بە حاڵی خۆم دەسووتا، بەڵام یارمەتی دام کە لەو حاڵە دەرباز ببم. هەندێجار مەسرەفیم دەکێشا، بەتایبەتی ئەو کاتانەی لە ژنان دادەبڕا.

جونی مەزن، نووسەریش بوو، ئیدی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەخت ڕووی کردە من و دژبەری ئەوی کرد. شیعری زۆر بەهێز و سفتی دەنووسی، بەڵام بڕێک گۆنگ و ئاڵۆز بوون، کاتی خۆی پێی گوتم: " نامەوێ ببمە شاعیرێکی بەنێوبانگ، من بۆیە دەنووسم تا ئاسوودە ببم " گەورەترین خوێنەری شیعر بوو کە لە ژیانما دیتبووم و، دوای ئەوەی بەختم کرایەوە و شۆرەت و نێوبانگم پەیدا کرد، لە هەموو شوێنێ ستایشم دەکرد و هەمان بەرپەرچم لە خەڵکان دەبیست: " ئەدی چیناسکی دڵبەندی چ شتێکی ئەم فشەکەر و لە خۆباییەیە؟ " ئەو خەڵکانەی من و نووسینەکانی منیان خۆش دەوێ، ئەو و نووسینەکانیان خۆش ناوێ، هەندێجار لە خۆ دەپرسم: ئایا نووسینەکانم تەنیا ئاراستەی گەوجانە؟! ئەوە شتێکە هیچ دەسەڵاتێکم لە ئاستیا نییە، وەکو چۆن چۆلەکە دەفڕێ و، مار دەخشێ، بەو ئاوایە مەرەکەبی تایپەکە دەگۆڕم.

بەهەرحاڵ، بە دیتنی جون گالت، دوای ماوەیەکی زۆر، خۆشحاڵ بووم، خانمێکی تازەی لە گەڵدا بوو: ئەمە لیزایە، ئەویش شاعیرە.

لیزا، هاتە ناوەڕاستەوە، کەوتە قسان، هەژدەر هەژدەرقسەی دەکرد، دەتگوت باهۆزی پەیڤان لە زاری دەردەچێت، جون بە بێدەنگی وەستابوو. لیزا، خانمانی کۆنی چالاکڤانی مافی ژنانی وەبیر هێنامەوە، ئەوانەی — هیچ دژایەتیەکم لە گەڵیاندا نەبوو– گەردیلەی ئۆکسیجینیان لە هەوادا هەڵدەمژی و، جەوەکە لە بنەڕەتدا گەرم بوو. لیزا هەر قسەی دەکرد، هەر شتێکی لەم دنیایەدا دەزانی بۆمانی دەگێڕایەوە. لێی پرسیم ئاخۆ بابس دانیش دەناسم، بەرسڤم دایەوە: " نەخێر " بە خۆی وەڵامی دایەوە کە بابس دانیش ئافرەتە و ڕەشە، گوارەی بازنەیی گەورە لە گوێ دەکات، شیعر بە جۆش و خرۆشەوە دەخوێنێتەوە، بەدەم شیعر خوێندنەوەوە گوارەکانی دەلەرێنەوە. برایەکی هەیە نێوی تیب — ە، ئەم برایەی لە گەڵیا دەڕوات و لە ئێوار کۆڕەکانیدا مۆسیقا لێدەدات.

ساره گوتی: هانک هەرگیز ناچێتە شەوانی شیعر، بەڵام ناوی بابس دانیش – م بیستووە و زۆرم بە دڵە.

–من و جون وبابس، ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، لە کۆمەڵەی " ماوراء الباروک " کۆڕێکی شیعری هاوبەش دەگێڕین، دێن؟

ساره گوتی: من حەزم لە هاتن هەیە، زیاتر مایلم بەلای هاتندا.

نیگایەکی دوور و درێژی جون گالت – م کرد، هێشتا پیاوێکی بەڕێز و باش بوو، بەڵام خەمێکی پەنهانم لە قوڵایی چاوەکانیدا بەدی کرد، لە کاتی گەنجی دا، ئەو خەمینییەی لە گەڵدا نەبوو. سەبارەت بەو، بەو حیسابەی پیاوێک بوو– هەمیشە – دەیویست دڵشاد بێ، وەکو پیاوێکم هاتە بەرچاو، دوو قەلای لە هەوەڵی شەترەنجێنەکەوە، دۆڕاندبێ، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بباتەوە.

پەیامنێرەکەی " هیرالد ئیکزامنر " هاتەوە بۆ لام: جەنابی چیناسکی، دەمەوێ پرسیارێکی دیکەت لێبکەم.

بە جون گالت – م ناساند: جون گالت... شاعیری مەزنی گومناوی ئەمریکا! ئەم پیاوە لە کاتێکا بە هانامەوە هات، یارمەتی دام کە هەستمەوە و بەردەوام بم، هەموو دنیا دژم وەستابوو، دەمەوێ دیمانەیەک لە گەڵ جون گالت دا بکەی.

– باشە، جەنابی گالت؟

– من و هانک، بیست ساڵ پترە یەکدی دەناسین.

من و ساره هەڵهاتین.

خەڵکێکی زۆر هاتنە نهۆمی سەرەوە، هیچ کەسێک لە ئامادەبووان نەڕۆیی. چ باسە لێرە؟ گرێبەستی کارە؟ درفەتی کارە؟ ئایا ئەم هەموو ماندووبوونە دێنێت؟! باشتر نییە پیاو لە سینەما و میدیادا کار نەکات؟! باشە کێ شوفێری تاکسیان بکات؟ کێ کاری باخەوانی بکات؟ کێ باجگری بکات؟ چما هەمووان دەخوازن ببن بە هونەرمەند؟! باشە ئەقڵ و ئاوەزمان لەوە گەورەتر نییە؟! گەورەتر لەوەی بە ئازاری ئەو جۆرە شتانەوە بتلێتەوە؟! یان بەلای کەمەوە گەورەتر دەنوێنێ.

بوتڵە شەرابەکەی دووەم، لە تەواو بووندا بوو، کە جون بینشو هات: جاک بلید سو لێرەیە، دەیەوێ بتبینێ.

– کوا لە کوێیە؟

– لەوێندەرە... لە نزیکی دەرگاکە.

وابوو، جاک بلید سو لەوێندەر وەستابوو، پشتی بە دەرگاکەوە دابوو، بزە سینەماییە بە ناو بانگەکەی بە ڕوخساریەوە بوو.

– ئەدایەکی جوانت کرد جاک، نواندنێکی کارامە. خۆشحاڵم کە دەوری قارەمانت وەرگرت.

– توانی بووم بچمە پێستی کاراکتەرەکەوە؟

– پێموایە، بەڵێ.

- به ئانقەست ویستم بەوردی لاسایی دەنگت نەکەمەوە، لاسایی ڕێ و ڕۆیشتنەکەت، دەقاودەق بکەمەوە.

- چاکت کرد.

- هاتم بۆ ئێرە... تەنیا بۆ ئەوەی سلاوێکت لێبکەم...

( ئەم ڕستەیە سەری بڕیم، نەمدەزانی چۆن بەرسڤی بدەمەوە ).

- گیانەکەمی، دەتوانین هەرکاتێ دەتەوێ پێکەوە دەرچین و دەمێ تەڕ بکەین...

- من ناخۆمەوە.

- ئەها... ڕاست دەکەی، باشە، سوپاس جاک، چاوم ڕوون، بە دیتنت خۆشحاڵ بووم. ئەدی چۆنە هەر چۆنێ بووە پێکێ بخۆیتەوە؟

- نا، من دەڕۆم.

جاک، پشتی تێکرد، بە قاڵدرمەکەدا داگەڕا و، ڕۆیی. ئەمجارەیان بە تەنیا بوو، نە ئافرەتی لە گەڵ بوو، نە شوفێرانی ماتۆڕ سکیل، کە گەنجێکی ناسک و شیرین خەندەیە.

بە دوعا، جاک بلیدسو.

داوای بوتڵە شەرابێکی دیکەم لە کارل ویلسون کرد، سارە لە گەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا وەستابوو قسەیان دەکرد. ئاهەنگەکە هیچ شتێکی باڵکێشی تیانەبوو، تەنیا خەڵکانێک قسەیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد. ڕەنگە چاوەڕوانی ئەوە بووبن کە من مەست بم و هۆشم لە خۆ نەمێنێ و ئەوسا بکەومە قسەی دزێو و ڕەفتاری گەوجانە. بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەوە ڕووبدات، ئەو خەڵکانە زۆر بێزارکەرن.

فەلسەفەی بنەڕەتی من لە ژیاندا ئەمەیە: " تا دەتوانی تێکەڵاوی خەڵکی مەبە " تا ژمارەی ئەوانەی دەیانبینم کەمتر بن، ئاسوودەتر دەبم. لە هەموو ژیانما، تەنیا تووشی یەک پیاو بووم کە هاو فەلسەفەکەی من بێ، ئەویش سام – پاسەوانی کۆگاکە بوو. سام گەنجێکی باش بوو، بەڵام گیرۆدەی قومار بوو، کرێی خانووەکەی پێنەدەدرا، ئیدی لە شەقام و باخەکاندا دەنووست، کە ڕادەبووەوە، دەستی بە قومار دەکردەوە، پاشان بیستم کە گوایە ژوورێکی هەرزانی لە گەڕەکی کوری بە کرێ گرتووە، ئیدی چووم بۆ سەردانی.

-هانک، دکتۆر جگە لە خواردنەوەی شیر، ڕێگەی هیچ خواردنەوەیەکی دیکەم نادات، کە دەشی خۆمەوە، یەکسەر هەڵیدێنمەوە.

دوای دوو هەفتە لە سەردانەکەی من، سام مرد. ئەو تاقە پیاوەی هەمان فەلسەفەی منی بۆ ژیان هەبوو، مرد!

سارەم گاز کرد: ئەم ئاهەنگە هیچی تیا نییە، ئاهەنگێکی مردووە، با بڕۆین.

- بەڵام دەتوانین بە کەماڵی ئارەزوو بخۆینەوە و بە خۆڕاییش.

- ئەمە بیانووی مانەوە نییە.

- هێشتا لە هەوەڵی شەوبێرییەکەداین، ڕەنگە دوای تۆزێکی دی شتێک ڕووبدات.

- چ شتێک ڕوونادات، مەگەر من شتێک بکەم و ئەمڕۆ مگێزم تەواو نییە.

- با تۆزێکی دی چاوەڕوان بکەین.

هەمان هەستی سارەم لەلایە، کۆتایی ئەم شەوبێریە بۆ ئێمە دەکاتە کۆتایی هولیوود. ئەو لە من پتر بایەخ بەم دنیایە دەدات و، بەکاوەخۆ بیر لەوە دەکاتەوە کە ببێت بە ئەکتەر.

ماوەیەکی زۆر چاوەنۆڕمان کرد، هیچ شتێک لە ئاهەنگەکەدا ڕووی نەدا. ژنەکان جوان نەبوون، پیاوەکان شایستەی بایەخ پێدان نەبوون، هەر هەموویان مایەی بێزاری بوون، بێزاری هەستێکە ئازارم دەدات.

- ئەگەر لێرە نەڕۆین شەق دەبەم.

- دەی باشە، با بڕۆین.

فرانک، پیرەمێرە باشەکە، لە خوارەوە، لای ئوتومبیلە لیموزینەکە چاوەڕوانی دەکردین.

-خێرە وا زوو ئاهەنگەکە بەجێدێڵن.

لە دواوە سواریی لیموزینەکە بووین، بوتڵێ شەرابم دۆزییەوە و هەڵمپچڕی، شوفێرە ئەمینەکەمان بە ڕێگەی بەندەردا بۆی دەرچوو.

- فرانک، لە گەڵماندا دەخۆیتەوە؟

- بێگومان، مەننوونیش دەبم.

فرانک دەستی بە دوگمەیەکدا نا، جامەکەی نێوان کوشنی شوفێرەکە و کوشنەکەی دواوە دادرایەوە و، بوتڵەکەم دایێ.

فرانک بەدەم ئاژۆتنی ئوتومبیلەکەوە، ناوبەناو فرێکی لە شەرابەکە دەدا. سەفەری گەڕانەوە بۆ ماڵ سەیر و هەندێک غەریب بوو، هەر سێکمان بەبێ هۆ پێدەکەنین. ئەنجام روح و گیان وەبەر ئەم شەوە کەوت.

(( ٤٦ ))

دوای ئاهەنگی کردنەوەکە، فیلمەکە لە چوار هۆڵی سینەمادا لە شارەژکەدا نمایش دەکرا و، هەندێ کەس لە مەیدانی پێشبڕکێیەکەدا سەریان دەکردە سەرم: تۆ ئەم فیلمەت نووسیوە؟

- بەڵێ.

- وامان دەزانی تۆ گرێو لە سەر ئەسپان دەکەی.

- ئەوەش دەکەم. ئێستا بمبورن چونکە مژوولم...

هەندێ کەس بە شێوازێکی ناسک لێت نزیک دەبنەوە، هەندێکی دی بە شێوازێکی ترسناک، کە دەتبینن چاویان ئەبڵەق دەبێ و پەلامارت دەدەن. ئەم جۆرە نۆڕینەم ئەزبەر کرد، هەرکە بە سیمای کەسێکیەوە دەبینم خێرا ڕێگەی خۆم دەگۆڕم و هەڵدێم. دڵنیابووم لە خەڵکانێک هەڵدێم، بە نیازنین ناڕەحەتم بکەن و، دەمزانی بە

تێپەڕبوونی کات کاروبارەکان ئاوەڕۆی ئاسایی خۆ وەردەگرنەوەو دەبمەوە بەو پیرە پیاوەی گریۆ لە سەر ئەسپان دەکات، حاڵم وەکو حاڵی پیرە مێرەکانی دیکەی ئێرە دەبێ.

ئەو خوێندنەوانەی، لە ڕۆژنامانددا دەربارەی " سەمای جیم بیم " بڵاوبوونەوە، هەندێکیان ئەرێنی و هەندێکیان نەرێنی بوون: " نیویورک تایمز " ستایشێکی زۆری فیلمەکەی کرد، بەڵام ئەو خانمەی لە " زانیویورکر " دا دەربارەی فیلمێن تازەی دەنووسی، گوتی مایەی نائومێدی بوو، کەچی ریک تالبوت لە بەرنامە تەلەفزیونیەکەیدا گوتی: " سەمای جیم بیم " یەکێکە لە باشترین دە فیلمێن ئەم ساڵە.

شەوێکیان، لە قاتی سەرەوە، لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم. سارە لە خوارەوە گازی کردم: " باسی سەمای جیم بیم ' دەکەن ". ویکسلر و سیلبی لە سەر شاشەی تەلەفزیونەکە بوون. کە دابەزیمە خوارەوە ئەو دیمەنانەیان نمایش دەکرد کە جاک بلیدسو، لە پەنجەرەکەی قاتی شەشەمەوە جلەکانی فرانسین باورز – ی توورِ دایە خوارەوە.

سیلبی خانم، بەدەم سەر بادانەوە کەوتە ڕەخنەگرتن لە فیلمەکە: " مایەی بێزاریە! ترسناکە! هەقە خەڵاتی خراپترین فیلمی ئەم ساڵەی بدرێتێ! فیلمەکە بابایەکی دەربەدەرمان نیشان دەدات، پانتۆڵێکی لەبەردایە، لە کەمەریەوە بۆ سەر ئەژنۆکانی داخزیوە، دەربەدەرێکی پیس و فەرامۆشکراوی شەڕانی! ئامانجی لە ژیانا ئەوەیە بەشەر پێشخزمەتی مەیخانەکە ببەزێنێ! و ناوبەناو شیعر لە سەر پارچە کاغەزێک بنووسێت! و زۆرجار بە جانتا پیسەکەیەوە دەی بینین... و بوتڵە مەی لێ دەردێنێ، یان پەرداخێک مەی لە مەیخانەکە سواڵ دەکات! لە یەکێک لە دیمەنەکانی مەیخانەکەدا دوو خانم، لە پێناوی ئەودا، بەربوونەتە یەک و هەر ئەوەتا لە سەر ئەو یەکدی ناکوژن! ئەمە مەحاڵە! هیچ ئافرەتێک لە دنیادا نییە بایەخ بە پیاوێکی وەها بدات! عادەتەن ئەو نمرانەی بە فیلمانی دەدەین، لە نێوان یەک بۆ دەیە، ئاخۆ بۆم هەیە نمرەی یەکی ژێر سفر بەم فیلمە بدەم؟! "

دوای تۆزێک، ئەو نمرەیەی بە فیلمەکە درابوو لە سەر شاشەکە دەرکەوت: یەک، ژێر سفر!

ئەوسا ویکسلر هاتە قسان: " من هاوڕای تۆم، بەڵام من نمرەی دوو لە دە بە فیلمەکە دەدەم، ئەویش لە بەر ئەو دیمەنە کۆمیدیەی کە قارەمانی فیلمەکە لە گەڵ سەگەکەیا مەلە دەکات ".

سیلبی خانم گوتی: " نا، ئەمە ڕەفتارێکی گەوجانەیە! "

دوای مانگێک، هێشتا فیلمەکە لە چوار هۆڵی سینەمای شارەکەدا نمایش دەکرا، پاشان لە هۆڵێکی تازەدا لە " سان بیدرو " دەست بە نمایشکردنی کرا، بڕیارمان دا بچین بۆ بینینی.

گەیشتینە هۆڵەکە، تەمەشای ئەم لافیتەیەم کرد کە بە سەر دەرگاکەوە هەڵواسرابوو: " سەمای جیم بیم " تەزوویەکی سەیر بە سەراپامدا هات.

زۆربەی ئەو فیلمانەی لە ژیانما دیتبوومن، لە دەورانی لاویدا دیتبوومن، بە زۆری فیلمی دزێو بوون، وەک فیلمی فریداستیر جینجر روجرز، جانیت ماکدونالد، نیلسون ئیدی، بوب هوب، تیرون باور، سیانەی ستوگز، کاری گرانت. ئەو جۆرە فیلمانە ئاوەزیان دەبرد و عەقڵیان سڕ دەکرد و هیچ ئومێد و ئارەزوویەکیان لە لا نەدەهێشتی. ئەو سەردەمانە بۆیە لە هۆڵی سینەما دادەنیشتم تا جەستە و ڕۆحی خۆم عەزاب بدەم.

له بەر دەرگای سینەماکەدا وەستاین، چاوەڕوانی تەواوبوونی نمایشی فیلمانی دوای نیوەڕۆمان دەکرد. بە سارەم گوت: کەس لێرە نابینم، ڕەنگە کەس بۆ تەمەشای فیلمەکە نەیەت.

-خەمت نەبێ هانک، دێن دێن، هێشتا زووە.

نمایشی فیلمەکەی دوانیوەڕۆ تەواو بوو. سارە گوتی: سێ کەس هاتن...

- بوون بە پێنج...

- حەوت... هەشت...

- تا ئێستا یازدە کەس...

بە هاتنی هەندێ کەس ئاسوودە بووم، دەستبەرداری ژماردن بووم. پاش ماوەیەکی کەم، دیتم ئوتومبیلانی مودێل کۆن، بەڕیز بۆ سینەماکە دەهاتن و لە بەردەمیا دەوەستان. پیاوێک بە خۆ و بوتڵێک شەرابەوە دابەزی، گوتم: بادەنۆشەکانیش هاتن، دەیانەوێ واقیعیەتی دیمەنەکان تاقی بکەنەوە، لە مەحەک بدەن.

- فیلمەکەیان بە دڵ دەبێ.

- من بادەنۆش و ئالوودەیەکی دیرۆکیم، کەس لەمەدا هاوتام ناکاتەوە.

- ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ، زۆربەی بادەنۆش و ئالوودەکان، بەقەد تۆ نەژیابن، یان ڕازی تۆ لە چیدایە؟

- تا نیوەڕۆ لە جێگا ڕانابم.

ژمارەیەکی باش لە خەڵکی چوونە هۆڵەکەوە، دوایان کەوتین. لە پەنجەرەی تیکت بڕینەکەوە وەستام و دوو تکیتم کڕی، پاشان هەر دوو تکیتەکەم دایە ئەو گەنجەی بۆ هۆڵی نمایشەکەی بردین. شاشەی سینەمایەکە، ڕیکلامی بۆ ئەو فیلمانە دەکرد کە بەو زووانە دەگەیشتین، نزیکەی سەد کەسێک لە هۆڵەکەدا بوون.

لە سەر کورسیەکانی خۆمان دانیشتین، ئەوسا کوڕ وکچێکی گەنج وەژوور کەوتن، هەردووکیان زراڤ و باریکەلە، لە تەمەنی بیستساڵیدا بوون، لە سەر دوو کورسی بەردەم ئێمەوە ڕۆنیشتن.

دەستەواژەی " سەمای جیم بیم " لە سەر شاشەکە دەرکەوت و فیلمەکە دەستی پێکرد. سێ چوار جاری دی دیتبووم، هەموویم ئەزبەر کردبوو. چیرۆکی ژیانی منە! کێ لە من باشتر دەزانێ؟ بەڵام – بە ڕاشکاوی – بۆیەم نەنووسی بوو تا خۆم وەکو قارەمانێک نیشانبدەم، هەموو مەبەستێکم ئەوە بوو سەرنجی خەڵکی بۆ ئەو ژیانە غەریب و پڕ کوێرەوەریە ڕاکێشم کە بادەنۆش و ئالوودان بەسەری دەبەن و مومارەسەی دەکەن و، من ئالوودەترین کەس بوو، کە بە ڕاستی دەمناسی و، لە بەر ئەوە دەربارەی خۆم نووسی.

خۆم بە نەوەو زنجیرەی نووسەرانی ئەلکولیست دەزانم: یوجین ئونیل، ولیام فوکنەر، ئارنست هەمینگوای، جاک لەندەن.

مەی جڵەوی بۆ قەڵەم و تایپەکانیان شۆڕ دەکرد و پرشنگی دەگمەن و وێرەکی بێ وێنەی پێدەبەخشین.

سارە پرسی: تەسەور دەکەی کەس بزانێ تۆ لێرەیت؟

– نا، من وەکو هەر پیاوێکی دیکەی ئێرە تەمەشا دەکرێم.

– باشە ئەمەت لە بەر گرانە؟

– بەڵێ، چونکە حەز ناکەم لە هیچ کەسێکی دیکە بچم.

ئەو گەنجە زراڤ و باریکەلەیەی لە بەر دەممانەوە دانیشتبوو، ئاوڕێکی دایەوە و گوتی: تکایە، با فیلمەکە بدینین!

–ببورە.

بەردەوام بووین لە سەر تەمەشاکردنی فیلمەکە، لە ماوەی یەکێک لە دیمەنە دزێوەکاندا، کیژەکەی بەردەممان، ئاهێکی هەڵکێشا: ئووە... نااا...

کوڕە زراڤە باریکەلەکەی هاوڕێی گوتی:– لە سەر خۆ دارلین.

دارلین، لە حاڵەتی ترسەکە دەرچوو و گەڕایەوە سەر پەیگیری فیلمەکە. کە گەیشتینە ئەو دیمەنەی کە سۆزانیەک دەردەکەوێ و، شانازی بەوەوە دەکات کە باشتیرن کێرمژە لە شارەکەدا، لە بەردەم مشتەریانی مەیخانەکەدا دەڵێت: " لەم شارەدا هیچ ژنێک نییە بتوانێ بە ئەندازەی من کێر بخوات "، دارلین هەر دوو دەستی بە ڕوخسارییەوە گرت و گوتی: باوەڕ بە چاوی خۆم ناکەم، باوەڕ بەوە ناکەم کە دەیبینم!

هاوڕێ نێرینەکەی گوتی: هێوربەوەوە گیانەکەم.

دارلین، بە درێژایی ماوەکەی تری فیلمەکە، هەر دوو دەستی بە چاویەوە گرت، بەڵام نە خۆی و نە کەپڵەکەی هۆڵەکەیان بەجێ نەهێشت.

فیلمەکە تەواو بوو، خەڵکەکە بەرەبەرە هۆڵەکەیان بە جێدەهێشت. ئەوەی ڕاستی بێ زۆر فیلمی لەمە بێ پەردەترم دیتبوو، بە تایبەتی لە سییەکاندا.

لە هۆڵی سینەماکە وەدەرکەوتین، ئوتومبیلەکەمان لە بەر هۆڵەکەدا ڕاگرتبوو، سواری بووین، جامی پەنجەرەکانمان دادایەوەو جگەرەمان پێکرد. ئوتومبیلێکی کۆن لە پشت ئوتومبیلەکەی ئێمەوە ڕایگرتبوو، بە ئەسپایی جوڵا و بەلاماندا ڕەت بوو، یەک پیاوی تیا بوو، بزەیەکی بە ڕوومانا دا  دەستێکی بۆ هەڵبڕین، کە بزەیەکی شیرین بوو. سارە گوتی: تۆی ناسیوە!

– بەڵێ، پیاوێکی باش بوو.

– ئاخر.

بە ئوتومبیلەکە بۆ ماڵ گەڕاینەوە، وەکو چۆن دوای بینینی هەر فیلمێک دەگەڕێینەوە. لە ژووری تەلەفزیونەکە دانیشتین، بوتڵێ شەرابی سوورم هەڵپچڕی، خوێنی خواوەندان.

تەلەفزیونەکە بەرنامەی هەواڵەکانی پێشکەش دەکرد و، وەکو هەمیشە... هەموو نووچەکان خراپن.

بەدەم شەراب خواردنەوەوە دانیشتین تا وەختی بەرنامەکەی جونی کاوسون هات، جونی وەکو هەمیشە شیکپۆش و سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام بەردەوام دەستی بۆ بۆینباخەکەی دەبرد، یان بۆ توونڤ کردنەوەی یان بۆ ئەوەی دڵنیابێ کە بەباشی بەستراوە.

هەرچەندە کەسێکی شیکپۆش و کەشخە و بە زەوق بوو، بەڵام – لە نائاگایی خۆیدا – هەمیشە نیگەرانی ڕواڵەتی خۆی بوو.

سارە پرسی: ئێستا چی دەکەی؟

- سەبارەت بە چی؟

- مەبەستم ئەوەیە فیلمەکە تەواو بوو.

- ڕاستە.

- بەتەمای چی بکەیت؟

- هێشتا ئەسپەکان غار دەدەن...

- جگە لە ئەسپەکان؟

- ئمم... لەگینە ڕۆمانێک دەربارەی چۆنیەتی نووسینی سیناریۆ و فیلمسازی بنووسم.

- چاکە، هزر دەکەم، تیایدا سەرکەوتوو دەبیت.

- وا وێنا دەکەم.

- ناوی دەنەی چی؟

- هولیوود.

- هولیوود؟

- بەڵێ.

ئا ئەمەیە.

تەواو بوو

ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/٣ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم دەقە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی: چارلز بوکوفسکی، هولیوود، ترجمة / عبدالکریم بدرخان/ منشورات الجمل، الطبعة الاولی ٢٠١٧.

چارلز بوکوفسکی

١٩٩٤ – ١٩٢٠

ناوی هنری چارلز بوکوفسکییە، هاوڕێکانی بە هنری یان هانک بانگی دەکەن، وەختایەک دەستی بە بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆکە کورتەکانی کرد ناوی " چارلز بوکوفسکی " بۆ خۆی هەڵبژارد، پێی وابوو لە " هنری بوکوفسکی " بەشکۆترە. بەڵام وەختایەک دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانان کرد، کە بە زۆری لە ژیانی

خۆیەوە هەڵیدەهێنجان و قۆناغانی جیاوازی ژیانی پڕ لە بویەر و ڕووداوانی خۆی تیا دەگێڕانەوە، وەکو شا قارەمانی ڕۆمان ناوی " هنری چیناسکی " بۆ خۆی هەڵبژارد و لێرەشا هاوڕێکانی بە " هانک " بانگیان دەکرد.

**

وەختایەک بۆکوفسکی باسی هولیوود دەکات، مەبەستی پایتەختی فیلمسازی ئەمریکی – جیهانی نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو شوێنەیە کە زۆربەی ماوەی ژیانی تیا بەسەر بردووە، بە تایبەتی ئەو دەڤەرەی پێی دەگوترێ " ڕۆژهەڵاتی هولیوود "، کە بە زۆری هەژاران و کرێکاری سادە و موهاجیری تازە و، ئاوارە و سەرگەردان و بەلەنگاز و نائومێدانی تێدا دەژین. کە پڕە لە ئوتێلی خراپ و مەیخانەی هەرزان کە کڵۆلان و قومارچی و سۆزانیان هاتوچۆی دەکەن ,ئەمە ئەو ئوتموسفیرەیە کە ( نیشتمانی بوکوفسکی ) پێکدەهێنێ، کە زۆربەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەکانی لەوێندەر و دەربارەی ئەوێندەر نووسیوە.

بەڵام لە ڕۆمانی پێنجەمیا " هولیوود " کە لە ساڵی ١٩٨٩ دا بڵاو بووەتەوە، مەبەستی پایتەختی فیلمسازییە.

**

بوکوفسکی لە شاری ئەندرلخت – ئەڵمانیا، بە یەک ساڵ پاش یەکەم جەنگی جیهان لە دایک بووە، پاشان داک و بابی هیجرەتیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە، بەتایبەتی بۆ شارە گەورەکەی لوس ئانجیلوس، کە دەورانی منداڵی و زۆربەی ژیانی لەوێ بردووەتە سەر. ماڵباتی بوکوفسکی لە چینی بورژوای هەژار بوون، بوکوفسکی منداڵیەکی کارەساتباری بەسەر بردووە، بابی لە خۆی و لە براکانی دەدا، بەبەرچاوی منداڵەکانەوە زۆر خراپ لە دایکیانی دەدا.

**

کە بوکوفسکی فامی کردەوە، ماڵباتەکەی بەجێهێشت و لەو ژیانە یاخی بوو کە ماڵباتەکەی بۆیان دانابوو، دوای دوو ساڵ خوێندن لە کۆلیجی ڕۆژنامەوانی، لە زانکۆی لوس ئانجیلوس، خوێندنی تەرک کرد، دەستی بە ژیانی سەرگەردانی و دەربەدەری کرد. لە سەرەتاوە لە سەر تەختێک لە باخی گشتیدا دەنووست، پاشان کەوتە حەماڵی و کۆڵبەری تا بژێوی ڕۆژانەی خۆی پەیدا بکات و بتوانێ ژوورێکی چکۆلە لە ئوتێلێکی هەرزاندا بەکرێ Oبگرێ. پاشان بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە دەزگای نیشتمانی پۆستەدا دامەزرا، لە ساڵی ١٩٧١ دا ڕۆمانێکی سەبارەت بەم قۆناغە کە ژێر سەرناڤی"ئۆفیسی پۆستە" نووسی.

بوکوفسکی لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا تووشی خانمێکی سی و هەشت ساڵان بوو بە نێوی جین کونی بیکر، ئیدی بە عەشق و خۆشەویستیەکی زۆرەوە لە گەڵیا ژیا، کە ئەمە کاریگەرترین ڤیان بوو لە ژیانیا، کە جین سەرۆ و ئیلهامبەخشی زۆرێک لە بەرهەمە شیعرییە سەرکەوتووەکانی بوو لەوانە: " ڕۆژگار وەکو ئەسپێن کێوی بە سەر گرداندا غار دەدات – ١٩٦٩ " هەروەها جین ( لە گەڵ خۆیدا ) کاراکتەری سەرەکی هەندێ ڕۆمانی بوون ، لەوانە: " ئۆفیسی پۆستە – ١٩٧١ "، " خزمەتکار – ١٩٧٥ ". هەروەها لە سیناریۆی فیلمی سینەمایی ' مشتەری باڕ – ١٩٨٧ " شدا، جین لەم کارانەدا بە ناوی " واندا " دەردەکەوێ. جین لە ساڵی ١٩٦٢، بە ئەلکول ژەهراوی بوو و مرد. هیچ شتێکی دەربارە نازانین جگە لەو شتانەی کە بوکوفسکی لە کارەکانیا باسی کردوون.

**

باربت شرودر ( ١٩٤١ – .... ) دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرێکی فەرەنساییە، یەکێکە لەو گرووپەی بە " شەپۆلی دووەمی دەرهێنەرانی فەرەنسی " ناسراوە. لە  فەرەنسادا دەگەڵ دەرهێنەری مەنشوور جاک لوک گوداردا کاری کردووە، پاشان چووە بۆ هولیوود، لەوێ تووشی بوکوفسکی بووە، دۆستایەتیەکی باشیان لە نێواندا چێبووە کە تا مردنی بوکوفسکی بەردەوام بووە. یەکێک لە کارە کۆنەکانی شرودر، فیلمێکی دوکیومێنتاریە لە سەر دکتاتۆری ئوگەندی عیدی ئەمین بە ناونیشانی " جەنەرال عیدی ئەمین دادا: پورتریت – ١٩٧٤ ".

**

باربت شرودر، بەخۆی فیلمێکی دوکیومینتاری دەربارەی بوکوفسکی بە ناونیشانی " بوکوفسکی لە کاسێتی ڕیکوردەرەوە – ١٩٨٧ "بەرهەم هێناوەو دەری هێناوە. پەنجاو دوو دیمانەی تەلەفزیۆنی لە گەڵ بوکوفسکی دا تیا کۆ کردووەتەوە، کۆی هەمووی دەکاتە شەست و چوار سەعات وێنەگرتن، پاشان بەشە هەرە گرینگەکانی لێ دەرهێناوە و فیلمێکی چوار سەعاتی لێدروست کردووە. دیمانەکان بە گوێرەی بابەتەکان پۆلێن کراوە: ئەلکول، ژنان، شیعر...

**

شرودر، لە ساڵی ١٩٨٤ دا داوا لە بوکوفسکی دەکات سیناریۆیەکی سینەمایی بنووسێت تا کاری دەرهێنانی بۆ بکات. دوای پێداگری شرودر، بوکوفسکی سیناریۆی " مشتەری باڕ " ی نووسی. لێرەدا باسی ماوەیەکی گەنجایەتی خۆی دەکات، کە چۆن ڕۆژگاری لە مەیخانەکان و بە شەڕ و ئاژاوە بە سەر بردووە، وەسفی یەکەم دیداری خۆی لە گەڵ جین دا دەکات، بەڵام لە سۆنگەی کۆمەڵێک ئاریشەوە، فیلمەکە تا سلی ١٩٨٧ بڵاو نەبووەوە.

**

فیلمی " مشتەری باڕ – ١٩٨٧ "، باسی قۆناغێکی ژیانی شاعیر چارلز بوکوفسکی یە، بۆکوفسکی نووسیویەتی و شرودر دەرهێنانی بۆ کردووە، " میکی رورک " و " فای دوناوی " دەوری سەرەکیان بینوە و فیلمەکە لە بەرهەمهێنانی " کانون گروپ "  و پێشکەشکردنی دەرهێنەری گەورە فرانسز فورد کوبولا بوو.

ئەوەی سەبارەت بەم فیلمە باوە، ئەوەیە بوکوفسکی ویستوویەتی ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی " شون بین " دەوری سەرەکی تیا ببینێ، بەڵام " شون بین " ڕژد بووە لە سەر ئەوەی " دینیس هوبر " ی هاوڕێی دەرهێنان بۆ فیلمەکە بکات. بەڵام شرودر قاییل نەبووە دەستبەرداری دەرهێنانی فیلمەکە ببێ بۆ هوبر. ئیدی " شون بین " دەگۆڕدرێ بە ئەکتەر " میکی رورک " کە بوکوفسکی چەندجارێک ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە ئەدای فیلمەکە ڕازی نەبووە.

هەروەها دەربارەی ئەم فیلمە ئەوەش دەگوترێ کە ئەکتەری دەوری قارەمان خاتوو " فای دوناوی " داوای لە بوکوفسکی کردووە دیمەنێک بنووسێت کە هەر دوو پا و پۆزی بە تەواوی دەربکەون و سوور بووە لە سەر ئەو داوایە و ئەم دیمەنەش لە ئەسڵی سیناریویەکەدا نەبووە.

فیلمەکە لە فیستیڤاڵی " کان " دا بۆ خەلاتی چڵە خورمای زێڕین هەڵبژێردراوە، هەروەها " فای دوناوی " ش بۆ خەلاتی " گوڵدن گلوپ " وەکو باشترین خانمە ئەکتەری دەوری سەرەکی، هەروەها وێنەگر " روبی مولر " ش بۆ خەلاتی " ئیندپیندت سپیریت " وەکو باشترین وێنەگری سینەمایی هەڵبژێردراوە.

**

دوای بڵاوبوونەوەی فیلمی " مشتەری باڕ " بوکوفسکی ڕۆمانی " هولیوود " ی نووسی، لەم ڕۆمانەدا باسی ئەزموونی خۆی لە واری نووسینی سیناریۆ و فیلمسازی دەکات، باسی قۆناغێکی گرینگی ژیانی خۆی دەکات، ئەو قۆناغەی کە تیایدا بوو بە نووسەرێکی مەنشوور و فرە خوێنەر، کە لە ڕووی دارایی و سۆزدارییەوە دەگەڵ لیندا لی بیبل – هەڤژینیا ( لە ڕۆمانەکەدا : سارەیە ) زۆر ئاسوودە بووە. بوکوفسکی ڕۆمانەکەی پێشکەش بە دۆستی خۆی، دەرهێنەر باربت شرودر کردووە کە لە ڕۆمانەکەدا: " جون بینشو " یە.

**

بوکوفسکی دەڵێت کاراکتەرانی ڕۆمانەکە خەیاڵین؛ زادەی خەیاڵن و، هەر لێکچوونێکیان لە گەڵ خەڵکانی واقیعی دا هەبێ، تەنیا ڕێکەوتە و هیچی دی. ئەو قسەیە لەبەر ئەوە ناکات لە لێپێچینەوە هەڵێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە زیاتر جۆر و ڕەفتاری بەشەری مەبەستە تا ناوزڕاندن و تەشقەڵە پێکردن.

**

دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی " هولیوود " کە بوکوفسکی باسی نووسینی سیناریۆی " مشتەری باڕ " و وێنەگرتن و بەرهەمهێنانی فیلم دەکات، ئیدی لەلای هەمووان ناسرا و نێوبانگی دەکرد... زۆربەی کاراکتەرانی ڕۆمانەکە کاراکتەرێن واقیعی و ڕاستەقینەن، هەرچەند بوکوفسکی لە ئالیەکەوە پەنهانی کردوون، بەلام لە لایەکی دییەوە داوە موویەکی هێشتووەتەوە، کە لە ڕێگەیەوە بچینەوە سەریان و بیانناسینەوە.

**

بوکوفسکی لە پاییزی ١٩٨٨ دا و دەقاودەق لە ڕۆژی دوای تەواوکردنی نووسینی ڕۆمانی " هولیوود " تووشی نەخۆشیەکی قورس بوو، دوای معایەنە دەرکەوت تووشی دەردەباریکە (سیل) بووە. بوکوفسکی دوای تەقەلایەکی زۆر بەسەر نەخۆشیەکەیدا زاڵ بوو، ئیدی تەواو لاواز بوو، پووکایەوە، هەڵکشانی تەمەنی لێ دەرکەوت. پاشان و لە سالانی دواتردا زنجیرەیەک قەیرانی تەندروستی تووش بوو، لە ساڵی ١٩٩٣ دا دووچاری شێرپەنجەی خوێن بوو، یەک ساڵی تەواو بەرەنگاری ئەو نەخۆشیە بووەوە تا لە ٩/٣/ ١٩٩٤ دا لە تەمەنی هەفتا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.